چیرۆکە هەواڵ

مەرگی وەنەوشە

نووسینی : یاسین قادر بەرزنجی

پێشەکی : د. ڕەفیق سابیر

چاپی سێیەم

سلێمانی / 2010

ب 923 بەرزنجی، یاسین قادر
مەرگی وەنەوشە/ نووسینی یاسین قادر بەرزنجی.ــ چ3 ـ سلێمانی:
(چاپخانەی کارۆ)، 2010.
402ل: 23×16.5سم.
کۆمەڵێ چیرۆکی رۆژنامەنووسیی.
1ـ چیرۆکی کوردی. 2ـ ناونیشان.

ناوی کتێب: مەرگی وەنەوشە
ناوی نووسەر: یاسین قادر بەرزنجی
بابەت: چیرۆکە هەواڵ
چاپ: چاپی یەکەم 2000، چاپی دووەم 2002، چاپی سێیەم 2010
مۆنتاژ: مەهدی ئەحمەد قادر
دیزاینی بەرگ: بازیان جەلال
وێنەی بەرگ: بەسوود وەرگرتن لەتابلۆیەکی هونەرمەند رۆستەم عەبدولعەزیز
چاپ: چاپخانەی کارۆ لەسلێمانی
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپار دن: 2645ی ساڵی 2009ی وەزارەتی رۆشنبیری
نرخ: (6000) دینار

لەسەر ئەرکی (چاپخانەی کارۆ) چاپ و بڵاوکراوەتەوە

پێشکەشە :

دایکم‌و خوشکەکەم،

هاوسەرو کچەکەم..

لەوانیشەوە بۆ

گشت کچان‌و ژنانی گەلەکەم..

لەگەڵ خۆشەویستیمدا

یاسین

پێشەكی

د. ڕەفیق سابیر

(مـەرگی وەنەوشـە) كتێبێكـە لـەبارەی دیـاردەی توندوتیـژیو لایـەنێكی نیمچە شاردراوەی ئەم دیاردەیە لەكۆمەڵی كوردستاندا پێشان دەدات.

نووسـەری ئـەم كتێبـە، كـاك یاسـین قـادر بـەرزنجی، لـەڕێگای كۆمەڵـە ڕووداوێكـی تراجیدییانـەوە، كەبەشـێوەیەكی چیرۆكئامێز دەیانگێڕێتـەوە، سەرنجمان بۆ لای ئەو ستەمو تاوانانە ڕادەكێشێت كەبـەهۆی دڵپیسـی، یان بیانووی جۆراوجۆر، لەوانە بەبیانووی شـەرەفەوە، بەرامبـەری ژنانو كچانی كوردسـتان دەكـرێن. ڕۆژانـە بەبەرچـاوی هەموانـەوە، ژنـانو كچـان ڕووبەڕووی شێوازی جۆراوجۆری توندوتیژی دەبنـەوە، ئـەوان تێهەڵدەدرێن، ئـەتك دەكـرێن، دەسـووتێندرێنو دەكـوژرێن، ئـەم تاوانانـە بـەزۆری لەلایـەن كەسانی هەرە نزیكی قوربانییانەوە (باوك، برا، مێرد، ئامۆزاو.. تاد) ئەنجام دەدرێـنو بەئاسـانی تێدەپـەڕن، تاوانبـارانیش دوای سـزایەكی سـووك، یـان زۆر جار بێ سزادانو بەدەستی خوێناوییـەوە تێكـەڵی كۆمـەڵ دەبنـەوە، وەك

ئــەوەی تاوانـــەکانیان بەشـــێك بێـــت لەپێداویســـتییەکانی مانـــەوەو بەردەوامبوونی کۆمەڵی کوردستان.

ئاخۆ کۆمەڵێك دەبێت لەچ ئاسێکی دارِمانی ئەخلاقیو ئینسانیدا بێت کە ریِّگا بەم جۆرە تاوانانە بداتو ئەوەندە بەئاسانی تاوانباران قبووڵ بکاتەوە.

بڵاوبوونـــەوەی دیـــاردەی توندوتیـــژی، بەتایبـــەتی بەرامبـــەری ژنـــان، ئەنجامێکی ترسناکی کۆمەڵایەتیو کولتووریو ئەخلاقیی لێ کەوتۆتەوە، ئەنجامەکەیش ئەوەیە کەخەریکە توندوتیژی زەبرپەروەری دەبنە دیاردەی ئاسایيو قبووڵکراو و هەمووما ن، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین لەگەڵیان رادێین.

ئەم کتێبە پێش هەر شتێك ستایشێکی قوربانییانی توندوتیژيو زەبر پەرستییە، کتێبێکە هاوسۆزيو رێزلێنانی نووسەرەکەی لەو قوربانییانەی بە پەرۆشەوە باسی کردوون دەردەخات، بەڵام وەك هەر کتێبێکی تری لەم جـۆرەە، هەنـدێك ئـەنجامی ترسـناکی ئـەم دیاردیـەمان پێشـان دەدات کەدەشێت هۆشیاریمان بەرامبەری مەترسیی توندوتیژی زیاتر بکاتو هانمان بدات، هەر نەبێت لەبەرخۆمانو بۆ پاراستنی سروشتو ناوەرۆکی ئینسانییانەی خۆمان، پێش بەتوندوتیژيو زەبرپەروەری بگرینو کار بۆ کۆمەڵێکی پرِدادو جوانتر بکەین.

سلێمانی

2009/12/12

پێشەکی چاپی یەکەم

چیرۆکە هەواڵ
ژانرێکی کاری ڕۆژنامەگەری دوای ڕاپەڕین

ئازاد جندیانی

کاتێ دەستکرا بە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هێشتا کۆمەڵی کوردەواری لەژێر کاریگەری راستەوخۆی ڕاپەرین دا بوو، کەشوهەوای شۆڕشگێڕی بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوو، بەشێوەیەکی گشتی ڕەواجی نووسینی سیاسی و ئەدەبیاتی سیاسی و بگرە ریپۆرتاژی سیاسی بوو، هێشتا جەماوەر لەسەردەمی دروشمەکان دوورنەکەوتبووەوە و دەرچوونی ڕۆژنامەکەش وەك ئەزموونێکی پێشڕەوو نوێ بۆ خۆی هۆیەکی تر بوو تا خەڵکەکە دەرچوونەکەی بە زۆر بزانن و باوەشی گەرمی بۆ بکەنەوە، بۆیە لەو سەردەمی دەسپێکەدا ڕۆژنامە قبوڵ دەکرا، گەرچی کرچ و کاڵ و سەقەتیش بێ. بەڵام وردەوردە لەگەڵ گۆڕانی سایکۆلۆژی دەستە جەمعی کۆمەڵ و دوورکەوتنەوەی زەمەنی لەکەش و هەوای ڕاپەڕین و نەمانی

کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ڕاپەڕین بووە هۆی ئەوەی کەچیتر ڕۆژنامەکە بە هەمان شێوەی دەسپێکی خۆی ڕەواجی نەبێ، ئەوە ڕاستییەك بوو پێش ڕوودانی هەستی پێکراو گۆڕانێك بەسەر رەوشی ڕۆژنامەکەدا هێنراو بەمەش بێ رەواجی لەسەر خۆی کەلی کرد، بەڵکو ئەو بێ ڕەواجییەی هەر نەبینی و لەبری ئەوە وەرچەرخانێکی ئەنجامدا. لەسەردەمی ئەو وەرچەرخانەدا بوو کە رۆژنامەنووسەکانی دەرگای تازەو شێوازی کاری ڕۆژنامەگەری تازەیان لەسەر لاپەڕەکاندا نەخشاندو(چیرۆکە هەواڵیش) یەکێك بوو لەو شێوازە نووسینانەی کە لەو سەردەمەدا سەری هەڵداو جێی خۆی کردەوە.

چیرۆکە هەواڵەکانی کوردستانی نوێ کەدەسپێکەکەی لەلایەن هەردوو ڕۆژنامەنووس کاك غياث الدين نەقشبەندی و کاك یاسین قادربەرزنجی یەوە دەستی پێ کردو دواتر بە هەوڵی کاك یاسینو هاندانی خوێنەران و بەرپرسانی ڕۆژنامەکە بەردەوام بوو، سەرکەوتنی زۆری وەدیهێناو خوێنەرێکی زۆری لەدەور کۆبۆوە.

کۆبوونەوەی ئەو هەموو خوێنەرانەو ڕەواج پەیداکردنی ئەو جۆرە ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەگەرییە، لەلاییەکەوە بۆ تواناو سەلیقەی ڕۆژنامەنووسەکە لە دارشتنو بەکارهێنانی عونسرەکانی چیرۆك، بە تایبەت عونسری گێڕانەوە دەگەڕایەوە، بەڵام لەلاییەکی دیکەوە بۆ تازەیی بابەتەکە خۆی دەگەڕایەوە.

کورد، بۆ خۆی تا دوای ڕاپەڕین بە هۆی هەلومەرجی سیاسییەوە نەیتوانیوە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەربکا، بۆیە ئەزموونەکانی لەو بوارەدا زۆر کەم بووە، هەروا بە هۆی سیاسەتی ڕاگەیاندنی حکومەتی بەغداش کە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تۆتالیتاری حزبی بەعس بوو، بواری ڕاگەیاندیش، وەکو بوارێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵ کۆنترۆڵ کراو بوو، لە مەرکەزەوە

برگــەكانی سیاســەتی ڕاگەیانــدن دیــاری دەكــراو بەشــێوەیەكی زۆر پۆلیسـیانەش چـاودێری جێبــەجێكردنی دەكـرا، یـەكێك لـەو سیاسـەتی ڕاگەیاندنانـەی بـەعس ئـەوە بـوو كـە ژیـانی كۆمـەڵی عێـراق، بەشـارو لادێـوە بـــەژیانێكی جـــێگیرو بـــێ گیروگرفتـــی كۆمەڵایـــەتی، ئـــابووری، ڕوونـــاكبیریو..هتـــد.. نیشـــان بـــدرێ، ئـــەو سیاســـەتە كـــە لـــە بنەڕەتـــەوە سیاسـەتێكی دیمـاگۆگی بـوو بـەو ئامانجـە بـوو كـە بـەعس واپیشـان بـدا كـە خوێندنەوەی فەلسەفیو كۆمەڵەیەتی نوێی بۆ كۆمەڵی عێراق (لە كۆتایشدا بۆهەموو كۆمەڵە عەرەبیەكان) زانستی و ڕاستو دروستەو بەو خوێندنەوەو ستراتیژ داڕشتنە توانیویەتی كار بكاتە سەر بزاوتی مێژوو و كۆمەڵی عێراق بخاتــە ســەر ڕێــی پێشــكەوتنی كۆمەڵایــەتیو ناكۆكیــەكانی نــاو هــەناوی كۆمەڵی بەقازانجی چینو توێژە چەوساوەكانی یەكلاكردۆتەوە.

چیرۆكە هەواڵ، لە بنەڕەتدا گێڕانەوەو وێناكردنی كێشـەی كۆمەڵایـەتی و ئـابوری و سـایكۆلۆژی و هـی تـرە كـەدەكرێ لـە كۆمـەڵی پێشـكەوتوو پاشـكەوتوودا ڕووبـدەن و زۆربـەی جـاریش كارەسـاتی دڵتـەزێنیان لـێ كەوتۆتـەوە، بۆیـە لـە ڕۆژنامـەكانی عیراقـدا لـە كوردسـتانی سـەردەمی بەعسیشـدا باسـكردنی ئـەو دیاردەیـەو ڕووداوانـە پێچـەوانەی سیاسـەتی ڕەسمـی حكومـەت بـوو، بۆیـە باسـكردنیان قەدەغـەبوو. بـێ جـێ نیـە لێـرەدا ئەوەش بڵێین كە حزبی بـەعس ڕێگـەی نـەدەدا گـۆرانیو مۆسـیقای خـەماوی لەعیراقـدا تۆماربكرێنوبلاوبكرێنــەوە، بــە بیــانووی ئــەوەی كــە گوایــا لــە كۆمەڵێكی سۆسالیستدا فاكتـەرە مـادددیو مەعنەویەكانی نـامۆبوونی مـرۆڤ نـەماوەو هـەبوونی دەقـی ئـەدەبی و هونـەری خـەماوی ئـەدەب و هونـەری سەرمایەدارییە.

لەشوێنێكی ئەم وتارەمدا نـاوی كـاك یاسین بەرزنجی-م هێنا كە ئەم لە داڕێژەرانی ئەو جۆرە كارە ڕۆژنامەنووسییە بوو كە لای خۆمان بە (چیرۆكە

هـەواڵ) نـاوی دەرکـردوەو بەشـێوەیەکی سـەرکەوتووانە درێـژەی پێـداو لـە ماوەی چـەند سـاڵێکدا چـەندین(چـیرۆکە هـەواڵی) شایسـتەو بـەپێزی بڵاوکـردەوە، کـە هەرئـەوەش وایکـردووە ئـەو جـۆرە ژانـرە ڕۆژنامەنووسـیە برەوی پـێ بدریێو بـەر بڵاوتربـێو خـەڵکانی زۆرو ڕۆژنامـەی تـریش گرنگـی پێ بدەن.

(چیرۆکە هەواڵـەکانی) کاك یاسین هـەڵقولاوی نـاو کۆمـەڵن و لـە بنەڕەتـدا هەریەکەیان لە هەواڵێکی ناو کۆمەڵەوە دەست پێ دەکەن، کە دواتر خـەیاڵی ڕۆژنامـەنووس و شـارەزاییەکانی لـە هونـەرەکانی چـیرۆك نووسـین و شانۆگەری نووسـیندا لـە هـەواڵێکی تراژیـدی ڕووتـەوە دەیکاتـە بەرهـەمێکی بـەپێزو شایسـتەو سـەرنج ڕاکـێش. ئـەو ئەزموونـە زۆرەی کـاری شـانۆییش کـەلای کـاك یاسـین کەڵەکـە بـووە سـەرلەنوێ لـە دارشـتنەوەی (چـیرۆکە هەواڵ)ەکاندا شوێن پەنجەیان دیارەو هـەر ئەمانـەش بەشێك لـە سـەرکەوتنی چیرۆکە هەواڵەکانیان دەستە بەرکردووە.

لەکۆتاییـدا دەسـتخۆشـی لـە کـاك یاسـین دەکـەم وداواش لـە پسـپۆڕانی ڕۆژنامەنووسی دەکـەم کـە گرنگـی بـە لێکۆڵینـەوە لـەو ژانـرە ڕۆژنامەنووسیە بدەن و لەسەری بنووسن و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تاووتوێ بکەن.

سلێمانی

2000/2/21

مەپرسن چۆن کوژرام !

ڕۆژی 2003/1/14، دادگای جینایاتی کەرکوک لەکێشەیەکی کۆڵییەوە کەڕۆژی 2001/7/28 لەگوندی (ماخۆ بزنان)ی سەر بەسەنگەسەر ڕوویدابوو..

لەو ڕۆژەدا (خەرمان)ی تەمەن 25 ساڵ بزربوو بوو، دوای خۆی کوڕە (12)ساڵەکەی و کچە(11) ساڵەکەی و کوڕەکەی تری کەلەوان بچوکترە، بەواق ورماوی و ڕەنگی پەڕیوەوە لەچاوەڕوانی ڕەنگ و دەنگ، یان هەواڵێکی دایکەکەیاندابوون.

بەڵام پاش چەند ڕۆژێك هەواڵی دۆزینەوەی لاشەی دایکیان گەیشتە گوێیان و لەماڵە خزم و کەسوکارەوە، بەهەنسکی پڕ لەگریانەوە برانە بەردەمی دادوەری لێکۆڵینەوەو لەوێ گوێ لەقسەی کوڕە گەورەکەو کچەکەی (خەرمان) گیرا..

شەوێك بەر لەبزربوونی ئەو !

کوڕە گەورەکەی (خەرمان) کەقوتابیی پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە، لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەدا وتبووی:

–بڕواناکەم دایکم بزر بووبێت، ئەو شەوەی بۆ بەیانی دایکم دیار نەما، باوکم بەدارو بەرد لێیداو لەئێمەش تووڕە بوو، وتی بخەون، ئێمە چووینە ژێر بەتانی ولەترساندا خەومان لێکەوت، کەبەیانی لەخەو هەڵساین، باوکم وتی دایکتان بزربووە!

ئەوە بوو سێ مانگ دوای کوژرانی، تەرمەکەی لەولا (ماخۆ بزنان)ەوە دۆزرایەوە، باوکم لەگەڵ دایکمدا زۆر خراپ بوو، دەیگووت: شێت بووەو بەردی تێگرن، هەرگیز رێگای پێ نەدەدا لەماڵ بێتە دەرەوە.

ئەو رۆژەی خەرمان دیار نەما !

کچەکەی خەرمان کەقوتابیی چوارەمی سەرەتایی بوو، بەدادوەری وت:

–منو برا گەورەکەمو برا شەش ساڵانەکەم، پێکەوە لەو ژوورەی تیایدا دەژیاین لە(ماخۆبزنان) پێکەوە دەماینەوەو باوکم بەتەنیا دەچوو بۆ بنێشتکردن، زۆر جار دایکم بەتەنیا لەگۆشەیەکدا کز دادەنیشتو لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، ئەو بەیانییەی کە دایکم ونبوو، هێشتا زۆر زووبوو، بانگی کردینو وتی "هەڵسە خۆتو براکانت بچنە سەر کانییەکەو دەموچاوتان بشۆنو ئاو بێنن تا چایی لێ بنێم.."..

کە رۆیشتین باوکیشم هات بۆ نوێژکردن.. ماوەیەکی کورتمان پێ چوو، کەهاتینەوە دایکم دیار نەمابوو، باوکم یەکسەر چووە سۆراخی و گەڕان بەدوایدا، بەڵام دیار نەمابوو، من دایکمو باوکمم خۆشدەوێت..

دایكو باوکەکەی خۆی وتیان چی ؟

*دایکە حەفتا ساڵەکەی خەرمان، دوای سوێندخواردن بەکەلامی خودا، لەلێکۆڵینەوەدا وتی:

–من سکاڵام هەیە دژی تۆمەتبار (مێردی کچەکەم)، من گومانم لێیەتی کە ئەو دەستی هەبێت لەونبوونی کچەکەمو کوشتنیدا، چونکە لەوەوبەر زۆر

خـراپ بـوو لەگـەڵی، کچـەکەم هەمیشـە دەیـووت (مێردەکـەم خراپـە لەگـەڵم، بەباشـی خـەرجی ماڵمـان ناداتـێ، بـەڵکو پارەکـانی تـەرخانکردووە بـۆ بـاخ)، لەبەرئـەوەی خـەرمان بەشـێوەی ژن بـەژن درابـوو بـە(رەسـوڵ)، هـەر بۆیـە نـەدەتۆراو دانـی بەخۆیـدا دەگـرت.. کـوێرایم دایـە، هـەموو جارێـك دەیـووت: دایکە رەسوڵ زۆر خراپـە لەگـەڵم، جـوێنم پێـدەداو لـێم دەدا.. (ئـەوەی وتو فرمێسك بەری چاوی گرتو گریان نەیهێشت چی دی بەدادوەر بڵێت)

*باوکە حەفتاو دوو ساڵەکەشی وتی:

13ساڵە کە کچەکەم ژنی رەسوڵ بـوو، لـەزاری دایکـی خەرمانـەوە دەمزانـی کەبـەردەوام کێشـەو ناخۆشـی لەماڵیانـدا بـووەو شـەڕو ئـاژاوە لەنێوانیانـدا روویـداوە، هـەرگیز پێویسـتی مـاڵی بـۆ دابـین نـەکردووەو کچـەکەم بەسـکێ تێرو بەدە برسی بووە.

خـەرمان وتوویـەتی گوایـە مێردەکـەی بـەنیازی ژن هێنانـەوەی تـر بـووە، هـەروەها ئێسـتا کـە رەسـوڵ بـێ عـەقڵی دەخاتـە پـاڵ کچـەکەم ئەمـە ئەسـڵی نییەو بوختانە، کەمن کچم داوە بەو عەقڵیی تەواو بووەو کچێکی سـەلاربوو، کـاتێ چـوونە گونـدی مـاخۆ بزنـان بـۆ بنێشـتکردن ئاگـادار بووم، کـاتێکیش دوای دیارنەمانی چوومە ئەو ناوە ژنی یەکێك لەهاوڕێکانی رەسوڵ پێـی وتم (هـەر رەسـوڵ دەزانـێ کچـەکەت چـی لێ بەسـەر هـاتووە..) مـن ونبـوونی ئـەوو پاشـان کـوژرانی بـەپیلانی مێردەکـەی خـۆی دەزانم، لەبەرئـەوە داوا لـەدادگا دەکەم کاری یاسایی بەرامبەر رەسوڵ ئەنجام بدات..

چۆن کوژراوە ؟ !

کاتێـك لـەڕۆژی 2001/9/8 داو لەسـەر داوای (پۆلیسـی ئاشـتی) لاشـەی (خەرمان) برایە بەشی دادوەریی پزیشکی بۆ پشکنینو دۆزینـەوەی هۆکـاری مردن، پزیشکی ئەوێ لەڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی:

-لاشەکەی رزیوەو ئێسکەکانی لەبەر یەك ترازاون، هێشتا سەری لەملی نەبووەتەوە، بەشێك لەپێستی پشتی وشك هەڵاتووە، شکان لەکەللەسەرو ئێسکەکاندا بەدیناکرێت، هێندە نەبێت شوێنەواری شکانی کۆن لەددانی سەرو خوارەوەی دەمیدا هەستی پێدەکرێت، ئەویش ماوەی شکاندنیان دیاری ناکرێت.. بەڵام دیارە لاشەکە هینی ژنێکەو کەسوکارەکەشی بەهۆی جلەکانییەوە ناسیویانەتەوە ، کە لەکاتی مردنیدا ماکسییەکی مارۆنیو بیجامەیەکی قاوەیی گوڵ گوڵی لەبەردا بووە.

ئەی مێردەکەی چۆن ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە ؟ !

رەسوڵی مێردی خەرمان ، کەلەدایك بووی 1960-ەو کاسبکارەو خوێندەواری نییە، بەدادگای بەڕێزی وتووە:

-خەرمان لەساڵی 1988-ەوە خێزانم بووە، من ماوەی 25 ساڵ دەبێت بۆ بنێشتکردن لەوەرزەکانی بەهارو هاویندا دەچمە دەرەوە، کەدواجار چووینە (ماخۆبزنان) دووکەس پاسەوانی ناو گوندەکە بوون، چونکە خەڵکەکەی ئاژەڵداربوون، کەخەڵکی ئاژەڵیان دەبردە دەرەوەی گوند ئەوان پاسەوانی ماڵەکانیان بوون، ئێمە لە 2001/6/13دا چووینە ئەوێ، بەڵام رۆژی 7/28 کاتێ لەکانی گەڕاینەوە دەبینم خەرمان دیار نییە، تالەمانگی (9)دا تەرمەکەی دۆزرایەوە، بەڵام نازانم لەکوێ دۆزرابووەوە، چونکە ئەو کاتە بەتۆمەتی کوشتنی ئەو من زیندانی کرابووم..

ئەو رۆژەی دیار نەما زۆر بەدوایدا گەڕاین، پاسەوانەکانی گوندەکەم لەگەڵدا بوو، بەڵام هیچ ئەنجامێکمان دەستنەکەوت، بۆ سبەینێ هەرسێ منداڵەکەم هێنایەوە بۆ ماڵی برایەکی خەرمان، پاشان لەگەڵ براکەی چووینەوە ئەو گوندەو کەوتینە گەڕان و سۆراخ، بەڵام هیچمان دەستنەکەوت،

لەگـەڵ خێزانەکـەم نێوانمـان بـاش بـوو، بـەڵام مێشـکی تـەواو نـەبوو، دەروجـــیرانم دەیـــانزانی کەماوەیەکـــە ئـــەو حاڵەتـــەی بەســـەردا هـاتبوو..(ئیـدریس) لـەو کـەینو بەینـەو لەسـۆراخم بـەدوای خەرمانـدا ئاگادارە.. کەسوکارەکەی راستناکەن کە دەڵێن من کوشتوومە، چۆن دایکی سێ منداڵم دەکوژم، کێ شتی وادەکات؟! من ئاگادارم کە ددانێکی شکابوو، چـونکە هـەر خـۆم بردمـە لای دکتـۆر لەکارێزەوشـكو لەتەکـەی تریـان بـۆ دەرهێنا.. بەڵام لەبیرم نەماوە ددانی سەرەوە بوو یان خوارەوە، چونکە ئەوە پێنج ساڵ لەمەوبەربوو..

گەر بڵێم هەرگیز نێوانمان تێکەنەچووە ئەوە درۆ دەکەم، ژنو مێـرد هەیـە شەڕیان نەبوو بێت.

شایەتی ئاگاداریش وتەی خۆی هەبوو ..

ئیـدریس، شـەریکی رەسـوڵ لـەدەرهێنانی بنێشـتدا لـەدارەکانی ئـەو ناوچـانەی پشـدەر لـەدادگا گـوێ لـەئیفادەی گـیرا، دوای ئـەوەی دەسـتیدا بەقورئانەکەدا وتی:

–ئەو رۆژە، سەعات 6.30ی سەرلەبەیانی کوڕە گەورەکەی رەسوڵ هاتو ئاگـاداری کـردم کەخـەرمانی دایکـی دیـار نـەماوە، هـەروەها وتـی بـاوکم بەشوێنیدا دەگەڕێت، منیش چوومو کەوتمە سەرو سۆراخی، دوایی دەوری سەعات(9)پێکەوە چووینە سەنگەسەر، چونکە لەو گوندانەوە هەر یەك ڕێگا هەیـەو دەچێتەوە سەرسەنگەسـەر، ئـەو رۆژە رەسـوڵ زۆر شـپرزە بـوو، بـۆ سـەبەینێ منداڵـەکانی بـردەوە بـۆ سـلێمانی، وتـی بـەڵکو ئەمـە خوایـە خـەرمانیش چووبێتەوە بـۆ ئـەوێ، ئـەوەبوو دوای ماوەیـەکی تـر لاشـەی خەرمان دۆزرایەوە.

من هیچ کاتێك ئاگام لەشەڕو ئاژاوەیان نەبوو، بەڵام زۆر جار لەرەسوڵ-م دەبیست کەدەیووت باری دەروونیی ژنەکەم هیلاكوخراپە، هیچ کەسیشمان، نەئێمەو نەڕەسوڵ چەکمان لەلانەبوو.

داواکاران لەخوێنی کچەکەیان دەست هەڵدەگرن..!

یەك رۆژ بەر لەوەی دادگا دوا دانیشتنی خۆی بۆ ئەو کێشەیە بکاتو بڕیاری خۆی دەربکات، باوکی خەرمان دوا قسەی خۆی کردو وتی:
من لەڕێی خواو لەبەرخاتری سێ منداڵەکەی خەرمان لەتۆمەتبار خۆشدەبمو هیچ داوایەکم لەسەری نییە.. چونکە من نازانم ئاخۆ دەوری هەبووە لەلەناوبردنی کچەکەمدا یان نا..!
بەهەمان شێوەش دایکی خەرمان دەستی لەداواکەی لەوەوبەری هەڵگرتو بەدادگای وت:
-من قسەم نەماوە، هیچ پارەیەکیشم لەڕەسوڵ وەرنەگرتووەو هیچم لەسەری نییە..!

بڕیاری دادگا

دادگا" لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانو قەزائییەکانو دوای دانیشتنی ئاشکرای ئەو رۆژە(2003/1/14)، بەپێی گوێگرتن لەداواکارانو منداڵەکانی خەرمانو تۆمەتبارو شایەتەکان، گەیشتە ئەو ئەنجامەی لەهەلومەرجێکی تەمومژاویدا (خەرمان) کوژراوە، هیچ بەڵگەیەکیش نییە بۆ سەلماندنی بەشداریی (رەسوڵ) لەکوشتنی ژنەکەیدا، هەر بۆیە دادگا بڕیاری ئەوەیدا(رەسوڵ) لەو تۆمەتە بێ بەری بکرێت کەدراوەتە پاڵیو لەزیندان ئازاد دەکرێت..

رۆحیانەتی خەرمانیش قسەی خۆی هەیە !

ئەو بەدبەختە تەنیا بەجلو بەرگەکەیدا ناسرایەوە، بەهۆی بیجامەیەکی قاوەیی گوڵ گوڵیو ماکسیەکی مارۆنی.. زانرا ئەوە ژنە 25ساڵە بەشمەینەتەکەیە، کە هەر لەمنداڵییەوە کرایە قوربانی دیاردەیەکی گەندەڵو بڕیارێکی دواکەوتوو، کرابەقوربانی ژن بەژن..

ئەو درا بەپیاوێك بەرامبەر بەژنێك بۆ براکەی خۆی..

هەرچەندە هەر زوو ئەو ساباتە رووخاو بەدەستی (عومەر)ی برای ژنەکەی کوژراو براکەشی چەند ساڵە میوانی زیندانێکی نووتەكو بێ پێکەنینو حەپەساوە..

رۆحیانەتی ئەو چارە رەشە بەدەنگی بەرز دەڵێت:

–بۆ واتانکرد.. راستو چەپی خۆمم نەدەناسی.. بۆ بێ پرسی خۆمو بەو منداڵییە دامتان بەشوو؟!

پاشان بەلالانەوەو لاواندنەوەوە دەنگی بەسۆزی هەڵدەبڕێو بەهەر سێ جگەر سۆزەکەی دەڵێت:

–مەپرسن، نوری چاوەکانم مەپرسن چۆن کوژرام.. مەپرسن چۆن رەوانەی مەرگ کرام.. فریشتەکانم من دەمێکە کوژراوم.. من هێشتا لەبەهاری تەمەندابووم بەزۆر درامە باوکتان کە رۆژێك لەڕۆژان نەیتوانی خۆشییەك بخاتە دڵمەوە.. پاشان پێشی دەوتم شێتوهار..!

دواجار دەزریکێنێتو ئەو رۆحیانەتە بێ ئۆقرەیە دەڵێت:

–خەڵکینە ، لەوەتەی براکەم خوشکەکەی رەسوڵی کوشت، هەموو ساتێ چاوەڕوان بووم دڵو سنگم پڕ لەخوێن کەن.. ئێوەو خودا مەهێڵن جارێکی تر کچان وەك منو ژنەکەی عومەرو ئەوانی تر ببنە میوانی دۆزەخی ژیان.. مەهێڵن خێرلەخۆنەدیوبین.. مەهێڵن..مە..

گوڵاڵە.. یاخود ئاگر سووتانی ؟

تەنیا دووساڵ جیاوازی نێوان تەمەنیان بوو،عەلی(36)ساڵو گوڵاڵە (34) بوو، لەو دوانزە ساڵەی پێکەوە ژیان چوار منداڵیان بوو بوو، دوو کوڕو دوو کچ، بەدرێژایی ئەو ساڵانە عەلی ڕێزی لەژنەکەیو جوانییەکەی دەگرتو خۆشی دەویست، تەنیا لەو دواییەدا بەهۆی مانەوەی ماڵی کاکی عەلییەوە ناخۆشی کەوتە نێوانیانو عەلی دەرکردە دەریێو دوای چەند ڕۆژێ هێنایەوەو ئاشتی کردەوە.

ئەوەی بووە هۆی تێکدانی شیرازەی ژیانی ئەو ماڵەو لەبەرچاوکەوتنی عەلی لەلایەن گوڵاڵەوە، کوڕە لاوێکی 19ساڵ بوو کە گوڵاڵە بەجارێ شەیدای بوو بوو، ئەویش بەهەمان شێوە، ئەو کوڕە کەناوی(سەرکەوت) بوو پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بەگەورەی ماڵەکەوە هەبوو، سەرکەوت برازای عەلیو هاموشۆکەری بەردەوامی گوڵاڵە بوو....!

عەلی...ئاگر سوتانی...!

دوو ڕۆژ دوای نەورۆزو سەرەتای وەرزی بەهار، سەرکەوت وەك زۆر جاری دیکە ئەو ماڵە مامەی بەسەرکردەوە کەبەلای ئەوەوە خۆشترین ماڵی (سلێمانی)بوو...مامە دڵپاکەکەی بەو پەیوەندییە دزێوەی ژنو برازاکەی نەدەزانی، گەر کەسێ پێشی بووتایە باوەڕی نەدەکرد!

شەو، لەگەڵ چاخواردنو پیاڵە دانانو هەڵگرتنەوەیدا، گوڵاڵە چاوە گەشەکانی دەبڕییە سەرکەوت، سەرکەوتیش وەك ئەوەی (15)ساڵ

جیاوازی تەمەنی خۆیو ئامۆژنەکەی نەبێ، بەزەردەخەنەو خۆشویستنەوە وەڵامی چاوەکانی گوڵاڵەو نیگاکانی دەدایەوە...

دوو ساڵ بوو ئەم لاوە شەیدای چاوو باڵاو گشت جوڵانەوەیەکی ئامۆژنەکەی بوو بوو، دوو ساڵ بوو گوڵاڵەی دایکی چوار منداڵیش وەك ئەوەی یەکەم جار بێ ئاگری عەشق بیسوتێنی، گیرۆدەی سەرکەوتەکەی بوو، لەزۆر ژووانی دوو قۆڵیدا رازو نیازی خۆیان دەگۆڕییەوە... تادەهات عەلی لەبەرچاوی گوڵاڵەکەی ناشیرین دەبوو..ئەو خۆشەویستییەکی تر مەستی کرد بوو، خۆشەویستییەکی شێتانە....

ئەو شەوە منداڵ خەوتو عەلی داوای روخسەتی لەمیوانە برازاکەی کردو چووە ژوورەکەی خۆی تا لەگەڵ گوڵاڵەکەیدا دەست کەنە ملی خەوێکی قووڵ، جێ بۆ سەرکەوت راخرا... ئەو (خەو)نەچووە چاوی، بیری لەوە دەکردەوە چۆن لەدوای نەمانی مامەکەی گوڵاڵە بخوازێو تادنیا دنیایە لەگەڵیا بەختەوەرانە بژی...

نیوەشەو رابوردو عەلی لەخەوی شیرینی خۆیدا بوو، بەلأم سەرکەوتو گوڵاڵە بێداربوون، هەستان، دەستیان دایە چەکوشو دەسکی دەسکەوانو بێ رەحمانە بەربوونە سەری عەلی، خوێن لەچەند جێگای سەریەوە هاتە خوارو بێ هۆش کەوت، رایانکێشایە گەرماوەکەو گوڵاڵە هاتەوە ژوورەکەیو لەوێ خوێنەکەی پاك کردەوە، ئەوجا پەرەمێز برایە گەرماوەکەو گڕ لەجەستەی عەلی بەردرا...

راگەیاندنی مەرگی عەلی...

ساتێ بەسەر بانگی بەیانی تێپەڕی کردو دوای ئەوەی سەرکەوت بۆی دەرچوو بوو، گوڵاڵە یان(ژنە پیاو کوژەکە) چووە نانەواخانەکەی گەڕەکی خۆیان بۆنان کڕین، نانی هێنایەوە، دەکەوێتە زریكو هوڕو هاتو هاوار،

ئەی هاوار فریام کەون، عەلی ڕۆ، باوکی چوار منداڵم بوو، خەڵکینە مەردی خوا بن بمگەنیٚ، عەلی گیان سووتا، عەلی گیان مرد، ئەی هاوار...

دراوسیٚ، ئەوەی دەنگی گولاڵە دەبیستن دەگەنە سەری، دەچنە گەرماوەکەو لاشەی کوژراوو سوتێنراوی کاك عەلی دۆستو دراوسێی بێوەی دێنە دەریٚو دەکەونە خۆ ئامادەکردن بۆ مەراسیمی کفنو دفنو بەخاك سپاردنی، هەر بۆ ئەو مەبەستەش دەنێرن بەدوای دایكو براو کەسوکاری عەلی دا.

لەو ناوەدا، دیمەنی هەر چوار منداڵەکەی عەلی، بەدەموچاوی تۆقیوو هەنسکی گریانەوە سوێیان دەخستە دڵەوە، بەجاریٚ دراوسێکانیان ئەوق کردبوو...

لاشەی عەلی، ئاوا بینرابوو...

ڕاپۆرتی پزیشك، ئاوا باسی عەلیی کوژراوی کردبوو:

–ئەم پیاوە بالاٚ مام ناوەندییە، پێستو قژودەموچاوی سووتاوە، هەروەها چاوەکانی داخراون، لەسەری دراوەو ئێسکی شکاوەو تووشی خوێن بەربوون بووە، دوای ئەوە سووتاوییەکەی زۆر جێگای لەشی گرتووەتەوە.

کاکی عەلی بەم شێوەیە قسەی بۆ دادوەر کرد....

حسەین(باوك برای)عەلی کەبە تەمەن پانزە ساڵێك لەبرا کوژراوەکەی گەورەتر بوو، بەم شێوەیە قسەی بۆ لێکۆڵینەوەو دادگا کرد:

–من کاتی ڕووداوەکە لەویٚ نەبووم، کاتیٚ گەڕامەوەو بەڕووداوەکەم زانی وەختە بوو شێت بم، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم گولاڵە کاری وای لیٚ

بوەشێتەوە، من لەوەوبەر نەمدەزانیو نەمبیستبوو براژنەکەم پەیوەندی خراپی لەگەڵ ئەو برازایەماندا بووبێت، بەڵام دایکی عەلی کە باوەژنی منیشە خستمیە گومانەوە، هەر کەپرسەکە تەواو بوو دایکمان شکاتی لەو جووتە کردو گیران، هەر کەگیران دانیان بەتاوانەکەیاندا ناو ئاشکرابوو کەبرا بەدبەختەکەم بەپەرەمێزی گەرماوەکە نەسووتاوە، بەڵکو گولاڵەو سەرکەوت کوشتوویانەو دواتر نەوتیان پیاکردووەو گڕیان تێ بەرداوە... من داوا لەیاسا دەکەم دادوەرانە سزای ئەو دوو مرۆڤە تاوانکارە بدات، کەبوونە هۆی هەتیو کەوتنی چوار منداڵی بێ گوناه...

دایکی عەلیش وتی....

لەو 65ساڵە پڕ لەکوێرەوەرییەی من تیایدا ژیاوم بەم شێوەیە شپرزە نەبووم، جەرگ سووتان لەهەموو کۆسپێ گرانترە...

من دوو ساڵ بوو گومانم لەسەرکەوتو پەیوەندی خراپی لەگەڵ بووکەکەمدا پەیدا کردبوو، ئەو ژنە نەگریسە چوار منداڵی لەکوڕەکەم هەبوو کەچی خیانەتی لێکرد... داوا دەکەم هەقی ئەو چوار منداڵە بێ نازە لەو دوو تاوانبارە بستێنن.

بەڕای دادگا..

دادگای جینایاتی سلێمانی، دوای سەرنجدانو لێکۆڵینەوە لەو داوایەو لەئەنجامی دادگایی کردنی هەردوو تاوانبار گولاڵەو سەرکەوت لەرۆژی 1990/10/16بۆی دەرکەوتو رایگەیاند:

ئەمانە ئەمرۆ هەرچییەك دەڵێن درۆ دەکەن، دەیانەوێ لەتاوانەکەیان پاشگەزببنەوەو وای لە قەڵەم بدەن کەعەلی بەڕێکەوت سووتاوە، بەڵام هەر خۆیان لەلێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا لەپۆلیسخانەو دواتریش لای بەرێز

دادوەری لێکۆڵینەوە بەئاشکرایی تاوانەکەیان باسکردووەو هەموو شتیان وتووە، دیارە لەو شەش مانگو نیوەدا کەئەمانە گیراون بواری بیرکردنەوەو راگۆڕینیان هەبووە، بەلاّم ئەمە ناخواو دادگا هیچ بایەخێکی بۆ دانانیٚ...

چۆنیەتی کوشتنی عەلی بۆ خۆی کارەساتێکی گەورەیەو دوورە لەهەموو بنەماکانی رەوشتو ژیانی کۆمەڵگاوەو لەق کردنی کۆڵەکەکانی مرۆڤایەتییە، چ کارەساتێکە ژنیٚ دوای (12)ساڵ ژنێتی پیاوێكو پاش ئەوەی (4)منداڵی لێی ببیٚ حەز لەیەکێکی تر بکاتو پیلانی کوشتنی مێردەکەی داڕێژیٚ، کوڕێکیش تەنیا بۆ تێرکردنی حەزە سێکسییەکانی دەستی بچێتە خوێنی مامی خۆی!!!

کەواتە دادگا بەهیچ شێوەك بەزەیی بەم تاوانبارانەدا نایەتەوەو لەپێناوی راگرتنی کۆڵەکەکانی ژیانی کۆمەڵو پاراستنی بەها بەنرخەکانی ژیانی مرۆڤ دەبیٚ حوکمی هەردوو تاوانبار گولاّلەو سەرکەوت بدریٚ...

بڕیاری دادگا..

دادگای بەرێز، بەم شێوەیە بڕیاری بەسەر تاوانبارەکاندا دەرکرد:

1-بڕیاری لەسێدارەدانی گولاّلە (تامەرگ).

2-بڕیاری بەندکردنی هەمیشەیی سەرکەوت(چونکە تەمەنی خوار20 ساڵ بوو،دەنا بڕیاری لەسێدارەدانی دەدرا).

دواتریش لە1991/6/16دا دادگای تەمیز رەزامەندی لەسەر ئەو بڕیارە نیشاداو هەردوو تاوانبار بەسزای رەوای خۆیان گەیشتن.

مەرگی وەنەوشە

ڕۆژێکی گەرمی مانگی ئاب بوو، کەسوکاری کوژراوەکە لەگەڵ ئەفسەری لێکۆڵینەوەو نوێنەری دادگای سلێمانی چوونە سەر گۆڕێك و یەکێکیان وتی(ئالێرەدا نێژراوە، ئەمە گۆڕەکەی وەنەوشەیە!..).

دەستبەجێ گۆڕەکە هەڵدەدەنەوەو لاشەی ژنێك دەردێنن، دەبینن زمانی هاتووەتە دەرێو خەریکە لاشەکەی تێك دەچێ، دەیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەو لەبەشی (پزیشکی دادوەری)پسپۆر دەیبینێو لەراپۆرتەکەیدا دەنووسێ:

–لاشەی ئەم ئافرەتە کەبەپێی نووسراوی پۆلیس لە1993/8/15دا مردووەو تەمەنی 25ساڵ بووە، لەحاڵەتی تێکچووندایە، هیچ شکانێ لەئێسکیدا نییە، بەڵام گومانی ئەوەی لێ دەکرێ بەهۆی (هەناسەبڕانەوە) مردبێت، واتە خنکێنرابێت، سکی پڕ نییەو دڵنیاین لەوەی حەب یاخود ژەهری خواردبێت، چونکە تاقیگەی ئەوتۆ لەهەرێمدا نییە کەپشکنینی ئەو جۆرە حاڵەتانەی تیا بکرێت، بەڵام ڕەنگی مردووەکە شین هەڵگەڕاوە.

مەرگی کچەکەی ئاوا دیوە..

خاتوون.. شپرزەو پەرێشان، ئا بەم شێوەیە بۆ دادگا دوا:

_ من بێتاوانم، نزیك سەعات 12ی شەو بوو، وەنەوشە داوای (چا)ی کرد، منیش بۆم تێکردو دوای خواردنەوەی ڕاکشاینو خەوتین، هەر سەعاتێ دەبوو خەوتبووین بێدار بوومەوە، هەستم کرد گڵۆپی هەیوانەکەی ئەو بەر داگیرساوە، هەڵسامو چوومە هەیوانەکە، لەوێ بینیم میرانی کوڕم لەهۆش خۆی چووەو کەوتووە، بەهەڵەداوان ڕامکردە ئەو دیو و زەینەب

خانی دراوسێمانم لەخەو هەڵسان و بانگم کردە ئەمدیو، کەهاتینەوە چیمان دی، ڕەبی ئەوەی من دیم هەر دوژمنتان بیبینێ...

زەینەب وتی:

_ سەعات (1)ی شەو لەقاپی درا، دڵم داخورپا، خوایە بەم شەوە درەنگە چی ڕوویدابێ؟! بینیم خاتوونەو پەشێواوە، یەکسەر وتی:

_ فریام کەوە، میران لەهۆش خۆی چووە...

لەگەڵیا چوومە ئەو دیو، پێکەوە ئاومان بەدەم و چاوی میراندا پڕژان، هۆشی هاتەوەو ڕاست بووەوە، میران وتی:

_ وەنەوشە ...وەنەوشە مرد!

هەر ئەوەی لەدەم هاتە دەرو خاتوونیش بورایەوە ...! خودایە چی بکەم! بەحەپەساویی خۆمەوە چوومە سەرجێگاکەی وەنەوشەو کەسەرنجم دا کوێربم مرد بوو، دەست بەجێ منداڵەکانی ترم خەبەرکردەوەو ناردمن بە شوێن مامەکەیاندا، کەئەو و ژنەکەی گەیشتن خاتوون بەئاگا هاتبووەوە، خاتوون بۆ مەرگی کچەکەی دەگریا، مامیان داوای کرد لاشەی برازا جوانەمەرگەکەی ببرێتە نەخۆشخانە، بەڵام براکانی بەوە ڕازی نەبوون !! دەستم بشکێ، چەند زوو ئەو گوڵە وەنەوشەیە گۆڕدرا، ڕەنگە سوورو سپییەکەی نەماو بەجارێ (شین) هەڵگەڕا بوو!!..

فەریدە:وتیان لەخۆیەوە مردووە

فەریدەی خوشکی وەنەوشە، ئاوا بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە:

_ من لەماڵی خۆم بووم، مەلا بانگدان ئەو هەواڵە جەرگبڕەیان دامێ، کەگەیشتمە ماڵی دایکم بینیم خوشکە کڵۆڵەکەم مردووەو دایکم و ئەوان بەدەوریا کۆبوونەتەوە، ڕەنگی دەموچاوی وەنەوشەی بەدبەخت گۆڕڕا بوو، وتم بابیبەینە نەخۆشخانەو بزانین بەچی مردووە، بەڵام دایکم ڕازی نەبوو، دایکم وتی(هەر لەخۆیەوە مرد، چیت دەوێ، ناتەوێ میران بگرن لەسەری)،

زۆریان لێ پاڕامەوە، تکام لێ کردن رازی بن و ئەو خێر لەخۆنەدیوە ببەینە نەخۆشخانە، نەك هەر بەگوێیان نەکردم، بەڵکو میران لێشم تووڕە بوو...

هەروەها فەریدە وتی:

– پێشتر ئاڵتوونەکانی وەنەوشە لەلای من دانرا بوون، بەر لەماوەیەك دایکم هات و داوای کردنەوەو وتی وەنەوشە پێویستی بەپارەیەو هەندێکیانی بۆ دەفرۆشم، بەڵام وانەبوو، راستی نەکرد،بۆ میرانی دەویست، من دڵنیام خوشکەکەم لەخۆیەوە نەمردووە ، بەڵکو بەدەستی میران و دایکم کوژراوەو، من شکات لەهەردووکیان دەکەم ، داواکارم لەدادگا لەم تاوانە بکۆڵێتەوە.

براکەی دیکەشیان قسەی کرد...

سامانی برا بچووکیان، بەم شێوەیە باسی مەرگی خوشکەکەی کرد:

– شەوی رووداوەکە من لەماڵی خۆمان نەبووم، کەگەڕامەوە دایکم و میران لەمردنی (وەنەوشە) یان ئاگادار کردم، ئەوان بێ ئاگادارکردنی پۆلیس یان نەخۆشخانە ناشتبوویان... لەوەوبەر هیچ جۆرە گیروگرفتێکم لەنێوانیان و وەنەوشەدا هەست پێ نەکردبوو، بەڵام بەرلەوەی تەلاق بدرێت مێردەکەی پێی وتم ژیانی لەگەڵ وەنەوشەدا مەحاڵەو ناتوانن درێژە بەژیانی ژن و مێردی خۆیان بدەن....

هەروەها سامان وتی:

–بەرلەماوەیەك ئاڵتوونەکانی خوالێخۆشبووم بردو دامە دەستی فەریدە خان، ئەوەم لەترسی میران کرد، چونکە نیازی بوو ئاڵتوونەکانی وەنەوشە بفرۆشێ و بەپارەکەی بۆی دەرچێ بۆ دەرەوەی وڵات..!

بۆ چی سالار ژنەکەی تەلاق دابوو

(سالار)ی تەمەن 38 ساڵ کاسبکار، رۆژی دادگایی کردن بەم شێوەیە قسەی بۆ دادگای بەرێز کرد:

–وەنەوشە هەمووی سێ مانگ ژنی من بوو، نەمتوانی لەتەکیا زیاتر بژیم، چونکە ئەقڵی تەواو نەبوو، هەمیشە ئەو داوای تەڵاقی دەکردو منیش رازی نەدەبووم، کەبردمە لای دکتۆر دەرکەوت قوڕ بەسەرە نەخۆشە، ئیدی لەچارەمان نووسرابوو جودا بینەوە..

یەك هەفتە بوو تەڵاقم دابوو، بیستم کەکوژراوە ! سەرەتا نەیانوت کێ کوشتوویەتی، بەڵام دواتر باسی میرانی برای کرا، گوایە ئەوەی لەپێناوی نامووس و شەرەفی خێزانەکەیدا کردووە، بەڵام هەر بۆ خوا دەیڵێم:

وەنەوشە وەك گوڵ وابوو، رەوشتی یەکجار بەرز بوو، هیچ کەسێك شتێکی لێ نەدیوەو هەرگیز پەیوەندیی خراپی نەبووە، من شکاتم نییەو هەقم بەسەر میرانی براشییەوە نییە ، چونکە بەر لەو رووداوەی بەسەر ئەو نەگبەتەدا هات، من سێ بەسێ وەنەوشەم تەڵاق داوە..

*وەك لەقسەکانی خەسووەکەشی (خاتوونی دایکی وەنەوشە)دا وترابوو، لەوەوبەر سالار بەخاتوونی وتوە :

_ من ناتوانم لەگەڵیا بژیم، هەرگیز ناتوانم، کچەکەت مێشکی تەواو نییەو وەك شێت وەهایە ، جاری وا هەبووە هەموو جلەکانی لەبەر خۆی داکەنیوەو رووت و قووت بەماڵەکەدا هاتوچۆی کردووە!!

ئایا وەنەوشە نەخۆش بوو؟..

بێجگە لەقسەکانی سالار، ئەوانی دیکەش بەم جۆرە قسەیان بۆ دادگا کرد:

مامی وتی:

–برازاکەم تەواو نەبوو، بەهۆی ئەو نەخۆشییە دوابڕاوەوە لەماڵ و مێرد هەڵی نەکردو تەڵاق درا.

فەریدەی خوشکی وتی:

–بەدبەختە، دووچاری نەخۆشی دەروونی بوو بوو، بەهۆی ئەوەشەوە دەنێردرایەوە ماڵی منو دواجار مێردەکەی تەڵاقی دا..

زەینەب خانی دراوسێی دڵسۆزیان وتی:

–کلۆڵە نەخۆشی لەگەڵدا بوو.. کوێرایم دایە بۆی، ئەقڵی تێکچوو بوو.!

ئەی ڕەوشتی چۆن بوو ؟..

ئـەو ماوەیـەی پێکـەوە ژیـان، سـالاری مێـردی سـەرنجی لەسـەر هەڵسوکەوتی نەبوو، بەڵکو زۆر باش هەڵی سەنگاندووە، مامیشی بەهەمان شـێوە بەرەوشـت جـوان باسـی کردبـوو، فەریـدەی خوشکیشـی شـانازی بەوەنەوشەوە دەکرد..هەروەها دایکی و سامانی برای.

زەینەبی دراوسێشی وتبووی:

–ڕەوشـتی زۆر جـوان بـوو، سـێ سـاڵ دراوسـێ بـووین، ڕۆژێ لـەڕۆژان کەسێك لەگەڕەکدا وشەیەکی لەسەر نەوتووەو شتێکی خراپیان لێ نەدیوە، تـەنیا کەسـێك ڕەخنـەو سـەرنجی لەسـەری بـووبێ، هـەر ئـەو کەسـە بـوو کەوەنەوشەی بە(سەر شۆڕیی)خێزانەکەیان دەزانی و دواجاریش بەدەستی ئەو ڕەوانەی مەرگ کرا، ئەویش میرانی برای بوو.!

میران، بەویستی خۆی کوشتیو دان بەتاوانەکەیدا دەنێ..

میرانی 26ساڵ، هەر لەلێکۆڵینەوی سەرەتاییدا دانی بەتاوانی کوشتنی خوشـکەکەیدا نـاو دواتـریش بـەوردیو ڕاسـتگۆیی قسـەی بـۆ دادگـا کـرد..بـەوەش دایکـی لەبازنـەی گومـان دوورکەوتـەوەو دواتـریش بـەبڕیاری دادگـا ئـازاد کـرا، بـەڵام مـیران بـاجی تاوانەکـەی دەدات... مـیران بـەمجۆرە بەسەرهاتی تاوانەکە دەگێڕێتەوە:

–بەڕێزینە ، من بەتەواوی ویستی خۆمەوە دانی پیادەنێم کەوەنەوشەی خوشکم ئابەم دەستانەم خنکێنرا، دەزانن چۆن..لەبازاڕی قاچاخچییەکان دوودەرزی ڤالیۆم (10)م کڕیو ئەو شەوە (مەبەستم لەشەوی لەناوبردنی وەنەوشەیە)لەنیوەشەودا دەرزییەکانم شکاندو کردمە نێو کوپە چاکەیەوە، هەر بەخواردنەوەی خەوی لێکەوت ، کەدایکم نووست پارچە قوماشێکم هێناو خستمە سەردەمو لووتی،بەهێزی خۆم هەناسەم لێ بڕی.. ئیتر گیانی سپاردو دواتر بەمردنی ئەو زانرا،جا بابۆتانی بگێڕمەوە من ئەوەم بۆ کرد..

دوای ئەوەی خوشکەکەم ماوەیەکی کورت لەگەڵ مێردەکەیدا ژیا، بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە، لەو ماوەیەدا کەلەماڵە مێردی خۆیدا دەژیا حەبی مەنعی بەکاردەهێنا، کەچی دوای تەڵاق دانیشی هەر دەیخوارد!! بەر گوێم کەوتبوو کەپەیوەندیی خراپی هەیە، کەلێم پرسی دانی بەپەیوەندیی خراپی خۆیو کوڕێکی گەڕەکی خۆماندا نا، بەڵێ پەیوەندیی ناشەریفانەیان هەبوو، بۆ ئەوەی بەجارێ حەیامان نەچێو لەپێناوی ناوبانگی خێزانەکەماندا بڕیارم دا لەناوی بەرم، لای کەس قسەم نەکردو شەوی 1993/8/15لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکی لەخەودا بوون وەنەوشەم خنکاند، دیارە ئەو پەیوەندییە خراپەی خۆی دانی پیادا ناو حەبی مەنعەکەی بەڵگەی تەواون، هەر کەبە مردوویی دیم لەهۆش چووم‌و دوایی کەبەئاگاهاتمەوە بەدایکمم وت وەنەوشە مردووە، ئیتر ئەوە بوو پۆلیسی سلێمانی خۆم‌و دایکمیان گرت.

داوای بەزەیی....

پارێزەری بەرگریکەر لەمیرانی گومانلێکراو، ڕۆژی دادگایی کردن وتی:

–بەتەنیا قسەی میران خۆی بەدەستەوەیە بۆ چۆنێتی تاوانەکە، خۆ ئەگەر ئەم قسەی نەکردایە لاشەکەی وەنەوشە کەدەرهێنرابوو تێك چوو بوو، پزیشکیش هۆکاری مردنەکەی دیاری نەکردبوو..

میران پێشتر تاوانی نەکردووەو خاوەنی خێزانە، تکا دەکەم دادگای پایەبەرز لەسزادانیدا بەچاوی بەزەییەوە تێی بڕوانیٚ...

میران.... بەرەو زیندان ...

رۆژی 1994/3/22دادگای جنایاتی سلێمانی دادگایی میرانو دایکی کرد، خاتوون بەرگریی لەخۆی کرد، شایەتەکان قسەیان کرد، میران لەهەموو ئیفادەکانی لەوەوبەری پاشگەز بووەوە، بەڵام لای دادوەری لێکۆڵینەوە بەئیمزای خۆیەوە چۆنێتی تاوانەکەی تۆمار بوو، دادگا خاتوونی دایکی ئازاد کردو میرانی بە(15)ساڵ حوکم دا..

رازێك...

وا (10)مانگو(6) رۆژی تەواوە وەنەوشە لەگۆڕە خامۆشەکەیدا راکشاوەو.. منیش دەپرسم:

–دەشیٚ گومانی میران لەجێی خۆیدا بووبێت؟

–ئەدی لەپێناوی ئاڵتوونەکانیدا ئەوەی نەکردووە؟!

–تۆ بڵێی نەخۆشیی ئەو کلۆڵە هۆکاری یەکەم نەبووبیٚ..؟

بەڵام یەك وەڵامی راستو رەوانم لەلایەو دەڵێت:

–وەنەوشە ئەڵقەیەکی دیکەی تراژیدیای ژنانی ئەم وڵاتەیەو دیمەنێکی دیکەی دواکەوتوویی کۆمەڵی ئێمەیە.

دایە بگەڕێوە.. دەنا !

ڕۆژی 15ی شوبات، ژنێك لەگەڕەکی (ە) بەلەشی زامدارو خوێناوییەوە خرایە ئوتومبێلو بەرەو نەخۆشخانەی سلێمانی برا، ئەو شەوە لەحاڵەتی بێ هۆشیدا، لەشی بەچەقۆ کون کونی تیمار کرا، بەلاّم بەهۆی زامەقووڵەکانی سنگو سكو شانیەوە بۆ ڕۆژی دوایی گیانی لەدەست داو گوێزرایەوە بۆ مەیتخانە، لەوێ زانرا ناوی(ئەختەر)ەو تەمەنی شتێك لەچل ساڵ زیاترەو، هەروەها لەراپۆرتی پزیشکدا نووسرا بوو:

– دیزداشەیەکی شینی لەبەردابوو، بەعەباکەی پۆشرابوو، پێلاّوی لەپێدا نەبوو، بالاّی مام ناوەندیو قژی رەشو پێستی گەنم رەنگ بوو، 18زامی قووڵ لە لەشیدا بووەو بەهۆی خوێن بەربوونی زۆرەوە مردووە.

لەهەمان کاتدا، بکوژی ئەختەر خۆی دەداتە دەستی بارەگای یەکێك لە لایەنەکانو پێیان دەڵێ من کوشتوومە..

بکوژەکەی ئەختەر لاوێکی تەمەن 26ساڵ بوو..

شایەتەکان وتیان چی؟.

ڕۆژی 1992/7/20، لەبەردەم دادگا سێ شایەت دەربارەی (ئەختەر)قسەیان کرد:

*یەکەمیان، خوشکێکی گەورەی بوو، بەدادگای وت:

–ئەختــەر لەدایکــەوە خوشــکم بــوو، ماوەیــەك بــوو لــەدەمی خــەڵکیم دەبیست کەگۆڕراوەو ڕەوشتی بەرەو نزمی چووە، بەتایبەت لەو کاتەوەی لەمێردەکەی هەڵاتبوو، نازانم شووی بە(دۆستە)تازەکەی کردبوو یان نا..

*ئەوی تریان، خوشکێکی لەخۆی بچووکتری بوو، وتی:

–من لەکەرکوك دەژیم، ئاگام لەکوژرانی باجیم نەبوو، دوایی هاتمە ئێرەو بەدرێــژەی ڕووداوەکــەم زانــی، بــەڵام دەمزانــی مــاڵ و مێــردی خــۆی بەجێهێشتووەو، کاری خراپ دەکات، هەروەها بیستبوم بەگوێی کوڕەکەی نەکردووەو نەگەڕاوەتەوە لایان..

*دوا شایەتیش کەحەمە ڕەشیدی خزمی ئەختەر بوو، وتی:

باشە ئەختەر بەو هەژاریەو بێ موچەییە لەکوێی بوو ژوور بگرێ و خۆی بژێنێ، ئەی چۆن لەگەڵ کابرایەکی نەناسدا لەوماڵەدا ژیاوە؟! مەحاڵە ژنێك تەڵاق نەدرابێ بتوانێ شوویەکی تربکاتەوە، دیارە بۆ وای کردووەو چۆن چۆنی خەرجی ژیانی خۆیی پەیدا کردووە، هەرگیز ئەختەر ژنێکی بەشەرەف نەبووە..

حیکمەت بوو ئەختەری دایە بەر چەقۆ!.

ئەو کوڕەی خۆی دا بەدەستەوە، حیکمەت بوو، کەبەکاسبی کردن دەژیا، هەر زوو دانی بە تاوانەکەیدا ناو لەو پێنج مانگەی لەبەندیخانەشدا بردیە سەر تارۆژی دادگایی کردنی یەك جار پەشیمانی یان نائارامی ویژدان بەلایدا گوزەری نەکرد، چونکە باوەڕی وابوو ئەو کارەی لەپێناوی پاراستنی ناوبانگ و ناموسی خۆی و براکانی و باوکی و خێزانەکەیدا کردووە، جا بائەوەی بەدەستی خۆیشی لەناوچوبێت نزیکترین کەسی بوو بێت!

حیکمـەت، زۆر بـەهێمنی بەسـەرهاتی تاوانەکـەی بـۆ دادوەر گێڕایـەوەو وتی:

–کوڕژراوەکە دایکی خۆم بوو، من بووم بەم دوو دەستەم دامە بەرچەقۆ، بـەو چـەقۆ تیـژەی بـۆ ئـەو مەبەسـتە خسـتبوومە گیرفانمـەوە، دەبـا بۆتـانی بگێڕمەوە چۆن دەستم چووە خوێنی دایکمو ئەو تاوانـەم بۆ چـی کـرد؟ ئێمـە خـەڵکی کـەرکوکینو لەئەسـڵدا گـەرمیانین، بـاوکم مـاوەو ئێسـتا لەگـەڵ بـرا بچـووکەکانمدا لـەئێران دەژیـن، دایکـم ئێمـەی بەجێهێشـتو دەسـتی دایـە بەدڕەوشتی، بۆ دامرکاندنەوەی حەزەکانی جارێك چووە ئێرانو دوای چەند مانگێك هاتەوە سلێمانی، دەمزانی هیچ ڕێزێك بۆ مێردەکەیو ئێمە دانانێو کاری ناشرین دەکات، بەڵام من هەر ترسی خوام لەدڵدا بوو، هـەر دەمووت دایکمەو دەبێ بیخەمە سەر ڕێگای راسـت، لەسـێ سـاڵی رابـردوودا بـەردەوام بـوو لـە سـەرکردەوەی دزێـوی، گـەڵێ جـار ئامۆژگـاریم دەکـرد، بـەڵام سـوودی نەبوو، دەیوت:

–باوکتـان منـی جێهێشـتووەو دەسـتی لێهـەڵگرتووم، ئـیتر هـەقی منتـان چییە؟

خـۆ بـاوکم ئـەوی تـەڵاق نـەدابوو، کـردەوە ناشـرینەکانی منـی شـێتوهار کردبـوو، کـەخزمێکمانم دەبینـی دەبوومـە دڵۆپێـك ئـاو، سـەرتان نەیەشـێنم ماوەیەك هەر لەم شارەدا بزر بوو، نەمدەزانی لـەکوێ دەژی، ڕێکـەوت جێگـەو هەواری نوێیان پێ وتم، کەسۆراخیم کرد زانیم لەماڵێکدا ژوورێکـی گرتـووەو دۆستێکی ناموبارەکی ناوناوە(مێرد)و لەگەڵیا دەژی!..

ئەوە بوو ماڵەکەم دۆزییەوەو لەقاپیم دا، خاوەن ماڵ وتی (لێرە نییە، بەلاَم دەگەڕێتەوە)، لایان دانیشتم، وتم (ئەختەر دایکمە).. گەڕایەوە، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بوو یەکترمان نەدیبوو بەلاَم روویەکی وەهاو سۆزێکی ئەوتۆی نەدامێ، ئەو لەدایك نەدەچوو، لەگەڵ دانانی رەوشتیدا هەموو شتێکی تریشی لەدەست دابوو، چووینە ژوورەکەی خۆیو قسەمان کرد، من زۆرم وتو ئەو کەمی بیست، پێم وت خوا بناسەو وازبێنە، باوکم ماوەیەکە گەڕاوەتەوەو بەشوێنتا عەوداڵە، وەرە بگەڕێوەو لەگەڵیا بژی..پێم وت دایە بگەڕێوە دەنا زەرەردەکەی!.. هیچ سوودی نەبوو، ئەو دەیویست لەگەڵ دۆستەکەیداو لەزەلکاوی خراپەکاریدا بژی.. ئیتر بەبیانوویەك لەماڵەکە بردمە دەرەوەو خوارتر لەکۆلاَنێکدا فرسەتم لێهێناو بەچەقۆکەم گیانیم هەنجن هەنجن کرد..

پاش ماوەیەك بێدەنگی، حیکمەت رووی کردە دادوەرو وتی:

-گەورەم، لەئاکامی بێ ناموسی ئەودا من تاوانم کرد، لەپێناوی شەرەفدا ئەو کارەم کرد، خوا ئاگادارە لەمەوبەر هەرگیز تاوانم نەکردوەو بەم دەستانەی من چۆلەکەیەك نەکوژراوە..

تەنیا ساڵێك زیندانی کردن ..

بەڕای دادگای بەرێز، کێشەکانی ئەم تاوانە سەلماندوویانە کەئەختەر رەوشتی لەدەستداوەو بۆ دامرکانەوەی ئارەزووە سێکسییەکانی ماڵو مێردو منداڵی جێهێشتووەو بێباك بووە بەرامبەریان..

ئـەو كەسـەش كەلەدواييـدا لەگـەڵيا ژيـاوە بـەرەسمی مێـردی نـەبووە..
حیكمەتی كوڕیشی، لەپێناوی رەوشـتو خێزانەكەیانداو پاراستنی ئادابی
گشتی ئەو كارەی كردووە..

هەر بۆیە دادگا بڕیاری زیندانی كردنی حیكمەتی دا بۆماوەی یەك ساڵو
ماوەی دەستگیركردنەكەشی كەدەكاتە پێنج مانگ حساب دەكرێت..

بەو بڕیارەی دادگای جنایاتی سلێمانی، پەردە لەسەر بەسەرهاتی ئەو
تاوانە دادرایەوەو حیكمەت لەزینداندا مایەوە، تا باجی كوشتنی مرۆڤێك
بدات كەسەركێشی خۆیو دواكەوتوویی كۆمەڵ ئەو ژیانەی بەنسیب كرد
بوو.

بەهرە

ڕۆژی 2002/4/28، ژنێکی تەمەن (20)ساڵ بەشەرمەوە لەبەردەم دادگای کەتنی سلێمانی ڕاوەستا، چاوەکانی ڕوو لەزەوی بوون‌و جارجارە سەرێکی هەڵدەبڕی‌و سەرنجێکی دەموچاوی دادوەری دەدا..

ئەو ساڵێك‌و دوو مانگ بوو لەزیندان بوو. لەوێ ڕوو لەخوداو پێنج فەرزە لەسەر بەرماڵ دەپاڕایەوە کە لەگوناهە زۆرەکانی پاك بێتەوە.. دادگا سەرقاڵی دیتنی ئەوراقەکان بوون‌و ئەمیش بەجەستەی نیوەمردووەوە چاوەڕوانی قسەیەکی دادوەر بوو.. جارجارە هەر لەدڵی خۆیدا دەیووت: (خوای گەورە بمبەخشە.. خەتای خۆم نەبوو، ڕەبی ئەوانە نەحەسێنەوە لەژیانی خۆیان کەوەکو دڕندە پەلاماری ژن دەدەن..).

لەپڕێکدا دەنگی دادوەری بەڕێز هێنایەوە هۆش، هەموو گیانی هەست‌و گوێگرتن بوو لەدادوەر، بەشەرمەوە سەری هەڵبڕی‌و چاوە بچووکەکانی بڕییە ئەو، ئەویش دوای تەماشایەکی ئەم‌و نووسەرەکەی بەردەمی، گوتی بنووسە:

–دوای سەلماندنی ئەوەی هەموو بەڵگەکان کەدژی تۆمەتبار (بەهرە عەبدوڵڵا)ن، بەپێی ماددەی (4) لەیاسای قەڵاچۆکردنی لەشفرۆشی بڕیارماندا بەتاوانبارکردنت‌و حوکمدانت بەحەپسکردن بۆ ماوەی یەك ساڵ، دیارە ماوەی گرتنت لە2001/3/30 تا 2002/4/27 لەو حوکمە حساب دەکرێ، لەبەرئەوەی بۆ ئەم دادگایە سەلماوە کە بەفیعلی ئەو ساڵەت

لەزینداندا بردووەتە سەر، هەر بۆیە بڕیارماندا بەئازادکردنت بەمەرجێ هیچ ڕێگرێکی دیکەی یاسایی نەبێت لەبەردەمتا.

(بەهرە) تەماشای دادوەری دەکردو لەبەرخۆیەوە گوتی:

–خوا پاداشتت بداتەوە، خوایە سەد گوناهو یەك تەوبە..

لەشەوە درێژەکانی زینداندا

سێ ژن بوون لەژوورەکەدا، یەکیان لەگۆشەیەکدا هەمیشە مات و مەلوول و لەگەڵ بەبادانی دووکەڵی جگەرەیەکدا کاتەکانی دەبردەسەر، بەهرەو ئەوی دیکەش دۆشەکەکانیان جووت دەکردو دەکەوتنە هەڵڕشتنی بەسەرهات و سکالاّیان بۆیەکتر..

جارجارە ژنەی ئەوسەر سەرزەنشتی دەکردن و دەیووت:

–ئەرێ شەویلگەتان شل نەبوو.. ئەرێ کاکیلەتان نایەشێ، دەرۆڵە بەسەو بنوون، واخەریکە ڕۆژدەبێتەوە..

ئەمانیش دەیانووت:

–خەمت نەبێ زۆر ڕۆژی تریش دەکەینەوە، تۆ بنوو خەمی ئێمەت نەبێ..

هەموو شەوێ کە دەستیان ئەنایە ژێرسەرو چاویان دەبڕیە یەکترو سەرەتای بەسەرهاتی پڕ لەمەینەتی ژیانی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، بەدووسێ ڕستە (ئەختەر) قسەی دادەمەزراندو دەیگووت:

–نەوەڵلا هەرگیز پەشیمان نیم، گەر جارێکی تریش ڕاست بێتەوە دەیکوژم و لاری دەکەمەوە.. مێردێ زوخاو بکات بەگەرووتا، لەبری بردنە سەیران و گەڕان دارکاریت بکات بۆچی باشە.. ئەرێ وەڵلا هەر کەگیرام و پرسیارم لێکرا یەکسەر بەدەنگی بەرز هاوارم کرد بەڵێ من کوشتم، بەم دەستانەی خۆم کوشتم..

بەهرە لەسەرخۆ قسەی پێدەبڕێ و دەڵێ:

–خۆزگە هەر جیابوویتایەوە لێی و ئەو تاوانەت نەکردایە..

–نا کچی خۆم.. کوڕو کچی گەورەمان هەبوو هەزارو یەك قسەی دەخستە شوێنم.. ترسی خوای لەدڵدا نەبوو، بەزەیی بەمن و منداڵەکاندا نەدەهاتەوە.. هەر کەرۆژێ لەبازاڕ گرفتێکی بوایە یان زەرەرێکی بکردایە ئیتر بەمنی دەڕشت..

نا کچی من لۆمەم مەکە.. چاکم کرد.. خوا خۆیشی عەفووم دەکات و چاوی بەزەیی لەزوڵم لێکراوانەوە دەبێ..

بەهرە بۆ وای بەسەرهات؟

ئەو نەخوێندەوار بوو، واتە نەیدەزانی هیچ بنووسێ و بخوێنێتەوە، تەمەنی تەنیا 10 ساڵ بوو کەلەهەولێر خودا پێکەوە دایك و باوکی بردنەوە بارەگای خۆی و لەنازی ئەوان بێبەش بوو، بەو منداڵییە لەگەڵ پورێکیدا چوونە ئێران و لەوێ لەشارێکی کوردنشیندا جێگیربوون..

دوای سێ ساڵ بەهرە وەك نەمامێکی هەڵکشاو هەندێ گەورەتر خۆی دەنواندو زوو زوو پورەکەی پێی دەگووت (عەیار.. تەماشا بوویتە ژنێکی گەورە!.) هەندێ جاریش دەیاندا بەگوێیداو دەیانووت (بەهرە وەختی شوویەتی..)، لەنێوان شەرم و راماندا نەیدەزانی چۆن وەلامیان بداتەوە..

کابرایەکی خاوەنی جووتێ ژن چاوی تەماعی بڕییە بەهرەو لەدەرگای ماڵیانی داو بووە یەکەمین خوازبێنیکەر، پوورەکەی ویستی پالی پێوەنێ، هەواڵیان نارد بۆ برایەکی بەهرەو ئەویش رازی بوو..

بەهرە برایە ماڵە مێردو تا دووسێ مانگ هەر بەواقی وڕماوەوە تەماشای پیاوەکەی دەکرد.. هەمیشە لەجەستەیەکی بێگیان دەچوو لەبەردەم باڵندەیەکی هاردا.. هەمیشە دڵگەرم و سەر پڕلەئێش لەبەردەم قسەو بۆڵەی دوو ژنی تردا.!

پیاوەکەی بەجنێوو قسەی ناشرین دەیدواند، ژیانی ژن و مێردیی ئەو رووپکردە ساڵێکی تەمەن، پیاوە خراپتر بوو لەگەڵی و زۆرجار ئەو کچۆڵە بێنازە دەکەوتە بەر چنگ و بەر شەقی ئەوو بەلاشەی ماندووەوە فرمێسکە گەرمەکانی چاوی دەسڕی..

رۆژێك هەڵات و چووەوە لای پوورەکەی، لەوێ وتی:

–پووری خراپن لەگەڵم، ناچمەوە لایان و ژیانی وام ناوێ.. من هەر لای تۆ دەبم، نانە رەقێکم پێبدەی لەپارووی چەورو گەرمی ئەوان باشترە..

–ناکچی خۆم نابێ، ئەیەڕۆ حەیامان دەچێ.. کاك حەمەڕەشی پیاوی چاکەو تۆی خۆشدەوێ.. بۆ ناتەوێ سەرلەخۆت و منیش تێك بدەیت!!

بەزۆر ناردیەوە، وایدەزانی بۆ دۆزەخ دەبرێتەوە، چەند رۆژێکی تر دانی بەخۆداگرت.. لەسەر تۆرانەکەی زۆری پێکراو زۆری لێدرا.. ناچار بڕیاریدا سەری خۆی هەڵگرێ و دوور دوور بڕوات.. دوور لەچاوە زیتەکانی مێردەکەی و دوور لەتانووت و قسەی ناخۆشی هەردوو ژنەکەی تری حەمەرەشی لەشوێنێکدا ئارام بگرێ.. بەڵام..!

پیاوەکانی تر !

لەشەوێکی درێژی زینداندا، درێژ وەك خەمەکانی بەهرەو تاریك وەك دەروونی مات و خامۆشی ئەختەر، بەسەرهات دامەزرابوو..

بەهرە بەسەرهاتی راکردنی خۆی دەگێڕایەوە. بەهرە وتی:

–باجی ئەختەر، هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە کۆیە، لەوێ چوومە ماڵی خزمێکی زاواکەمان.. چەند رۆژێ لەوێ مامەوەو بۆ نەگبەتی (دلێر) ناوێکی ناسیاویان هاتە ماڵەکەو منی بینی و منی ناسی..

سەرەتا نەمدەزانی بۆچی وا زوو زوو ئەو دلێرە دەهاتە سەردانیان، دوایی زانیم دەیەوێ زۆرتر من بدوێنێ و لێم نزیك بێتەوە..

–ئەی ژن و منداڵی نەبوو؟

–با.. بەریٚ وەڵڵا هەیبوو.. جاریٚك هیٚنانی بۆ کۆیەو لەگەڵ خۆیاندا بردمی بۆ بازاڕو تەنوورەو بلوزیٚکی بۆ منیش کڕی..

هەر لەو سەفەرەیاندا خۆیو ژنەکەی هاتنە بن کلیٚشەمو دایان بەگویٚمدا کە لەگەڵیاندا بچمە سلیٚمانی، سەرەتا رازی نەبووم، بەلاٖم بەزۆری ئەوانو بەو بیانووەی کە لەویٚ ژیانی خۆشتر دەبەمە سەرو با بەچاوی خۆم ببینمو تاقی بکەمەوە، هەڵیانفریواندمو چووم..

–ئەی ماڵەکەی ئاشناتان..

–چی بلیٚین، وتیان بەینیٚك لەگەڵ خۆمان دەیبەین، ژنەکەی دلیٚر وتی وەکو خوشکی خۆم سەیری دەکەم.. دلیٚر خۆیشی پیٚی وتن ئیٚمەو ئیٚوە یەك ماڵین.. ئیٚ ئەوانیش چ مەجبوور بوون خزمەتی منیٚکی کلۆڵو چارەڕەش بکەن!

ئەمە رووداو کاك عوسمانی خاوەن ماڵ لەویٚ نەبوو.. واتە کە لەگەڵیان رۆیشتم ئەو لەماڵ نەبوو..

–چوونە سلیٚمانی؟

–بەڵیٚ لەگەڕەکیٚکی دەرەوەی شار بوون، کریٚچی خانوویەکی بچووكو چوار سەرخیٚزان بوون، واتە دوو کوڕی بچکۆلەشیان هەبوو..

ئیتر لەویٚ هەر لەسەرەتاوە ژنەکەی دلیٚر هەندیٚ شتی سەیری بۆ باس دەکردم.. دەیدا بەگویٚمدا کەپیاوانیش بناسم ئاساییەو دلیٚر قسەناکات..

–خوایە تۆبە.. ئیٚ پاشان..

–دوای چەند رۆژیٚ کابرایەك بووە میوانیان، هەر دلیٚر خۆی بەزۆر رازی کردم لەژوورەکەی ئەودیو لەگەڵی بنووم.. زۆرم هەوڵدا ئەوە روونەدات، بەلاٖم بەزۆری خۆیو ژنەکەی رازییان کردم.. بەیانی کەپیاوەکە رۆی 100 دیناری دامیٚ.. ئەوە یەکەمجار بوو پارەی شتی وابیٚتە گیرفانی بەتاڵمەوە..

–ئەی نەگبەتی چارەڕەش..

–دەتۆ بوەستە بابۆتی باس بکەم.. دووسیٚ رۆژ دوای ئەوە دلیٚر خۆی هات بەلاٖمدا.. وتم عەیبە کاك دلیٚر چۆن شتی وا دەڵیٚی، وتی کەرە ژنەکەی

خۆیشم شتی وادەکات.. رازی کردم.. چەند جارێ تەعەدای لێ کردم.!
ژنەکەشی ئاگاداربوو.. تەنانەت رۆژێك کوڕێکی لەگەڵ بوو کە بەپیکابێکی دەبڵ کابینەوە هاتنەوەو کوڕەکە کلاشینکۆفیشی پێبوو.. شەو پێکەوە خواردیانەوەو لەگەڵ منو ژنەکەی دلێر رایبوارد..

پاش هەفتەیەك کاك عوسمانی خزمی مێردی خوشکەکەم هاتە دوام، وتی دەبێ بڕۆینەوە ماڵی خۆمان.. دلێر نەیهێشت، وتی من مارەی دەکەمو بەپێی شەرع دەبێتە حەلاڵم، هەرچەندە زۆری وت ئاخر لەکوێ دوو ژنت بۆ بەخێودەکرێو چۆن دەژین، سوودی نەبوو..

کابرای رازی کردو لەوێ مامەوە.. پاش ماوەیەك لەزەرگەتە خانوویەکی دوو هۆدەیی بەکرێ گرتو گواستمانەوە ئەوێ..

چەند جارێ کاری بێرەوشتی دووبارەبووەوە، من ناچاربوومو ناچاردەکرام.. ئەگینا بەو خوایە حەزم بەوانە نەبوو.. شەوێك دووسێ کەس هاتن لەگەڵیان بچینە دەرەوە منو ژنەکەی دلێر ناڕازی بووین، دلێر خۆیشی ئەوەی دەویست، بەلام ئێمە هەر ناڕازی بووین، دەمانچەیان لێ راکێشاینو لەو شەوە درەنگەدا کردیانە تەقەو پێکەوە ژنەکەی دلێرو کوێرایم دایەت دوو کوڕە بچکۆلەکەیان کوژران..

–ئێ دوایی.. ئەی ئێوە چیتان کرد؟

–خەبەری پۆلیسمان دا.. ئێمەش گیراین، بەلام کە دادگایی کراین لەتاوانی کوشتنی ئەواندا ئێمە بێ گوناه بووین.. ئیتر دادگا بڕیاری دا بەجیا لەوانە بپرسنەوە کەخوێنی دایكو کوڕەکانیان رشت..

–تۆ خۆت بەساڵێك حوکم درایت؟

–بەڵێ، بەلام بەتاوانی لەشفرۆشی، ئەو تاوانەی کە بەهۆی پیاوەکان خۆیانەوە پێی تاوانبارو بەدناوو بەدڕەوشت کرام..

–دەئیتر بنوو سەرت لەقوڕنێن.. بنوو واخەریکە رۆژبێتەوە.

مەلا بانگیداو ئەختەر چاوەکانی لێکناو خەوت.. بەلام بەهرە هەر بێدرابوو، ئەو بەرەبەیانەو زۆر کاتی تری نێو زیندان خەیاڵی دەیبردەوە بۆ

ماڵە پڕ لەئاژاوەکەی ئێرانی، یان ساتەکانی نان خواردن لەگەڵ خزمەکانی کۆیەی، یاخود ئەوکاتانەی پیاوە نەدیوو نەناسراوەکان وەکو دڕندە بەردەبوونە گیانی.. بەدرێژایی ڕۆژی دواییش بیری لەوە دەکردەوە وا ئازاد دەکرێ و ڕوو لەکوێ بکات، ئاخۆ یەکێ لەو سەنتەرانەی بۆ ژنانی بەشمەینەتی وەك ئەم دانراون و توێژەری کۆمەڵایەتی زیندانەکە باسی بۆ دەکرد بتوانێ دالدەی بدات و تیایدا هەناسەیەکی بەختەوەری هەڵمژێ.. نەیدەزانی وادەبێ.. یان نا!!

خورپەیەك بۆ ئەو بەهرەیەو بەهرەکانی تر..

ئەو ناوی بەهرەیە، بەلام هیچ بەهرەیەکی ژینی بەنسیب نەبووە، ئەو جوانە، بەلام جوانییەکەی نەبووەتە گوڵێکی سەر ڕێگای.. ئەو ڕەگەزی مێیە، بەلام سروشت و ڕۆژگارو دەوروبەر پێکەوە دڵڕەق بوون لەگەڵیا..

لێرەدا پرسیارێ دێتە پێشەوەو دەڵێ:

-بەهرەکان خەتای خۆیانە یان بەرامبەرەکانیان گیرۆدەیان دەکەن؟!

ئەو لەزیندان ئازاد دەبێ، بەلام ئاخۆ خەونەکەی دێتەدی و سەنتەرێك دەبێتە ماڵی نوێی..

دەشێ بەو خەونە بگات، بەلام دڵنیام دڵی هەمیشە خورپەیەکی تێدایەو خۆیشی نازانێ کەی ئەو خورپەیە کۆتایی پێدێت..

منیش وەك زۆرجاری دیکە، دڵ پڕ لەخورپەم بۆ ئەو بەهرە بەدبەختەو بەهرەکانی تر کەژیان هەرگیز یارو یاوەریان نەبووەو خۆشیان ساویلکەو کاڵفام بوون و کەشتیی نێو ڕووباری تەمەن چۆنی ویستبێ لەگەڵ خۆیدا بردوونی..!

تەنیا مانگەشەو ئاگاداری بوو

رۆژی 1996/8/5کە دوا دادگـایی ژنێـك کـرا، بـاجی خونچـەی تەمـەن (60)سـاڵ پرچـە سـپییەکانی کـردەوە بـەژێر سەرپۆشـەکەیداو بەچاوی پـڕ لەفرمێسکەوە قسەی بۆ سەرۆکی دادگا کرد، باجی خونچە وتی:

–بەیانی زوو بۆ کاسبی کردن کوڕەکـەم لـەماڵ دەرچـوو، ئیتر هـەر ئـەو رۆیشـتنە بـوو و نەگەڕایـەوە، وەکـو هـەموو ئێـوارانی تـر دەرگـای مـاڵی نەکردەوە، شـەو تابـەیان منو باوکە کلۆڵەکەی بێدار بووینو خەو نەچووە چاومان، بـانگی بـەیانیی فـەرموو و جـەمال هـەر نەهاتـەوە، بۆ رۆژی دوایـی نزیك نیوەڕۆ هەواڵیان هێنا کەجەمال کوژراوە..هاوار وزریکەی منو گریـانی باوکە پیرەمێردەکەی دنیـای خرۆشـان.. بـەڵام چـی بکـەم، جـەمالم رۆیشـتو نەمدیەوە.!

کـوێرایم دایـە، کـەماڵی جێهێشـت قەمسـەڵە تازەکـەی لەبـەردابوو، دەمانچەکەیو چەند هەزار دینارێکی پێ بوو..

من داواکارم سـزای ئـەو تاوانبارانـە بدرێو تۆڵـەی کوشـتنی کوڕەکـەمیان لێبسێنرێ، هەروەهاچییان بردوە بۆمانی بگێڕنەوە..

ئاشکرابوونی کوژرانی جەمال..

شـەو درەنگـانێ، سـەرکەوت لەگـەڕەکی (ك)خـۆی کـرد بـەماڵی خاڵیـدا، شـپرزەو هەناسەسـوار، بەرلـەوەی پشـوویەك بـدات خـاڵی بـانگ کـردە لاوەو پێی وت:چی روویداوە؟

سەرکەوت وتی:

–خاڵە گیان، کوڕێکیان کوشتو من ئاگام لێی بوو..

خاڵی لێی پرسی:

–لەکوێ، کەی.. ئەی تۆ چیت دەکرد لەوێ؟!

بەدەنگی تاساوەوە وەڵامی دایەوە:

–لەگەڕەکی(ا)پاش نیوەڕۆ کوشتیانو شەوێ لاشەکەیان فڕێ دا، ئیتر من تاکسیم بەکرێ گرتو هاتم بۆ ئێرە، منماڵی بکوژەکانی ئەو کوڕە دەزانم..

خاڵی سەرکەوت پرسی: ناوی چی بوو؟

–جەمال.. جەمالی ناو بوو..

کەمێ سەرکەوتی هێور کردەوە، پاشان پێی وت:

–کەواتە بۆمی باس بکە، بزانم بۆچی کوشتیان، بەیانی زوو ئاسایش ئاگادار دەکەین..

خوشکەزا رەنگ پەڕیوەکەی، دەستی کرد بەگێڕانەوەی چۆنێتی تاوانەکە..

جەمال چۆن کوژرا؟

دوای نیوەڕۆ بوو، لەبازاڕێکی سلێمانی، هەر کەجەمال گەیشتە ناسیاوەکانیو سلاوی لێ کردن، دەمانچە ستارە گەورەکەی بەرپشتێنەکەی سەرنجی (کاوە)ی راکێشا، کاوە وتی:

–جەمال، ئادەی دەمانچەکەتم بدەرێ..

دایە دەستیو ئەویش یەدەکی فیشەکەکانی لێ دەرهێناو رایکێشاو پەنجەی پیا نا، کەمێ لێی ورد بووەوە، ئینجا دایەوە دەستی..

کاوە بەجەمالی وت:

–لەماڵەوە تفەنگێکی جوانمان لایە، گەر دەتەوێ با لەگەڵ سەرکەوتو جەزا بچینەوەو بیبینە..

جەمال بێ دوو دڵی وتی:

–زۆر باشه، بابڕۆین..

هــەر خــۆی دەســتی لــەئوتومبیلێکی کــرێ ڕاگــرت‌و بــەرەو گــەڕەکی (ا) کەوتنــەڕێ، دابــەزین‌و چـووینە مـاڵ، دایکـی کـاوە بـەخێرهاتنی گـەرمی لێکـــردن، لەســـەرێ دانەنیشـــتن‌و یەکســـەر ڕووەو ژێـــرزەمین ملیـــان نـــا.. هەرچـوارییان (کــاوەو ســەرکەوت‌و جــەزا لەگــەڵ جــەمال) بەقاڵدرمــەکانی ژێرزەمینــدا شــۆڕبوونەوە، لــەوێ کلاشــینکۆفێکیان دایــە دەســتی جــەمال، بەرلــەوەی وشــەیەکی لــەدەم بێتــەدەر، هەرســێ زەلام پەلاماریانــدا، دووانیــان گوریســـێکیان جەڕانـــدە ملـــی‌و ئـــەوی دیکـــەیان بەتانیـــەکی نایەســـەر دەم‌وچاوی.. هەناسە لەگەروویدا خنکاو کاتێ دەستیان لێ بەردا ڕۆحـی تیا نەمابوو..

لەســەر زەوییەکــە کــەوت‌و کــاوە دەمانچــەکەی لێ کــردەوەو کــردی بــە بەرپشتێنەکەی خۆیدا، ڕاستیان کردەوەو قەمسەڵەکەیان لەبەردا داکەند..

دواجـار، هــەر کــاوە دەســتی کــرد بــەگیرفانی کراســەکەیداو چـی پـارەی تیــابوو دەریهێنــا.. لاشــەی کوژراوەکــەیان جێهێشــت‌و چــوونەوە ســەرێ، لەهۆڵەکەدا دانیشتن، دایکی کاوە چای بۆ هێنان، پێدەچوو ئاگاداری تـاوانی کوڕەکـەی‌و میوانـەکانی بێـت، هـەر بۆیـە پرسـیاری هیچـی نـەکرد.. تاشـەو داهات لەماڵ مانەوەو پاشان سەرکەوت پرسی:

–چی لەلاشەکەی دەکەن؟

کاوە وەڵامی دایەوە:

–ئەوە گرفت نییە، هانێ تۆ جارێ بگرە..

لەپارەکـەی جەمالی کـوژراو یـەکی 200دینـاری دایـە دەسـتی سـەرکەوت‌و جەزا..ئینجا ڕووی کردە دایکی:

–ها بیگرە، ئەو 200 دینارەش بۆ تۆ..

کاوە وتی:

–بەڕاست چی لەم کوژراوە بکەین؟!

جەزا وەڵامی دایەوە:

–خەمتان نەبێ، ماڵی خزمێکم لێرەوە نزیکەو(حفارە)یان هەیە، دەچم دەیهێنمو بەوە دەیگوێزینەوە..

جەزا ڕۆیشت، کاوە سەرنجی دایە سەرکەوتو پاش ماوەیەك پێی وت:

–چییە کوڕی باش، دەترسیت؟

سەرکەوت دەیویست کۆنترۆڵی خۆی بکات..

–ها.. نازانم..نەء ،نەء ..

پاش ماوەیەك جەزا گەڕایەوەو خۆی کرد بەژووردا.. رووی تێکردنو وتی:

–خزمەکەمم دەست نەکەوت، بەڵام(لادا)ی برادەرێکم هێناوە، دەی گورج کەن بابیبەین..

بەرپێکردنی جەمال !

هەرسێ تاوانبار چوونەوە ژێر زەمینەکەو دایکی کاوەش لەبەر دەرگاکەیدا راوەستا، لاشەی جەمالیان خستە نێو گونییەکی گەورەوەو هێنایانە سەرێ،سندووقی تاکسییەکەیان بۆ کردەوەو خستیانە ناوی..

جەزا سلفی لێ داو دایکی کاوە لەپێشەوە لایەوە سوار بوو، کاوەو سەرکەوتیش لەدواوە، بەرەو شەقامی شەست مەتری کەوتنەڕێو لەولا بەنزیخانەکەوە راوەستان، سندوقەکەیان هەڵدایەوەو لاشەکەیان فرێدا..!

کاوەو دایکی برانەوە ماڵێو لەوێشەوە سەرکەوت دابەزیو، جەزا ئوتومبێلەکەی بردەوە بۆ خاوەنی..

ئـەو شـەوە، دایکـی جـەمال خـەو لەچـاوی نەکـەوت‌و، بەتـەنیا هـەر مانگەشەویش ئاگاداری لاشەی کوڕە بەزوڵم کوژراوەکەی بوو..

پەیمانی(مانگ)ی زیوین ئەو شەوە وابوو بۆ تـەنیا چرکەیەکیش جەماڵی بێ گوناه فەرامۆش نەکات..

گەر ئەو مانگە بەوەفایـە زمانی ببوایە ئـەوا هەمووخەڵکی رادەچڵەکاندو تەرمەکەی جەماڵی نیشان دەدان..

سزای تاوانبارەکان..

دایکی کاوە، بەتەنیا تـاوانی بەشـداریی شـاردنەوەی تـەرمی کوژراوەکـەی بەسـەردا ساغ بـوەوە، هەربۆیـە حـوکمی دووسـاڵ زیـندانی کردنـی بەسـەردا درا.. تاوانبارەکانی دیکەش، سەرکەوت بە15ساڵ زیندانی کردن حوکم درا، دووانەکەی تریش چونکە لەدادگا هەڵاتوون کێشەکانیان ماوەتەوە..

بێجگە لەو حوکمانەی یاسا:

*داخۆ جەرگی سووتاوی دایکی جەمال چی لەو ژنـە 44ساڵە دەکات کـە زۆر بـێ بـەزەیی بەشـداریی فڕێـدانی لاشـەی مرۆڤێکـی کـرد کەبـە(میـوانی) هاتەماڵەکەی؟!!

رۆڵە.. ئاوا چاکەت دامەوە!

رۆژێکـی نـەورۆزی، دنیا جـوانتر لـەجاران‌و سروشـت رازاوەتـر، (سـوعاد) دەیڕوانییـە شـەقامە سـەرەکییەکەو جارجـارەش لەبـەرخۆوە قسـەی بـۆ کـوڕە یەك ساڵەکەی دەکرد..

–کوڕی شیرینم تۆش گەورەدەبی‌و دەخوێنی‌و دەبیتە پیاوێکی تـەواو.. تۆش وەك ئەو خەڵکە ئوتومبێلـت دەبێ‌و ئەوسا دایکت لەتەنیشـت خۆتـەوە دادەنێیت‌و دەیبەیت بۆ سەیرانی دوکان..

ئە رۆژە یەکەم رۆژی بەهاری ساڵی پار بوو، ئوتومبێلە رەنگاوڕەنگـەکان هەنـدێکیان تیـژڕەوو خێـرا، هەنـدێکیش لەسـەرخۆو هێـدی، شـەقامەکەو بەرچاوی (سوعاد)یان جێدەهێشت..

وەك ئـەوەی شـتێکی بیرکەوتبێتـەوە لەپڕێکـدا بـانگی کـردە کـوڕە بچکۆلەکەی:

–سامان.. سامان چیت لێهات..

ئیـدی بەدوایـدا چـووە ژوورە بچـووکەکەیان، ئـەو ژوورەی زۆربـەی کاتـەکانی دووسـاڵی رابـردووی ژیـانی ژن‌و مێردیـی خـۆی بەدڵتـەنگی‌و بەئازاوەی خۆی‌و قالەی مێردی تێدا بەسەربردبوو..

ژیان لەگەڵ ماڵە خەزوور..

نیـو سـەعاتێ رێگـا، دوور لەشـار، لەکێڵگەیـەکی گـەورەی پیـاوێکی موڵکداردا دەژیان، هەموو جێگاو رێگایان دوو ژوور بوو، تـەنیا دوو ژوور بۆ دوو مـاڵ، ئـەمان، خـۆی‌و مێردەکـەی‌و منداڵەکـەیان لەژوورێکـداو مـاڵی

خەزوورەکەشی باوکی قالەو دایکیو برایەکی لەخۆی بچووکتری لەژوورەکەی تردا دەژیان..

قالە بەرۆژ دەچووە شار بۆ کاسبی سەرپێ یی، دوو ساڵ بوو ماڵە باوانی جێهێشتبوو بەنیازی پێکهێنانی خێزانو ژیانێکی باشتر بوو بووە ژنی قالە.. بەڵام دوو ساڵ بوو کەم رۆژ بێگرفت بوون.. هەمیشە دادو بێدادیان بوو لەدەست یەکتر..

سوعاد لای کەسوکاری خۆیو ماڵی خەزووری دەیووت:

–خراپە لەگەڵم، واسواسەو دڵی پیسە لێم.. کەقسە لەگەڵ کەسێك بکەم جنێوم پێدەداتو دەستی وردبێ لێشم دەدات..

قالەش بەدایكو باوکی خۆیو ژنبراکانی دەووت:

–ئافرەتێکی بێگوێو بێتەربێتە.. بەقسەم ناکاتو ئیحترامم ناگرێ، من گومانی خراپیشم لێی هەیە..!

جاری واهەبوو ژنە دەتۆرا.. پاش چەند رۆژێك دەهێنرایەوە، قالە سوێندی بۆ دەخوارد کەئیتر بەئاسوودەیی بژینو ئیتر دڵی لێی پیس نەبێو عەزیەتی نەدات.. بەڵام قسەکانی زۆری بڕنەدەکردو دەبووەوە شەڕو فەرتەنەیان..

رێدەکەوت تەواو هەڵدەچوو بەجارێ ژنەکەی تۆمەتبار دەکردو لەبەرچاوی دایكو باوکی دەیووت:

–سوعاد.. تۆ تەواونیت.. تۆ حەبی مەنع دەخۆی، ئەمانیش دەزانن کەتۆ بێرەوشتیت..

باوکی بەڕقەوە تەماشای دەکردو دەیووت:

–دەك لەشت داوەشێو خوا لەمنت بستێنێ.

دایکیشی دەیووت:

–خوایە تۆبە بێ.. کوڕم عەیبە، نابێ ئاگات لەدەمت بێ، تۆ چۆن قسەی وادەکەی!

قالە ماڵی جێدەهێشت و بەوەش کەمێك بەرچاوی لیڵی سوعاد روناکدەبووەوە..

لەنەورۆزدا چی قەوما؟..

هەتاوی ئەو رۆژە بەهارییە کێڵگەکەو بەرژوورەکانی ماڵی قالەو باوکی و هەموو ئەو دەشتە سەوزەی دەوروبەری گرتبووەوە..

پاش نیوەڕۆ، دوای ئەوەی ماوەیەکی باش قالە خۆی خواردەوەو سەرنجی ژوورەکەی خۆیانی و ئەوی ماڵی باوکی دا، بەجوڵە جوڵی بەردەوام و دەموچاوی گرژومۆنی خورپەی خستە دڵی ماندووی سوعادەکەی..

هێشتا هەر ئوتومبێلە جوانەکان تاك تاك و دوو دوو، بەرەو سەیرانی نەورۆزی ساڵی پار بەمەبەستی دوکان ئەو ناوەیان جێدەهێشت..

باوکی قالەو براکەی لەژوورەکەیان هاتنە دەر، دوای تەماشایەکی قالە، بەرەو خوار داگەڕان، بەدوایاندا دایکی رووەو بەلوعەی ئاو چوو، قالە بەپڕتاو چووە ژوورەکەی باوکی و پاش چەند چرکەیەك بەکلاشینکۆفەکەی ئەوانەوە هاتە دەرێ، لەبەردەرگاکەدا میلی هێنایەوە، سوعاد کەمێ لێی دوورکەوتەوەو بەدەنگێکی نزم و پاڕانەوەوە پێی وت:

–نەکەی.. لەڕێی خودا نەمکوژی.. منداڵم وردە، گوناهت دەگات.

قالە نەئاوڕی بۆ دایەوەو نەوەڵام.. لەولاترەوە دایکی بەواقی وڕماوەوە سەرەنجی دەدایە قالە، وایدەزانی تەقە لەباوکی و براکەی خۆی دەکات.. ئەوان دوورکەوتبوونەوە.. قالە رووی تفەنگی کردە دایکی.. یەك و دوان و سیان.. بەدەنگدانەوەی تەقەی فیشەکەکانی، ئەو ناوە خامۆش بوو، تەنانەت باڵندەی ئاسمانیش شتاقیان دیارنەمان..

گەر بێجگە لەسوعادی تۆقیو، دایکانی تر ئاگایان لەکەوتنی (رەحمە) بوایە، ئەوا بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد قالە:

*چۆنت دڵت هات تەقە لەدایکت بکەیت.. سەرت لەقوڕنێی ئاوا پاداشتی دایکت دایەوە.. هەر خوا خۆی دەزانێ چیت بەسەردێنێ..

رەحمەش، تائاگای لەخۆی مابوو بەنووزە نوزێکەوە وتی:

-رۆڵە.. ئاوا چاکەی دایکت دایەوە؟!

رەحمە چی لێهات؟

دوای ئەوەی ئەو چەند وشەیەی لەدەم هاتەدەر، تەماشایەکی خوێنی بەرپێی کردو بەلادا هات.. بەنیمچە بێهۆشییەوە گەیەنرایە نەخۆشخانەی سلێمانی..

لەوێ تەماشای کراو خێرا بەفریایەوە چوون، پزیشکەکان بینیان پاژنەی پێی راستی برینداربووەو لەئەنجامی ئەوەدا ئێسکی ئەو قاچەی شکاوە..

چەند رۆژێ لەنەخۆشخانە مایەوە، هەر کەمێردەکەی سەردانی دەکرد، یان کوڕە بچکۆلەکەی، یان سوعادی ژنی کوڕە تاوانکارەکەی، دوای چاك‌وچۆنی لێی دەپرسین:

-قالە چی بەسەرهات.. نەدۆزرایەوە.. ئەی پۆلیسی لای خۆمان دەڵێن چی؟

قالە دوای هەشت رۆژ، لەگوندێك کەماڵە خزمی لێبوو، لەرۆژی 2001/3/29دا دەستگیرکرا..

هەر لەلێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسدا دانی بەتاوانەکەیدا نا.. پاشانیش لەدادگا دووبارە دانی نایەوە بەتاوانەکەدا.. ئیدی بووە میوانی زیندان..

چاوەڕێی رۆژی دوا دادگایی کردنی دەکرد.. هەمیشە ماندوو، بێتاقەت، رقی لەهەموو شتێك، تەنانەت لەخۆیشی دەبووەوە، هەردووکیان داوایان لەدادگا کرد سزای کوڕەکەیان بدات.

پێنج ساڵ و مانگێك زیندانی کردن..!

رێك هەفتەیەکی مابوو بۆ سەری ساڵ، رۆژی 12/24 قالە برایە دادگا.. یەکەمجار بوو دوای ئەو 9مانگە چاوی بەدایك‌و باوکی بکەوێت.. هەر تەماشای دەکردن‌و تاس دەیبردەوە.. پاش ئەوەی هەریەك لەدایك‌و باوکی ئیفادەیان دا، دووبارەیان کردەوە

کەبێ هۆ قالە تەقەی کردووەو سێ فیشەکی بەدایکییەوە ناوە، هەروەها داکۆکییان لەهەڵسوکەوتی بووکەکەیان کردو وەك کچی خۆیان لێی دەدوان..

بەڵام قالە سووربوو لەسەر قسەکانی لەوەوبەری، قالە بەدادگای وت:

–من لەسەر مەسەلەی شەرەف ئەوەم کرد.. من دڵنیام لەقسەکانم، من هەرگیز نەمویستووە دایکم بکوژم، بەڵکو ویستم بیترسێنم، ئیتر رێکەوت بەرقاچی کەوت..

سوعاد لەوەوبەریش داکۆکی لەخۆی کردبوو، لەئیفادەی خۆیدا وتبووی:

–مێردەکەم لەشێت دەچوو، کەهار دەبوو دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد.. هەرچییەك دەخاتە پاڵم درۆدەکات و هەمووی بوختانە پێمی دەکات..

دادگای بەڕێز، وێڕای راگەیاندنی بێسفەتی و بێئەمەکی کوڕێك بەرامبەر دایکی خۆی، وێڕای بڕوای تەواوی بەوەی کەقالە تەقەی لەمەزنترین و بەنرخترین کەسی خۆی کردووە، ئەوەی لەبەرچاوگرت کەیەکەمجارە تاوانێ بکات و ئەنجامی تاوانەکەشی بەبرینداری تاوان لەگەڵداکراو شکاوەتەوە، هەربۆیە بەپێنج ساڵ و مانگێك زیندانی کردن بڕیاری بەسەردا دا..

جارێکیتر روو لە دادگا..

سەرەتای ئەمساڵ، نزیکەی بەر لەمانگێك، جارێکی تر قالە برایەوە دادگا، بەڵام ئەمجارەیان بۆ دادگای تاوانەکان نا، بەڵکو بۆ دادگای کاروباری کەسێتی، قالە لەزیندانەوە برا، ئەمجارە شکاتکەر دایکی نەبوو، باوکیشی نەبوو، بەڵکو سوعادی ژنی بوو کە بەمنداڵە بێنازەکەیەوە هاتبووە دادگاو داوای جیابوونەوەی دەکرد لەو مێردەی رۆژێك سەرفرازی نەکرد، ئەو مێردەی کەدەستی چووە گیانی دایکی خۆی، لەگەڵ سوعادا دایك و باوکی قالەش هاتبوون، پشتگیرییان لەداواکەی بووکەکەیان دەکرد.. دادگای رێزدار بۆ لێکۆڵینەوەی تەواو لەو کێشەیە بڕیاریداوە رۆژی19ی ئەم مانگە دوابڕیار بدا، ئەگەری زۆریش هەیە لێکیان جودابکەنەوە..

ئـەم بـۆ ژیـانێکی تاڕادەیـەك چارەنووســی نادیـار، ئـەویش بـۆ زیندانـە تـەنگو تارەکەی..

زیندانی هەمیشەیی

نیــوەڕۆی رۆژی 2000/11/30، لەگــەڕەکێکی دووره شــارو لــەماڵێکی دڵتـــەنگی وەك دڵــە تەنگەکـــەی (حەپســـە)دا، وەك زۆر رۆژی تـــرو زۆر کۆبوونـــەوەی دەوری ســـفرەی نـــان خـــواردن، قســـەو دەمـــەبۆڵێی (مـــارف) دەستی پێکردەوە، ئەو نیوەڕۆیە کچەکانی تریان کەبەسەردان هاتبوونەوە ماڵی باوکیان، ئەوانیش لەوێ بوون.

ئەو، باوکی کوڕوکچی گەورە بوو، بەڵام هەر کەدەمی دەکردەوە جنێوی ناشیرین ناشیرینی ئاڕاستەی دایکی منداڵەکانی دەکرد.

ئـەو نیوەڕۆیـە حەپسـە بەچـاوی تـەڕەوە دەسـتی لەقاپەکـەی بـەردەمی کێشـایەوەو لەگـەڵ تەماشـاکردنی منداڵەکانـدا پارووەکـەی دەمـی جـووی‌و پـــەرداخێ ئـــاوی کـــرد بەســـەرداو ئینجـــا کـــەمێ چـــووە دواوەو پـــاڵی دا بەدیوارەکەوەو چاوی بڕییە مارف‌و بەدڵی پڕ لەحەسرەتەوە پێی وت:

–باشــە ئــەوا قوزەڵقورتەکەشــم نــەخوارد، نــازانم بــۆ هــەردەبێ هەمیشــە خواردنەکەم لێبکەیتە ژەهری مار، بۆ دەبێ هەمووجارێ لەسەر نانخواردن بیانووم پێبگری!.

لەگەڵ گلانی پارووەکانیدا بێئەوەی سەری بۆ هەڵبڕێ وەڵامی دایەوە..

–نایخۆیت چش.. هەردوو چاوت دەردەهات.

حەپسە دووبارە کەوتەوە قسە بۆ کوڕو کچەکانی..

–نازانم چیم کردبوو خودا بەختی گریدام بەم پیاوە زمان پیس و ڕەزاگرانەوە.. چیم کردبوو ئاوا بەشم هەر ماندووبوون و هەمیشە نەحەسانەوە بێت، ئاخر ڕۆژ دەبێتەوە خەریکی ئیشی ماڵم.. دوو مانگە ئەڵێم واپشتم شکاو واچەمیمەوەو بمبەرە سەر دکتۆرێك و گاڵتەی پێدێ..

ئەگەر ئەمانە نەدەبوون هەر لەوکاتەوەی ئەو جوانەمەرگە چووە جێی خۆی، ئەم کاولبووەم بۆ جێدەهێشتی، ئەو کلۆڵەی هەر تۆ بوویتە سەبەبی مردنی..

بەڕقەوە مارف تەماشای دەکات و دەقیڕێنێ:

–بەسە چەنەبازی مەکەو بهێڵە نانەکەمان بخۆین..

ئیدی حەپسە ژوورەکەیان بۆ جێدێڵێ و وەك زۆر ڕۆژی تر گۆشەگیر لێی دادەنیشێ و پاش ماوەیەکی باش دڵدانەوەی لەلایەن یەکێك لەمنداڵەکانی، ئینجا دێتەوە ناویان.

29 ساڵ ژیانی پڕ لەکوێرەوەری

ئەوان عومرێکی دوورودرێژیان پێکەوە بەسەربردو، 29 ساڵ بوو حەپسە ماڵەکەی باوکی جێهێشتبوو ببووە هاوسەری ئەو پیاوەی هەرگیز ڕوویەکی خۆشی پێنەدەدا..

ئەوان دایك و باوکی دوو کوڕو دوو کچی گەورە بوون، هەر کەمارف لەسەر بیانوویەك پیایدا هەڵشاخایە، یان کاتێ خۆی گرفتێکی ببوایە دەکەوتە وتنی قسەی ناشیرین بەدایکی منداڵەکانی..

جاری واهەبوو پەلاماری دەداو دوای هاتوهاواری ژنە یەکێك لەمنداڵەکان دەبوونە فریادڕەسیو لەچنگی بەهێزو بێبەزەیی باوکەکەیان رزگاریان دەکرد..

ئەو کاتانەش کەمارف دەچووە سەر ئیشەکەی، یان بەکارێماڵەکەی جێدەهێشت، حەپسە هەر نیگەرانو غەمبارو بێدەنگ دۆش دادەما، زۆرجار یەکێ لەمنداڵەکانی دەیانویست بەگاڵتەیەك بیهێننەوە قسەو پێیان دەووت:

–چییە حەپسەخان دەڵێی پاپۆڕەکەت نوقم بووە!

ئەویش دەیووت:

–رۆڵە دەمێکە پاپۆری من نوقمی ژێر ئاو بووەو سەرنشینەکەی خنکاوە!

یاخود پێیان دەووت:

–دایکە هەموو ژنو مێردێ دەنگەدەنگیان دەبێ، گوێی مەدەرێ..

ئەمیش پێی دەوتن:

–ئەمە مێردە خوابیباتەوە، مێردە یان پیاوێکی شێتوهار..!

سوێی زامێکی قووڵ

ساڵی 1997 ئاگرێك جەستەی بێنازی کچە ناوەنجییەکەی مارفی سووتاندو ئەو ئاگرە بەربووە دڵودەروونی حەپسەو دەروونی دوو خوشكو دوو براکەی تری (پەروین)و تا ئەو رۆژە گڕی ئاگر کوژانەوەی بۆ نەبوو.

ئەو ئاگرەی دڵی هەر پێنجیان زامێکی قووڵی جێهێشتبوو بەهیچ شتێك سارێژ نەدەبوو، بەتایبەت بۆ دایکی جگەرسووتاوو بۆ کاوەی برای پەروین، کە هەم براو هەم هاورێی بوو.

ئەو کچە نەگبەتە ئولفەتی تەواوی بەدایکییەوە گرتبوو، هەمیشە وەك منداڵێکی بچکۆلە لەگەڵ دایکیدا دەخەوت و هەر لەگەڵ ئەودا خۆی دەشت و لەگەڵ ئەویشدا لەماڵ دەترازا..

هەرچەندە باوکیان پەلاماری دایکیانی دەدا یان جنێوبارانی دەکرد، پەروین لەناخەوە دەکولاو دەگریاو دەکەوتە هاوارکردن.. گەلێ جار لەسەر دایکی بەرپەرچی باوکی دەدایەوەو ئەویش هەڵمەتی بۆ دەبردو بەقژە درێژەکەی رایدەکێشاو کوڵمەکانی بەزللە سووردەکردنەوە.

رۆژێکی مانگی مایسی 1997 لەناکاوێکدا پەروین ئاگری بەردایە خۆی و لەگەڵ سووتانی جلەکانی و پێست و گۆشت و لەشیدا پڕ بەو ماڵە زریکاندی (لەداخی تۆ خۆم سووتاند.. لەداخی تۆ دەمرم و خۆم رزگار دەکەم..).

وەك زۆر مەرگی تر بەدوایدا قسەو قسەڵۆك لەگەڕەك و شاردا پەیدابوو، جەستەی قەرەبرووتی کچەی خێرنەدیو برایە نەخۆشخانەو دوای فەحسکردن بینرا هەر بەکچی گیانی سپاردووە.

ئەوکاتە حەپسەو منداڵەکان شکاتیان لەمارف کردو وتیان ئۆباڵی مەرگی پەروین وا لەئەستۆی باوکیدا، مارف گیراو دادگایی کرا، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی وای لەسەر نەسەلما کەپێی تاوانباربێ بۆ مردنی کچە سووتاوەکەی، هەر بۆیە ئازادکراو هاتەوە ناوماڵ و بەرچاوی حەپسەو منداڵەکانی تری.

ئەو ئێوارەیەی مارفی تێدا کوژرا

سەرلەئێوەی رۆژی 2000/11/30، دوای ئەوەی نیوەڕۆ دڵی ژنەکەی رەنجاندو لەسەر خواردنەکەی تۆراندی، وەك هەموو جارێکی تر ژنە گرژو بێدەنگ، ئەمیش هەراسان و دەم بەجنێو، تەنیا کاوەی کوڕیان لەماڵ بوو،

حەپسە بەدەم ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەوە خەریك بوو، مێردەکەشی لێی نزیك بووەوە، دوای جنێوپێدانی بەوپەڕی توورەییەوە بەشەقێك مەنجەڵە پڕلەئاوە گەرمەکەی پیادا کردو ئەویش لەتاو قاچی سووتاوی کەوتە هاوارو لاڵانەوە..

کاوە چاوەکانی بوونە دوو پشکۆی سوور، بەپڕتاو رایکردە ژوورەوەو کلاشینکۆفی برا گەورەکەی داگرت، گەڕایەوە بەردەم موبەقە بچووکەکەی حەوشەو میلی تفەنگی هێنایەوە.. یەك و دووان و سیان و چوار.. فیشەکەکانی ئاراستەی باوکی کرد، ئەویش دەستبەجێ کەوت..

حەپسە وەك باڵندەیەکی زامدار لەسەر زەوییەکە بەحەپەساوییەوە گرمۆڵە بوو بوو.. دراوسێ گەیشتنە سەریان و مارفیان فڕاند بەرەو نەخۆشخانە..

لەنەخۆشخانە کەوتنە چارەسەری مارف، بینیان لەئەنجامی فیشەکەکاندا ناوسکی بەرکەوتووەو هەناوی بەدوو فیشەك پێکراوەو تووشی خوێن بەربوونی زۆر بووە، هەروەها باڵی راستی پێکراوەو شکاوە..

بەرلەوەی گیان بسپێرێت، بەپۆلیسەکانی وت:

-لەئەنجامی لەیەکترنەگەیشتن و شەڕێکی بچووکی من و دایکی وای لێکردم، کاوە بەتفەنگەکەی کاکی وای لێکردم.!

ئەوانیتر وتیان چی؟

لەلێکۆڵینەوەی دوای مردنی مارفدا، هەموو قسەی خۆیان کرد، براکەی مارف وتی:

-خۆم تاوانەکەم بەچاوی خۆم نەدیوە، بەڵام کوڕە گەورەکەی مارفی برام ئاگاداری کردم کەبراکەی قەوماندوویەتی و باوکی خۆی کوشتووە.

کوڕە گەورەکەی مارف وتی:

–من کاتی ڕووداوەکە لەماڵ نەبووم، کەهاتمەوە بینیم بەر ماڵەکەمان قەرەباڵغە، ئینجا زانیم چی قەوماوە، وتیان کاوەی برام بەهەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووەو باوکمی بریندار کردووە، ئیتر خۆم گەیاندە نەخۆشخانەو لەوێ پاش ماوەیەك باوکم وەفاتی کرد.

هەردوو کچەکەی مارف وتیان:

– کاوە هیچی لەگەڵ باوکمدا نەبووەو لەوەوبەر گرفتێ لەنێوانیاندا ڕووی نەداوە، بەڵام وەك هەموومان ئەویش بەئازاردانی دایکمان ئازاری دەدیو خەمی پێدەخوارد، هەمیشە باسی پەروینی جوانەمەرگیشی دەکردو بۆی دەگریا..

حەپسەی دایکیشیان وتی:

–بەو خوایە لەگەڵ خۆمو کچەکەم خراپ بوو، پەروین خۆی ڕزگارکردو چووە جێگای حەقی خۆی، من مابوومەوە بۆ مەینەتی زەمانە، ئەو ڕۆژەی ڕووداوەکە لەنیوەڕۆوە شەڕی پێدەفرۆشتم، ئێوارەکەشی ئاوی گەرمی پێداکردم، ئیتر کاوەی کوڕیشم دانی بەخۆدا بۆ نەگیراو بەتفەنگەکەی براکەی باوکی کوشت..

کاوە چۆن باسی تاوانەکەی کرد؟

لەدادگا کاوە بەسەرهاتی کوشتنی باوکە 58 ساڵەکەی خۆی بەم شێوەیە گێڕایەوە:

–ساڵی 97 پەروینی خوشکم لەداخی باوکم خۆی سووتاند، لەوەوبەرو دوای ئەو ڕووداوەش لەگەڵ دایکم خراپ بوو، لێی دەداو جنێوی پێدەدا،

ئێ منیش دایکمەو خۆشمدەوێ، من لەگەڵ باوکم هیچم نەبوو، بەڵام لەداخی خوشکە جوانەمەرگەکەمو لەداخی دایکم بەتفەنگی برا گەورەکەم کوشتم.. هەمووش دەزانن، کاکمو دوو خوشکەکەی تریشم دەزانن کەچەندە پیاوێکی تووڕەو خراپ بوو.

بڕیاری دادگا

ڕۆژی 2001/10/14 دادگای تاوانی سلێمانی دادگایی کاوەی کرد، بەبڕوای دادگا نەدەبوو لەسەر شەڕی نێوان دایکی و باوکی ئەو تاوانە بکات، ئەو کارەی کاوە لادانە لەبەها بەنرخەکانی مرۆڤ، لادانە لەدابونەریتی کۆمەڵو ئەو ڕێزگرتنەی دەبێ کوڕ بۆ باوکی خۆی هەیبێت، چونکە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا باسی مەزنی دایكو باوکانی کردووە.

کاوە کەدەستی چووەتە خوێنی باوکی خۆی مەترسیی بۆ سەر کۆمەڵو خەڵکانی تر هەیە، هەر بۆیە تاوانەکەی بەپێی مادەی 406 دادگایی دەکرێت، بەڵام ڕەچاوی تەمەنی دەکرێت، کەکاتی تاوانەکەی 20 ساڵی تەواو نەکردووە.

دادگا بڕیاری دا بەزیندانیکردنی هەمیشەیی کاوەو دەستگرتن بەسەر تفەنگی براکەیدا..

ئەو برایەوە بۆ زیندانو دایکیشی گەڕایەوە بۆ زیندانە هەمیشەییەکەی خۆی.. بۆ ئەو ماڵەی چەندین ساڵ بوو ئازاری تێدادەدیو کچەکەی تێدا سووتاو مێردەکەی تێدا کوژراو کوڕە خۆشەویستەکەشی لێوەی برا بۆ زیندان..

دایکی زاراو شەوێکی کانوون..!

سەر لەبەیانی رۆژی 19ی کانوونی دووەم تەلەفۆنێك بۆ بنکەی پۆلیسی رزگاری کراو تیایدا قسەکەر رایدەگەینێت کە لە پاڵ دیواری قوتابخانەکەی گەرەکی (ز)ی سلێمانی لاشەی مردوویەك فڕێ دراوە!! یەکسەر ئەفسەری بنکەکەو چەند پۆلیسێك دەگەنە ئەوێو دەبینن کوڕێکی کوژراو خراوەتە گونیەوەو بەتانی تێوە پێچراوە، هەندێ خوێن لای سەریەوە ڕژاوەو لەتەنیشتییەوە پێناسەی ئەحوال مەدەنی کوژراوەکە تووڕ دراوە، کەتیایدا نووسراوە:

–بەکر..

–لەدایك بووی ساڵی 1970

–خەڵکی ناوچەی شاربازێڕ

دەست بەجێ هەڵیدەگرنو دەیخەنە ئۆتومبێلەوەو بەرەو نەخۆشخانە دەکەونە ڕێ، تا بزانن ئەمە کێیەو بۆچیو چۆنی کوژراوە!..

میوانێکی رەزا گران.. !

وەکو پیشەی هەموو ئێوارەکانی دیکە،(دایکی زارا) نانو چای دەدا بەمنداڵەکانی، فەرەیدونی کوڕە گەورەی ئاگاداری کرد کە ئەمشەو(بەکر)ی زاواو خوشکەزای دایکی زارا بۆ مەسەلەکە دێتەوە ماڵیان...!

چەند ساڵێ بوو ئەو بێوەژنە کلۆڵە باری گرانو خەمی قورستر بوو بوون، هەموو جار لەگەڵ گەردووندا سکاڵای دەکردو دەکروزایەوەو دەیووت:

-بەدرێژایی چل ساڵی عومرم خۆشیم نەدی، بەمنداڵی هەراشەوە بێوەژن کۆشی لەچارەم نووسرا...!

(زارا)ی کچە گەورەی دابوو بەشوو، بەڵام شوویەکی ئەوتۆ بوو بەدرێژایی شەش مانگی رابردوو خۆیو کچەکەی بەدەست زاواوە پەرێشان بوون...!

زارا خۆشەویستی دایکی بوو، هەربۆیە بە دایکی زارا ناویان دەهێنا، لەتەمەنی زارادا کوڕێکو یەکێکی تر لەو بەرەو خوارتری هەبووکە بەکارو کاسبی رۆژانە نانیان لەقوڕگی شێردا دەردەهێنا... لەوانیش بچووکتر کچو کوڕێکی تری هەبوو.

بەکری زاواو خزمی نزیکیان لەلای ئەمان چارەی خۆی تاڵ کردبوو، لەو ماوەیەدا لای ژنەکەی یان ئەمان بۆ تەنیا ساتێ ئەو کوڕەیان نەچوو بوو بەدڵدا.. بەکر بەچەند کردەوەیەك خۆی ناشرین کردبوو، بەرلەوەی دەزگیرانەکەی بگوێزێتەوەو بەبێ رەزامەندی خۆی کردبووی بە(ژن)، کە دایکی زارا بەوەی زانیبوو خێرا پێی گواستبووەوە.

لەماوەی (6)مانگی رابردوودا هەر کاتێ بەکر دەروونی ئاڵۆز بووایە بەسەر ژنە داماوەکەیدا دەینەڕاند:

-تۆ ئافرەتێکی خراپیت، بەر لەمن کردبوویانی بەژن...!

یان بەژنە بیست ساڵەکەی دەووت:

-دەزانم، باش دەزانم دڵت بەکێی تر داوەو لەپشتی منەوە چی دەکەیت، شەرت بێ حەیات بەرمو بتکەمە پەندی رۆژگار.

ماوەیەکیش بوو شەوو رۆژ داوای بە شەکەی زارای دەکرد لەخانووەکەی ماڵی باوکیداو دەیووت: دەبێ بفرۆشرێو بەشەکەی زارا بدەن بەمن!!

زوو زوو بەژنەکەی دەووت!

-دەبێ (15) هەزار دینار لەدایکت بستێنیو بەوەش هەقت لەو خانووەدا نامێنێ.

زاراش ئەوەی بەدایکی دەووت و لە هەڵسوکەوتی مێردەکەی ئاگاداری دەکرد، دایکیشی دەیووت:

-جا لەکوێی بێنم، بەو دوابڕاوە بڵێ خوا ئاگادارە(15) دینارم نییە بیدەمێ، پێی بڵێ با لەخوا بترسێ، با کەمێ ویژدانی بێ.

بەکر خۆیشی بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێ چوو بووە سەری کەپوورو خەسویشی بوو، تەنانەت هەڵەی لە رووی ئەو و هەردوو کوڕەکەیدا کردبوو.

شەوی 1994/1/18، بەکر بەخۆیو کلاشینکۆفەکەیەوە چووە ماڵی خەسووی، ژنەکەی نەبردبوو، بەتەنیا هەر خۆی میوان بوو، میوانێکی رەزا گران..!

لەو شەوەدا چی وترا؟...

شەو لەناوەڕاستیدا بوو، منداڵەکان لەدەوریان کۆبووبوونەوە، کوڕە گەورەکە(فەرەیدون) بەهێمنییەوە رووی دەمی کردە بەکر:

-کاکە بەکر، تۆ بەتەمەن لەئێمە گەورەتریت، باشە ئێمە ئەم خانووە بفرۆشین ئەی لەکوێ دا بژین؟! تۆ پێویستت بەپارەیە، خوشکەکەمانو ئێمە گوناهمان چییە، ئەی ئیتر بۆ وادەکەی، بۆ قسەی بەرزو نزم لە رووماندا دەکەیت، عەیبە ئێمە پورزای یەکین.

بەکر بایەخی بەقسەکانی ئەو نەدا، فەرەیدون بەبێزارییەوە هەڵساو چووە ژوورەکەی خۆی، شەو درەنگی کرد، منداڵەکان بەلاداهاتنو دایکیان داپۆشین، جێگای بۆ بەکریش داخست،ئینجا رووی تێکردو وتی:

-رۆڵـە بـاپێتی بڵێم، کوڕەکـان لەبـەر مـن نـەبیٚ لێتـی قبـوڵ ناکـەن، ئـەوان بیسـتوویانە چ تۆمـەتێکی نـاڕەوات خسـتۆتە دوای خوشـکەکەیان، وا بـۆ پـارەش قسـەی سـووکمان پـیٚ دەڵێیـت، تـۆزیٚ پیـاو بـەپیاو، کـەمیٚ حـەیات بەخۆتەوە بێت.

بەکر بەگرژییەکی زۆرەوە بەخەسووی وت:

-بەچیتانەوە داوای حـەیا لـەمن دەکـەن، بـە(زارا)وە کەبـەر لـەوەی بچـێتە لای مێرد کرابوو بەژن؟

دایکی زارا لێی راپەڕی:

-تۆ وات لیٚ کرد بیٚ شەرمی بیٚ غیرەت، تـۆ وات لیٚ کـرد، کچـی مـن لـەگوڵ پاکتر بوو...

بەکر وتی:

-شەرت بیٚ ئەمی تریشت وا لیٚ بکەم...!

ئـەو رسـتەیە وەك بروسـکە دای لەسـەری دایکـی زارا. لـەجێی خـۆی مـت بـوو... رەنگـی زەرد هەڵگـەڕا... کچـە بچـووکەکەی تـەنیا (10) سـاڵ تەمـەنی بوو، چەپ و راستی خۆی نەدەزانی، لـەجێگای خوشـکێتی و چـۆن دەبیٚ ئـاوا ناوی بەرێت؟ لێی نزیك بووەو تفێکی کردە ناوچەوانی و پێی وت:

-هەر خۆت بەخۆت بی، هەی بیٚ نامووس...

بەکر لەجێگای خۆیدا راکشا، بەدەم خۆداپۆشینەوە وتی:

-بۆ دواجـار پێتـی دەڵـێم، دەبیٚ سـبەینیٚ ئـەو پارەیـەم بـۆ پەیـدا بکـەیت، دەنا خۆتان دەبیننەوە...!

دوای نیوەشەو...

ژوورەکە خامۆش و دەرەوەش نەبای هـەبوو نـەباران، شـەوقی گڵۆپەکـەی حەوشـە کـەمیٚ ژوورەکـەی دەگرتـەوە، بـەکر لەخـەوێکی قووڵـدا بـوو،

منداڵەکانیش بەهەمان شێوە.. دایکی زارا بێدار بوو، هەر ئەمدیوو ئەو دیوی دەکرد، دەنگی بەکر لەگوێیدا دەزرنگایەوەو ڕەفتارەکانی دەهاتنەوە بەرچاوی...

*شەش مانگ و چەند ڕۆژێك لەمەوبەری هاتەوە بەرچاو کەزارا بەسەری کەچەوە دەیڕوانییە زەوییەکەو بۆ دایکی باس دەکات کە بەکر چۆن بەفێڵ بردوویە ژوورێکی ماڵی خۆیان و چی لێکردووە...

*مانگێ لەوەوپێشی هاتەوە بەرچاو بەکر لەماڵەکەی خۆیدا لەبەردەم ئەمدا دەیقیڕاندو دەیووت "شەرت بێ زارا، بەهەموو خەڵکی بڵێم تۆ ژنێکی خراپیت و رادەبوێری، تۆ بەرلەمن کردبوویانی بەژن، من بۆیە رازی بووم چونکە پوورزامی، بەڵام چی تر دان بەخۆمدا ناگرم و تەڵاقت دەدەم، بڕۆ با دۆستەکەت بتهێنێ.!"..

*هەر ئەمشەوی هاتەوە بەرچاو کە بەقسەی ناشیرینەوە داوای پارەی خانووەکەی لێدەکرد..

*یەك دوو سەعات لەوەوبەری هاتەوە بەرچاو کەدەیووت"شەرت بێ کچە بچووکەکەشت (وا)لێ بکەم!"..

دایکی زارا وەك شێت ڕاپەری، لەبەکرو تفەنگەکەکەی تەنیشتی نزیك بووەوە، کەمێ بۆی وەستاو بەرەو دوا کشایەوە، چووە دەرێ و خۆی گەیاندە ژوورەکەی تر کە کوڕە گەورەکەی لێ خەوتبوو...

–فەرەیدون... فەرەیدون... هەڵسە کوڕم، هەڵسە....

–چییە دایکە، خێرە؟

–هەڵسە کوڕم، وەرە لەگەڵمدا، دەمەوێ بەکر نەجات بەم، وەرە بابیکوژین و ئێمەو کلۆڵەکەی خوشکت لەدەستی رزگارمان بێ...

فەرەیدون پەشۆکاوو حەپەسا و وەڵامی نەبوو، لەجێی خۆی نەبزوا، دایکی دەرگاکەی جووت کردەوە، هاتە حەوشەکەو وچانێکی بۆدا، لەپڕ

وەك بیری كەوتبێتـەوەو رووەو ژوورە سـاردی گەرماوەكـە هـەنگاوی نـا، لـەو سەر هاتە دەرو تـەورێكی بەدەستەوە بوو... گەڕایـەوە ژوورەكە، بەپیرەتـەور كەوتـە سـەری بـەكر، هـەر لەوێـدا كوشـتی، هـەردوو كـوڕە گەورەكـەی بـەئاگا هێنـاو لـەو كـارەی ئاگـاداركردن، پێكـەوە هێنایانـە دەرەوە، خـوێنی سـەر جێگاكـەی پـاك كردەوە،خسـتیانە گونییەكـەوەو لەبەتانییەكیانــەوە پێچـا، كوڕەكان كوژراوەكەیان كێش كرد بەرەو دەرەوەو دایكیشیان دەستی دایە تفەنگەكەی بەكرو شوێنیان كەوت... دوور لـەماڵی خۆیـان‌و لـەنزیك دیـواری قوتابخانەكەوە فڕێیان داو پێناسەكەی نێو گیرفانیشیان لای سەریەوە دانا.. لـەملاترەوە لەكۆڵانێكـدا تفەنگەكەشـیان فڕێـدا... گەڕانـەوە ماڵـەوەو بـە دەروونی ئاڵۆزو وروژاوەوە سەرنجی یەكتریان دەدا.

رۆژی دادگایی كردن...

ئەو رۆژەی دادگایی گومان لێكراوان (دایكی زارا)و هەردوو كوڕەكەی كرا رۆژی 1994/8/30بوو، داواكار(زارا)خۆی بوو، راست‌و رەوان باسی مێردەكەی بۆ دادوەرە بەرێزەكان گێڕایەوە، هیچیشی لەبكوژی مێردەكەی نەویست‌و بەوحاڵە رازی بوو... دایكی زاراش باسی بەكری بۆ كردن‌و چۆنێتی كوشتنی ئاشكرا كرد، هەردوو كوڕەكە بێ گوناهیی خۆیانیان راگەیاند، دایكیان پشتگیری لێكردن.

دادگای سلێمانی بەرامبەری ئەو كێشەیە بڕیاری دا:

1- دایكی زارا بۆماوەی دوانزە ساڵ زیندانی دەكرێت.

2- هەردوو كوڕەكەی ئازاد دەكرێن.

3- تەورەكەش لەناو دەبرێت.

بەڵام دادگای تەمیزی کوردستان رۆژی 1994/12/6دوای رەزامەندی نیشاندان بەرامبەر بڕیارەکان ئەو بڕگەیەشی بڕیاردا (کە هەردوو کوڕەکە بەرامبەر بەتاوانی فڕێدانی لاشەکەی بەکر دەدرێنە دادوەری لێکۆلینەوە)

هەمیشە دڵ لەلای زارا..

دایکی زارا چووە نێو زیندانەوە، نێو ئەو ژوورەی (8) مانگی رابردووی تیا بەسەر بردبوو، هەموو کات دڵی لای زاراو منداڵەکانی تری بوو، زاراش گەڕایەوە زیندانە فراوانەکەی دەرەوە، زۆربەی کات بە هەناسەی ساردەوە فرمێسکی گەرمی بۆ چارەنووسی بەدبەختی خۆی هەڵدەڕشت.

بەوەش کۆتایی بەبەسەرهاتی ئەو تاوانەش هات کەئاستی شێواوی کۆمەڵایەتی و باری شپرزەی ئابووریی خەڵکیی، هۆکاری خولقاندنی بوون.

شەوی سوور.. رۆژی رەش.!

(کنێـر) تەمـەنی حەڤدە بـەهار بـوو، کـەبیری لەمنـداڵیی خـۆی دەکـردەوە لــەبری ئــەوەی شــادیيەك، خۆشــييەك ببێتــە میــوانی، خــەم دایــدەگرت و چاوەگەشەکانی فرمێسکیان لێ دەهاتە خوار...

ئـەو زۆر منـداڵ بـوو کەدایکـە میهرەبانەکـەی مـردو کنێـر لەسـۆزو نـازی دابـڕا، هەمیشـە دڵخۆشـی خـۆی بەنەنکـە پیرەکـەی دەدایـەوە، نەنـە لـەبری دایك و هەموو کەسێکی بوو.

کنێـرو نـەنکی لـەماڵێکی بچـووکی (هـەولێر)دا دەژیـان، هـەواری منـداڵی کنێرو، ئەو ماڵەی دایکی دوا کۆچی تێدا کرد لەگوندێکی نێوان هەولێرو کۆیـەدا بـوو، کـەباوکی دەهـات بەدوایـداو دەیـبردەوە، یـاخود لەگـەڵ نەنکـە پیرەکەیدا دەچووەوە ئەو گوندە، بەرچاوەکانی رەش دەبوون و تروسکەیەکی بەختیاری لا نەدەما..

ئـەو دایکـی بیردەکەوتـەوەو لـەوەش ناخۆشـتر دوو بـاوەژنی لەماڵەکـەدا دەدی، کەبەچـاوی رق و بێـزارەوەوە دەیانڕوانییـە کنێـر... بـاوکی دوو ژنـی هێنابووەوە، بە وشەیەکی شیرین و رازێکی گەرم کنێری جوانیان نەدەدواند! ئـەمیش حـەزی بـەوان نـەبوو، گـەر زۆر ناچـار نەکرایـە سـەری نـەدەکردەوە بەکاولبوەکەیاندا!!

(کنێـر) هـەولێرو ماڵـە خنجیلانەکـەی نەنـەی بەبەهەشـت دەزانـی، بـەڵام نەیانهێشت لەو بەهەشتەدا بژی... ئەمجارەیان بەشێوەیەك پەلی گیراو لەماڵ برایە دەر، کەسەری پیانەکاتەوە!

بەرەو دۆزەخ..!

چێشتەنگاو بوو باوکەکەی هاتە ماڵو بێ ئەوەی لەهەواڵی بپرسێ وتی:

–دەی کنێر، برۆ جلەکانت ئامادەکەو هەر ئێستا دەڕۆین...

بـەبێ دەنگـی و واق وڕماوییـەوە، تـەنیا بەچاو لـەباوکی پرسـی(بـۆ..بـۆ کوێ؟) باوکی هاواری لێ کرد:

–چییە، دەڵێی بتی راوەستاوی، خێراکە، دەتبەمەوە لای خۆم!

نەنکی کنێر وتی:

–بـۆ دەیبـەیت.. خـوا هـەڵناگرێ منـیش تـەنیابم...لێـی گـەڕێ باهـەر لێرەبێت...

بەتوڕەییەوە وتی:

–نـا..دایـە..نـا...گـەورە بـووەو لێـی دەترسـم، خـەڵکی خـراپ زۆرن، دەیبەمەوە لای خۆمو بائێمە چۆن دەژینو چی دەخۆین بەشدارمان بێت..

پـاش ماوەیـەك...کنێـر بەجانتاکـەی دەسـتیەوە شـوێن بـاوکی کـەوت، لەسەری کۆڵانەکە ئاوڕی دایەوەو روانییە بەردەرگاکەیان، ئەو بەردەرگایـەی سـاڵانێکە کنێـر هەناسـەی لاهەڵدەڕێـژێ.. دواتـر سـەرنجی دایـە دەرگـای

داخراوی ماڵەکان‌و دوکانە بچووکەکەی گەڕەك‌و قەستی بوو پڕ بەدەنگی هاوار بکات:

–دە مەهێڵن بمبات، لەوێ جووتێ دڕندە دەژین‌و دەمکوژن، ئەوێ دۆزەخە... مەهێڵن بمبات.

ئینجا راست لەبەردەم دوکانەکەدا راوەستاو گەر باوکی نەبوایە دەیووت:

–دەتۆ مەهێڵە بمبات، ئەی لەمەودوا کێ سابوون‌و شانەو بنێشتت لێ بکڕێت؟!

باوکی ئاوڕی دایەوەو وتی:

–خێراکە، کچەتیو، ئەوە بۆ ناڕۆیت!

بەرەو نادیار..!

ئەو چەند شەوو رۆژەی کەلەماڵی باوکیدا بوو بۆیەك سات خۆشییەك بەدڵ‌و دەروونی کنێردا گوزەری نەکرد!

ئەو هەمیشە دڵتەنگ‌و غەمبار بەچاوی بیرومێشکی(نەنە)ی دەدی، ئێواران لەگەڵ دەستە خوشکە هاوسێکانیدا دەدواو جارجاریش دەچووە دوکانەکەی گەڕەك...

باوەژنەکانی بەتوانج‌و قسەی ناخۆش لەگەڵیا دەدوان، باوکەکەشی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو... ئەو چەند رۆژە ئازار چوو بەگەروویدا... تاڵاو چوو بەناو سکیدا.. بەیانییەك زوو بڕیاری سەفەری دا... بۆ کوێ؟ خۆیشی نەیدەزانی، بڕیاری دا ئەو ناوە جێ بهێڵێ‌و دوور بڕوات...

ناسینی خەڵك..!

دەمـەو نیـوەڕۆ گەیشـتە کۆیـە، لـەئوتومبێل دابەزیوبـەبێ شـوێنێکی دیاریکراو، بـەبێ ناسینی کەسێکی ئـەوتۆ هـەنگاوەکانی رووەو گـەرەگێکی خـواروو بـوو، کچـێك سـەرنجی راکیشـا، لەبـەردەمیا راوەسـتاو روانییـە چـاوەکانی... وەك دۆسـتێکی دێـرین پێشـوازی لێ کـرد، بەسـۆزەوە بردیـە ماڵـەوەو ژوورەکـەی، کەناسـیی و بـە بەسـەرهاتی زانـی رێـزی گـرت، بـەزەیی پێیدا هاتەوەو وتی:

–دەتوانی لێرەبیت، مـن خۆشەویسـتی دایـكو بـاوکی خـۆمم، خزمـەتت دەکەین..

وشـەی دایـك رایچـڵەکاند... ئـەو شـەوە لـەماڵی (نەناسـیاو)چـاوە پـڕ شـەرمەکانی بـەرز نـەکردەوە... هەرچـەندە کچەو دایکی لەگەڵیانـدا وت، بـێ سـوود بـوو.. سـبەینێ زوو کنێـری کلۆڵو شـپرزە ئـەو نـاوەی جێهێشـتو بەئوتومبێلی کرێ بەرەو (سلێمانی) کەوتە ڕێ.

لای حەسیب ساڵح دابەزی... بەشـەقامی مەولەویدا هات، لای بازاڕێکی قەرەباڵغ کەمێ راوەستا، ئاسمانی مانگی تـەمووز ئاگری دەباراند، لـەرێگادا دیارە چـەند بڕیارێك بەمێشـکی شـڵەژاویدا هـاتبوون.. دوا بڕیاریـان چـوونە (رانیە)بوو بۆ ماڵی خزمێکیان...

کـەمێ ئـارەقی دەموچـاوی سـڕیو هـەر لەخۆیـەوە خـۆی بەدوکانێکـدا کرد...

–کاکە گیان تۆزێ ئاوم بدەرێو...

ئاوەکەی خواردەوەو فەرمووی لێ کرا، دانیشتو وتی:

-دەتوانی ڕێگای نەقڵیاتی ڕانیەم پێ نیشان بدەیت؟

کوڕە زانی کچێکی نائاساییە، پاش ئەوەی لەتەوقی سەرەوە تا بەری پێی سەرنجی داو بەحاڵی ئاشنابوو پێی وت:

-نەخێر، با جارێ بچین بۆ ماڵی خۆمان، تەنها خۆمو دایکمین، تۆ وەکو خوشکی من وایت، تا کەسوکارت دەدۆزینەوە ناهێڵین بچیت بەهیچ لایەکدا.

ئینجا پرسی:

-باشە نەتتوانی لەگەڵیاندا بژیت؟

-نەخێر، ئەوان بەجنێو دەیاندواندمو باوکیشم لێی دەدام!

کوڕە هەڵساو پێی وت:

-من ناوم(خەسرەو)ە، سەرێ لەعوسمانی هاوڕێم دەدەمو ئێستا دێمەوە.

لەماڵی خەسرەو..!

ئەو کاتەی کنێر چووە (ئاسایشی سلێمانی)و زوخاوی بەدبەختی خۆی هەڵڕشت، وتی:

-لەگەڵ خەسرەودا ڕۆیشتم، بردمیو چەند کۆڵانێکی پێکردم، دیاربوو دەیویست کەس نەیبینێ، نازانم گەڕەکی کوێ بوو، پاش ماوەیەك لەدەرگای ماڵێك چووینە ژوورەوەو هەر کەچووینە ناو ماڵەکە پاڵێکی پێوەنامو دەمانچەیەکی لێ دەرهێنامو وتی((گەر قسەبکەیت دەتکوژم))، لەوێ یەکێکی تری لێ بوو کەعوسمانی هاوڕێی بوو، توومەس ئەمە ماڵی عوسمانەو ئەوکاتە خەسرەو چووە لای تابینێرێتەوە ماڵێ. ماڵەکە ماڵی عوسمان بوو.. عوسمان دەمانچەکەی لەدەست سەند... خەسرەو بەپەڕۆیەك هەردوو

دەستی بەستمەوەو بەعوسمانی وت:(بڕۆ چەند فلیمێکی رووتو برایم تاتڵساس بهێنەو وەرەوە)...

بردمیە ژوورێکەوە، گریامو سوودی نەبوو، پارامەوەو سوودی نەبوو، بەزۆر عەزیزییەکەی هەڵدامەوەو تەعەدای لێ کردم، هەر بە زۆر تەعەدای شەرەفی لێ کردم... خوێن لەلەشم هاتو کردمیە ژن... سەرم گێژی دەخواردو کەوتم... نازانم خەوتبووم یان بێهۆش بووم.. دەمەو عەسر عوسمان پەلی گرتمو بردمیە ژوورەکەی سەرەوە، لەوێ بەڤیدیۆ شریتە رووتەکانی لێدا، بەزۆر سەیری پێکردم... ئەویش خوای نەناسیو رووتو قووتی کردمەوەو کاری خۆی کرد...دواتر خواردنیان هێناو.. ئیتر شەو تابەیانی خەریکم بوون...خوا هەقی منیان لێ بستێنێ.. ئەو شەوە خوێنی سوورم دەسڕیو لەبەرچاوم هەموو دنیا سوور هەڵگەڕابوو...

بەیانی بەتاکسییەك عوسمان بردمی لەبازار فڕێیدام، وای دەزانی وازیان لێدێنم، نەیزانی دێمە ئاسایشو بەگرتیان دەدەم...

رۆژە رەشەکان..!

کەباوکی کنێر زانی کچەکەی هەڵاتووەو دوای سۆراخی زۆر دۆزییەوەو وەك باڵندەیەکی لەقەفەز هەڵاتوو گرتیو بردییەوە (قەفەزەکەی)و خێرا دەرگای لەسەر داخست...

رۆژەکانی رەش بوون.. تانووتو قسەی سووکی باوەژنان لەولاوە بوەستێ، هەمیشە هەناسەی حەسرەتی هەڵدەمژیو هەرگیز شەوە سوورەکەو خەسرەوو عوسمانی لەبەرچاو ون دەبوون...

دادگای بەرێز، ئەو ڕۆژەی دادگایی هەردوو تاوانباری کرد بڕیاری دا عوسمان و خەسرەو بەهەمیشەیی زیندانی بکرێن و هەریەکەشیان بڕی دەهەزار دینار بدەنە (کنێر)،هەروەها دەست بەسەر دەمانچە(تارقە)ەکەی خەسرەویشدا بگیرێ..

کنێر هەمیشە بەچاوی خەیاڵ کۆڵانەکەی ماڵی نەنە دەبینێ و لەگەڵ دەستە خوشکەکانیدا دەدوێ.. پێکەوە دەچنەوە دوکانەکەو شت دەکڕن و دەگەڕێنەوە، لەبەردەرگای ماڵی نەنەدا دەوەستن و دەدوێن، بەڵام هەرگیز کنێر باسی شەوە سوورەکەو دڕندەکانی ئەو شەوەیان بۆ ناکات!..

تاوانێك لەنیوە شەودا

جیاوازی نێوان تەمەنیان(32)ساڵی ڕەبەقەو کەچی وا (6)مانگی تەواوە لەژوورێکی زینداندا تۆفیق و عومەری کوڕی شەوگارو ڕۆژگاری تاریك پێکەوە دەبەنە سەر، بەدڵەڕاوکێ و ترسەوە یەك بەیەکی ساتەکان دەبژێرن، سبەینێ دادگایەو مەسەلەی(تاوانەکە)بەلادا دەخرێ.. بەر لە چەند ڕۆژێك

پارێزەرەکە دڵخۆشی تۆفیقی دابووەوە، بەڵام بۆ عومەر هیچی نەوتبوو.. شەش مانگە زستانو بەهاری ئەو خەڵکە ئازادە تێپەڕیو واهاوینەو ئەمان هەر لەژوورەوەن.. ئەوا میلی سەعات بەرەو دوانزەی نیوەشەو دەچێ، شەش مانگ لەو شەوە شوومەدا، لەنیوەشەوی "8"ی شوباتدا عومەر تاوانێکی گەورەی لەدەست قەوما.. لەچەمچەماڵ، لەشەوێکی ئاسمانی رەشو زەویی سپیدا، لەوکاتەی نمە نمە باران دەرژایە سەر بەفرێکی زۆر، بەخوێنی (جوامێر) زەویی سوور بوو.. سبەینێ دادگایەو هەموو شتێك روون دەبێتەوە...

کوڕەکەی من بێتاوان بوو..

لەبەردەم دادگادا، یەکەمین قسەکەری شکاتکەر دەروێش فەتاحی باوکی جوامێر بوو، 65ساڵ تەمەنو تاڵو سوێری ژیان پشتی وەك گۆچان چەماندبووەوە، بەڵام مەرگی کوڕە (21)بەهاریەکەی بەجارێ کاری تێ کرد بوو، بەقوڕگێکی نووساوەوە وتی:

–کە کوڕەکەم کوژرا منو دایکی جوامێر لەسلێمانی بووین، چونکە ئێمە لەوێ دادەنیشین، ئەو زۆرجار لەچەمچەماڵ دەمایەوەو بەتەنیا لەخانووەکەی ئەوێماندا دەژیا، سەر لەبەیانی دوای رووداوەکە لەگەڵ مەلا بانگاندا خزمەکانی خۆمانو هاوڕێکانی جوامێر دەچنە سەر جەستەی ساردەوە بووی وشك هەڵاتووی نێو بەفر.. کە چوونەتە ژوورەوە بۆیان سەلماوەو دڵنیابوون کە جوامێر لەژوورەکەی خۆیدا کوژراوەو پاشان راکێشراوەتە کوڵان.. لەوێ فیشەکیان پێوەناوە تا چاوو راو لەپۆلیسو دادگا بکەن، کوڕەکەی من بێ تاوان بوو..داوای خوێنی بەناهەق رژاودەکەم..

کوڕی من دڵی بەگەلاوێژەوە نەبووە..

بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە، بەکەمێ شەرمو کەمێ جورئەتەوە قسەی بۆ دادوەر دەکردو جار جارە قژە سپییەکەی لەسەر رووی لادەداو جار جارەش بێ دەنگ رادەما..

–گەورەم، خوا ئاگای لێیە نێوان ئێمەو ماڵی وەستا تۆفیق زۆرباش بووە، چونکە دراوسێ بووینو یەك دیوارمان بەین بووەو زۆر تێکەڵ بووین، نازانم عومەری دوابڕاو چۆن دەستی چووەتە گەردنی جەرگەکەی منو چۆن لەخوا نەترسا.. کوڕی من هەرگیز دڵی بەگەلاوێژی وەستا تۆفیقەوە نەبووە، ڕۆژێ لەڕۆژان باسی ئەوەی نەکردووەو کەسمان خوازبێنیمان نەکردووە.. بەعەقڵی من ئەوان بۆ پارەو چەکەکانی کوڕەکەم ئەوکارەیان کردووەو تەماع ئەوەی پێ قەوماندوون..

شایەتەکان وتیان چی..؟

دوو ئامۆزاو خزمێکی جوامێرو دووان لەهاورێکانی بەیانی تاریكو روون ئەو هەواڵەیان پێدەگاتو ئەوانیش چەکەکانیان دێننو دەوری هەردوو ماڵەکە دەگرن، واتە ماڵی جوامێرو ماڵی عومەر، لاشەی جوامێر بەکەمێ خوێنەوە دەبینن !!کەدەچنە ژوورەکەی دەبینن هەموو شتێ پەرشو بلاوە.. خوای گەورە بەو نیوەشەوە چۆن ئەمە روویدا؟ دەبینن سەرینەکەی جوامێر چەند دڵۆپەخوێنێکی پێوەیەو لەسەر جێگاکەی چەند مەخزەنێکی کلاشینکۆفی لێیە بەلام چەکەکانی(تفەنگو دەمانچە چواردە خۆرەکەی دیارنین)، هەروەها پارەکانی.. لەو لاوە دەبینن پێلاوەکانی لەوێیە! کەدێنە حەوشە لەسەر بەفرەکە جێگا پێی دووسێ کەس بەدی دەکەن کەرووەو ماڵی وەستا تۆفیقە.. کەدەچنە ئەودیو هەمان جێگە پێ بەباشی دەبینن.. بۆیە دەمودەس گومان دەخەنە سەر (عومەر).. هەروەها ئاسەواری

راکێشـانی لاشـەی جـوامێر بەحەوشــەکەدا رووەو کـۆڵانو بەرماڵەکـەی ئـەو بەریان بەروونی دیار بوو،یەکێك لەخزمەکانی جوامێر دێتەوە بیری:

–ئای لەو ناڕەسەنە، خۆ رۆژێ بەر لەتاوانەکەی هەزار دینـاری لـەجوامێر قەرز کرد!

یەکێکی تریان دەڵێ:

–هەرگیز جوامێر باسی خواستنی گەلاوێـژی نـەکردووە، ئـەو برامـان بـوو هیچی لەئێمە نەدەشاردەوە!

تفەنگەکەی جوامێر تاوانباریان دەداتە دەست..!

هەر ئەو بەیانییە، کە خزمو برادەرانی جوامێر(شایەتەکان) پـۆلیس بـانگ دەکـەنو دەچـنە مـاڵی عومـەر بـۆ پشـکنین، سـەرەتا وەسـتا تۆفیـق رێگایـان نادات بەڵام ئـەوان گـوێی پێنـادەنو رووەو ژوورەکـان دەچـن، ئـەوان دەگـەڕێن بـۆ پـارەو چـەکەکانی جـوامێر، تـەنیا تفەنگەکـەی نـەبێ چـی دی نادۆزنـەوە، تفەنگەکـە لـەناو بـەرمیلی گەنمـدا شـاردراوەتەوە دوای ئـەوەی قۆناغەکەشـی شــکێندراوە، یــەك لــەبرادەرانی جــوامێر تــەنیا بەخوێندنــەوەی ژمارەکــەی دەیناسـێتەوە. ئیتر عومـەر بـەرەنگی زەرد هەڵگەڕاوو نیـوە زمانێکـەوە رووەو پۆلیسخانە پێشیان دەکەوێ..

بۆلای گەلاوێژ لەنیوەشەودا..

*گەلاوێــژی وەســتا تۆفیــق، تــەنیا شــایەتی کــاتی رووداوەکــە، ئــاوا مەسەلەکەی باس کرد:

–ئێمە هاوسێ بووین، هـیچ پەیوەندییـەك لـەنێوان منو جوامێردا نـەبوو، تەنیا ئـەوە نـەبێ دەیویسـت بمخـوازێ.. بـەڵام بـەهۆی وەفـاتی دایکمـەوە ئـەو باسـە دواخرابـوو..کـاتی رووداوەکـە لەنیوەشـەودا هاتـە حەوشـەکەمان، کـە

بەوەمزانی بانگم لێکرد، لەدەنگی من کاکە عومەرم لەخەو راپەڕی، چوو بۆی و لەحەوشەکەدا کردیانە شەڕ، کاکم تفەنگەکەی لێسەندو ئەویش رووەو دەرەوە هەڵهات، لەو کاتەدا باوکیشم بەخەبەر هات بەلاّم نەچووە دەرێ، ئیتر نازانم دوای ئەوە چی قەوماوە..

ئەوە هەموو قسەکانی گەلاوێژی کەیبانووی ماڵ بوو، ئەو کچەی چوار ساڵ لەجوامێر گەورەتر بوو..

باوکیشی وتی:

-بەفریێکی زۆر باری بوو.. بەر لەوەی بنووم بارانێك دایکرد، لەنیوەشەودا لەدەنگی چەند تەقەیەك لەخەو راپەریم، لەپەنجەرەکەوە روانیمە دەرێو تەنیا گەلاوێژو بووکەکەمم بینی.. دوای گەڕانەوەی عومەر زانیم کە جوامێری کوشتووە ، ئەو لەپێناوی پاراستنی شەرەفماندا ئەو کارەی کرد.. جوامێر چەند جارێ داوای کچەکەمی کردووە، لەو شەوەدا نەچووینەتە ماڵی تا دەستی لێ بوەشێنین و ئاگام لەتفەنگەکەشی نییە!!

ئەی عومەر چۆن باسی تاوانەکەی دەکات؟

-گوێم لەدەنگە دەنگ بوو وبەوە لەخەو هەڵسام، چوومە دەرێ، دەبینم جوامێر پەلی خوشکەکەمی گرتووەو دەیەوێ پەلاماری بدات، منیش هەڵمەتم بۆ بردو بووە شەڕمان، ئەو تفەنگی پێ بوو، توانی خۆی بگەیەنێتە کۆڵان و منیش دوای کەوتم، لەدەرەوە دووبارە بووەوە شەڕە دەست و توانیم تفەنگەکەی لێ بستێنم، لەو بەرمانەوە تەقەم لێکردو بەچەند فیشەکێ

کوشتم، نەمهێشت لەدەستم دەرچێ، من ئەوەم بۆ بەرگری لەشەرەفی خۆمو خێزانەکەم کرد..

نەچوومە پۆلیسخانە تا مەلا بانگدان پۆلیسو پێشمەرگە هاتنو منیان گرت.. من لەدوورییی (15) مەترەوە تەقەم لێ کردو بەهیچ جۆرێ ئەوە راست نییە کەچووبینە ماڵیو لەوێ خنکاندبێتمان، ئینجا رامکێشابێتە کۆڵانو لەوێ فیشەکم پێوەی نابێت.. من لەوەوبەر پارەم لێ قەرز نەکردووە، تفەنگەکەشم بۆیە شکاندو لەو شەوەدا شاردمەوە وتم نەوەك خزمەکانی بێنو ئاشکرا ببمو بمکوژن..

راپۆرتی پۆلیس..

ئەفسەری پۆلیسی چەمچەماڵ، لەراپۆرتەکەیدا بۆ کەشفی کوشتنی (جوامێر فەتاح)ی تەمەن 21ساڵ، بالاً مام ناوەندیی رەنگ ئەسمەرو قژو چاو رەش نووسیویەتی:

1. ژوورەکە بەو وەزعە شپرزەیە بینراوە.
2. کەمێ خوێن لەژوورەکەدا ئاسەواری دیار بووە.
3. جێگای پێیەکان بەباشی لەحەوشەدا بینراوە.

ئەی راپۆرتی پزیشك؟

د.نەوزاد لەراپۆرتەکەیدا نووسیویەتی:

–تەقەکان، بەرەو رووی ئاڕاستەکراوە، واتە رووەو کوژراوەکە.

–شکان لەئێسکی لاشەویلگەی خوارەوەدا.

لەدادگایی کردنەکەدا، داواکاری گشتی دوو داواکاریی هەبوو:

سزادانی عومەرو ئازادکردنی باوکی.

*دادگا بەر لەراگەیاندنی بڕیاری حوكمەكە، رای بەم شێوەیە بوو:

-هەردوو گومان لێكراو عومەرو تۆفیقی باوكی نێردراون بۆ ئێرە بەتۆمەتی كوشتنی جوامێر فەتاح تا بەپێی ماددەی یاسایی 1/406مەحكەمەیان بكەین.. بۆ زۆربەی ئەندامانی دادگا دەركەوت، پەیوەندی دڵداری لەنێوان جوامێرو گەلاوێژدا هەبووە، جار جارە لەجێگەی ژوانێكی دوور لەبەر چاو بەیەك گەیشتوون، بەو پێیەی دراوسێ بوون نیوەشەوی1992/2/8جوامێر لەدیوارەكەی نێوانیانەوە بازی داوەتەماڵی گەلاوێژ بەو نیازەی پێی بگات، كە هەردووكیان لەحەوشەكەدا دەبن عومەر پێدەزانێو دەبێ بەشەڕیانو دوای ئەوەی چەكەكەی لێ دەستێنێو ئەویش رادەكا، ئەمیش شوێنی دەكەوێو دەیكوژێ.. بۆ رۆژی دوایی لەلێكۆڵینەوەدا دان بەتاوانەكەیدا دەنێو، دواتریش لێرە ئەوە دووپات دەكاتەوە، ئەو نیازی دزینی تفەنگەكەی نەبوو دەنا نەیدەشكاند.. تاوانە كە كتوپڕ روویداوەو لەوەوبەر پیلانی بۆ دانەنراوە.. لەبەر ئەوانە دەبێ عومەر بەپێی ماددەی 405سزا بدرێت، بەڵام هیچ دەلیلێ نییە بۆ بەشداریی تۆفیق لەتاوانەكەدا.. شایەتەكان هەموو دوای تیپەڕبوونی ماوەیەك ئیفادەیان داوەو هیچیان بەچاوی خۆیان رووداوەكەیان نەدیوە، دادگا باری شەخسی گومان لێكراو لەبەرچاو دەگرێ، هەروەها تەمەنیو رابردوویو ئەوەی كەیەكەمجارە لەژیانیدا تاوانێكی وابكات.. بۆیە شایانی بەزەییە..

رای جیاوازی ئەندامێكی دادگا...

*یەكێ لەدادوەرە بەرێزەكان رای لەگەڵ زۆربەدا نەبوو، ئەو وتی:

-من بەوە قایل نیم كەگومان لێكراو بەپێی ماددەی 405دادگایی بكرێتو حوكمی كەمی ئەو مادەیەی بەسەردا بدرێت، چونكە:

1/باوكو دایكی جوامێر لە هەموو ئیفادەكانیاندا وتویانە كە لەماڵەكەی خۆیاندا تاوانەكە بۆ مەبەستی دزینی پارەو چەكەكان ئەنجام دراوە، ئەو بالۆرەیەشیان بەدرۆخستۆتەوە كەجوامێر یان ئەمان رۆژێ لەرۆژان خوازبێنی گەلاوێژیان كردبێت.

2/هەر هەموو شایەتەكانو پۆلیس جێگا پێی تاوانبارەكانیان دیوە، هەروەها ئاسەواری تاوانی خنكاندنی لەژوورەكەداو خوێن بەسەر سەرینەكەیەوەو ئاسەواری راكێشانی بۆ دەرەوە..

3/هەندێكیان كەمێ خوێنیان لەشوێنی لاشەكە بینیوە، واتە لەكۆڵان، هەرچەندە ژمارەیەكی زۆر فیشەكی پێوە بووە، كەواتە بەمردوویی فیشەكی پێوەنراوە.

4/بەگوێرەی راپۆرتی پزیشك لاشەویلگەی كوژراوەكە شكاوەو دواتر فیشەكەكانی لەبەرامبەرەوە پێوەنراوە.

5/ناكۆكی لەئیفادەكانی تۆفیقو عومەرو گەلاوێژدا بەروونی هەستی پێ دەكرێ، هەر بۆ نموونە گەلاوێژ رۆژی2/9(رۆژی دوای تاوانەكە)وتویەتی: لەسەر داوای جوامێری خۆشەویستی چووەتە ئەودیو، واتە ماڵی جوامێرو لەحەوشەكەدا دانیشتوون(واتە لەبەفرداو لەبەر باراندا!!)، باوكی و براكەی هاتوون بەسەریانداو ئیتر زۆر بەئاسانی عومەر جوامێری چەك كردووەو هەروا لەسەرخۆ رایكێشاوەتە دەرەوە!!!

یان هەر خۆی رۆژی 3/26وتویەتی : لەنیوەشەودا كاتێ بەكارێكی پێویست چوومە دەرەوە دەبینم جوامێر لەحەوشەكەماندایە.. كەدیویەتی قیژاندوویەتی(هەرچەندە دوو ساڵە پەیوەندی دڵدارییان هەبووە)!! كەچی دواتر پێ لەو پەیوەندییە نانێت!!.

6/بەڵگـەکان ئـەوە دەردەخـەن کەلەلایـەن ئەوانـەوە جـوامێر لەژوورەکـەی خۆیدا خنکێنراوە.. ئینجا براوەتە کۆڵانو تەقەی لێکراوە بۆیە داوادەکەم دادگای بەرێز بەپێی ماددەی 406 حوکمی بدات..

پارێزەریش بەرگری دەکات..

پارێزەری بەرگری عەرزی دادگای کرد:

-عومەر بەپێی دابو نەریتی عەشایری ئەو کارەی کردووە ، چونکە ئەو کوڕی لادێیە.

-دان پیانانی بەتاوانەکەیدا بەو دەستو بردییەو راستگۆییە، یارمەتیی عەدالەتی داوە.

-باوکی هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە کەبەشداری تاوانەکە بیَ..

-قسـەی شـایەتەکان(بێجگـە لەگەلاوێـژ) هـیچ بەهایـەکی یاسـاییان نییـە، چونکە خۆیان تاوانەکەیان نەدیوە..

-عومەر گەنجەو تاوانی تری نەکردووەو داوای بەزەیی دادگا دەکەم

بڕیاری دادگا..

1/حوکمی زیندانی کردنی عومەر بە(7)ساڵ بـەپێی مـاددەی 405و دەبیَ لەو کاتەوەی گیراوە(کە6مانگە) لەو حوکمە حساب بکرێت.

2/ئازاد کردنی تۆفیقی باوکی تاوانبار.

3/دەبیَ تاوانبار(2)هەزار دینار بداتە دایكو باوکی کوژراوەکە.

4/تفەنگەكە دەنێردرێت بۆ بنكەی پۆلیسی چەمچەماڵ.

5/ماندووبوونی پارێزەری بەرگریكەر بە 40دینار دەخەمڵێنرێ و لەخەزێنەی دەوڵەت بۆی سەرف دەكرێت.

پیاوێك لەحەوشەدا خرایە گۆڕەوە..!

رۆژی 1993/7/5 لەكۆبوونەوەیەكی دادگای تەمیزی هەرێمی كوردستاندا داوای ژمارە(49/ج/1993)خرایە بەر باس و لێكۆڵینەوە كەلەدادگایی كردنێكی رۆژی 1993/2/8ی دادگای جینایاتی كەركوكدا كەبۆ هەردوو گومان لێكراوو جووتە خوشك(نەرمین)و(نازە) ئەنجام درابوو وبەپێی بڕیاری دادگای بەرێز یەكەمیان ئازاد كرابوو، دووەمیشیان بەپێی مادەی405و دوو دەلالەتی بە شەش مانگ حەپس كردن حوكم درابوو، دادگا ئەو بڕیارەی لەلاپەسەند نەبوو، لەرۆژی ناوبراودا داوای لەدادگای كەركوك كرد كە سەرلەنوێ دادگایی جووتە خوشك بكاتەوە، بەتایبەت كەتاوانەكە تاوانی كوژرانی مرۆڤێكەو دەبێ ئەمجارە لەچۆنیەتی تاوانەكەو

پێشینەی و خواستی شاردنەوەی جەستەی کوژراوەکە بکۆڵنەوەو بڕیاری شیاو بەسەر(پیاو کوژەکاندا)بدەن، ئەوە بوو دادگای ناوبراویش سەرلەنویٚو لەرۆژی 1994/4/11دا داواکەی هێنایەوە پێشی و دادگایی گومان لێکراوانی کردەوە، بەڵام بەرلەوەی لەبڕیاری دادگاو چۆنێتی هەڵسەنگاندنی تاوانەکەو چارەنووسی خوشکان(نازەو نەرمین)بدوێین، بابزانین تاوانەکە چۆن کراو کیٚ کردی و چۆن ئاشکرا بوو؟

کەکوڕەکەم کوژرا من لەویٚ نەبووم...

حاجی عەلی تەمەنی سەروو شەست بوو بەڵام باری سەختی ژیان و دەرامەت ناچاری کردبوو بەفەلاحەتەوە خەریك بێت، ئەو رۆژە(1993/5/28) بەیانی زوو بۆ کاروباری نێو کێڵگە لەماڵی خۆی(لەچەمچەماڵ) دەرچوو بوو لەگەڵ منداڵەکانیدا رووەو مەملەحەی نزیك سەنگاو بۆ سەر زەرعاتەکەیان چوو بوون، رۆژی دوایی ئەوکاتەی حاجی بۆ پشوودان لەژێر کەپرەکەدا ئارەقەی ماندوێتی دەسڕی بەگەیشتنی(هەواڵێك) جەرگو هەناوی کەوت! دلێری خوشکەزای بەشپرزەییەوە پێی وت:

-خاڵەگیان، ئەمشەو کاك سەرکەوت کوژراوەو وادەیبەن بەرەو سەرقەبران و بۆ ناشتنی چاوەڕێی تۆ دەکەن...

حاجی بەدادگای وت:

-کە ئەو هەواڵە جەرگبڕەم بیست دەست بەجیٚ بەرەو چەمچەماڵ گەڕامەوە، لەسەرقەبران (سەرکەوت)ی کوڕم دی لەدارەمەیتدا راکشابوو، کاتیٚ گڵیان بەسەردا دەدا لەیەك دوو کەسی نزیکی خۆم پرسی کیٚ کوشتی؟ لەکویٚ کوژرا؟

پێیان وتم: نەرمینی ژنی و نازەی ژنخوشکی لەماڵی لەتیفی ئاوەڵ زاوایدا کوشتیان!!

ئەی لەتیف وتی چی؟

–من بەچاوی خۆم نەمدیوە سەرکەوت بەدەستی نازەی ژنی منو بەهاوکاریی نەرمین کوژرابێ، بەڵام چۆن تاوانەکە ئاشکرا بوو، بابۆتانی بگێڕمەوە، ئەو ڕۆژەی خوێنی تیاڕژا سەرکەوتو ژنەکەی هاتنە ماڵمانو دوای بەخێرهاتنی گەرمم لێیان، بەمەبەستی چوونە ڕاوی باڵندە مۆڵەتم لێ وەرگرتنو وتم ئێوە لەماڵی خۆتاندان، ئەوان شەو نەرۆیشبوونەوەو لەماڵی ئێمە مابوونەوە، من بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو گەڕامەوە، هەر کەلە تارمەکە دانیشتم بینیم ئاسەواری فیشەك بەسەقفەکەوە دیارە، پرسیم ئەمە چییە؟! نازە وتی: هێمن یاریی بەتفەنگەکەت کردو فیشەکی لەدەست دەرچوو... منیش وتم: تۆ بڵێی ئەو کوڕە بچووکەم ئەمەی کردبێت، سەیرە!! بەڵام هەر کەچوومە ژوورەوە دەبینم جێگای چەند فیشەکێکی دیکە بەدیوارەکەوە دیارە! کەوتمە گومانی تەواوو توڕەیی گرتمی، نازەو نەرمینی خوشکیم بانگ کردو وتم:

–بەبێ درۆ پێمی بڵێن چی ڕوویداوە؟

ئەوانیش بەترسەوە کەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەو دواجار گۆڕی سەرکەوتیان نیشاندام، بەجارێ حەپەسام، ئەمە چۆن ڕوویدا؟ ئەی بووە گۆڕ لەحەوشەی ماڵدا هەڵکەندرێ؟ چۆن خەڵکی لەحەوشەدا دەکرێ بەژێر گڵەوە؟؟ هەنگاوێکم کرد بەدووانو بەڕاکردن چووم خەبەرمدا.

سەرکەوت چەند فیشەکی پێوە بوو؟

هەر ئەو ڕۆژەی کەلاشەی سەرکەوت برایە نەخۆشخانەی سلێمانی بۆ (تشریح) پزیشکی پسپۆڕ لەراپۆرتەکەیدا لەهۆکاری مردنی دەدوێو دەنووسێ:

-دوو فیشەك بەرسەرەوەی رانی چەپی کەوتووەو ئێسکەکەی شکاندوە وهەردووکیان دەرچوونو بوونە هۆی خوێن بەربوونی، چوار فیشەك بەر سکی کەوتووەو رێخۆڵەکانی گرتووەو خوێنی زۆری بەربووە، هەر چواریان لە پشتییەوە دەرچوون، دوو فیشەکی تر بەرلای چەپی سنگی کەوتووەو لەپشتەوە دەرچوونو لەوێشدا بۆتە هۆی خوێن بەربوون... لەگەڵ ئەوانەشدا بەچەقۆ ملی بریندار کراوەو ویستراوە دوای کوشتنی سەریشی ببڕن..!

نازە چۆن دەستی چووە خوێنی زاواکەی؟

نازەی تەمەن(22)ساڵ کەیبانووی ماڵ، ئاوا بەسەرهاتەکەی بۆ دادوەر گێڕایەوە:

-پاش نیوەرۆی ئەو رۆژەی کارەساتەکە تیایدا روویدا، نەرمینی خوشکمو سەرکەوتی مێردی هاتنە ماڵی ئێمە، لەپێشدا لەتیفی مێردم لەماڵ نەبوو، عەسر بوو هاتەوەو دوایی بۆ راو چووە دەشتو ئەو شەوە نەگەڕایەوە، تفەنگەکەی لەتیف لەپشتی سەلاجەکەماندا دانرابوو لەژوورەوە، نەرمین ویستی بڕۆنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام سەرکەوت رازی نەبوو، وتی بۆ خۆمان ئەمشەو لێرە دەبین..!

ئێوارە بوو، لەمەتبەخ خەریکی ئامادەکردنی خواردن بووم سەرکەوت هاتە ئەوێو یەکسەر پێی وتم: نازەگیان خۆشم دەوێی، حەزم لێتە...! منیش بەجارێ حەپەسام، بەتایبەت کەمنو خوشکەکەم لەسێ مانگ لەوەوبەرەوە گومانمان لەسەرکەوت هەبوو کەبەدەستی خۆیو براکەیو خوشکەکەی کە(برازنی خۆمان بوو)و لەبەر پارە نامەردانە باوکمو دایکمو مامیان کوشتبێ! دووبارە وتی: نازە من شێتی تۆ بووم، هەر لەبەر تۆ خوشکەکەتم هێنا تا بەتۆبگەم...

من بەجارێ وڕبووم‌و ئەویش دەستی گرتم‌و لێم نزیک کەوتەوە، پێم وت: شەرم ناکەی، داناوەشێی ، تۆ وەکو برامی چۆن شتی وا دەڵێی ، ئەی ئەگەر ژنەکەت پێ بزانێ؟!!

سوودی نەبوو، هەر لەوێدا پەلاماری دام‌و ویستی ئاوەڵکراسەکەم داکەنێ‌و کاری خۆی بکات، منیش بۆ ئەوەی رزگارم بێ بەدرۆ بەڵێنی ئەوەم پێدا کەشەو دەچمە باخەڵی‌و چی بوێت بەدزییەوە بەگوێی دەکەم... لێم دوورکەوتەوەو چووە ژوورەوە، کەهاتمە دەرێ نەرمینم بینی کەلەحەوشەکەدا خەریکی ئاو دەرهێنان بوو لەبیرەکەدا بەماتییەوە تێی روانیم‌و بەچاو پێی وتم (ئاگادارم، ئاگاداری ئەو دڕندەیەم چی لێت دەوێت خوشکەکەم!!!). دوای نان خواردن، دەمڕوانییە چاوەکانی سەرکەوت‌و بیری قسەکانی‌و پەلاماردانیم دەکەوتەوە، بیری ئەوەشم دەکەوتەوە کەدەستە رەشەکانی بەشداربووە لەکوشتنی دایک‌و باوک‌و مامە بێ تاوانەکەم... هەر بۆیە بڕیارم دا...

سەرکەوت چۆن کوژرا؟

دوای نیوەشەو کاتی خەوێ، نازە دوای ئاگادارکردنی نەرمین‌و دوای خەوتنی منداڵەکان، بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێناو چووە جێگای سەرکەوتی زاوای، بەڵام بەدەستی بەتاڵەوە نەچوو، بەرلەوەی بچێتە ژوورەوە دەستی دایە کلاشینکۆفی مێردەکەی‌و میلی هێنایەوە، سەرکەوت لەجێگای خۆیدا وشک بوو، نازە پێی وت: هەر ئێستا تۆڵەی کەسوکارە بێ تاوانەکەمت لێ دەکەمەوە، تۆ بوویتە هۆی نەمانی نزیکترین کەسمان، هێشتا دەتەوێ شەرەفی خۆم‌و کەسوکارم نەوی کەیت؟

سەرکەوت دەپاڕێتەوەو نازە بەفیشەک وەڵامی دەداتەوە، یەک‌و دووان‌و سیان‌و.. لەخوێنی خۆیدا دەگەوزێ، لەگەڵ نەرمیندا چەقۆ دێنن تاسەریشی

بـڕن.. ئینجا رایدەکێشـنە حەوشـەو پـاش ئـەوەی چاڵێکی وەکوگـۆڕی بـۆ هەڵدەکـەنن دەینێـژن، هـەر ئـەو شـەوە خـوێنی سـەرکەوت دەشـۆن‌و ژوورو تارمــەو حەوشـــە خـــاوێن دەکـــەن، بـــەلآم بەســـەقف‌و دیـــوارەوە جێگـــای فیشەکەکان دیار دەمێنێ...!

نەرمین چۆن دانی بەتاوانەکەدا نا؟

بـۆ رۆژی دوایــی، کەلــەتیف دەگەڕێتــەوە، دوای سـۆراخی ئاســەواری فیشـەکەکان‌و تووڕەبـوونی ، نـەرمینی ژنـی مـاڵ‌و تەمـەن(32)سـاڵ لەسـەرخۆ بەلەتیفی زاوای دەڵێ:

–بــرای بــەرێزم، بــۆ خــۆت بــاش دەزانــی مێردەکــەم‌و کەســوکاری بۆ(60)هەزار دینار بوونە هۆی نەمانی باوک‌و دایك ومامـمان، لـەوەش خـراپتر مێردەکـەی مـن تـەماعی کردبـووە ژنەکـەی تـۆ کەبەخوشـکی دەشـێ، ئـەی وا نەبوو نازە، وانەبوو؟! (نازە کەوتە قسەو درێژەی بەسـەرهاتەکەی گێڕایـەوە)، نەرمینیش وتی:

–راست ئەکات، کاتێ ئاوم لەبیرەکەدا دەردەهێنا گـوێم لـەدەنگی ئـەم بـوو بەسـەرکەوتی دەووت: (عـەیب ناکـەی، تـۆ وەکـو بـرای مـن وایـت!!)، ئێمـە کارێکمان کردووە کە دەبوو بیکەین، دڵنیام خوا لێمان دەبووری چونکە هـەر خۆی ئاگاداری هەموو شتێکە.

بڕیارەکانی دادگا...

سـەرەتا دادگـای بـەرێز لەئـەنجامی وەرگرتنـی ئیفـادەی گومـان لێکـراوو شـایەتەکان، بەبڕیارێك نـەرمینی ئـازاد کـردو نـازەش بـە(6) مـانگ حـوکم درا کەئەویش بەماوەی گرتنەکەی تەواو بوو بوو، هەربۆیە ئازاد کرابوون...

بەلآم کەوەڵامی دادگای تەمیز هاتەوە، تیایدا نووسرابوو:

-لەبەر ئەوەی تاوانەکە بەتەگبیرو لەسەرخۆ ئەنجام دراوەو بەرێکەوتنی هەردوو خوشك، دوای ئەوەش کە سەرکەوت کوژراوە هەوڵی سەربڕینیشی دراوە، پاشان بەهەردووکیان لە حەوشەدا لەگۆڕیان ناوەو ئەو ناوەیان شتووەو چی پارەش بەکوژراوەکە بووە هەموویان بردووە بۆ خۆیان، نازەی گومان لێکراوی یەکەم هۆکاری تاوانەکەی بەوە دەردەخات کە بکوژی دایكو باوکی ویستویە بەزۆر شەرەفی لەکەدار بکات، بەڵام ئەمە رێی تێ ناچێو مەنتیق قبووڵی ناکات، ئایا کەسێ بڕوا دەکات کابرایەك لەماڵێکداو لەمەتبەخدا پەلاماری ژنخوشکی بدات و ئاوەڵکراسەکەی داکەنێو ژنەکەی خۆیشی لەحەوشەبێ؟!! کەواتە پەنابردنە بەر دەلالەتی هەردوو مادەی 128و130لەیاسای سزادان بۆ ئەم گومان لێکراوە نابێو راست نییە، هەروەها بڕیاری ئازاد کردنی (نەرمین)یش دیسان رەوا نییە، چونکە بەکردەوە بەشداری تاوانەکەی کردووەو خۆیشی دانی پیادا ناوە، هەروەها دەبوو جووتە خوشك بەتاوانی دزی کردنیش مەحکوم بکرانایە، بۆ تفەنگەکەش دەبوو رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە بکرایە نەك دەستی بەسەردا بگیرێ، چونکە بەکارهێنانی تفەنگ بێ بیانوو بۆ خۆی تاوانێکە.

دوا بڕیاری دادگا

رۆژی 1994/4/11 دادگای جنایاتی کەرکوك لەبەرتیشکی بڕیاری دادگای تەمیز دادگایی بۆ ئەم داوایە ساز کردەوە بە(غیابی) حوکمی بەسەر گومان لێکراوان (نازە)و (نەرمین)دا بەم شێوەیە دا:

-زیندانی کردنی نازەو نەرمین هەریەك بۆ ماوەی(15)ساڵ بەپێی مادەی 406.

-زیندانی کردنی نازەو نەرمین هەریەك بۆ ماوەی (5)ساڵ بەپێی مادەی 446.

-ئەو 8360دینارەی لە سەرکەوتیان دزیوە لەلایەن دادگاوە دەدرێتەوە کەسوکاری کوژراوەکە.

ئەم بڕیارەش جارێکی تر ڕەوانەی تەمیز کرایەوەو هەردوو حوکم دراویش بە"ڕۆژنامەکان"لەحوکمیان ئاگادار دەکرێنەوە.

بەپێخاوسیماڵی جێهێشتو
بەبێوەژنی گەڕایەوە بۆی !

ڕۆژی 2000/4/29 لاشەی (حەمەعەلی) برایە نەخۆشخانە، ئەو بەیەك فیشەك گیانی سپاردبوو، فیشەكی دەمانچەی كەسێكی نزیكی خۆی، نزیك

لەخزمایەتیـدا، بـەڵام دوور لەپەیوەنـدیو خۆشویسـتندا... ئـەوان کـەمجار بەیـەك گەیشـتبوون، مەگـەر بۆنەیـەك، یـان نەخۆشـییەك، یـان ڕێکـەوتێك وای بکردایــە پشــکۆ بچــوایەتە مــاڵی، ئــەگینا چــارەی یــەکتریان نەدەویســت، بەتایبــەت پشــکۆ، کــەئاگاداربوو حەمەعــەلی زوخــاوی دەکــرد بەگــەرووی نزیکترین کەسیداو زۆرجار بەردەبووە گیانیو شلکوتی عومری دەکرد..

ئەو ڕۆژە لەنەخۆشخانە لەراپۆتی پزیشکدا نووسرا:

–حەمەعەلی، تەمەن 43 ساڵ.

–باڵا مام ناوەندی، گەنم رەنگ، قژ ماشو برنجی، چاوڕەش...

هەروەها نووسرابوو:

–فیشــەکێك لای چــەپی ســنگی گرتووەتــەوەو لەســنگیدا ماوەتــەوە، لەنەخۆشخانە دەرهێنرا، بەهۆی خوێنبەربوونی زۆرەوە مردووە.

حەمەعەلی کێ بوو.. بۆچی کوژرا؟!

حەمەعـەلی زاوای پشـکۆبوو، واتـە مێـردی (پـاکیزە)ی خوشـکی گـەورەی کەحـەوت سـاڵ جیـاوازی تەمـەنیان بـوو.. ئـەو دایکـی چـوار منـداڵ بـوو، هەمیشـە نـاکۆکو ناتـەبابوو لەگـەڵ حەمـە عـەلی مێردیـدا، زۆرجـار بـەتۆراوی دەچووەوە لای کەسوکاریو کلافەی خەمـەکانی لای پشـکۆی بـرای دڵسـۆزی دەکردەوە..

گەلێکجار پشکۆ ئامۆژگاری زاواکەی دەکردو پێی دەوت:

–پیاوی چاك بەو مەهێڵە دەنگتان بچێتەدەر... ئاخر تۆ بۆ وادەکەی..

هـەرجارە حەمەعـەلی بەبیانوویـەك قسـەی ڕێـك دەخسـتو زۆربـەی جـار دەیووت:

-خەتای پاکیزە خانە، خۆ هارنەبووم.. خۆشێت نەبووم!

دواجارو دوادیداری پشکۆو زاواکەی قسەیەکی وای تیانەکرا، بەڵکو بەفیشەکێکی دەمانچەکەی ساردی کردەوەو هەر خۆیشی چوو ئوتومبێلی بۆ بهێنێت تابیگەیەنێتە نەخۆشخانە.!

ئەو رۆژەی تاوانەکەی تیاکرا.!

رۆژی 2001/6/10 لەگەڵ ئەوەدا کەرۆژێکی یەکجار گەرمو ناخۆش بوو، بۆ (پشکۆ)ی میوانی ساڵ زیاتری نێو زیندان گەلێ درێژبوو، کۆتایی نەدەهات، سبەینێ دادگایی دەکرێو بەرامبەر کوشتنی زاواکەی حوکم دەدرێت..

ئەو رۆژەو شەوەکەی پشکۆ لەگەڵ حەمەعەلیو خوشکەکەی خۆیدا دەژیاو لێیان جیانەدەبووەوە..

شێوەی ئەو زاوایەی کە 15 ساڵ زیاتر بوو تێکەڵیان بووبوو، بەرچاوی جێنەدەهێشت، بیری چووەوە بۆ ئەو جارانەی کەناکۆکی دەکەوتە نێوان حەمەعەلیو پاکیزەی خوشکیو هەموو جار ئەم دەکەوتە نێوانیان، هەموو جارێکیش پارەی دەدا بەخوشکەکەیو منداڵەکانی..

رێک ئەو رۆژە هاتەوە بەرچاوی کە سەرلەبەیانی پاکیزەی خوشکی بەپێی پەتی لەتاکسییەک دابەزی، ئەمیش نووسینگەی کارکردنەکەی جێهێشتو لێی نزیک بووەوە:

-چییە، دەموچاویشت خوێناوییە، چییە بۆچی منداڵەکانت زەردهەڵگەراون.. چی قەوماوە؟

لەسەرخۆو بەدەنگی نزمو قوڕگی پڕ لەگریانەوە وەڵامی دایەوە:

-دوابڕاوەکەی مێردم هەر پێنجمانی کردە دەرەوە..

-دەی گوێ مەدەرێ.. ئێستا بەرەو کوێ..

-نازانم پارەشمان پێ نییە، تۆ شتێکمان بەرێ بۆ کرێی تاکسییەکە..

-بەسەرچاو ئێوە بڕۆنە ماڵی دادە.. نیوەڕۆ دێم بۆ لاتان..

ڕۆیشتن بەرەو ماڵی خوشکی گەورەیان.

پشکۆ هەڵچوو، دەماری جوڵا، ئاخۆ چ ڕەوای هەقە هەموو جارێ ئەو کابرایە سەروچاوی خوشکەکەی بهێنێتە خوار.

لەنووسینگە پەلاماری کلاشینکۆفێکی دا.. بەتاکسییەك رووەو ماڵی زاواکەی لەکارێزەوشك کەوتەرێ.. دابەزی، بەپێپلیکانەکاندا سەرکەوت.. هاواری کرد.. وەڵامی نەبوو، لەوێ نەبوو، گەڕایەوە نووسینگە.. کلاشینکۆفەکەی دانا..

-من دەمانچەیەك بکڕم باشە.

نیوەڕۆ چووە لای پاکیزە، بەسەرهاتی دواشەڕیانی بیست، بەخوشکی وت:

-بابچینە بنکەی پۆلیس و شکاتی لێ بکە..

چوونە بنکەو هانای خۆی بردە لای ئەوان.. پاکیزە لەپۆلیسەوە بۆ لیژنەی پزیشکی نووسراوی بۆکرا، تاکو بزانن ئاخۆ لێدانی مێردەکەی چەند کاری کردووەتە سەر..

پاش نیوەڕۆ چووە بازاڕو دەمانچەیەکی میکارۆفی بەهەزارو پێنج سەد دینار کڕی و هەڵیگرت و چووەوە بۆ ماڵی حەمە عەلی، ئیتر لەوێ قەوما و بەدەستی پشکۆ زاواکەی ساردبووەوە..

ئەو رۆژە هەموو ئەو شتانە هاتنەوە بەرچاوی پشکۆ.. شەوەکەی هەر خەو لەچاوی نەکەوت و رۆژی کوشتنی حەمە عەلی هەراسانی کردبوو.. بۆ رۆژی دوایی نزیك نیوەڕۆ برایە دادگا وەك بکوژی زاواکەی دادگایی کرا..

بەمەبەستی قسەکردن چوومە ماڵی

رۆژی 2001/6/11 دادگایی پشکۆ کرا، دوای پرسیاری دادوەر، پشکۆ قسەی بۆ دادگا کردو وتی:

–من بڕیارم وابوو قسە لەگەڵ حەمە عەلی بکەم، نیازم بوو گلەیی لێ بکەمو پێی بڵێم: چ رەوایە ژنێك بەپێ خاوسی بەچوار منداڵەوە بکەیتە دەر؟ پێی بڵێم: خوشکەکەم چی کردووە، ئاخر بۆ لێی دەدەیت، تۆ بۆ لەخوا ناترسی؟!

بەڵام ئەو بواری نەدامو بەقسەی سووكو جنێودان وەڵامی دامەوە، خوا ئاگادارە دەمانچەکەم بۆ ئەوە بردبوو تائەگەر پەلاماری دام بەرگریی لەخۆم پێ بکەم..

ئەو پەلاماری دامو ویستی لێمبدا. بەدەرنەفیسێك پەلاماری دام، من هەر دەمووت پیاوبەو لەسەرخۆبە.. عەیبە ئێمە خزمین.. سوودی نەبوو هەر شاڵاوی بۆ دەهێنام، ناچار بۆ بەرگریی لەخۆم، دەمانچەکەم دەرهێناو تابیترسێنم هێنامە سەرپێ، ئەو پەلاماری دام، تا لێمی بسێنێ، زەخت چووە سەر پەلەپیتکەو فیشەکێ تەقی، بۆ نەگبەتی بەر ئەو کەوت.. ماوەی نێوانمان هەر مەترێك دەبوو، کەوتە سەر زەوی، رامکردو چوومە دەرێ تا تاکسی بێنم، باشە گەر ویستی من کوشتنی بوایە دەچووم ئوتومبێلی فریا خەم تابیگەیەنمە نەخۆشخانە؟

گەر حەمە عەلی لەگەڵمدا هێمن بوایە هەرگیز ئەوە رووی نەدەدا، بەڵکو هەر ناچاریش نەدەبووم دەمانچەکەم دەربهێنم..

*دواجار پشکۆ بەدادگای بەڕێزی وت:

–من ژنم نەهێناوە، بەڵام دایکم و برا بچووکەکانم بەخێودەکەم، من هەرگیز تاوانم نەکردووەو هیچ کاتێك نەگیراوم، من هەر ناشزانم چۆن چۆنی چەك بەکاردێ.. دوای ئەو رووداوە دەمانچەکەم لەنزیك قوتابخانەکەی کارێزەوشك فڕێدا..

ئەوە کەی ژیان بوو.. دۆزەخ بوو دۆزەخ.!

هەر رۆژی دادگایی کردن پاکیزە قسەی بۆ دادگا کردو وتی:

–من فەرمانبەرم، هەمیشە لەکارەکەمدا دڵسۆز بووم، دەمویست خێزانەکەشم بەبەختەوەری بژین، بەڵام کوا بەدەستی ژنە.. من 24 ساڵ بووم کەدرام بەحەمە عەلی، خوا دوو کچ و دوو کوڕی داینێ، منداڵە گەورەکەم تەمەنی پانزە ساڵە، ژیانم هەمووی ناخۆشی بووە، بەڵکو بەجارێ دۆزەخێ بوو بۆخۆی، گرفتمان یەکجار زۆر بوو، هەمیشە قسەی پێدەوتم و گەلێ جار لەخۆم و منداڵەکانمی دەدا..

رۆژی رووداوەکە، حەمە عەلی لێیدام، لەسەرئەوەی شەوی رابردوو لەماڵی خوشکم مابووینەوە، سەرەتا بەدەست لێی دام و دوایی چوو داری هێناو سەرو گوێلاکی پڕکردم لەخوێن و کەوتە گیانی منداڵە قوربەسەرەکانیش.

خوا عافووی کات، نەیهێشت نانی بەیانی بخۆین، بەپێ خاوسی لەماڵ کردمییە دەر، خۆم و منداڵەکان چووینە لای پشکۆ، وەك وتی: ئەو رەوانەی

ماڵی باجیمی کردین، کوێرایم دایە لەوەتەی شووم کردووە بووم بەسەرچاوەی ئاژاوە بۆ ژیانی پشکۆ، بەقوربانی بم لەجێی هەموو کەسم بووە، هەمیشە ئەو فریام کەوتووە..

ئەو رۆژە ئێوارە زانیم بەمردنی حەمە عەلی، دوایی زانیم پشکۆ ئەوەی لەدەست قەوماوە، خوشکی کوێربێت، بۆ ساڵێكو دوو مانگ دەچێ گیراوە، لەسەر تاوانێ کەهەرگیز نیازی ئەنجامدانی نەبووە، ئەو بێگوناهە، من تازە باوکی منداڵەکانم لەدەستچووە، بەڵام لەچارەنووسی براکەم دەترسم، برای من هەرگیز هەڕەشەی لەحەمە عەلی نەکردووە، خوائاگادارە سەرەتا خۆشی دەویست، بەڵام لەگەڵ من ئەوەندە خراپ بوو، ئەویش زوو زوو دەکەوتە نێوانمانەوە.. تکاتان لێدەکەم لێی ببورن.. پشکۆ بەردەن و باچیتر ئازاری زیندان نەبینێ..

بڕیاری دادگا..

هەر ئەو رۆژە دادگا قەناعەتی خۆی خستەڕوو، بەبڕوای دادگا پشکۆ بەمەبەستی کوشتنی زاواکەی دەمانچەی کڕیوە، هەر بەو مەبەستەش چووەتە سەری لەماڵەکەی خۆیدا..

دادگا بڕیاریدا بەزیندانی کردنی هەمیشەیی پشکۆ، واتە بە(مۆبد).

بۆ حەوت مانگ دەچێ ئەو بڕیارە بەسەر پشکۆدا دراوەو پاکیزەی خوشکی بەدبەختیشی بەبێوەژنی گەڕاوەتەوە نێو ماڵەکەی، ئەو ماڵەی هەرگیز تیایدا ئاسوودە نەبووە.

ترسی خوایان لەدڵدا نەبوو!

ڕۆژی 2002/1/12، لەبـــەردەم دادوەری لێکۆڵینـــەوەی شـــارەزووردا، (عەزیز)ی تەمەن 55 ساڵ بەدڵی گەرمەوە کەوتە قسەو وتی:

-من بەڕەگەز ئێرانیمو خەڵکی ناوچەی جوانڕۆم، لەشەڕی عیراق-ئێراندا ئـاوارەی ئەمـدیو بـوومو لای (زەڕایـەن) گیرسـامەوە، سـاڵی 1988 ئـەم (سەبیحە)یەی خێزانم خواست، پاشان چووینە شاری ڕومادیو لەئۆردوگای ئێرانییـەکان 10 سـاڵ ماینـەوەو ئینجـا گەڕاینـەوە کوردسـتان، ماوەیـەك لەشارەزوور لەگەڵ ماڵی خەزوورم بووینو ئیتر چووینە ئەودیوو لەجوانڕۆ ماینەوەو کاسبیم دەکرد، ئێمە (5)کەس بووین، منو سەبیحەو دوو کچمو کوڕێك، بەینێ لەمەوبەر بەنیازی سەردانی ماڵی باوکی ژنەکەم منداڵەکانی هێناو هاتنەوە ئێرە، زروفم نالەبار بوو تابێمەوە بەشوێنیاندا، لەم دواییەدا هـەواڵم پێگەیشـت کـە(شـۆخە)ی کچـی گـەورەم کـوژراوە، وتیـان مـاڵی خەوزوورم کوشتویانە، ئیتر یەکسەر هاتمو من سکاڵام تەنیا دژی سەبیحەو (جەبار)ی برایەتی، چونکە ئەوان کوشتویانە، ئیتر هیچ شکاتێك لەنەزیرەی ژن خوشکمو خەزوورو خەسووم نییە.

*پاشان عەزیز بەدادوەری وت:

-داواکارم فەرمان بدەن کوڕو کچەکەی ترم پێبدرێتەوەو خواهەڵناگرێ بێگوناه لەگەڵ دایکیاندا لەزینداندا ژیان بەرنە سەر.. من نازانم بۆچی کچە گەورەکەم کوژراوە، هیچ شتێکی خراپیشم لەژنەکەم نەدیوە، بەڵام من

پیاوێکی هەژاربووم و بەکرێکاری خێزانەکەم دەژیاند، گەر خوانەخواستە لەپشتی منەوە شتێکی کردبێت ئەوا نازانم.

لێدان.. دامرکاندنەوەی حەزێکی شێتانە !

شۆخە تەمەنی 11 ساڵ بوو، دووانەکەی تریشیان، کورە چوار ساڵ و کچە بچکۆلەی یەك ساڵ بوون، شۆخە کەماڵی باوکی لەرومادی بوو فامی کردبووەوەو، چونکە زۆر هۆگری باوکیشی بوو هەموو قسەیەکی بۆ دەکرد، هەروەها لەئێرانیش دایکی لێی دەدا، ئەو دەگریاو ئەمیش دەیووت (سەرت لەقورنێن، من دەبێ قسەیەك لەگەڵ یەکێك بکەم و ئێوارە باوکت بیزانێ!).

کەگەڕانەوە لە شارەزوور لای نەزیرەو جەبار چەند جارێك باسی خراپی و زۆربلێی و فیتنەیی (شۆخە)ی بۆ دەکردن، سەبیحە دەیووت:

–ئا ئەم کچە بەدفەساڵە مایەی مەینەتیی من بوو، نەیدەهێشت لەگەڵ عەزیزدا بگونجێین، ئەم دەم رەشە بەهەق و ناهەق شکاتی لێدەکردم، ئەم بوو بەلێدانی دەدام.. هەر ئەمیش بوو شیرازەی ماڵی لێ تێکداین.. ئەم بەمنی دەووت (خراپ)..

ئیتر دەکەوتە ژێر چنگی بێبەزەییان و هەموو گیانی شین و مۆر دەکرایەوە، زۆرجار نیوەمردوو دەبوو، بەتایبەت بەدەستی خاڵە هارەکەی.. هەندێ جار دایکی بێرەحمیشی لێی دەدا، هەندێ جاری دیکەیش پورە نەزیرەیشی ترسی خوای لەدڵدا نەبوو، پەلاماری ئەو بەستەزمانەی دەدا. هەموو ئەو جارانە دایك و باوکە پیرەکەی سەبیحە بێدەسەڵات و بێدەنگ بوون.. جارێك پیرەژنەکەیان وتی (رۆڵە بۆ وای لێدەکەن، گوناهتان دەگات،

ئەو کچە چی کردووە؟)، سەبیحە وەڵامی دایەوە (ئەمە سەرەخۆریە، ئەمە بوختانی بۆ هەڵدەبەستم..)، کچە گوێی لەوەبوو بەترسەوە وتی (بوختان نەبوو.. راستم دەکرد). ئیتر پەلاماری درایەوەو سەرولوتی شکێنراو خوێن بەدیزداشەکەیدا هاتەخوار.

ئەو رۆژەی بەیەکجاریی ڕەوانەی مەرگ کرا !

پاش نیوەڕۆی 2001/10/12 جەبار بەخۆیو جانتای دەستیەوە گەیشتەوە هەڵەبجەی تازە، لەماڵەوە پشوویەکی داو هەواڵی عەزیزی پرسی:

–ئەرێ ئەو کابرایە دەنگی نییە. نیازی نییە بێتەوە دواتان؟

سەبیحەی خوشکی وەڵامی دایەوە:

–نەوەڵڵا، ناکەس بەچەیە هەر دەڵێی ژنو منداڵیشی نییەو مێش میوانی نییە.. ئەوە هەر خۆم ئەزانم چ بەرازێکە..

شۆخە بەو قسانە دڵی گوشرا.. بەدەنگی نزمەوە بەدایکی وت:

–عەیبە قسە بەباوکم دەڵێی، خوا دەزانێ گرفتاری چییە؟

بەو قسانە خاڵۆی هەڵچوو، نەڕاندی بەسەریدا..

–نەخێر گرفتاری نییە، بەڵکو خراپو نالەبارە، باوکت هەر پیاو نییە.

–دەوەڵڵا وانیە. باوکی من زۆر باشە..

خاڵۆی نەیهێشت قسەکانی تەواوکاتو پەلاماری دا، دایکیشی (ماسیحە)یەکی هێناو کەوتە کوتانەوەی سەروگوێلاکی، پورەکەشی بەشداریی کردنو بەچەپۆك کەوتە لێدانی، ئەوەندەیان لێدا لەهۆش کەوت، ئینجا دایکی چوو سەتڵێك قوڕی هێنا، هەرسێکیان پێکەوە ناودەمیان پڕکرد لەقوڕ، هەناسەی لێ بڕا، دوای چەند دەقیقەیەك رەنگی بەیەکجاری هەڵبزرکا.. ئینجا پێکەوە لەسەر کۆنکرێتی حەوشەکە درێژیان کرد.. دوای ئەوەی دوو سەتڵ ئاوی ساردیان پیاکردو نەبزوا، دڵنیابوون کەرۆحی تیانەماوەو مردووە..

وەك ئـەوەی مـەرامیان هاتبێتـە دی ماوەیـەك پشـوویان داو تەماشـای یـەكتریان دەكـرد.. بردیانـە ژوورەوەو لەپشـتی كەوانتـەرێك دانـرا، تابـەیانی لـەوێ بـوو.. دواتـر نـەنكی بەدادگای وت (بـۆنی نـەبوو.. بـەڵام مێروولـە تێـی ئاڵابوون..!)... ئەو شەوە بەستەزمانە بێئەوەی كەسێك ئاگاداری بێت لـەوێ بوو، كەسوكارە دڵسۆزەكەی بۆ سبەینێ كەوتنە مشوری شاردنەوەی، جەبار عەرەبانەیـــەكی دەســـتی بـــە(5) دینـــار بـــەكرێ گـــرت، دوای ئـــەوەی لەقەبرســـتانەكەی زەڕایـــەن گـــۆڕێكی بـــۆ هەڵكەنـــد، لەگـــەڵ خوشـــكەكانی خستیانە سەر عەرەبانەكەو بردیان و خستیانە گۆڕەكەیەوە.

رۆحیانـەتی بێگـەردی ئـەو شـۆخە زوڵـم لێكـراوە پـەردەی لەسـەر نهێنـی ئـەوان هـەڵماڵی و هـەموویان گـیران.. لەلێكۆڵینـەوەی پۆلیسـدا پێیـان وتـن (چۆن ئەوەندە دڕنـدە بـوون، چۆن ترسـی خواتـان نـەبوو.. دەبـێ هـەمووتان سزاكەی بدەن.. دەبێ ئێوە ببنە پەندی زەمانە)... هـەر هـەموو گیران، دایـك و پـورو خـاڵ و بـاپیرو نـەنكی (شـۆخە) لەبەندیخانـەدا بـوون تـارۆژی دادگـایی كردن.

دادگایی كردنی ئەوانەی پێكەوە منداڵێكیان كوشت!

رۆژی 2002/5/19 دادگـــای جنایـــاتی ســـلێمانی لـــەتاوانبارەكانی پرسییەوە، دادگا بڕیاری دا:

–سەبیحەو جەبار لەسێدارە بدرێن.

–نەزیرە بەهەمیشەیی زیندانی بكرێت.

–باپیرو نەنكی شۆخە ئازادبكرێن.

كاتێ ئەم حوكمانە رەوانەی دادگای پیاچوونەوە كرا، دوای دوو مـانگ و نۆ رۆژ بەپێی بۆچوونی دادگا كوشـتنی (شـۆخە) بـەپلانی لەوەوبـەر نـەبووەو لەو ساتەدا روویداوە، هەر بۆیە بڕیاریدا:

1–كەمكردنەوەی سزای (جەبارو سەبیحە) لەلەسێدارەدانەوە بـۆ زینـدانی كردنی هەمیشەیی.

2–کەمکردنەوەی سزای زیندانی کردنی هەمیشەیی نەزیرە بۆ 15 ساڵ زیندانی کردن.

3–ئازادکردنی باپیرەو نەنکی شۆخە.

شۆخە لەنێو هەمووواندا..

بەرلەوەی شۆخەی 11 ساڵ بکوژرێ، بەخۆیو بالای مام ناوەندیو قژی رەشو پێستی گەنم رەنگیەوە ئاواتەخواز بوو لەو دۆزەخە رزگاری بێو بگاتەوە لای باوکە ماندووەکەی.. کەسێ نەبوو گوێی لێ بگرێ. تەنانەت برا چوار ساڵەکەشی لەغەمی ئەو نەدەگەیشت.

وا ساڵێكو مانگێكو حەڤدە رۆژی تەواوە جەستەی ماندووی ئارامی گرتووەو جارێکی تر ناکەوێتەوە ژێر چنگی رەشی دایکەکەیو بەر چەپۆکی پوورەکەیو جارێکی تر خاڵەکەی بەر شەقو زللەی ناداتەوە.. ئەوجەستەیەکی ئارامو گیانێکی ئارامە، بەڵام هەمیشە باوکە کڵۆڵەکەی لەخەو رادەپەڕێو بانگی دەکات. لەزیندانیشدا بەرۆکی دایكو خاڵەکەی بەرنادات‌و هەمیشە ئێخەیان دەگرێت‌و لێیان دەپرسێتەوە.. جار جارەش سەرێکی پورەکەی دەدات‌و بەگلەییەوە پێی دەڵێت (خۆ من هانام بۆ تۆ دەهانی.. کەچی تۆش هەر وەکو ئەوان بوویت).

ئەوان تارماییەك لەبەرچاویاندایە کەناوی شۆخەیەو رەنگو سیمای شۆخەی پێوە دیارە، گەر بۆ چەند چرکەیەك ئەو تارماییە دیارنەمێنێ، ئەوا دواتر دێتەوە بەرچاویانو لێیان دوورناکەوێتەوە.

ئەوان کەکوشتیان بێباك بوون، بەڵام ئێستا هەمیشە ترسی خوا تۆقاندوونی..

لەودیو سنوور دەگیرێن

(تایـەر) هەرچـەندە کـوڕی لادێ بـوو، نـەوەی گونـدێ بـوو ئـاوەدانو پـڕ بەرهەم، بەڵام لەگەڵ تەخت کردنی گونـدە کەیـداو سووتانی رەزو دارەکـانی، ئەمیش کەسێکی تەمەڵو بێ کاری لێ دەرچوو بـوو، بەناو کاسب بـوو، بەڵام بەسکێ تێرو بەهەزار برسی، چی رووناکییە لەسیمای تایەردا نەمابوو، نـامۆ بوو بەژیانی ئۆردوگاو لەگەڵیا ئاشنا نـەدەبوو، رێکـەوت چرایەك لـەدەروونی کـەیلو تاریکیـا هەڵگیرسـا، تـۆوی هیوایـەك لـەدڵی غـەمباریا سـەوز بـوو ناسینی (بەدیعە)ی هاوسـێو شـۆخە کچـی گـەڕەك هێـزو گـوڕێکی چاوەڕوان نەکراوی پێبەخشـی، رۆژان هـاتو رۆژان رۆیشـت، روانـینو سـەرنج بـوو، بـە چرپەو سلاّوو راز درکاندن، گەلێ ژووانو دیـتن بوونـە سـەرەتای عەشـقی ئـەو دووانە، ئۆردوگا نزیکەکەی شار لەبەرچاوی تایـەردا قەشـەنگو رازاوە خـۆی دەنوانـد.. بەدیعـە چـی تـر خـۆی بـۆ نـەگیراو دەبـێ رازی دڵدارییەکـەی لای کەسـێ بـدرکێنێ، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش لـە(پەخشـان)ی هـاوڕێو دەسـتە خوشـکی کەسـی باشـتری شـك نـەبرد... ئـەو دەیزانـی پەخشـان باڵندەیـەکی دیکـەی لـە قەفـەز نـراوە، دەیزانـی بـابو کەسـوکارەکەی حسـاب بـۆ هـەموو هاتنـە دەرەوەیـەکی دەکـەن، بـەڵام مـاڵ بـەماڵو قـاپی بەقاپییـەوە بـوون، دەیتـوانی چ کـاتێ بیـەوێ بیبینـێو کـەی مەبەسـتی بـێ گرییـەکانی بـۆ بکاتەوە...

زۆربەی ئێواران، لەسەربانەوە بانگی دەکـردو تـەنیا ستارەی نزمـی نێـوان بانەکانیان لەنێواندا بوو.. کاتێ بەدیعە رازو نیازی خۆی بۆ هەڵڕشت، بینـی

(پەخشان)ی جوان ئاگری عەشقێکی بڵێسەدار لەدڵو دەروونیا دەسوتێو بەهیچ شتێ دانامرکێتەوە، پەخشانیش ئەڤینی ساڵەوەختەی خۆیو (ئومێد)ی بالآبەرزی دڵخوازی بۆ دەگێڕایەوە...

ئومێد چەند جارێ ناردبوویە خوازبێنی پەخشانەکەی، بەلآم کەسوکارەکەی رازی نەبوون، دواجار بۆ خۆی دێتە ماڵو بێ پەردە داخوازییەکەی چەند بارە دەکاتەوە، باوکی پەخشان دەمار دەیگرێو دەشیڕێنێ:

–رۆڵە، گەر بەملیۆن دینارو ئاڵتوونی هەموو دنیام بۆ بێنی ناتدەمێو سەری خۆت مەیەشێنە..!

ئەو بێ ئومێد نەدەبوو، دایکە پیرەکەی دەنێرێتو پێیان دەڵێ:

–قوربانتان بم، کچتان هەیەو کوڕم هەیە، کوڕتان هەیەو کچم هەیە، مەردی خوابن بالە دووسەرەوە ببین بەخزم..

باوکو برای پەخشان رازی نابن... ئەویش شەوانە روو لەئەستێرەکانی ئاسمان دەکاتو لەگەڵیاندا دەکەوێتە پرسیارو رازو گلەیی...لەخۆیشی دەپرسێ:

–داخۆ چەندی تر ئومێد چاوەڕوانم بێ، تۆ بڵێی وەرس نەبێو دەستم لێ هەڵنەگرێ؟! لەولاوە بەدیعەش، بەگرفتی خۆیو پەخشانی هاوڕازییەوە دەتلایەوە، پەیوەندی بەدیعەو تایەر لەئۆردوگادا زانرا، بەر لەوەی بێتە پێشێو کەسوکار بێنێتە داخوازیی بەدیعە، خزمو براکانی بەدیعە کەوتنە چاو سوورکردنەوەو هەرەشە کردن لێی، دواجار پێیان وت:

–گەر واز لەبەدیعە نەهێنیت ئەوا دەتکەینە پەنگی رۆژگار، نەگبەت ئێمە لەکوێو تۆ لەکوێ...

دەیویست بەزمانی ناسك لەمەرامی بێ گەردی تێ بگەنو پێی دەوتن:

-چ تاوانێکم کردووە، ڕێزی خۆتان و کچەکەتانم لایە، بۆیە دەمەوێ لێتان نزیك ببمەوە، بۆ دڵداری حەرامە؟!

دواجار پێیان وت:

-تایەر، هۆش بهێنەرەوە بەرخۆت، ئێمە کچ بەغەیرە نادەین، جارێکی تر ئەمە دووپات کەیتەوە زمانت دەبڕین...

پێك گەیشتنی دڵداران..

هەردوو کلۆڵ بەدیعەو پەخشان بێ یەکتری نەدەژیان، ڕۆژ نەبوو پێك نەگەن و دواجار بەغەمباری دوعاخوازیی لەیەکتر نەکەن، بەهۆی ئەوانەوە هەردوو ناکام (تایەرو ئومێد) بوو بوونە هاوڕێ و برا، لەدوو درەختی تەنیشت یەکی گوندی دەچوون کە ڕەگیان تێکەڵی یەکتر بووبێ، بەڵام دوو درەختی، ڕەنگ لەدەست چوو، بێ دیمەن..

شەوێك لەژوورە ساردەکەی تایەردا، ئەو کاتەی بارانی تشرین بست بەبستی خاکەکەی دەشتەوە، لەگەڵ بروسکەو هەورە گرمەدا، بڕیارێکی تایەر وەك بروسکە لەئومێدیدا، چاوەڕوانی بڕیاری وانەبوو، چونکە بەجێ هێنانی زۆر بەزەحمەت دەبینی...

چەند جارێ تر تایەر بڕیارەکەی دووبارە دەکردەوە، دواجار ئومێدیش قایل بوو، بەڵام ئومێد دەیپرسی:

-باشە تایەر گیان، لەو بڕوایەدایت پەخشان و بەدیعە ڕازی بن، پێت وایە هێندە ئێمەیان بوێت بەرەو ڕێگای هات و نەهات و نادیاری چارەنووس شوێنمان کەون...

بەهێمنی تایەر وەڵامی دەدایەوە:

–ئا، کاکە گیان ئا، بڕوات هەبێ ئێمەیان لەهەموو کەس خۆشتر دەوێ، ئەوان بۆ مەرگیش شوێنمان دەکەون نەخوازەڵڵا بۆ ژیانو بەدی هێنانی ئاواتی خۆیان...

بروسکە بڕیارەکەی ئەمان گەیشتە جووتە دەستە خوشك، دوای چوار رۆژ بیر کردنەوە بڕیاریاندا رەدوویان کەونو بۆ کوێیان دەوێ شوێنیان کەون، بەڵام بەو مەرجەی بەپێی شەرع مارەیان بڕنو تا ئەو کاتەش پەنجەیان بەر پەنجەی ئەمان نەکەوێت..

ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 1991بوو، ئەوان ئۆردوگایان جێهێشتو کەوتنەڕێ، هەواڵ بەهەموو لایەکدا بڵاوبووەوە، کەسوکاری هەردوو کچ شپرزەو شێواو وبێ ئۆقرە بوون، بەتایبەت باوکەکانیان، باوکی بەدیعە بستێ لەماڵەکەی دوور نەدەکەوتەوە، پێی وابوو هەر کەسێ ببینێ نەفرەتی لێدەکات..

ئەوانیش لەپێنجوێنەوە گەیشتنە سەرسنوور، چوون بەو دیوداو لەسەقز گیرسانەوە، لەوێ چوونە لای مەلاو مارەیان بڕی، پەخشان ترس دەموچاوی داگیر کردبوو، بەدیعە لەو باشتر بوو، لەغەریبایەتیدا بەهەژاری گوێزرانەوە، تەمەنی پێك گەیشتنو ژنو مێردییان تەنیا (4) مانگی بڕکرد، سوژنی دەیان پرسیار دەچوو بەدڵو دەروونی پەخشانو بەدیعەدا، پیاوەکانیش ژیانیان زەحمەتو مەحاڵ بوو، جوامێریو چالاکیی رۆژانو شەوانی ئۆردوگاکەی جارانیان نەما، هەردوو لایان وابوو تاوانیان کردووە، تاوانی گەورەو بێ وێنە.!

هەرچەندە خەڵکی ئەودیو رێزیان دەگرتنو لەترسو دڵەراوکێیان کەم دەکردنەوە، بەڵام ئومێدو تایەر لەخۆ بەدەستەوە دان زیاتر چارەسەری دیکەیان شك نەبرد... خۆیان گەیاندە پێنجوێن، بارەگای بەرەی کوردستانی

پێشوازی لێکردن و دوای ئەوەی خۆیان و کێشەکانیان ناسی، ناردیان دوو(بووکەکەیان)هانی و بەنووسراوێك رەوانەی دادگای سلێمانییان کردن...

سەرلەنوێ مارەکردن !

دوای ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە لەبەسەرهاتی هەرچواریان تێگەیشت، رەوانەی دادگای کاروباری کەسیی کردن بۆ مارە برین بەشێوەیەکی رەسمی، پۆلیس بردنی بۆ دادگا، رۆژی 1992/3/17بوو، چەند رۆژێکی کەمی مابوو سروشت دەست کاتە گەردنی وەرزی نویٚ، لەسەر کورسییە تەختە درێژەکەی بەردەم دادگادا بەدیعە بەچرپە لەپەخشانی پرسی:

–وا خوای گەورە فریامان کەوت و چیتر گرفتمان نامێنیٚ.. باشە گەر منداڵتان بوو چی ناو دەنێن؟

پەخشان ترسەکەی لەوەو بەری هەر مابوو، بە زەردەخەنەیەکی ساردەوە تەماشای بەدیعەی کردو هیچی نەوت..

بەدیعە دەیویست دڵی بداتەوە، هەر بۆیە لەسەر قسەکەی رۆیشت و وتی:

– ساوەڵڵا گەر من کوڕم بێت ناوی دەنێم نەورۆز، گەر کچیش بوو ئەوا ناوی دەنێم بەهار...

دەنگی زوڵاڵی کابرای بەردەرکی دادگا رایچڵەکاندن، دووجار لەسەر یەك بانگی کرد:

–تایەرو بەدیعە، ئومێدو پەخشان...

پۆلیسەکە پێشیان کەوت و ئەمانیش لەدوایدا چوونە هۆڵەکە، دوای چەند پرسیارێك، دادوەر بڕیاریدا هەریەکە لەسەر(20)مسقاڵ ئاڵتوون مارە بکرێن... پەخشان و بەدیعە بزە گرتنی و هاتنە دەر.. لەقەربالغی دادگا خۆیان قوتار کردو رووەو قاڵدرمەکان هەنگاویان نا، بەڵام ...

ديمةنيَكى ضاوةرِوان نةكراو...

سەعات 12.30ی نیوەڕۆ بوو، هەر چواریان‌و دوو پۆلیسەکە گەیشتنە بەر دەرگای دەرەوە، پەڕینەوە شەقامەکەی ئەوبەر، نزیك بوونەوەی چەند کەسێك لێیان هەر چواریانی شپرزە کرد، چەند چەکدارێك میلی کلاشیکۆفیان هێنایەوە، تایەرو ئومێد لەترساندا خۆیان کوتایە یەکێك لەدوکانەکانی سەر شەقامەکە، بەدیعەو پەخشان ویستیان خۆیان ون بکەن، بەلاّم سوودی نەبوو، بریاڕی مەرگیانەو چەکدارەکان بێ رەحمانە جێبەجێی دەکەن، فیشەکێك‌و دووان‌و سیان.. هاوارو زریکەو راکردنی خەڵکی، شوێن کەوتنی تەقەکەرێك‌و دەستگیر کردنی لەلایەن پۆلیسەکانەوە، دواجار راوەستانی ئوتومبێل‌و سوار کردنی پێکراوەکان بەجەستەی خوێناوییەوە رووەو نەخۆشخانەی فریاگوزاری...

كىَ كوذراو كىَ بةركةوت؟

لەنەخۆشخانە، بەدیعەی(18) ساڵ لەسەر تەختی پشکنین بەمردوویی چاوەکانی لێك نابوو، بەدیعە پێنج فیشەك بەر سەرو سك‌و سنگی کەوتبوو، وا پێدەچێ هەر لەشوێنی رووداوەکەدا گیانی لەدەست دابێ‌و قەدەر نەیویستووە وەرزی (بەهار) ببینێت، پەخشانی(17) ساڵیش چەند فیشەکێك بەر سنگ‌و سك‌و پشتی کەوتووەو دەست بەجێ دەبرێتە هۆڵی نەشتەرگەری‌و بە نەشتەرگەرییەکی زەحمەت بەژیان شاد دەبێتەوە، یەکێکی دیکەیش کە رێکەوت بەرکەوتووە رێبوارێ بووە بەیەك فیشەك شانی پێکراوە...! ئەم رێبوارە بەچاوی خۆی دیویەتی کام چەکدارە تەقەی لێکردووەو دواتر کەدیویەتیەوە شکاتی لێکردووەو، ئەم رێبوارە دوای ماوەیەکی دوور درێژی تیمار کردنی ئینجا نەخۆشخانە جێدەهێڵێ..

چەکدارە تەقەکەرەکان کێ بوون..؟

چەکدارەکان کە لەبەردەمی دادگای سلێمانیدا قەومانیانو گیران، هەر لەلێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دانیان بەتاوانەکەیاندا(هەریەکە بەجۆرە بەشدارییەك) بریتی بوون لە:

باوکی پەخشان(تەمەنی 45 ساڵ)، برای پەخشان (تەمەنی20 ساڵ)، ئامۆزای بەدیعە(تەمەن 36 ساڵ)، ئامۆزایەکی تری بەدیعە(تەمەن 30 ساڵ)، دواتریش باوکە (53) ساڵ تەمەنەکەی بەدیعەش دەگیرێتو لەگەڵیاندا دەخرێتە ژووری تاریکی بەندیخانەوە، بەڵام ئەمیان نکوڵی دەکات لەبەشداری کردنی لەو تاوانەدا، هەرچەندە چوارەکەی دیکە شایەت دەبن بەسەریەوەو بەدادگا دەڵێن (ئێمە هەر پێنجمان لەپێناوی کړینەوەی ناوبانگو شەرەفماندا ئەو بڕیارەمان دا، بیستمان کەگیراونو ئەو ڕۆژە دادگا بۆ مارە کردنیان بەشێوەیەکی شەرعی، ئەوە بوو بەخۆمانو تفەنگمانەوە هاتینو ئەو کارەمان کرد...)

ڕۆژی دادطایی کردن...

1992/12/13 دادگای جنایاتی سلێمانی بەم شێوەیە حوکمی بەسەر هەر (5) گومان لێکراوەکەدا دا:

1- باوکی بەدیعە، لەهیچ یەك لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردندا دانی نەناوە بە بەشداری کردنی لەتاوانەکەدا، هەرچەندە چوارەکەی تر دەڵێن لەگەڵماندا بووە، بەڵام شایەتی گومان لێ کراو بەرامبەر گومان لێکراوێکی دیکە بەهای یاسایی نییە، هەر بۆیە دەست بەجێ ئازاد دەکرێت.

2- بەرامبەر بەکوشتنی بەدیعە، هەر چوار تاوانبار یەکی بە(2)ساڵ زیندانی کردن حوکم دەدرێن.

3–بەرامبەر بەزامدار كردنی پەخشان، هەر چوار تاوانبار یەكی بە(6)مانگ زیندانی دەكرێن.

4– بەرامبەر بەزامدار كردنی ڕێبوارەكە، ئامۆزاكەی بەدیعە(1) ساڵ زیندانی دەكرێ...

دادگای تەمیز بەبڕیارەكەی دادگای سلێمانی قایل نابێت...

پاش ئەوەی دەعواكە دەنێردرێ بۆ پایتەختی هەرێم بۆ ڕەزامەندی وەرگرتنی دادگای تەمیزی كوردستان، دادگای ناوبراو دوای ورد بوونەوە لەچۆنێتی تاوانەكەو بڕیاری دادگای سلێمانی، لەچەند بڕیارێكی دادگا ڕازی نابێتو داوای سەرلەنوێ دادگایی كردنەوەیان دەكات، بەڵام دادگای سلێمانی بڕوای بە حوكمەكەی هەیەو سوور دەبێ لەسەر بڕیارەكەی، هەر بۆیە دواجار دادگای تەمیز ڕۆژی 1994/2/26 بەپێی ئەو دەستەڵاتە یاساییەی هەیەتی بڕیار دەدات:

1– هەر چوار تاوانبار بەرامبەر كوشتنی (بەدیعە)حوكمەكەیان لە(2) ساڵەوە دەكرێت بە(3) ساڵ.

2– هەر چوار تاوانبار بەرامبەر بەزامداركردنی (پەخشان) حوكمەكەیان لە(6) مانگەوە دەكرێت بە(1) ساڵ.

3– هەر چوار تاوانبار بەرامبەر بەزامدار كردنی (ڕێبوارەكە) یەكی بە(2)ساڵ حوكم دەدرێن.

واتە هەریەكەیان بە(6) ساڵ زیندانی كردن حوكم دەدرێن.

لەكۆتاییدا...

-وا دووساڵو هەشت مانگە کەسوکارەکەی بەدیعەو پەخشان (هەر چوار تاوانبار) لەکونجی زینداندانو زۆری تریشی تیادەمێننەوە، ئاخۆ پەشیمان نین لەو کارەی لەبەردەم دادگایەکی شکۆداردا کردیان، یان هەر چۆن سوور بوون لەسەرپێك نەگەیشتنی دڵخوازەکان، ئاواش سووربن لەسەر(خاوێنی)ی تاوانەکەیان؟!

-ئاخۆ پەخشان کام یەك لەبیرەوەرییەکانی لەگەڵیا دەژین، ژوانی ئۆردوگا،یان بووکێنییەکەی سەقزی، یان دوا هەناسەی بەدیعەی دەستە خوشکی، یان هەڵاتنی (ئومێدەکەی) لەو کاتەی تفەنگەکان لوولەیان تێکرد!؟

-ئاخۆ رێبوارەکە چی بە پاڵەوانەکانی رووداوەکە بڵێ، ئەوانەی نەیدەناسینو رۆژی روناکیان لەبەرچاو تاریك کرد؟!

-یان، ئاخۆ تایەر و ئومێد لەخۆیان دەپرسنەوەو خۆ بە بەرپرسیار دەزانن لەو خوێنە سوورەی رژا، یان ئەو کەسانە بەتاوانبار دەزانن کەدەرگای خوازبێنیان بەروویاندا دادەخستن؟!

-ئەی تۆ خوێنەری بەرێزم، ئاخۆ لەگەڵ مندا ئەو کۆمەڵە بە بەرپرسیار نازانیت کەژیان دەکاتە ژانو تائەمڕۆ عەشقو ئەڤین بەیاساغ دەزانێ، تائێستا ئافرەت بەبچووك دەبینێو لەزۆربەی کاتدا بڕیارەکانی پەیوەست بەژیانی خۆیشی لێ وەردەگرێ؟!!

-یاخود رای تۆ وایە ئەم کۆمەڵە رژێمێکی داگیرکەرو کۆنەپەرست شێواندیو زۆر بەهای پێ لەدەستدا،ئەی ئەو نەبوو گوندو گوڵو کانیو عەشقی کوێر کردەوەو ئۆردوگای زۆرەملێی داهێناو تا ئەمڕۆ (تایەر وئومێدو بەدیعەو پەخشان)ە کان لەگەڵی رانەهاتوونو نازانن تیایدا چۆن بەیەکتر شادبن...

پەنجەکان هەڵدەوەرێن !

(1)

سـەر لەئێوارەیـەکی مـانگی تشـرینی دووەمـی 1992، زۆرابـی بـە زۆر دەربەدەر کراو لەشاری کەرکوکی باووباپیری، بەلەشی ماندوو وکوڵێ غەمی تاقانەکەیـەوە گەڕایـەوە ماڵ، ماڵ خـانووە گەورەکـەی جارانی نـەبوو، بـەڵکو هۆدەیـەکی کرێـی خانـە خـوێی خۆیبـوو، کـەدوو سـاڵی رەبـەق بـوو تیایـدا دەژیا.. زۆراب بەدرێژایی ئەو رۆژە مێشکی لای دلێری تاقانە جگەر گۆشـەی بـــوو، کەنەخۆشــــییەکی کتوپڕ،ســـی رۆژ بـــوو لــــەماڵ خســــتبووی‌و لەقوتابخانەکـەی دابڕی بـوو، زۆراب دلێـری نابەسـنگەوەو تێـر ماچـی کـرد، کـاتێ دایکـی دلێـر چـای بـۆتێ دەکـردن سـەعات بـەرەو 8ی شـەو دەچـوو، منداڵەکـە چاوەگەشـەکانی بـڕی بـووە بـاوکی، ئالـەو کاتـەدا(تەقینەوەیـەك) هێنـدەی تـر دلێـری وركـردو مـات‌و بێـدەنگ راکشـا، دایك پیاڵـەی لەدەسـت کـەوت‌و دوای پەیـدابوونی دەنگـە دەنگـی خـەڵکی، زۆراب چـووە دەرو پـاش ماوەیـــەك گەڕایـــەوەو وتـــی: دایکـــی دلێـــر، لـــەپاڵ دیـــواری تەنقیحەکـــەی بەرامبـەرمان TNT تەقێندراوەتـەوە... کەسـەرنجیان دایـە دلێـر تـەواو مـات‌و پەرێشان بوو، زۆراب کردیە باوەشی وتی:ئەم بەزمە هێندەی تر کاری کردە سەر دلێر زۆر ترساوە... ژنەکەشی وتـی: خـوا بەهـەقی خـۆی تۆڵـە لـەو کـافر باوکانە بستێنێ، رەبی هەرچی کاری وا دەکات پەنجەکانی هەڵوەرێ..

(2)

بـۆ دووسـاڵ دەچـوو مریـەم خـانی جـەرگ سـوتاو لەگـەڵ ژنـی کـوڕە شـەهیدەکەیدا دەژیـا، بووکەکـەی تـەنیا یـەك سـاڵی ژیـانی ژن‌و مێردایـەتی بینـی، حەسـەنی کـوڕی لەراپەرینەکـەداو نزیـك ئەمنـە سـوورەکە شـەهید کرابوو، مریـەم نەیدەهێشـت بووکـە دڵ شـکاوەکەی بـۆ کاروبـاری مـاڵ بچێتـە

بازاڕ، هەموو جارێ بەبەرگی ڕەشەوە جزدانە بچکۆلەکەی دەنایە مستی‌و بەجادەی مزگەوتی گەورەدا ڕووەو ناوجەرگەی بازاڕ دادەگەڕا، ئەو ڕۆژە کەرۆژی 1992/11/25بوو کات گەیشتە 9ی بەیانی‌و مریەم بەئاپووورەی خەڵکی‌دا ڕەت دەبوو. لەخوار مزگەوتی گەورەوە لەئاستی دوکانەکانی بەرامبەر دەبۆکە (تەقینەوەیەك) ئەو ناوەی بەجارێ لەراندەوە. مریەم بەلەشی خوێناوییەوە کەوت‌و لەتەنیشتییەوە پۆلیس جزدان‌و زەمبیلەکەیان هەڵگرتەوەو بەبێ هۆشی بەرەو نەخۆشخانە برا، بەدوای ئەودا دوکاندارێك‌و چوار ڕێبواری دیکەشیان گەیاندە نەخۆشخانەی فریاگوزاری، مریەم برایە نەشتەرگەری‌و کاتێ شیرینی بووکی پێی زانی‌و گەیشتە لای خەریك بوو بەنجەکەی خاو دەبووەوە، شیرین بەچاوی پڕلەفرمێسکەوە دەیوت:

–دایە دایەگیان، دەچاو کەرەوە، گەر تۆم نەمێنی ئەوا جارێکی تر حەسەن شەهید دەبێتەوە، دایە، دە وەڵامم بەرەوە دایە گیان..

(3)

پێنج ڕۆژ دوای تەقینەوەکەی خوار مزگەوتی گەورەی سلێمانی، لەیەکێك لەئوتێلەکانی کەرکوکدا، بلە دۆمی چڵکاو خۆری ڕژێم‌و پیاوی رائیدێکی ئیستیخبارات لەگەڵ سێ کەسی خەڵکی (تاسلوجە)دا تەگبیری دەکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە، حەمەتاڵ (تەمەن 46ساڵ)و کۆنە هاوڕێی نێو دائیرەی بلە دۆم لەسلێمانی، زەینەڵ عەلی(17ساڵ)، کەریم عەلی(16ساڵ)! لەکۆتایی گفتوگۆیاندا بلە پارەی دا بەکەریم تا لەدوای گەڕانەوەیان RBG بکرن‌و شوێنێکی دیاری کراو بتەقێننەوە پێی، هەروەها دەمانچەیەکی لامەی شۆڕشیدا بەهەمان ناوبراوو هەریەك لەزەینەڵ‌و حەمەتاڵ بڕێ پارەیان

لیٚ وەرگرت،حەمــەو زەینــەڵو کــەریمی بــرای لەگـــەڵ بلـــەدا دەچـــنەوە ئیستخبارات‌و لەویٚ سواری ئوتومبێلی نەقیبیٚ دەکریٚن‌و رووەو سەیتەرەکە دەکەونەڕیٚ، لەو ناوەدا دادەبەزن‌و سواری تاکسییەکی ریٚی سلێمانی دەبن کەدوو نەفەری تریشی تیادا دەبیٚ، نەقیبەکە پێشی تاکسیەکە دەکەویٚ‌و تـادوا سـەیتەرەی رژێـم لـەنزیکی چەمچـەماڵ، بـەلایت‌و ئیشـارەت نـاهێڵیٚ تاکسـییەکە رابگیریٚـت، ئـەو پـێچ بەلاندکرۆزەرەکـەی دەکاتـەوەو ئـەمانیش داخلـــی ســـنوری هـــەرێمی ئـــازاد کـــراو دەبـــن‌و لەیەکـــەم ســـەیتەرەی پێشمەرگەدا(بەر لەچەمچەماڵ) دوای پشکنینێکی ورد دەمانچەکە بەکەریم دەگیریٚ‌و دووپێناسەش بەزەینەڵ کەهیچیان هی خۆی نابن. یەکەمیان پێناسی پێشمەرگایەتی خاڵۆزایەکی، دووەمیشیان پێناسەیەکی ئەحوال مەدەنی بەناوێکی دیکەوە کەلە کەرکوک بۆی دەرهێنراوە، لەویٚ دەبرێنە فـەوج، سـەرەتا ئاشـکرای ناکـەن کـەبرای یـەکن‌و هـەولی راکـردن‌و دەربـازبوونیش دەدەن، بـەلاّم بـیٚ سـوود دەبێـت، دوای قسەکردنیشـیان سەرەداوی تر دەست ئاسایش‌و دادگا دەکەویٚ...

(4)

لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو دانپیانانی هەرسیٚ ناوبراو لەبەردەم ئەفسەرو دادوەری ئاسایش‌و پاشان لەدادگا ساغ دەبێتەوە کە:

–حەمەتاڵ بەهۆی هاوڕێیەتی کۆنی لەگەڵ بلە دۆمدا پەیوەندی دەکات بە(ئیستخباراتی شرقیە)ی کەرکوکەوەو لەویٚ یەك دوو ئەفسەر دەناسیٚ، بەهۆی حەمەتاڵیشەوە زەینەڵ بلە دەناسیٚ‌و بەهۆی ئەویشەوە رائیدێکی رژێم، بەهۆی زەینەڵیشەوە کەریمی برای بەشداری کاری تاوانکارانە دەکات.

–ڕۆژێ لەماڵی بلەوە هەردوو ناو براو دەچنە لای رائیدەکە، ئەویش دوای ئەوەی دوو ئامێری ریکۆرد(مسجلة)و تەلەفونیان دەداتێ کە TNTلەناویا چێنراوە بڕی (500)دینار دەداتە هەریەکیان، دوای ئەوەی فرمانیان پێدەکات کەدوای گەڕانەوەیان دەبێ لەدوو ئوتێلی دیاری کراو بیانتەقێننەوە، سواری ئوتومبیلەکەی خۆیان دەکاتو بەرەو رێگای کفری تادوا سەیتەرەی رژێم دەیانگەیەنێ، لەوێشەوە خۆیان دەچنە کفری، ئینجا کەلارو ئینجا بە(دەستو دیارییەکانیانەوە!)دەگەنەوە سلێمانی، لەوێ زەینەڵ هەردوو ئامێرەکە لەگەڵ خۆیدا دەباتە ماڵی خاڵیوماڵی پووری، حەمەتاڵیش دەگەڕێتەوە تاسلۆجە، زەینەڵ ئەو ئێوارەیە، بەخۆیو تەسجیلەکەوە لەماڵی خاڵی دەبێ، لەوێ بەنهێنی پاتری دەخاتە ناو تەسجیلەکەوەو دەڕواتە دەرو بەرەوو ئوتێلی..دەڕوات، لەو ناوە دەترسێ ئەو کارەبکات، دەپەرێتەوە ئەوبەرو لەپشت دیواری کارگەی(تنقیح)دیارییەکە دادەنێ، دوای نیوسەعات گوێی لەدەنگی تەقینەوەیەکی گەورە دەبێ.. شەو لەماڵی خاڵێ دەنویو بۆ بەیانی دەگەڕێتەوە کەرکوكو لەگەڵ بلەدا دەچنەوە لای ئاغای رائد، کە بەکارەکە دەزانێ هەرچەند بەدڵی نابێ بڕی (5000)دیناری عیراقی دەداتێ،دوای 15رۆژ مانەوە لەوێ، حەمە تاڵ دەچێتە لایانو کە بەرائیدەکە دەگەن داوایان لێدەکات تەلەفۆنەکە (کەلەماڵی پووری زەینەڵدا شاردراوەتەوە) نزیك بەمزگەوتی گەورە بتەقێنەوە، یەکی500دیناریشیان دەداتێو ئەمانیش تەشریف دێننەوە.. شەو زەینەڵ" کەریمی برای لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکاتو داوای هاوکاریی لێدەکات، ئەمیش رازی دەبێ، بۆ بەیانی زوو لەگەڵ حەمەتاڵدا یەك دەگرنەوەو

لەئاودەستی مزگەوتەکەدا پیل دەخەنە ناو تەلەفۆنەکەوەو پاشان لەخوارترەوە دەچنە دوکانی(گەس)فرۆشێكو تەلەفۆنەکە کەلە عەللاگەیەکی رەشدایە لەکونجێکی دوکانەکە دادەنێنو دوای خواردنی سەرو لەفە ئەو ناوەجێدەهێڵن، دوای جیابوونەوەیان لەحەمەتاڵو کاتێ دەگەنە کانێسکان بەتەقینەوەیەك زەویی ژێرپێیان دەلەرزێ، هەردووسەیری یەکتر دەکەنو زۆر ناشیرین بەرووی یەکدا پێدەکەنن! بۆ رۆژی دوایی دەچنەوە کەرکوكو لەوێ رائدی سەرچاوەی تاوان پاش ئەوەی لەژمارەی بریندارەکانو زەرەرو زیانەکانی ئەو ناوە ئاگادار دەکرێ، یەکی برێ پارەی تریان دەداتێو ئینجا داوای کاری سێیەمیان لێدەکات.. بەلآم ئەو نامەردانە راناگەن پیاییداو پیاوانی ئاسایش رووەو زیندان کێشیان دەکەن، دوای ئەوەی لەسەیتەرەی چەمچەماڵ دەگیرێن..

(5)

لەهەرسێ رۆژی 8/24، 9/ 12، 1993/9/23، سەرۆکایەتی دادگای جینایەتی سلێمانی لەداوای ژمارە 229/ج/1993 کۆڵیەوەو دادگایی گومان لێکراو(حەمەتاڵ)ی کرد، هەربەتەنیا حەمەتاڵ،چونکە جووتە برا زەینەلو کەریم هەردووکیان تەمەنیان لە (18) ساڵ کەمتر بوو داواکەیان جودا کرابوەوە رەوانەی دادگای (احداث)کرابوو، لەدوا رۆژی دادگایی کردنی حەمەتاڵ دا دادگای بەرێز بڕیاریدا:

1-حوکم دانی تاوانبار حەمەتاڵ بەحوکمی هەمیشەیی(مؤبد).

2-(ڕەحمە) کەیەکێك لەزامدارەکانی تەقینەوەی خوار مزگەوتی گەورەیە دەتوانێ لەدادگای مەدەنی دا داوای قەرەبووی خۆی بکات.

ئەوانەی ئەم دادگایی کردنەیان بینی، ئەوەندەی تر دادو یاسای کوردستانیان لەلاشکودارتر بوو، پاشەڕۆژی گەشی گەلەکەیان بەباشی دەهاتە بەرچاو..

(6)

حەمەتالّی میوانی ژووری تەنگو شێداری بەندیخانە، هەرچەندە دەیویست ویژدان لێیگەڕێو خۆ لەپرسیاری زیندانیەکانی دیکە بدزێتەوەو کەمێ خۆی ئاسوودە بکات، بەلاّم بێسوود بوو، دیمەنی کوڕە خوێندکارە زیتەڵەکەی بەرپەردەی چاوەکانی جێنەدەهێشت، دەنگە تیژەکەی لەگوێیدا دەزرنگایەوە کەهەموو جار(لەبەر)ئەو شیعرەی دەوتو دەوتەوە:

ڕەبی مووی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

ئینجا سەرنجی دەدایە دەستەکانی، لەبەرچاوی زەردو لاواز هەڵدەگەڕانو بەمێشکی وڕەوە دەیدی یەکە یەکە (پەنجەکانی هەڵدەوەرێن)..!

(7)

زەینـەڵ‌و کـەریم لەوکاتـەوە دەسـتگیرکراون تائـەمڕۆ سـیمای منـداڵی‌و هەرزەکاریی بەڕوویانەوە نەماوەو لـەپیاوی گـەورە دەچن، پیـاوی ناشـرین..!

هەموو جارێ بەیەکتردەڵێن:

-چیمان بـەخۆمان کـرد، خـۆ ژیـانی شـوانی قەدپاڵـەکانی لای تاسلوجەو بازیـان خۆشـترین ژیـان بـوو بـۆ ئێمـە، خـۆ کرێکـاری کـردن دەیکردینـە لاوی بەحورمەت، چیمان بەخۆمان کرد؟!

زۆر جاری تریش بەیەکتر دەڵێن:

-خـوا بـەوە رەحمـی پێکـردین تەمـەنمان بچـوکە، دەنـا لـەبری(15)سـاڵ زیندانی، بیست‌و زیاترمان پێدەبڕا..

***هـەردوو پەشـیمان‌و خەجاڵـەتن، بـەڵام پەشـیمانی چ دادێکـی زینـدانی دەدات‌و کەی فریادرەسی مرۆڤی تاوانبار بووە؟؟!!**

جیابوونەوە

(شەهلا)ی تەمەن پانزە ساڵە بەتەنیا لەگەڵ دایکە بێوەژنەکەیدا دەژیا، دایکی شەهلا بەگەنجی لێی قەوما بوو، ئەمو خوشکێکی گەورەتری هەبوو بەناوی(مەهاباد)، مەهاباد لەماڵەمێردی خۆیدا دەژیا، دایکیان مەرامی سەرلەنوێ شووکردنەوەو وەدەست هێنانی گوزەرانێکی باشتری هەبوو، بۆیە دەیویست هەرچۆنێکە پاڵ بەشەهلاوە بنێ‌و مێردێکی بۆ پەیدابکات، بۆ ئەو مەبەستەلە(فەرهاد)ی کوڕە مامی شەهلا کەسی باشتری شك نەبرد، لەگەڵ عەزیزی شووبرایدا کەوتە تەگبیرو هەردووکیان بە(زۆر) شەهلای تەمەن(13)ساڵیان لەفەرهاد مارەکرد، بەڵام لەدادگادا نەء، چونکە پێنج ساڵی مابوو بۆ وادەی شووکردن، بەڵکو لەدەرەوەی دادگا ئەو کارەیان ئەنجام داو تەنانەت بۆ رۆژی مارەکردن(مەهاباد)ی خوشکیان بردە لای مەلا...! ئەو رۆژەی شەهلا بەبووکی برایە ماڵی مامە عەزیزی تەمەنی تەنیا13ساڵ‌و 2مانگ‌و 15رۆژ بوو!! بەڵام مێردەکەی 18ساڵی تەواو کردبوو، مارەیی بووکێ بریتی بوو لە15 مسقاڵ ئاڵتوون پێشەکی‌و 19مسقاڵ پاشەکی...

داوای جیابوونەوە...!

شەهلا دوای هەشت مانگ‌و نیو بەرەسمی داوای جیابوونەوەی لەمێردەکەی کرد، پاش ئەوەی لەماڵە مێرد هەڵهات‌و، لەوەو بەریش زۆرکەم لەو ماڵەدا ژیانی بردبووە سەر کە بەدۆزەخی دەبینی، بەڵام ئەمجارەیان دوا هەڵاتنی بوو، بۆ ئەو مەبەستە هاتە دادگاو پارێزەری بۆ کێشەکەی گرت‌و لەرۆژی 1993/3/15 تاوەکو 1994/2/5 پانزە جار دادگای ئەحوالی شەخسی سلێمانی لەو کێشەیەی کۆڵیەوەو دواجار بەئامادەبوونی پارێزەرو

لێکۆڵـــەری کۆمەڵایـــەتی و مێردەکـــەی دادوەری بـــەرێز کێشـــەکەی کـــە بەلاداخستو بەیەکجاری شەهلا لەفەرهاد جیابووەوە.

دادگا پشتی بەست بەداواکاری ژنەو بەوسەرپێچییە کەکچێك لەو تەمەنە بچووکەدا بەشێوەی نایاسایی بدرێ بەشوو.

ئەوانە بەسەرهاتی دیارو رووکەشی ژیانو ئاکامی (شەهلا) بوون کەلە دادگادا بڕیاری لەسەردرا، با ئێستا پێکەوە بڕوانینە لاپەڕەکانی لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی دادگا کەچەند جارێك ژنو مێردەکەی دیوەو زیرەکانە لەوتەو باری دەروونی ئەوانەوە سەرنجی خۆی تۆمار کردووە..

شةهلا ...نهێنییةكانی ذیانی خؤی دةدركێنێت...!

فـــەرهاد کەبـــەبێ کـــاری لەشارۆچـــکەیەکی نزیـــك ســـلێمانی ژیـــاوە، نەخوێنـدەوار بووەوحاڵـەتی تەندروسـتی و دەروونـی خـراپ بـووە، لەچـەند شـەوێك زیـاتر لەگـەڵ ژنەکەیـدا نەخـەوتووەو شـەهلا سـکی پڕنـەبووە، بـەڵام شـەهلا حاڵـەتی تەندروسـتی و دەروونـی بـاش بـووە، ئـەو ماوەیـەی جووتـە ئامۆزا پێکەوە بوون بەختەوەر نەبوونو ئێستاش شەهلا هەر منداڵەو لەو ژیانـەدا ترسـاوەو بـەرووی ترسـەکەی بەسـیمایەوە دیـارە، ئـەو ماوەیـە شەهلاو مێردەکەی لەژوورێکی ماڵی مامە عەزیزی دا ژیاون...

شەهلا وتویەتی:

-لەیەکەم شەوی بووکێنییەوە من لەگەڵ فەرهاددا ناکۆك بووم، چونکە بەزۆر دابوویانمێ، هەروەها ئەو کوڕە نەخۆشو شێت بوو، خۆمن لەزووەوە دەمزانی حاڵی ئەو بەو شێوەیەیە، هەر بۆیە رقم لێی دەبۆوەو کەبەزۆر دایانم بەویش هەر رقم لێی بوو، دەمزانی هەرگیز بۆ ئەوە دەست نادات

کەمێردی من بیٚو من لەسێبەری ژیانی ئەودا بحەسێمەوە، خوا دایکم بگریٚ تووشی ئەو دەردەسەریەی کردم، یەکەم شەوی شووکردنم بینیم فەرهاد هەر فەرهادەکەی جارانەو نەگۆڕراوە، هەستم نەکرد لەگەڵ مرۆڤێکی تەواودام، چەند شەوێکی کەم لەژوورەکەی مندابوو، دەبینم دیارنەدەماو کە سۆراغیم دەکرد سەیر دەکەم لە(گەوڕ)ی ماڵەکەدایە لەگەڵ ئاژەڵەکاندا! ئیتر بۆ خۆی شەوی لەناو حەیوانەکاندا دەبردە سەرو منیش بەتەنیا بۆ چارەنووسی رەشی خۆم دەگریام...

ویستم مامەکەم چاکی بکات، کوڕەکەی راست بکاتەوەو وای لیٚ بکات وەك پیاوو مرۆڤ بژی، بەڵام بیٚ سوود بوو، ئەو زۆر دڵڕەقانەو نەفامانە وەڵامی دەدامەوەو بگرە ئازاریشی دەدام، خەزوورەکەم ژنی نەبوو، چەند ساڵیٚ بوو وەفاتی کرد بوو، رۆژێکیان شتێکم لێدی هەر بەجاریٚ شێت بووم، شتێکی ئەوتۆ بوو کە هەرگیز بۆگێرانەوەناشیٚ...(شەهلا بەباسکردنی خەزوورەکەی بەجاریٚ سوور هەڵگەڕاو گەر توانای ژێری لێکۆڵەرەوەی ناوبراو نەبووایە ئەوا وشەکانی لەگەروویدا دەخنکان و هیچی بۆ نەدەوترا... لەدانیشتنێکی دیکەی دوو قۆلیدا شەهلا ئەو نهێنییەشی درکاندووەو باسی کارەکەی خەزووریشی کردووە، نەك کار بەڵکو تاوانەکەی...)

شەهلا بەرەنگی پەڕیووەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت:

-خەزوورەکەم کەمامی خۆم بوو زۆر خراپ بوو لەگەڵمدا، لەبری ئەوەی بەزەیی بەمنی برازاو بووکیدا بێتەوە قسەی ناشیرینی پیٚ دەوتم، مەبەستی نەبوو کوڕەکەی لەگەوڕ بینێتە دەریٚو لەحەیوانەکانی دووربخاتەوە،

بەکارێك دەڕندەیی و نامرۆڤی خۆی سەلماندو لەبەرچاوم بووە سەگ.. ڕۆژێکیان لێم نزیك بووەوەو پەلاماری دامو داوای کارێکی کرد کە بەجارێ کوێرو کاس بووم، بەزۆر کارەکەی ئەنجامداو پەلاماری ناموسمی دا... ئەو دڕندەیە چەند جارێکی تر کاری خۆی لەگەڵما کرد، منیش لەبەر دەستیا دەبوومە جەستەیەکی بێگیان..!!

ئیتر خۆم دەدی بوومەتە ئاژەڵێکی بێ دەسەلاّت و لەگەڵ دوو ئاژەڵدا دەژیم، یەکێ گێل و نەفام، یەکێ دڕندەو بەدرەفتار... چارم ناچار بوو ماڵەکاول بووەکەیان بۆ بەجێبهێڵم و خۆبگەیەنمە خوشکەکەمو دواجار لەدادگادا داوای ژیان بکەم، ژیانی جیابوونەوە لەو دوو نامرۆڤە.

ئەی فەرهاد چی ووتوە؟

فەرهادیش قسەی بۆ لێکۆڵەری کۆمەلاّیەتی کردووەو پاساوی هەڵەکان دەرهەق بەژنەکەی ئاوا دێنێتەوە:

–ئێمە گرفتی گەورە لەنێوانماندا نییە، ئەوە نەبێ شەهلا خان داوای جیابوونەوە دەکات! ئەو وەك ژنێ ئەرکەکانی خۆی نازانێت، ئەو بەبێ پرس ماڵەکەی جێهێشتووە، من کەهێنام پارەیەکی زۆرم خەرج کردووە، چۆن هەروا بەئاسانی دەستی لێ هەڵدەگرم...

بەلاّم دادگاو بڕیاری زۆر لەوە عادیلانەترە کەجارێکی تر مرۆڤێکی وا ڕەوانەی ژیانی نێو گەوڕو گێل و بەدرەفتاری بکات، بەجیابوونە لاپەڕەکانی ڕۆژگاری ڕەش و شەوگاری ڕەشتری ئافرەتێکی ئەم کۆمەڵە دادرایەوە کەوەك زۆر ئافرەتی ترمان دەستیان نییە لەهەڵبژاردن و شووکردن و ژیان و مەرگی خۆیاندا.

کەی فرمێسکەکانی لیمۆ وشك دەکەن؟!

وا بۆ هەشت مانگ دەچێ‌و (جەزا) لەزینداندایە.. ئەو کاتانەی دەنگی دادوەر لەگوێیدا دەزرنگێتەوە" دەخوازێ نەك هەر ژووری زیندانەکەی، بەڵکو شارو نیشتمانەکەشی جێ بهێڵێ‌و دوور لەکەس‌وکارو هاوڕێیان، دوور لە(لیمۆ)ی پورزای بەدبەخت‌و چارەڕەشی، دوور لەهەموو خەڵکی شارۆچکەکەی بژی..!

نیوەڕۆ بوو، چاوانی دادوەر بەوێنەی تیشکێکی بەهێز روو لەچاوە شەرمەزارەکانی جەزا بوون، بەدەنگی بەرز پێی ووت:

_ تاوانبار، تۆ پانزە ساڵ دەچیتە زیندانەوە، دەبێ مافی خۆت وەربگریت‌و جەزای تاوانە دڕندانەکەت بدەیت هەروەها دەبێ بڕی بیست هەزار دینار بدەیتە لیمۆ...

ئەو رۆژە، دوای ئەو چەند رستەیەی سەرۆکی دادگا چیدی وترا ئەمی وڕوکاس گوێی لێ نەبوو ، تەنانەت ئەو کاتەی لەنهۆمی سێیەمی دادگای سلێمانییەوە بەباڵ گیراوی بەقاڵدرمەکاندا هێنرایە خوار زەینی نەدەکرد کێ دەبینێ‌و کێ دەیبینێ !

چاوە پڕ فرمێسکەکانی لیمۆ

دوو ساڵ زیاترە ئەو رۆژە بەهارییە شوومە تێپەڕیوە کەلیمۆی درەختی کلۆڵی، لیمۆی تەمەن شانزە ساڵ بەتاوانی بەدی پورزاکەی خۆی لەکەدار

کراوەو وەك کۆترێکی گەردن سپی و بێ گوناه چەقۆی بێ بەزەیی و بێ ویژدانی هێنراوە بەملی چارەنووسیدا..!

لیمۆی هەمیشە چاو بەفرمێسك، لیمۆی دوور لەهاوەڵو دەستە خوشکەکانی قوتابخانە ناوەندییەکەی، دووساڵ زیاترە چی دەبینیو باسی هەر شتێکی بۆ دەکرێ ئەو لە بەرچاوانی دووریان دەخاتەوەو گوێی لەئاستیان دادەخات، هەردەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتە نەگریسەی لەنزیك قوتابخانە دیارەکەی ناوچەی پشدەرەوە" بەزۆر سواری ئوتومبێل کراو بێ ئەوەی بزانێت (پورزا) هارەکەی بۆ کوێی دەبات ! بەرەنگی شێواو و هەناسەی سوارەوە دوور خرایەوەو بەو دەردە برا !!

بەڵێ، لیمۆی بەدبەخت هەمیشە ئەو دیمەنە دەبینێ کەبەبێ ویستی خۆی لەلایەن (جەزا)وە کرا بەژن !...

چی لە لیمۆ کرا ؟!

لیمۆ خۆی وتی:

_ ئەو رۆژەی دەوامامان تەواو بوو وەك زۆربەی رۆژانی تر لەگەڵ بێخاڵو نەرمین دەرگای مەکتەبمان جێهێشتو کەوتینە ڕێ ...بەو خوایە نازانم باسی چیمان دەکرد.. تەنیا ئەوەم لەبیرە ئوتومبێلێکی بەرازیلی لەلامانەوە وەستاو دوو چەکدار لێی دابەزینو بەخۆمو جانتاکەی شانمەوە بەزۆر، بەڵێ هەر بەزۆر سەریان خستم، ئیتر ئەوە بوو لەشار دوورکەوتنەوەو بەرێگایەکدا ئوتومبێلەکە رۆیشت، وابزانم رێی هێن بوو..نەبەخوا نازانم کوێ بوو! من بەرچاوم تاریك بوو، خوا خوام بوو هاورێکانم بەدوامەوە بووبن، نەء.. دەموت ئەوان خەبەریان بەکەسوکارم داوەو لەم چارە رەشانە رزگارم دەبێ...

بەڵام هیچ..هیچ... سوودی نەبوو !! ئوتومبێلەکە وەستاو شۆفێرەکەی‌و نەفەرەکەی تر کەلەپێشەوە بوو دابەزین‌و دوور کەوتنەوە ... جەزا لەنێو بەرازیلییەکەدا پەلاماری دامو ئەوەی ویستی کردی، من هەر دەگریام و ئەو ترسی خوای لەدڵدا نەبوو، بەڵێ بەزۆر وای لێ کردمو کردمیە ژن.. من هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەودا نەبووەو درۆش دەکات کەوتویەتی گوایە داخوازیی کردووم، ئێستاش هەر ڕقم لێیەتی‌و شووی پێ ناکەم، چۆنی پێ دەکەم ! من هەرگیز چارەی ئەوم ناوێ تا دەمرم ڕقم لێ دەبێتەوە..

لەو ساتەوەی کۆمیتە گرتوویانە تا ئەمڕۆ من داوای سزادانی دەکەم، دە سزای بدەن، دە هەقی منی لێ بستێنن.. تو ئەو خوایە ئێوە لەنەرمین‌و بێخاڵ بپرسن، ئەوان باشم دەناسن، بزانن قسەکانم راستن یان نا...

ئەم دەگریاو هەردوو هاوڕێ خەمخۆرەکەی بەدادگای ڕێزداریان وت:

_ بەڵێ وایە، هاوڕێ خۆشەویستەکەی ئێمە راست دەکات، هاوڕێکەی ئێمە بەناموسترین کچە، گوناهترین کچیشە لەدنیادا...

گەر شەرم بیهێشتایە، زۆری تریشیان لەسەر هاوڕێ خاوێنەکەیان دەوت...

ئەی (جەزا)ی خزمی دەڵێ چی؟!

بۆ وای کرد؟. جەزا چۆن توانی ئەو تاوانە بکات؟! چۆن پیاو لەگەڵ کەسی خۆیدا کاری نامەردانە دەکات؟!! ئەی چۆن لە ئەنجامی کارەکەی نەدەترسا؟!

جەزا بەقسەی خۆی وتی:

_ پەیوەندی دڵداری‌و خۆشەویستی لەنێوان من لیمۆدا هەبوو...هەمیشە دەچوومە ماڵیان، کەسوکاریشی بەپەیوەندیی ئێمەیان دەزانی.. کاتێ داخوازیم کرد نەیاندامێ، باوکی وتی(کچی من منداڵەو خوێندکاری سێی

ناوەندییەو دەخوێنێ)... جا ئیتر چی بکەم ؟ حەزم لێی بوو، رۆژێکیان هەردووکمان بەتەنیا لەماڵی پوورم بووین، بەڕەزامەندی خۆی رامان بواردوو کردمە ژن!.. دوای سێ رۆژ خۆی داوای لێم کرد لەگەڵ خۆم بیبەمو بۆی دەرچین، لەماڵی سەرۆك عەشیرەتێکی ناوچەکەدا بمێنینەوە تاقسەی تیا دەکرێو کەسوکاری رازی دەکەن بەوەی مارەی بکەم، ئیتر ئەوە بوو تاکسیم بەکرێ گرتو لەگەڵ خزمێکی خۆمدا لەنزیك مەکتەبەکەیەوە هەڵمان گرتو بردم..بەڵام ئەوە بوو بۆ رۆژی دواتر گیرامو...من لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ رازی بوومو رازیم بمدەنێو مارەی بکەمو بەپێی شەرع پێکەوە بژین .

چی تر وترا؟!

دادگا بڕوای بەقسەکانی جەزای پۆلیسی تەمەن 20ساڵ نەکرد، هەرچەندە پارێزەرەکەی وتویەتی(جەزا بۆیە ئەم کارەی کردووە تا کچەکەی بدەنێ)... بەڵام باوکە پیرەکەی لیمۆ سوور بووە لەسەر قسەی خۆیو سوێندی خواردووە کە ئەو خزمەناموبارەکەی رۆژێ لەرۆژان داوای لیمۆی نەکردووە..هەرگیز داوای نەکردووە..

هاوڕێکانی لیمۆش هەروایان وتووە ، دەنا پێیان دەزانی، خۆ عوسمانی شۆفێری ئوتومبێلەکەش هەر کەلەقەلاّدزەوە برابووە لای دادوەری رانیە بۆ ئیفادە، وتبووی:

– بەڵێ بەزۆر سواری ئوتومبێلەکەی منی کرد، لیمۆ دەیزریکاندو سوودی نەبوو، ئەو وتی خزمی خۆمە، لەرێگای(دێڵو) داوای کرد منو کوڕەکەی تر دابەزینو ئوتومبێلەکەی پێ بدەین کەمێ لەرێگاکە لابداتو دوور بکەوێتەوە تالیمۆی پورزای خۆی دەگوڕێ !! پاش ماوەیەك هاتنەوەو گەیاندمن، ئیتر نازانم لەو ماوەیەدا جەزا پەلاماری دابوو یان نا..!

هەر چۆن دڵنیام لەراستیو درووستی بڕیارەکەی دادگا، لەگەڵ کۆتایی ئەم چەند دێڕەشدا دڵم گەرمە بۆ فرمێسکەکانی چاوی لیمۆ کەهەرگیزاو هەرگیز وشك ناکەن، باوەڕیش ناکەم بەهاتنە پێشەوەی مرۆڤێکی فریشتە ئاسا نەبێ لێی، ئەو ملەکەچەی راست بکاتەوەو هەمیشە بۆ بەدبەختی خۆی حەسەرەت دەکێشێ...

لەهەمان کاتدا لەوەش دڵنیام کەجەزا هەموو ساتێ دەنگی دادوەر لە گوێیدا دەزرنگێتەوەو دەخوازێ نەك هەر ژووری زیندانەکەی، بەڵکو شارو نیشتمانەکەشی جێبهێڵێو دوور لەکەسووکارو هاوڕێکانی، دوور لە لیمۆی پورزای بەدبەختی، دوور لەهەموو کەسێك بژی...

دووبارە ئەوەش دەزانم، کێشەی کچانو خوشکانو هاوڕێیانو ئافرەتانی ولاتی من یەکجار زۆرن، یەکجار زۆر، بەسەرهاتەکەی لیمۆ تەنیا یەکێکە لەوکێشانەو، کێشەی کچانی ولاتی من یەکجار زۆرن.. یەکجار..

راوه سوێسکه بوو.. یان !

هەرگیز وێنەو دیمەنی برا شەهیدەکەی لەبەرچاو ون نەدەبوو، زۆربەی ساتەکانی شەوو ڕۆژی لەگەڵ شەهید سەرداری براو هاوڕێی دا دەژیا، دوای شەهید بوونی لەیادو بیرەوەرییەکانی (شیروان)دا گەورەترو مەزنتر بوو، گەلێ جارو بەتایبەت ڕۆژانی هەینی دەچووە سەر قەبران و سەردانی گۆڕی برا تاقانەکەی دەکرد، پاش نیوەڕۆی 1991/12/26یەکێ بوو لەڕۆژانی زیارەتی شەهید سەردار، بەڵام ئەمجارەیان بەتەنێ نەبوو، بەڵکو (رەحمان)ی ئامۆزاو هاوڕێی لەگەڵدا بوو، ئەو ڕۆژە لەکەلار لەماڵی رەحمان لایدا بوو، لەوێوە پێکەوە هاتنە کفری و راستەو راست ڕێگای گۆڕستانیان گرتە بەر.. بەتەنیا هەردووکیان بوون، شیروان کلاشینکۆفەکەی بەشانەوە بوو، کەماندوو دەبوو دەیکردە شانەکەی دیکەی، دوای مەراسیمی زیارەت، بەبێ بڕیاری لەوەوبەر، هەر لەخۆوە جووتە ئامۆزا روویان بەرەو ماڵەکانی گوندی (ناساڵح)وەرگێڕاو، لەوێ سوێسکەی زۆری ناوچەکە خستنیە سەر کەڵکەڵەی راوکردن و تاپاشانیش، بردنەوەی چەند سوێسکەیەك بۆ کەلار لەنسیبیان بێت..

شیروان تەمەنی تەنیا(19) بەهاربوو.. باڵا مام ناوەندی و قژ ڕەش و گەنم ڕەنگ و چاوڕەش ، هێشتا لەبەری ژیانی نەخواردبوو..

زۆرجار دەیویست بەراوکردن، یان خۆ خەریك کردن بەیارییەکەوە، یاخود دەمەتەقێی خزم و برادەران کەمێ لەتاڵییەکانی ژیان و مەینەتی ڕۆژگار لەخۆی دوور بخاتەوەو بۆ چەند ساتێك ئاسوودە بێ..

بەڵام ئەو رۆژە راو ئاكامی باشی نەبوو، سوێسكە كارەساتێكی قەوماند كەهەرگیز چاوەڕوان نەدەكرا..

رەحمانی خەڵكی كفری تەمەن (22)ساڵو پیشەی كاسبكار بوو، سروشتی ئەم گەنجە بێ دەنگیو زۆرجار ماتو مەلوولی بوو، كەسێك دۆستی تەواوی نەبوایە حەزی بەهاورێیەتی نەدەكرد، هێشتا هەر شەرمن بوو، تەنانەت دوای رووداوەكەش كەسوكار بەزۆر هێنایانە قسەكردن...!

لەراودا چی قەوما؟!

دەمەو عەسرێكی درەنگ بوو، پۆلە سوێسكە بەئاسمانی ناساڵح دا دەهاتنو دەچوون، كزە بایەكی سارد وای لەهەردوو كوڕە لاوی خزم كرد قۆپچەی قەمسەڵەكانیان دابخەن. شیروان، وەك كەسێكی كارامەو لێهاتووی بەكارهێنانی چەك، زۆر لەسەرخۆ تفەنگەكەی لەشان داگرتو هێنایە سەرپێ، چاوێكی بۆ نوقاندو لەگەڵ نیشانەگرتنەوەو،پەنجەنان بەپەلەپیتكەو تەقەی فیشەكدا سوێسكەیەك كەوتە خوارەوە.. رایكرد بۆیو هێنایەوە بۆ رەحمان..

ئەو دیمەنە رەحمانی جوڵاند، لەسەرخۆ بانگی كردە ئامۆزاو پێی وت:

–ئادەی، شیروان ئادەی تفەنگەكەتم بەرێ..

دایە دەستیو رووی لێوەرگێڕا، هەر كەفیشەكی تەقاند لەبری سوێسكە شیروان بەركەوتو لەسەر زەویەكە درێژ بوو..

خودایە.. چ كارەساتێكە،بۆ وای كرد؟!

شیروان، بەرپشتی كەوتبوو، لەوێشەوە قەفەزەی سنگی گرتبووەوەو شكاند بووی وفیشەكی لەعنەتی بۆی دەرچوو بوو!

بەدەم ئازارو خوێن رژانەوە، بەبێ دەنگی دەیڕوانیە رەحمان، وەك ئەوەی بەچاو لێی بپرسێ: بۆ ..بۆ وات كرد هاوڕێكەم..بۆ؟

ئـەویش نەیـدەزانی چـیبکاو چـی بڵـێ، سـیمای شـپرزەو ڕەنگـی زەردو پەڕیوی‌و لەرزینی جەستەی بۆ خۆی وەڵام بـوو بـۆ شیروانی خۆشەویستی، هەر بەبێ دەنگی دەیووت:

–نـەمزانی، بەوخودایـە بەئەنقەسـت وام نـەکرد، نـازانم بـۆ بەرکـەوتی، بەوچاوانەت من نەمویستووە بتکوژم..نەمویستووە!

چیتر خۆی پـێ ڕانـەگیراو چەکەکەی لای شـیروانەوە فڕێداو دایـە قـوڵپی گریان، بەرەو شەقامە سەرەکییەکە ڕایکردو نەشیدەزانی بۆ ڕادەکات!..

لـەوێ بەجەسـتەی وەك شـۆڕەبی لـەرزیوەوە تـەنیا ئـەوەی بـەبیردا هـات دەسـت لەئۆتومبیلـە تیـژڕەوەکان ڕابگرێـت بـەڵکو ئەمـە خوایـە یـەکێکیان بوەستێ‌و فریای زامدارەکەی بکەوێ..

ئوتومبیلەکان لـەئاوابوونی خـۆر خێـرا تربـوون، هـەموو تێدەپـەڕین‌و هـیچ کامیان وەڵامیان بۆ ئەو کڵۆڵە پـێ نەبوو..

دواجار، بێ هیوا، دڵ پڕلـەترس‌و بەرچاو تاریـك بـەرەو کـەلار کـەوتـەڕێ..

چەند کیلۆمـەترێ بـەولاوە پیکابێـك وەك بـەزەیی پیـادا بێتـەوە بـۆی وەسـتاو لەپشتەکەیدا جێگای کردەوە.

چـووەوە مـاڵ‌و لەگـەڵ هـیچ کەسـێکدا نـەدوا، تەنانـەت وشـەیەکی لـەزار نەهاتـەدەر، تـەنیا دیمـەنێك بەرچـاوەکانی داگـیر کردبـوو ئـەویش دیمـەنی شیروان بوو، کەبەو جۆرە بەجێ مابوو.!

گواستنەوەی شیروان بۆ سلێمانی...

ئەو شـەوە شـیروانی زامـدار، خـوێن لەجەسـتەی دەچـۆڕی‌و کەسـێ نـەبوو لێی بپرسـێ، یـان کـەمێ ئـاو بەگـەرووی وشـکیدا بکـات، هـەموو چرکەیەکی مەرگێ بوو، بەڵام ڕۆح دەرناچێ..

بۆ سبەینێ، چەند پێشمەرگەیەك دەیبینن و بەبینینی سەرسام دەبن، ئازایانە فریای دەکەون و دەیگەیێننە سەر شەقامە گشتییەکەو سواری ئوتومبێلی دەکەن و، بەنیازی فریاکەوتنی دەیگەیەننە نەخۆشخانەی سلێمانی.

بەلاَم، قەدەری شیروان ماڵئاوایی کردن دەبێ لەژیان و بێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنێ خۆدەدات بەدەستی مردنەوەو بۆ دواجار پێڵووە ماندووەکانی دادەخات..کەسوکار دێن و دەیبەنەوەو بەخاکی دەسپێرن.

چاوەڕێ نەبوو هەرگیز چۆلەکەیەکیش بکوژێ..

باوکی رەحمان، بەدڵی پڕلەزامەوە بەدادگای وت:

–شیروان کەسی خۆمان بوو، کوڕەکەی منیش هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەدەکرا، نەك شیروان، بەڵکو چۆلەکەیەکیش بکوژێ، ئەو هەرگیز تفەنگی بەکارنەهێنابوو، بەهۆی باری دەروونی شپرزەی و لێ نەزانینی لەبەکارهێنانی چەکدا ئەو کارەساتەی لەدەست قەوماوەو هەرکە بەکوشتنی شیروان زانرا رەحمانی کوڕم دانی بە رووداوەکەدا ناو، لای ئێمەو لای ئێوەش گێڕایەوە چۆن چۆنی ئەو کارەساتە قەوماوە..

بەڵێ قەزاو قەدەر بوو...!

باوکی شیروان لەگەڵ سڕینی فرمێسکەکانیدا وتی:

–رەحمان خۆشەویست و خزمی نزیکی خۆمانە، قەزاو قەدەر ئەو کارەساتەی قەوماند، ئەو نیازی کوشتنی کوڕی منی نەبووە، ئەو هاوڕێی جوانەمەرگ بوو.. تکا دەکەم دادگا لێی خۆشبێ و من هیچ داوایەکم لەسەری نییە..

بڕیاری دادگا...

ڕۆژی 1993/5/29 دادگایی تاوانبار کرا، بەبڕوای دادگا:

ڕەحمان لەبەکارهێنانی تفەنگی نەزانیوەو بەهیچ جۆرێك نیازی کوشتنی شیروانی نەبووە، لەو کاتەدا ڕێکەوت ئەو کارەی کردووە، بەتەنیا خۆیشی دانی بەتاوانەکەدا ناوەو شایەتی بەسەرەوە نییە.. هەروەها لەوەوبەر تاوانی تری نەکردووە، کەواتە شیروان (2)ساڵ زیندانی دەکرێت.

ڕەحمان خرایە زیندانەوە..

هەموو دەمێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو کارەساتە چۆن ڕوویدا؟!

ئایا ئەوە ڕاوە سوێسکە بوو..

لەبەندیخانەدا ماتتر لەجاران، بێدەنگ تر، مەلوول تر..شەوی دەدایە دەم ڕۆژو.. کات زۆر بەقورسی بەرێوە دەچوو..

ئەو شەوەی ئەحلام خۆی رازاندەوە !

هەموو جارێ ئەحلام لە براژنەکەی دەپرسی:

–داخۆ (غازی) بەڕاستی بێت؟! تۆ بڵێی ئەویش منی خۆشبووێت !

بەو خودایە لەغازی بەولاوە دڵم نادەم بەهیچ کەسێك...

براژنەکەشی دەیووت:

–ئەحلام تۆ ئافرەتێکی سەیریت، بۆ بڕواناکەی، ئەو کوڕە نیازێتی بەم زووانە بتهێنێ، چۆن گومان لەکەسێ دەکەیت بتکاتە ژنی خۆی... چۆن؟!

دواجار، ئەحلام بەدڵنیاییەوە دەیووت:

–قسەی تۆیە، براژنی دڵسۆزم، قسەی تۆیە، غازی لەمن زیاتر کەسی دیکەی خۆش ناوێت...بەم زووانە دەمهێنێت..

کەبەیەکتر دەگەیشتن..

چەند جارێ غازی توانیبووی ئەحلامی بالآبەرزو چاوڕەش رازی بکات (ژووان)ی خۆشەویستی لە نێوانیاندا بێ.. پێشتر دەیویست لەگەڵیا بچێتەماڵیان لە(حی النصر)... بەلآم رازی نەدەبوو، ئەحلام دەیووت:

–ئاخر من لەگەڵ تۆ لە(خاسە)وە بگەمە(نصر)، خۆ هەموو کەرکوك پێمان دەزانێ..!

ئیدی غازی بۆ دامرکانەوەی حەزەکانی، چارەسەری دیکەی بەخەیاڵدا هاتبوو، دووسێ جار ئەحلامی بردبووە ماڵی براکەی کە نزیك خاسە بوو، لەوێ چاوەگەشەکانی دەبڕیە(دڵدارە!) تەمەن 20 ساڵەکەی و دەیپرسی:

–غازی گیان، منت زۆر خۆش دەوێت؟

ئەویش لەگەڵ گوشینی دەستەکانی دا، سەری دەبردە پێش‌و دەیووت:

–ئەریٚ وەڵلاٚ، لەهەموو کەرکوکدا لەتۆ جوانتری تیانییە... ئەریٚ وەڵلاٚ دەتخوازم‌و تامردن پێکەوە دەبین....

تەگبیری چوونە هەندەران...

غازی دەمێك بوو خەیاڵی چوونە دەرەوە لەکەللەی دابوو، بەنیاز بوو هاوڕێی ڕۆژانی سەفەرو ساتە درێژەکانی غەریبایەتی (هیوا)ی برادەرو دراوسێی بیٚ.. لەوەوبەر گەڵێ جار هەردوو هاوڕیٚ لەو سەفەرە دەدوان، بەلاٚم ئەمجارەیان غازی گەرم‌و گوڕتر چووە نێو باسەکەوە... غازی بەهیوای وت:

–تەواو، هەموو تەگبیرێکم کردووە، ئا لەم ڕۆژانەدا بۆی دەردەچین ، تۆ ئێوارە وەرە لام‌و هەقت نەبیٚ...

هیوا بەسەر سوڕمانەوە دەیپرسی:

–باشە دێم، بەلاٚم کاکە گیان چۆن دەڕۆین؟! بەچی دەڕۆین؟!.. غازی، دواجار پێی وت: بۆ ئەوەیان.. خەمت نەبیٚ...نە...

بەرلەوەی غازی ئەو قسانە بەهیوا بڵیٚ، سەر لەبەیانی ئەو ڕۆژە بەتەلەفۆن لەگەڵ دڵخوازەکەیدا قسەی کردبوو، ئەو بەئەحلامی وتبوو:

–ئەحلام گیان، چاوەکەم شەویٚ دێمە دوات‌و دەچینە لای دایکم، با بتبینیٚ، ئیدی دێینە خوازبێنی‌و بەموورادی دڵی خۆمان دەگەین، قوربانت بم، هەر خۆیشم نایەم ،ئەمشەو هیوای هاوڕێشم لەگەڵ دەبیٚ... بەلاٚم بیرت نەچیٚ، هەموو ئاڵتوونەکانت لەخۆت بدە، بیرت نەچیٚ، بازنە جوانەکانت لەدەست کەیت، دەمەویٚ هەر دایکم چاوی پێت کەوت بەسەرسامییەوە بڵیٚ: (لەمنت کەویٚ غازی، هەتیو ئەم کچە جوانەت لەکویٚ پەیدا کرد، خۆ بووکەکەم جوانترین بووکی کەرکوك دەبیٚ)... وتت چی؟

بەنەرمە پێکەنین و وردە نازێکەوە ئەحلام وتبووی:

–باشە چاوەکەم، باشە غازی گیان..

شەو، لەوساتەدا بەتاکسییەکەوە چوونە شوێنی دیاری کراو، غازی بینی ئەحلام براژنەکەی لەگەڵدایە، سەری لێ تێکچوو، نەیهێشت هیوا دابەزێ،خۆی لەئوتومبیلەکە هاتە خوارو بەبیانویەکی (درۆ) سەردانەکەی دایکی پێ دواخستن، ئەحلام بەو هەموو جوانی و ئاڵتوونانەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە..

شەوی دواتر.. یان شەوی خوێناوی!

ڕۆژی دوایی، زەنگی تەلەفۆن ئەحلامی ڕاچڵەکاند، دەستی دایە:

–هەلاو خۆتی.. ئەوە بۆ وات کرد... ئەی نازانی براژنەکەم بەهەموو شتێکی من و تۆ دەزانێ...

–قەیدی ناکا، ئەمشەو دێمەوە دوات، هەر خۆت وەرە، با، بۆلای دایکم واباشترە.. ئا، چاوەکەم کەمێ درەنگ تر وەرە دەر، بڵێ دەچمەلای هاوڕێیەکم...ئیتر خۆت دەزانی...

ڕێکەوتن، شەوێ بەخۆی و هیواو ئۆتومبیلی کرێوە ڕێك لەئاستی دا ڕاوەستان، سەریان خست، نزیك (پردی چوارەم) دابەزین... بەفێڵێك شۆڕی کردەوە، لەو شەوە خامۆش و جێگا چۆڵەدا هەندێ ترس چووە دڵی ئەحلامەوە، بەلام ئەو لەگەڵ جوامێرەکەیدابێ، باکی چییە، داگەڕان، خانوویەکی چۆلی نزیك ئەو ژێر پردە کەپێ دەچوو بۆ ئەنجامدانی تاوانێك ئامادەکرابێ، بووە شوێنی (دوا دیداری!) ئەحلام و غازی...(هیوا بە بیانووی میزکردنەوە کەمێ خۆی دواخست) ،ئیدی کەگەیشتە حەوشەی ئەو خانووە سامناکەوە، یەکسەر هیوا پەلاماری هەردوو قۆلی ئەحلامی داو بەدەستەکەی تریشی توند دەمی گرت...

غازی چەقۆیەکی دەرهێناو ویستی بیداتە هیوا:

–ها ، بەمە بیکوژە...

ئـەحلام تـەنیا چـاوە پـڕ لەترسـەکانی مـابوو پرسـیاریان پـێ بکـات، دەلەرزی‌و چاوەکانی بڕیبووە غازی، وەك ئەوەی بیەوێ بڵێ:

–لەپای چی.. بۆ وادەکەی تاوانبار بۆ ...بۆ...

هیوا وتی:

–نـا، خـۆت بیکـوژە، گـەر دەسـتی لێ بەربـدەم دەزریکێنـێ...ئیـدی غـازی، زۆر دڕندانـە بـەدوای یەکـدا شـەش چـەقۆی کـرد بەسـنگی ئەحلامەکەیـداو یـەکیان دڵـە پڕلـە خۆزگەکـەی گرتـەوەو ئـەوانی دیکـەش خوێنیـان لـەگیانی هێناو دەستی بێ هێـزی بەڕەڵلا کراو بـەبێ ورتـە لـە ئاسـتی خۆیـدا کـەوت‌و دوا هەناسە لەگەروویدا خنکا...

هـــەر دوو تاوانبـــار، کەوتنـــە لێ کردنـــەوەی ئاڵتوونـــەکانی..ئیـــدی هـەنگاوێکیان کـردە دووان‌و ئـەو ناوەیـان جێهێشـت، چـوونە مـاڵی برایـەکی غـازی کەکـەس لـەوێ نـەبوو، دەسـتە خوێناوییەکـەیان شـۆردو دواتـر چـوونە ئوتێل(تأمیم)و لەوێ ڕۆژیان کردەوە.

لەبری هەندەران.. بۆ نێو زیندان..!

بـەیانی زوو لەچەمچـەماڵەوە غـازی وهیـوا خۆیـان گەیانـدە سـلێمانی، لەشـەقامی کـاوە چـوونە لای زەڕنگـەرێك، ئاڵتوونـەکانیان دەرهێنـا، دوکانـدار پرسیاری کرد:

–بۆچی دەیفرۆشن؟

وتیان:

–ئێمە خەڵکی کەرکوکین، دەرکراوین‌و پێویستیمان بەپارەیەکەیەتی، جا ئاڵتوونی خۆمانەو دەیفرۆشین بۆ نەیفرۆشین؟!

دوای تۆمارکردنی ناوو ژمارەی پێناسەکانیان، بە(31)هەزار دیناری سویسری لێی کڕین، ئاڵتوونەکان بریتی بوون لەشەش بازن، جووتێ گوارە، زنجیرێك، دوومستیلە.

دواتر، چوونە ئێران، لەوێ دەیانەوێ لەرێی (بندر عباس)ەوە بگەنە(ئیمارات)، بەڵام پارەکەیان تیایدانابێ‌و بەشی ئەو سەفەرە ناکات، بەناچاری دوای ئەوەی دوانزە رۆژیان پێدەچێ دەگەڕێنەوەو دەچنە هەولێر، لەو ماوەیەشدا براو کەسوکاری ئەحلام بەشوێن تاوانبارەکاندا زۆر جێگا گەڕاون‌و لەهەولێر بەهۆی خزمێکیانەوە کەبەرپرسی یەکێك لەپارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن بووە" سۆراغیان کردووە، کەهەردوو تاوانبار دەچنە هەولێر لەلایەن ئاسایشەوە دەگیرێن‌و دەنێردرێن بۆ ئاسایشی کەرکوك بۆ لێکۆڵینەوەو دان بەتاوانەکەیاندا دەنێن، ئیدی رۆژی 1996/8/24 دادگایی دەکرێن‌و رۆژی 1996/10/6لەلایەن دادگای تێ هەڵچوونەوەوە بڕیارەکانی دادگای جنایاتی کەرکوك پەسەند دەکرێت، بڕیاەکانی دادگا دەرهەق بەهەردوو تاوانبار بەم جۆرە بوون:

1- غازی بەهەمیشەیی (مؤبد) زیندانی دەکرێ، بۆیە ئەو حومکەی بەسەردا دراوە (واتە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردانەدراوە) چونکە هەر کە دەستگیر کراوە، راست‌و رەوان دانی بەتاوانەکەیدا ناوەو یارمەتی لێکۆڵینەوەی داوە.

2- هیوا بەهەمیشەیی زیندانی دەکرێت (ئەویش لەو بڕیارەدا تەمەنی لەبەرچاو گیراوەکە هێشتا بیست ساڵی تەواو نەکردووە)..

بەتەفرەی مرۆڤێکی خۆپەرستی تاوانکار، ئەحلام بەو دەردە براو هیوای هاوڕێی بەشداریشی بووە هاوڕێی ئەو زیندانەی جوانی‌و گەنجی خۆیانی تیا دەبەنەسەر..!

دەمە قاڵێ

نزیك گوندی (عیساوا)ی سەربە ناحیەی ماوەت، لەنێوان سێ چیای سەرکەشدا کەیەکێکیان چیای (گردە رەش)ە، لەو دۆڵەدا کە رووباری (بەرد بەرد) بەدامێنیدا دەڕوات، ژن و مێردێك بۆ کشتوکاڵ و بژێوی ژیان هاوینیان گواستەوە ئەو ناوەو لەوێ بنەو بارگەیان خست، تەمەنی پێکەوە ژیانیان بەتەنیا دوو بەهاری دیبوو، هێشتا خودا گریەو تریقەی منداڵی نەخستبووە ماڵیان، لەرۆژێکی گەرمی حوزەیراندا، ماڵی باوکی شیرین بەمیوانی هاتبوونە سەردانیان، شیرین بەهاتنی باوکی و دایکی و هیوای برای و براژنەکەی گەلێ بەختەوەر بوو..

رێکەوت، هەر بۆ رۆژی دوایی، شیرین بەئامادەبوونی (چرۆ)ی براژنی توشی دەمەقاڵێیەك بوو.. لەسەر شتێکی بچووك دەنگە دەنگ کەوتە نێوانی ئەوو مێردەکەیەوە!

بەیانی زوو بوو، خامۆشی باڵی بەسەر ئەو چەند ماڵەی دۆڵەکەدا کێشا بوو، دەنگی تەقەیەك بێ دەنگی ئەو ناوەی خرۆشاندو بەدوایدا چەند فیشەکێکی دیکە خەڵکی راچڵەکاند..

دوای ئەوە بەچەند چرکەیەك (شیرین) بینرا لەخوێنی خۆیدا گەوزا بوو، پێڵوی چاوەکانی بەیەکجاری داخرا بوون!..

مێردەکەی، ئەو رووداوەی چۆن گێڕایەوە؟

عادل گێڕایەوە وتی:

–بەیانی ئەو ڕۆژە، بەهۆی دەمە دەمێکمانەوە کەزیاتر لەیەکتر نەگەیشتن لەنێوانماندا دروستی کرد، من لەشیرینی خۆشەویستم زویر بووم، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك پەنجەم بۆ نەبرد، ئەوە نەبێ ماڵەکەم بۆ بەجێ هێشتو چوومەدەر، لەو ناوەدا بوومو هەر نیوسەعاتێکی خایاند گوێم لەتەقەی تفەنگێك بوو!.. بەڕاکردن بەرەو ماڵ گەڕامەوە، چیم بینی؟! بینیم ژنەکەم کەوتووەو خوێن لەگیانی دێ، هەروەها بینیم تفەنگەکەم لەولایەوە لەسەر زەوییەکەیە! پەلاماری تفەنگەم داو لەبەر قاپی ماڵ چەند فیشەکێکم بەئاسماندا تەقاند، ویستم خەڵکی بەدەنگمانەوە بێن، چوومە ژووری تفەنگەکەمم فڕێ داو یەکسەر بەرەو ماڵی(کامەران)ی دراوسێمان چووم، بینیم هیوای ژنبراشم لەوێیەو دەنگی تەقەکان خەبەری کردوونەوە، لەکارەساتەکە ئاگادارم کردنو هەرسێکمان بەرەو ماڵی خۆمان رامان کرد...

کێ گەیشتە سەر لاشەکە؟

یەکەم کەس کەگەیشتە سەر لاشەی ساردەوە بووی شیرین کاك عەولی جوتیار بوو، ماڵەکەی هەر سەدوپەنجا مەترێ لەماڵی عادلەوە دوور بوو، عەول دیویەتی(چرۆ) سەری شیرینی کوژراوی لەسەر ڕان بووەو بەدەم گریانەوە زوو زوو گوتویەتی:

_ بۆ وات کرد... بۆ خۆتت بەم دەردە برد؟!

شایەتەکانی تر ...

کامەرانی دراوسێیان وتی:

-كەگەیشتینە ئەویٚ چرۆ وتی(شەڕیان بوو، شیرین زۆر تووڕە بوو، لەژوورەوە تفەنگەکەی هێناو خۆی کوشت)..!

(هیوا)ش وتی:

-کەشیرینم بینی بەجاریٚ وڕوکاس بووم، چرۆی خێزانم وتی خوشکەکەت خۆی کوشت، عادل جەستەی دەلەرزیو بەشپرزەییەوە وتی شیرین خۆی کوشت، بەلاّم کەجەنازەکەیمان هێنایەوە سلێمانی چرۆ رای گۆڕی!!

باوکی شیرین وتی:

-من بەتەنیا قسەی چرۆ گرنگە لام، چونکە هەر ئەو ئاگاداری رووداوەکە بووە...

هەروەها بەدادگای وت:

-چرۆ لەنەخۆشخانەی سلێمانی پێی وتووم کچەکەم چۆن کوژراوە!..

دایکیشی وتی:

-ئەو دووساڵە پەیوەندیی ژنو مێردییان زۆر باش بوو، نازانم ئەوە چۆن روویدا.. داواکارم خوێنی جگەر گۆشەکەم بەخۆڕایی نەڕوات.

ئەی (چرۆ) چۆن تاوانەکەی گێڕایەوە؟

بەگوێرەی قسەی هەردوو دراوسێکەی ماڵی عادل، لەسەرەتادا چرۆ تاوانەکەی داوەتە پاڵ شیرین خۆی، یەکەمجار هەرواشی بەهیوا- ی مێردی وتووە، بەلاّم هەر کەدەگەنە نەخۆشخانەی سلێمانی رووداوەکە بەجۆرێکی تر دەگێڕێتەوە، لەلێکۆڵینەوەو بەردەم دادگاشدا بەهەمان شێوە نهێنییەکە دەدرکێنێت، چرۆ خوێنی شیرین دەخاتە ئەستۆی نزیکترین کەسی..

چرۆ وتی:

-من خۆم لەوێ بووم، عادل و شیرین بووە دەمەقاڵێیان، عادل کەوتە لێدانی، باوکی عادل بەسەر ئەو دیمەنەدا هات و لەبری ئەوەی هێوری بکاتەوە زیاتر هانی کوڕە هەڵچووەکەی دا، تەنانەت پێی وت (گەر پیاویت تەلاقی بدە)، ئیتر ئەویش زیاتر ئاگری گرت و زیاتر شالاوی بۆ دەبرد..لێی دەپاڕامەوەو هەردوو دەستیم ماچ کرد واز لەو ژنە کلۆڵە بهێنێت، بەلاّم بێ سوود بوو، پەلاماری خاکەنازێکی داو سرەواندییە پشتی و دوایی بەسەر سنگیدا کەوت، من هەر دەپاڕامەوەو دوورم دەخستەوەو ئەو هەر تووڕە دەبوو، تەنانەت هەرسێ بەردەکەی فرێدا.. رایکردە ژوورەوەو لەناو نوێنەکاندا کلاشینکۆفەکەی هێنا، لەگەڵ زریکەی من و راست بوونەوەی شیریندا، عادل شێتانەو بەقەستی کوشتن بەرەو رووی چوو، لەترسی رۆحی خۆی شیرینی داماو پەلاماری لوولەی تفەنگەکەی دا..بەلاّم سوودی نەبوو،مێردەکەی بێ بەزەییانە دەستی نا بە پەلەپیتکەداو یەك و دووان و سیان..فیشەك جەستەی شیرینی سارد کردەوەو کەوتە سەر زەوی، منیش لەترسی ئەو دیمەنەو گیانی خۆم بەرەو دەرەوە تێم تەقاند، عادل شوێنم کەوت، چەند فیشەکێکی تەقاند، چونکە دوور بووم نەیپێکام، هەرچەند شپرزەو تۆقیو بووم، بەلاّم گوێم لەنەڕەو هاواری بوو کەهەڕەشەی لێ دەکردم ودەیگوت گەر قسە بکەیت دەتکوژم!..

بڕیاری دادگا

دادگا بڕیاری زیندانی کردنی عادلی تاوانباری دا بەهەمیشەیی، هەروەها دەبێ سێ هەزار دینار بداتە باوکی شیرین و تفەنگەکەشی دەدرێتە پۆلیسی سلێمانی..

کاتێ دۆسیەی تاوانبار ڕەوانەی دادگای تێ هەڵچونەوە کرا لەهەولێر، دادگا بڕیارەکەی دادگای سلێمانی بەلاوە قورس بوو، چونکە تاوانبار گەنجەو لەسەرەتای تەمەندایەو لەوەوبەر تاوانی دیکەی نەکردووە ، لەبەرئەوە بڕیاری زیندانی کردنەکەی کرا بە(15)ساڵ.

خەرامان دەڕوا !

بەدرێــژایی 26 ســاڵی تەمــەنی، (خــەرامان) دووچــاری گێروگرفتــی وانەبووبوو، ئەو شەوە خەو نەدەچووە چاوانی، دەروونی هەروەك سەرمای زستانی سلێمانی ساردو سڕببوو، هەزارو یەك شت بەمێشكیدا دەهاتن‌و دەچوون، كەمێردی یەكەمی بەخاك سپێردرا ئەم زۆر گەنج بوو..سەلامی شووبرای هەرچەندە دووساڵ لەخۆی بچووكتر بوو بووە مێردی دووەمی‌و، مام‌و باوكی هەردوو كچە بچكۆلەكەی‌و.. لەمیش خوا كچێك‌و كوڕێكی پێدا.

ئێستا لەژوورەكەی خۆیاندان‌و دەست لەملانی خەوێكی قووڵن..مێشكە بچووكەكانیان لەخەویشدا گێروگرفتی دایكی كلۆڵیان نابینن..

خەرامان نازانێ ئاخۆ سەلامی مێردی خەوتووە یان ئەویش سەری پورەی هەنگەو بۆ تەنیا ساتێك ئارام ناگرێ.. ئاخۆ سەلام بڕوای بەپاكێتی ئەم هێناوە، یان وەكو ئەوانی تر گومانی ناپاكی لێ دەكات؟!

–خەوتبێ یان نا، باڵیفەكەی بەسەردا بدەم، باسەرمای نەبێ..

سەلامی داپۆشی.. لەبەرچاوی خەرامان ژوورە تاریكەكە بووە رۆژێكی رووناك، وەكو فیلمێك سەردانە شوومەكەی(سمكۆ)هاتەوە بەرچاوی.. تەنیا رۆژێك بوو مانگی باران‌و بەفرو رۆژگاری ژیانی ئێمە ئاوێزانی ساڵی نوێ بوو بوو، سەلام بۆ نان پەیدا كردنی هەرچوار جگەر سۆزەكەی بەسەفەرێكی

دوور.. یەکجار دوور چوو بوو، لەسەعات (7)ی تەواودا (سمکۆ)ی کوڕە لاوی گەڕەك و هاوڕێی مێردەکەی بۆ (کارێك)هاتە لای، ئەوەندەی پێ نەچوو(رزگار)ی برای بچووکتری مێردەکەی پەیدا بوو، لە(ترسا)سمکۆ لە(کەنتۆری)ژووری نووستنی خەرامانـدا حەشاردرا، رزگار لەنهێنی بوونی سمکۆ لەماڵی کاکی‌دا ئاگاداربوو،راپەڕی و هەنگاوێکی کردە دووان و چوو هەواڵ بدات بەباوکیان و(جەوهەر)ی براگەورەیان، لەوماوەیەدا سمکۆ دەرفەت دێنێ و بۆی دەردەچێ، کەسوکاری دادەبارن و دەبینن خەرامان و چوارفریشتەکەی بەتەنیان..بۆ رۆژی دوایی ئەکرەمی کاکی خەرامان لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکرێت، بڕیار دەدەن جارێ بوەستن تاسەلام لەسەفەر دەگەڕێتەوە..

هەر ئەو رۆژەی دەگاتەوە، (خزمان)لەمەسەلەکەی ئاگادار دەکەن، بەڵام کەداوای قسەی راست لەژنەکەی دەکات هەر زوو بڕوای پێ دێنێ..قسەو قسەڵۆکی هەردوولا(کەسانی خۆی و هی ژنەکەی)دەیخەنە گومان و پرسیارەوە، بەرامبەر ئەو ژنەی چوار ساڵە هاوسەری ژیانێتی! لەتەنیشتییەوە سەلام چاوی بڕیبووە کەنتۆرەکە، دەیزانی هێشتا خەرامانەکەی نەخەوتووە، زۆر لەسەرخۆ رووی وەرگێڕاو دوای تەماشاکردنی، بە رستەیەکی تێکەڵ لەخۆشەویستی و نەویستنەوە، تێکەڵ لەبەزەیی و رقەوە پێی وت:

–ئەوە بۆ نانوویت نەگبەتی سەر بەگۆبەند، بۆ نانوویت وا سەعات دەیە.!

لەسـەعات دەونیـوی تـەواودا لـەدەرگا دەدریٚ،جاریٚـكو دووانو سـیان، خـەرامان بـەر لەسـەلام رادەپـەڕیٚو رووەو دەرگـای حەوشـە رادەكـات.. میٚردەكەشی بەدوایدا..

–كیٚیە؟

–منم، جەوهەرم جەوهەر..

دەرگـای لیٚ دەكەنـەوە، دەبیـنن رزگاریشـی لەگەڵدایـە، تفەنگـەكانی دەستیان خورپە دەخەنە دڵی هەردووكیانەوە،خودایە بەم شەوە چی قەوما بیٚ؟

جەوهەر رووەدەكاتە سەلامی برایو بەسەریا دەنەڕیٚنیٚ:

–چۆن توانیـت دان بەخۆتا بگریـتو ئەمـە قبـولٚ بكـەیت، بۆ نەتكوشـت؟ ئەی باشە چۆن تەڵاقت نەداو لەم ماڵە نەتكردە دەریٚ؟!

خەرامان وڕو بیٚ دەنگ، سەلامیش وەك بت وشەیەكی بۆ نەدەوترا، یـەكیٚ لەبراكان میل دیٚنیٚتـەوەو بەدەستڕیٚژیٚ ساردی دەكاتـەوە..سـەلام هـەر خـۆی بەتـەنیا بـەدیار ژنەكەیـەوە دەمیٚنیٚتـەوە، میٚشـكی بەشـیٚوەیەك سـڕبوو هیچـی بەبیردا نەدەهات!!

راگەیاندنی تاوانەكە..

سـەلام ماوەیـەك بـەحاڵی شـپرزەو قـوڕگی گـیراوەوە بـەدیار ژنەكەیـەوە مایــەوە، دواتــر هــەواڵ دەداتــە ئــەكرەمی بــرای خــەرامان، ئــەویش هــەر كەدەگاتو كارەساتەكە دەبینیٚ خەبەر دەداتە پۆلیس، لەسـەعات11،30ی شـەودا دەگەنـە سـەریو دەبیـنن لەپشـتی دەرگای حەوشـە كەوتووەو گیـانی

لەدەست داوە.. ئیتر دەیبەنە (طب عدلی)و لەویٚ دەبینن دەدوانزە فیشەکی پیٚوەیە..!

هەر لەو ساتەدا تەنیا شایەتی رووداوەکە کەسەلام خۆیەتی رایدەگەیەنیٚ:

-رزگاری برای بکوژی ژنەکەیەتی..

ئەو شەوە رزگار لەماڵە خزمیٚ دەمێنیٚتەوەو بۆ رۆژی دوایی خۆی دەدات بەدەستەوە.. ئاشکرا دەڵیٚ(من کوشتوومە).. بەڵام لە لیٚکۆڵینەوەو لەدانپیانانی بکوژی راستەقینەی خەرامانـدا دەردەکەویٚو دەسەلمیٚ کەرزگار نەیکوشتووە، بەڵکو جەوهەری کاکی ئەو تاوانەی کردوە، هەر لەدوای رووداوەکە، رزگار خۆی وتبووی(کاک جەوهەر، تۆ تەمەنت زۆرەو خاوەنی هەشت سەر خیٚزانیتو بەرگەی بەندیخانە ناگریت، کەواتە من براژنم کوشتووە).

ئەمە دەڵیٚو لوولەی تفەنگە کلاٚشینکۆفەکەی دەکاتە ئاسمانو فیشەکیٚ دەتەقیٚنیٚ، تاوەکو لەفەحسی تفەنگەکەیدا بسەلمیٚ تەقەی پیٚ کراوە،بەڵام دواتر کاکی دان بەراستی تاوانەکەدا دەنیٚو تەسلیم بەیاسا دەبیٚتو دەڵیٚ راستی مەسەلەکە بەو جۆرەیەو من خۆم کوشتوومە، تەنانەت پیٚیان دەڵیٚ:

-کە رزگارم شویٚن خۆم خست سەرم گەرم کردبوو، تا چووینە ئەویٚو کارەکەم ئەنجامدا رزگار بەمەبەستی منی نەدەزانی..

خەرامان بۆچی کوژرا؟..

باپیٚکەوە گویٚ لەشایەتو پەیوەندداران خۆیان بگرین:

رزگار: من خۆم شتم لیٚ دیوە..!

هۆی ئەو کارە بەقسەی رزگاری تەمەن بیست ساڵ پاراستنی ناوبانگی خێزانەکەیان بووە، ئەوەتا دەڵێ:

–خەرامان ناوی خێزانەکەمانی خراپ کردبوو، پەیوەندی لەگەڵ سمکۆدا هەبوو، کەچوومە ژووری نوستنەکە براژنەکەم بەتەواوی شپرزە بوو، کەلە کەنتۆرەکەش نزیک کەوتمەوە ئەوەی ناوی(سمکۆ)توند دەرگاکەی لەسەرخۆی داخستو نەیهێشت بیکەمەوە، تاچووم ئاگاداری کەسوکارم بکەمو هاتمەوە رایکردبوو.

*(لەنجە)ی تەمەن(11)ساڵان کەنۆبەرەی خەرامان بوو، بەرەنگی هەڵبزرکاوو دوور لەنازی دایکو باوك، هێدی هێدی قسەی دەگێرایەوەو وتی:

–تاریك داهاتبوو، کاك سمکۆ هاتەماڵمانو لەناو دەرگای حەوشەدا قسەی لەگەڵ دایکم کرد، نازانم باسی چیان دەکرد، دایکم بەئێمەی وت: بچنە ژوورەکەی خۆتان، خۆیو پیاوەکەش چوونە ژوورەکەی ئەوبەر کەکەنتۆرەکەی لێیە، دوای کەمێ لەدەرگا درا، من چووم کردمەوەو بینیم مامە رزگارە، هاتە ژوورەکەی ئێمەو دایکیشم هات بەخێرهاتنی کردو دوای ماوەیەك چووە ژوورەکەی خۆیو لەوێ مایەوە، ئیتر لەوێ دواکەوت،مامم وتی بچۆ بانگی بکە بابێت لەگەڵماندا دابنیشێ، بەڵام دایکم وتی بڵێ جلەکان رێك دەخات، ئەوە بوو مامم چووە لایو داوای دەمانچەکەمانی لێ کردو ئەویش دایە، بردیو رۆیشت، ئیتر من کاك سمکۆم نەدی بڕواتە دەرەوە، دوای ماوەیەك مامە رزگار گەڕایەوە باپیرمو مامەکانی ترمی لەگەڵدا بوون، لەگەڵ دایکم لەژوورەکەی خۆی مانەوەو دوایی رۆیشتن، بەڵام من

ئاگـام لەكوشـتنی دایكـم نـەبوو، مـن لەوكاتـەدا خـەوتبووم، لـەوەو بـەریش سمكۆم نەدیبوو بێتە ماڵمان..

*برا گەورەكەی سەلامو بكوژی خەرامان وتی:

-بەرلەسێ ساڵ گومانی ئەوەمان لێ كردبوو كەپەیوەنـدی لەگـەڵ سمكـۆدا هەیـە، رزگـار نامەیـەكی گرتبـوو كـەسمكۆ بـۆ خـەرامانی نـاردبوو، بـەدەوری خۆم براكانم راسپارد ئامۆژگاریی بكـەن، خۆیشـم قسـەی زۆرم بۆ كـرد، بـەڵام بێسوود بوو، ژنە خۆی چاك نـەكرد، كـاتێ رزگـار چووبووە ئـەوێ تـا لـەلایان بنـوێ شـتی نائاسـایی هەسـت پێكردبـوو، بەتایبـەت لـە هەڵسـوكەوتی لەنجەوشـۆخاندا، كەچـووبووە ژوورەكـە ژنـە بـەر كەنتۆرەكـەی لێ گرتبـوو، دواتـر كەئێمـە چووین بینیمـان كەنتۆرەكـە بەتاڵـەو جلیشـی تیانییـە.. كـەمن هاتمـە ئـەم كێشـەیەوە بەبراكـەیم وت(گـرنگترین شـت رەوشـتو ناوبانگـە بـۆ مـرۆڤ، خەریكـە خــەرامان نــاوی بنەماڵەكــەمان دەزڕێنــێ)، ئــەو وتــی(بــا بەهـەردوولامان بیكـوژین)، بـەڵام مـن بـەوە رازی نـەبووم، وتم بیبەنـەوە مـاڵی خۆتانو چی لێ دەكەن بیكەن، بەڵام هیچمان لێ نەكرد..

دوای تێپـەڕبوونی چـوار رۆژ بەسـەر گەڕانـەوەی سـەلامی برامـداو، دوای ئەوەی ناوی خەرامان زڕابوو بڕیارمـدا خـۆم بیكـوژم، ئـەوە بـوو بڕیارەكەشـم بردە سەر.

*ئەفسەری نووسینگەی لێكۆڵینەوەی تاوان وتی:

-جێـی پیاوێـك لـەناو كەنتۆرەكـەدا دەبێتـەوە، جێـی رووشـاوی لـەنزیك شوێنی كلیلەكەوە لەناوەوە دیارە..

داوای سزادانی سمكۆ دەكەم..!

سەلام وتی :

–من داواكارم سمكۆ سزا بدرێت، چونكە ئەو بووە هۆی لەناوچوونی دایكی دوومندالّم، خۆ بەناخێری لەكۆنەوە هاوڕێم بوو، ئەو نەهاتووەتە مالّی من لەوەوبەر، بەلاّم نامەیان گرتبوو كەبۆ ژنەكەمی ناردبوو، هەرچەندە من ئەو نامەیەم نەدیوە، ئیتر لێی زویر بووم، كاتیّ مەسەلەكەیان گێڕایەوەو وتیان لەكەنتۆردا شاردویەتیەوە، ژنەكەم وتی:

–بۆ ئەوە هاتبوو كەمن بەكەسوكارم بلّێم سمكۆ داخوازیی خونچەی خوشكم دەكات..

بێگومانم كەخەرامان پەیوەندیی خراپی لەگەلّیا نەبووە، خەلّكی گەڕەك هەموو شایەتی ئەوەن كەداوێن پاكو رەوشت بەرز بووە..

ئەكرەمی برای خەرامانیش لەوەوبەر هیچی نەبیستووە، تاسەلامی زاوای لەسەفەر دەگەڕێتەوەو لەم بالۆرەیەی ئاگادار دەكات.. ئەویش یەخەی سمكۆ دەگرێت، بەلاّم ئەو نكولّی لەو باسە دەكاتو دەلّیّ من بۆ داواكاریی خوشكەكەی ترت چوومەتە مالّیان..

ئینجا داوای لەدادگا كرد سزای تاوانبار بدرێت، ئەو كەسەی خوشكەكەی كوشتووە..

ئەی سمكۆ خۆی دەڵێ چی؟

سمكۆش بەدادگای ڕاگەیاند:

-چوومە ماڵیان تا لە مەسەلەی داواكردنی خونچەی خوشكی بدوێم، زانیم سەلام لەوێ نییە، لەناو دەرگاكەدا قسەمان دەكرد، كەرزگار هات بۆ ئەوەی نەمبینێ چوومە ژوورەوە، لەوێش لەترسا چوومە كەنتۆرەكەوە، كەئەو ماڵی بەجێهێشت هاتمە دەرەوەو ڕۆیشتم، من بەهیچ جۆرێ پەیوەندیم لەگەڵیا نەبووەو ئەو نامەیەش كەباس دەكرێ ئەوا ئەسڵی نییەو هەرگیز نامەی وام نەنووسیوە..

بڕیاری دادگا..

ڕۆژی 1993/11/27دادگای جنایاتی سلێمانی دادگایی هەردوو گومان لێكراوی كردو بەبڕوای دادگا:

-خەرامان كەدوو شووی كردووەو دایكی چوار منداڵە بەتەنگ ناوبانگی خێزانەكەیانەوە نەهاتووەو پەیوەندیی لەگەڵ سمكۆ هەبووەو گەڕەك هەموو پێیان زانیوە، جەوهەریش بەنیازی كوشتنی بەئەنقەست ئەو كارەی كردووە، كەواتە مادەی یاسایی406 /1/أ سزادان دەیگرێتەوە، بەڵام رزگار بەپێی ئیفادەكان بەشداری تاوانەكە نییە، بەبڕوای دادگا پاڵپێوەنەری تاوانبار بۆ ئەو تاوانە لەوەوە بووە كەدژی خراپەكاریی و بەدرەوشتییە، دادگا بڕیاریدا:

1- حوكمدانی جەوهەر بە(2)ساڵ بەندكردن.

2-دەبـــێ بـــڕی (24)هـــەزار دینـــار بـــدات بەهـــەر چـــوار منداڵە(ناکامەکەی)ەکەی خەرامان.

3-دادوەری لێکۆڵینـــەوە لـــەرزگار بکۆڵێتـــەوە دەربـــارەی چـــەك هەڵگرتنەکەی.

شایانی باسە، لەوەوبەر جەوهەر هیچ تاوانێکی نەکردووە.

ئایا هەموو کۆمەڵ لەم جۆرە تاوانانە بەرپرسیار نین؟

یـان بەتـەنیا کەسـانێك لەنموونـەی کەسـانی نێـو ئـەم چیرۆکە هەواڵـە بەرپرسیارن؟!

ئەی دەبێ سوچ و گوناهی ئەو منداڵە بێ نازانە چی بێت؟..

لەپڵنگان چ قەوماوە؟!

بێخـاڵ وەك هـەموو شـەوەكانی تـری هەفتـەی رابـردوو، دەیویسـت وانیشـاندا كەبەتـەنیا مێشـكو چاوەكانی لەگـەڵ شاشـەی تەلەفزیۆنەكـەدا دەژیـــن‌و بـــەجارێ ئاگـــای لەدەوروبـــەر نـــەماوە، بـــەلاّم هـــەردوو میوانەكـەی(سـەنتەر)لێـی نەدەگـەڕان‌و بـەكلیلی باسـێك، رازێكـی دیكـەیان دادەمەزراندو ئیتر ئەمیش بەناچاری دەكەوتە ئاخافتن..

لــەو ســەنتەرەی ژنانــدا، لەوەوبــەریش زۆر كــچ‌و زۆر ژنــی لانــەوازو بەشمەینــەت دالّــدە درابــوون، لەژوورەكــەی تــردا كەتــەرخان بــوو بــۆ خەوتن‌وحەوانـەوە چـەند میـوانێكی هەمیشـەیی لـەنێو خۆیانـدا دەردەدڵیـان هەڵدەڕشــت‌و دواجــار" بــۆ ئــەوەی بــەیانی زوو بەخەبــەربێن‌و رووبكەنــە كارەكانیان، لەگەڵ خەودا ئارام دەبوون‌و بەجارێ نوقمی بێدەنگی ژوورەكە دەبوون.

گفتوگۆی ئەو شەوە

دیـداری تیرۆریسـتەكەی نێـو تەلەفزیۆنەكـە هێشـتا كۆتـایی نـەهاتبوو، پورەخانم هەردوو دەستی هەڵبڕی‌و بەدەنگی بەرز وتی:

–رەبی خێـر لـەجوانیی خۆتـان نـەبینن، ئـاخر بۆ كـوڕی موسـڵمانان بـەم دەردە دەبەن.. چ رەوای هەقە جەرگی خەڵكی دەسوتێنن.!

لەسەرخۆ (بێخاڵ) بەشداریی قسەی كردو وتی:

–پـورێ گیـان ..ئەمانـە كـەی ئـادەمین، ئەمانـە دڕنـدەن‌و وان لەپێسـتی ئادەمیزاددا..

خانم توورەتر قسەی كردو وتی:

–ئاخر سـەگی سـەگبابینە بۆ وادەكـەن، بۆچـی بەتەقینـەوە خـوێنی پـیرو جوان تێكەڵ دەكەن.. ناكەسبەچەكەی مێردی منیش لـەمان بوو، دەیویست

تادەمرم زوخاوبكات بەگەروومدا.. دەیویست بۆ یەك رۆژ خێر لەژیانی خۆم نەبینم.

تا ئەو ساتە (جوانە) خۆی گرمۆڵەكردبوو، بەشداریی قسەی نەكردبوون، هەموو زەینی خۆی دابووە دیداری نێوان بێژەرەكەی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان و ئیسلامییە پیاوكوژەكە.. بەپرسیارێك دەنگی تێكەڵ بەدەنگیان بوو..

–پورە خانم گیان...بۆیە واتكرد.. بۆیە ویستت بیكوژیت ..باشە چۆن نەمرد؟!

–چوزانم كچی خۆم ، ئەڵێی بەرازە...ئەو چۆن بەچەقۆیەك و دووان بەلادا دێت، بەخوا كچم بەرگەی دەش دەگرێت..

بێخاڵ لێی نزیك بووەوە ..دەستی گرت بەسەرپۆشەكەی دەمولوتییەوەوبەسەرساممییەوە پرسیی:

–پورێ .. بریاری لەوەوبەرت بوو، یان لەو شەوەدا بەخەیاڵتدا هات دەستی لێ بوەشێنیت؟

–رۆڵە بڵێم چی ..بەو خوایەی هەموومانی دروستكردووە، هەموو جارێك كەلەسەر بەرماڵەكەی هەڵدەستا بەجنێوێكی ئەو دەمە پیسەی شپرزەی دەكردم..ئاخر من لەرێی ئەوەدا ماوم دڵم لێ پیسبكەن.. لەرێی ئەوەدام هەموو رۆژێ پێم بوترێ قەحبەی قەحبەی باوك و دایك.. رەبی خوایە لەپاداشتی ئەو جنێوانەی بەدایك و باوكمی دەداو رۆژی سەد جار لەقەبرەكەدا رایئەچڵەكاندن ئەو زمانەی تووشی سەرەتان كەیت..

خانم دەستی كردە گریان و هەردوو كچە گەنجەكەی هاوغەمیشی زیاتر لێی نزیك بوونەوەو بەهەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا هێوری بكەنەوەو ژیربێتەوە..

چاودێری سـەنتەرەکە خـۆی کـرد بەژوورەکـەداو خـۆی ئاسـا بـەڕووی خۆشەوە هەندێ سوعبەتی لەگەڵ جوانەدا کردو لـەقاپێکی نایلۆنـدا خـەیاری خستە بەردەستیان... پاشان خوێدانەکەی دایە دەسەتی بێخاڵو وتی:

– هـا کچـی جـوان... هانـێ بیگـرەو تونەو خوایـە گـەر دەسـتو سەرپۆشـەکەت لەسـەر رووت لانەبـەیت... رۆڵـە ئـەوەی لەگـەڵ تـۆدا کـراوە ناشرینی نەکردوویت.. بەڵکو جوانتریت لەجاران.

ئەو رۆیشتو خانم درێژەی بەقسەدا..

–دە راسـت دەکـات دایکـی خـۆم، ئـاخر ئەوەنـدە دەسـت دەخەیتـە سەردەمولوتت دەخنکێیت..

نەچوومە سەیران.!

دوای تکـاو رجـای خـانم دەسـتی راسـتی ئـازادکردو بەدەسـتەکەی تـری سەرپۆشەکەی لەسەری داگرت.. هەردوو هاوڕێکـەی سـەرنجی لـوتی براویـان دا...دییـان وا گۆشـتەو زوون بووەتـەوەو بـەو چارەسـەرە بەردەوامـەی بـۆی کـراوە خەریکـە لـوتی باشـتر دەبێـت...بـەڵام جێگـای بڕراوییەکـە بەباشـی دەبینرا.!

خانم خەیارێکی لەتکردو دایە دەستی...ئینجا پرسی:

–ئەرێ کەی بوو ئەو کافر باوکە بەو دەردەی بردیت؟

–شـەوی 3/17 بـوو، بـەر لـەوەی ئـەو کارەسـاتە بقـەومێ لەگـەڵ دایکـم تـەگبیری ئـەوەمان دەکـرد کـە بـۆ نـەورۆز بچینـە دوکـان، بەڵام دوکانی چـیو سەیرانی چی... ئەوان بەو دەردەیان بردم کە دەمبینن!

جوانە وتی:

-دەستیان شکێ... دە رۆڵە بۆمانی بگێڕەوە.. تۆ هەر دەڵێیت بوختانیان پێکردین‌و ئەتکیان کردین.. دەبۆمانی باسکە خۆ شەو درێژەو کۆتایی نایەت..

لەتێ خەیاری بەدەستەوە مابوو، دایناو کەوتە هەڵڕشتنی رازو خەمەکانی.. بێخاڵ وتی:

-رۆژی 2002/8/27ش لەدادگا هەر وام باسکرد، وتم سوێند دەخۆم بەڕاستی بۆتانی بگێڕمەوە، وتم بەو قورئانەی بەردەستتان درۆناکەم..

وتم من خزمایەتیم هەیە لەگەڵ (ئاوات)، ئەم ئاواتەی لەسەر من گوێیان بڕی.. لەسەر ئەویش بەچەقۆ بەربوونە لوتی من‌و بەم دەردەیان بردم.

من هەرسێ تۆمەتبارەکەش دەناسم، ئەوانەی پەلاماریان داین‌و دواتر گیران..

راستە من لەوەوبەر پەیوەندی خۆشەویستیم هەبوو لەگەڵ ئاوات، بەڵام دوای ئەوەی درامە خاڵی" ئیتر ئەو پەیوەندییە نەماو کەیەکتریشمان ببینیایە هیچ قسەیەکی لەو جۆرەمان نەدەکرد.. خۆ مێردەکەم دەیزانی کە خوشکەزاکەی جارجارە دێتە ماڵمان، لەوەوبەر کەدەیدی شتێکی وای نەدەوت.. بەڵام ئەوجارەیان کەی بوو..ئا.. ناوەڕاستی مانگی سێ، هەر کەهاتەوە ماڵێ‌و بینی لەبەر هەیوانەکەی ماڵی خۆمان دانیشتبووین، بەجارێ خۆی شێت‌وهارکرد..کەوتە جنێوپێدانمان‌و ئاواتی راونا.. بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ماڵە دراوسێکەمان تا چەك بهێنێ‌و منی پێ بکوژێت...منیش لەترسی گیانی خۆم هەڵاتم‌و رامکردە ماڵی ئاوات کە هەر لەگوندەکەی خۆمان بوو.

خانم قسەکەی پێبڕی‌و وتی:

– ئەرێ گوندەکەتان لەنزیك رانیەبوو؟

– بەڵێ ، هەر لەپشتی رانیەوەیە.. کەئاوات بەوەی زانی بەپەلە ئەو ناوەی جێهێشت و چوو بۆ ماڵی زاواکەی لەگوندەکەی نزیك خۆمان، بۆ رۆژی دوایی زاواکەی هات بەشوێن منداو هەربەپێ چووینە گوندەکەی ئەوان، بۆ شەوەکەشی هەرسێکمان ، منو ئاوات و زاواکەی چووینە گوندێکی ترو لەوێ ئێمەی سپاردە ماڵێکی ناسیاوی، خۆیشی گەڕایەوە، بۆ سبەی شەو خاوەن ماڵەکە بەئوتومبێل ئێمەی گەیاندە (سەرکەپکان)، لەوێ لەماڵی دووەمی کاك غەفووری زاوای ئاوات دابەزین.. نانمان پێدراو پشوویەکمان دا، کاك غەفوور ماڵەکەی ئاوابێ دڵی دەداینەوەو دەیویست هەرچۆنێکە ترسەکەمان بڕەوێنێتەوە.. بەڵام هەر لەو شەوەدا مێردەکەی منو عوسمانی کوڕی لەژنەکەی پێشووی، وەك رەشەبا پەیدابوون، بەئوتومبێلێکی بەرازیلی هاتبوون.. کاك غەفوور کەوتە قسەکردن لەگەڵیانداو سوودی نەبوو، داوایانکرد ئێمە لەگەڵیاندا بگەڕێینەوە بۆ رانیە، نەماندەزانی چییان لەژێر سەردایە!

کاك غەفووریش بەدڵپاکی خۆیەوە تەسلیمی ئەوانی کردین.. سواری ئوتومبێلە سوورەکە بووین، یەکێکی تر لێی دەخوڕی و نەماندەناسی، باوکی عوسمان تفەنگێکی پێ بوو، ترس هەموو گیانی گرتمەوە، لەخۆم زیاتر دڵم لای ئاواتی کلۆڵ بوو، لەوێ براینە ماڵێك کەمن و ئاوات نەماندەناسین، دووانیان رۆیشتن و مێردەکەی من بەخۆی وکلاشینکۆفەکەی دەستییەوە وەك پاسەوان بەدیارمانەوە مایەوە!

روو لەپڵنگان..!

جوانە پەرداخێ ئاوی دایە دەستی، ئینجا پرسی:

-ئـەرێ نـەتووت تەمـەنیان چـەندبوو.. مەبەسـتم مێردەکـەت و ئـاواتی خوشکەزایەتی؟

-مێردەکـەم 59 سـاڵ بـوو، ئـاواتیش سـاڵێ لـەخۆم گـەورەتربوو، نـۆزدە ساڵ بوو... خانم وتی:

-ئێ کچی خێر لەخۆنەدیوم.. پاشان چی روویدا؟

-پاشـان کوڕەکـەی و خزمێکیـان خۆیـانکرد بەماڵـەداو لەگـەڵ مێردەکـەم داوایـانکرد لەگـەڵیان بـڕۆین... ئـاوات بەترسـەوە لێـی پرسـین(بـۆ کـوێ)، وتیــان(کەســوکاری بێخــاڵیش بــەبیانوون.. تــووڕەن لێتــان، دوورتــان دەخەینەوەو مل بشکێنن).

براینـەدەرو سـواری لانـدگرۆزێك کـراین، رووەو دۆڵـی پڵنگـان بـراین، ئـەو دۆڵە سـەعاتە رێیـەك لەرانیـەوە دوورە... لـەرێگا بـێ دەنگ وکاس و خـامۆش، جـار جـارە مـن و ئـاوات لەیـەکمان دەڕوانـی، دەترسـاین.. لەچارەنووسـی نادیارمـان دەترسـاین... کەگەیشـتین بینـیم لانـدگرۆزێکی سـپیی تـر لەقـەراخ جادەکـە وەسـتاوە، یەکسـەر زانـیم ئـەوەی لەناویدایـە(جەوهـەر)ی خزمـی خۆمـە، ئـەمان دابـەزین و چـوونە لای و کـەمێ قسـەیان کـرد، پـاش کـەمێك جەوهـەر بـەخێرایی خـۆی گەیانـدە ئوتومبێلەکـەی ئێمـە، دەرگـای کـردەوەو پـەلی منـی گـرت.. دەسـتمکرد بـەگریان و ئـەویش رایدەکێشـام، وامزانـی دەمکوژێ.. شـاڵڵا بیکوشـتمایەو نـەجاتم بووایـە.. توخـوا لـەم قوڕبەسـەرییە باشتر نەبوو؟

جوانە زیاتر پێوەی نووسا، ئەژنۆی گیرکرد لەڕانی و وتی:

-ئێ بێخاڵ گیان... ئەو جەوهەرە چیکرد؟

-ئـەو شـەوە مانگەشـەو بـوو، بەرلـەوەی بـدرێم بەزەویـدا، تەماشـامکرد دووانەکـەی تـر پـەلاماری ئـاواتی بەسـتەزمانیان داو ئـەویش داگـیرا، مـن دەمزریکانـدو زریکـەم لەدۆڵەکـەدا دەنگـی دەدایـەوەو سـوودی نـەبوو، هـاوارم

دەگەیشــتە عەرشــی پــەروەردگارو ســوودی نــەبوو، دەتــووت حــەیوانێ رادەکێشــێ، زۆر بــێ رەحمانــە پاڵیخســتم، لەوکاتــەدا(ئــەمیر)ی ئامۆزاشــم لەئوتومبێلەکە دابەزیو بەخۆیو تفەنگەکەی شانیو لایتی دەستییەوە لێم نزیــك بــووەو، تفەنگەکــەی لەشــان ترازانــدو هــەر دەمزریکانــد، وامزانــی دەمکوژێ.. ئەمیر وتی:

(ئەوە چییە کاك جەوهەر، تاقەتت پێی ناشکێ.. دەلێگەڕێ بۆ برات..)

ئــەوەی وتو چــەقۆیەکی دەرهێنــا.. نیشــتە ســەرم، وتــی بیگــرە جەوهــەر.. دەموچــاوی خــەڵتانی خــوێن کــردم.. دەگریــامو دەپاڕامــەوەو دەلالامــەوە.. سوودی نــەبوو.. لــەتاو ئــازار بــەری چاوم تاریــك بوو، گــوێم لــە(ئامۆزا)بــوو وتی(جەوهەر گیان توند بیگرە بابە بەتەواوی لوتی لێ بکەمەوە)..

کــەوتم..خــەریك بــوو لەهۆشــی خــۆم دەچــووم، گــوێم لێ بــوو لــەولاترەوە خۆشەویســـتەکەی خۆشـــم هـــاوار هـــاواری بـــوو.. نەمـــدەزانی بەدەســـت کامیانەوەیــەو چــی لێدەکــەن، هــەر هــاواری دەکــردو بــەو وەزعــەی خۆمــەوە خــەریك بــوو بــۆی شــێتو هــاردەبووم. خــوێن هــەمووگیانمی ســوورکردو هــەردوو دەســتم خســتبووە ســەر لــوتم.. تەماشــامکرد مێــردە بەڕێزەکــەم بــێ دەنــگ بــەژوور ســەرمەوە وەســتاوەو تێمــدەڕوانێ.. لــەولاترەوە بینــیم مــامم کــەباوکی ئــەمیربوو تێمــدەڕوانێ.. دوایــی زانــیم کــە خــاڵی ئاواتیشــیان لەگەڵدابووەو ئەویش دەستی وەشاندوە!

ئەتککردنی ئاوات!

ئەو شەوە یەکجار درێژ بوو .. ژنانی سەنتەرەکە هەموو خەوتبوون، بەڵام بەسەرهاتی دوورودرێژی (بێخاڵ و ئاوات) کۆتایی نەهاتبوو، بێخاڵ وتی:

–لــەدادگاش ئــاوات قســەی خــۆی کــرد، ئــەو دوای مــن قســەی کــرد، پێــی وتــن..3/17 بــوو بــراینو بــەو شــەوە درەنگــە ئاوامــان لێکــرا، کــەبێخاڵ

دەیزریکاند دەمخواست هەرچۆنێکە لەچنگیان رزگاری بێ و خواخوام بوو من بکوژن و هیچ لەو نەکەن.. زیاتر بۆ ئەو دەگریام... چەند هەنگاوێ دوور لەبێخاڵ منیش پاڵخرام و خاڵی خۆم چەقۆی لێ دەرهێنام. گیرام بۆی و کرکراگەی گوێی چەپی بڕیم.. دوایی کەسواری ئوتومبێل کراین زانیم ئەویش لوتی بڕراوە!

هەروەها بەدادگای وت: خۆ خاڵم دەیزانی من و بێخاڵ دڵمان داوە بەیەکتر، کەچی بەوپیرییەوە هەر لەسەر قسەی خۆی سوربوو هێنای و ئێمەشیان بەو جۆرە ئەتك کرد..!

بێخاڵ بەچاوی پڕلەفرمێسکەوە بەجوانەو پورە خانمی وت:

–بەیەکێك لەئوتومبێلەکان هێنراینەوە بۆ رانیە، لەڕێگا بەچاو من و ئاوات جار جارە یەکترمان دەدواندو خوێنیش بەگیانماندا دەهاتە خوارێ، لەڕێگا هەڕەشەمان لێ کرا، وتیان بەتەنیا ناوی جەوهەرو خاڵی ئاوات ببەن.. دەنا دەتانکوژین و لەسەر زەوی ونتان دەکەین..

هەروەها پێیان وتین: باش نییە بەئەتك کردن رزگارتان بوو، باش نییە بەلوت و گوێیەك دەرباز بوون .! کە گەیشتینە رانیە ویستیان نەمانبەنە نەخۆشخانەو دکتۆرێ پەیدا بکەن بۆ چارەسەرمان ، بەلام دەستیان نەکەوت، بەناچاری براینە پەنا نەخۆشخانەکەو فرێ دراین، ئەو شەوە چارەسەرمان بۆ کراو بۆ رۆژی دوایی رەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراین..

بێخاڵ سەری داخست و پاش کەمێك وتی:

– لە دوا قسەمدا بەدادگام وت" من تا ئێستا کچم.. ئێستاش کەمێردەکەم تەلاقی داوم ئامادەم شوو بەئاوات بکەم و بەئاواتی دڵی خۆم بگەم..جوانە وتی:

–باشە بێخاڵ گیان: حوکم نەدران؟

بێخاڵ وەڵامیدایەوە:

با.. هەنەزاکەی خۆم دوو ساڵ حوکم دراو ئەوانی تریش هەندێکیان خۆیان شاردەوەو دوای سوڵحیش لەهەندەکەی تریان خۆشبووین..

خانم وتی:

-باشە بێخاڵ گیان، وتت تائێستا کچم؟

-بەڵێ، چونکە باوکی عوسمان لەبەر پیری بێ توانایی خۆی نەیتوانی کاری شەرعیم لەگەڵدا بکات..

لەو نیوە شەوە خامۆشەدا، بێ دەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەو سەنتەرەکەی پاراستنی ژناندا کێشابوو، بەڵام هاوارو زریکەی شەوەکەی بەر لەنەورۆزی دۆڵی پڵنگان ، لەمێشکی پورە خانمو جوانەدا دەنگیان دەدایەوە.

لەچلەی هاویندا ئاگری بەردایە جەستەی..!

هەرچەندە (دڵپاك) دەیویست دیمەنی ئاژاوەی نێوماڵەکەیان لەبەرچاو ون کاتو جنێوو کرداری ناپەسەندی باوکەکەی بەرامبەر دایکی بەدبەختی لەبیرخۆ بباتەوە، چەند ساتێك بەکۆششی ئەو وانەیەوە خەریك بێت کەکەوتبوو تیایداو وادەی تاقیکردنەوەی نزیك بوو، بەلاّم نەیدەتوانیو هەمیشە مێشكو دەروونی وروژاوی لای دایکی بوو...

شەوێکی گەرمی چلەی هاوین، زۆربەی خوشكو براکانی لەتارمەو حەوشەکەدا بوون... لەتاو جنێوو قسە نابەجێیەکانی باوکی، بەناچاری (روناك)ی دایکی دەچووە ژوورەکەیو گەرمای ئەوێی لەدیمەنو هەڵسوکەوتی مێردە سەرلێشواوەکەی لاپەسەندتر بوو...!

کچەکەشی بەبیانووی سەعی کردنەوە دەچووە ژوورەکەی خۆیو خوشکەکانی، دەرگای لەسەر خۆی دادەخستو لەژێر پانکەدا کتێبی دەگرت بەدەستەوە... بەلاّم مێشکی هەر لای دایکیو سکالاّکانی بوو لەدەست باوکیو ئەو رۆژگارە رەشەی تووشی بوو بوو...

دڵپاك رۆژێ پێشتری کەوتەوە بیر، داچڵەکی، دیمەنی هەڵچوونو پەلاماری باوکەکەی هاتەوە بەرچاوو قسەو کروزاندنەوەی دایکە کڵۆڵەکەی هاتەوە گوێ...

–نارەسەن، بوویت بەو ژنەی لەقسەی مندا هەڵبدەیتیو دەست بخەیتە کاری منەوە...

– ئاخر عەبدول تۆزێ هۆش بێنەرەوە بەرخۆت، تۆ بزانە ژیانی منو ئەم شەش منداڵەت چۆن کردووەتە دۆزەخ..

–حەیوان، چەنەبازی مەکە ئەگینا..

–ئـەگینا چـی، چـیت لەدەسـت یـەت درێخـی مەکـە، خـوا بـەو سـەرەوە ئاگاداربیٚ، ئەمجارە کاول بووەکەت بۆ جێدێڵمو هیچ شتێك ناهێنێتـەوە بـەم ماڵـەدا... کـوڕە غیرەتـت بـیٚ... کوڕەتـۆزیٚ پیاوبـە، چـیم وتـووە، ئـەڵێم کـارو کاسبییەك بکەو ماڵو مناڵتی پیٚ بەخێوکە..

–ئاخر بۆ نەمکردووە هەی هیچو پوچ...ئەی چەند ساڵە کیٚ...

قسەکەی پیٚ بڕی، کوڕێکی 12ساڵەیان هاتە نێوانەوە، ویستی هێوریـان کاتەوەو باوکی بەشەپازلەیەك دووری خستەوە...

رووناك لێی نزیکبووەوە..

–ئەریٚ وەڵڵا ماڵی باوکم نەبوونایە ئەمردین لەبرسانا... بـەختی ئـەو ڕۆژە سووتیٚ تۆی کردە نسیبی من...!

عەبدول تـەواو شـێتگیر بـوو..دوای نەڕەیـەك پـەلاماری ژنـەی داو کەوتـە لێدانی...دڵپاكو منداڵەکانی لەژێر دەستیان دەرهێنا..

باوکیان لـەدەرگای حەوشـەوە بـەرەو کـۆڵان تـرازاو دایکـی چارە رەشـیش بەگریانو دوعا کردنەوە رووەو ژوورەکەی چوو..

ئـەو شـەوە، تـا درەنگـانیٚ خـەو نەچـووە چاوەکانی دڵپـاكو، بـەردەوام شەڕەکەی دوێنیٚو، شەڕەکانی دیکەی باوكو دایکی لەبەرچاو بوو...

ئاگرێك لەگەڵ بەرەبەیاندا

سـەعات شەشـی بـەیانی بـوو، دایـكو کچ هەریەکـەیان لـەژووری خۆیـانو عەبـدولو منداڵـەکانی دیکـە لەحەوشـە، هـەموو خـەوتبوون تـەنیا روونـاکی دڵشکاو نەبیٚ...

رونـاك لەژوورەکـەی هاتـە دەرو یەکسـەر چـووە بـەردەم پەنجـەرەی ئـەو ژوورەی دڵپاکی کچی گەورەو هاوڕێی غەمەکانی لێی خەوتبوو...

تێی دەڕوانی و بەچاو پێی دەوت:

–قەینا کچەکەم، ئیتر دڵ مەنێ بەدڵمەوەو فرمێسك بۆ ئاژاوەی ئەم کاولبووە هەڵمەڕێژە... قەینا دڵەکەم، چیتر دایکت بەلێدان شلکوتی عومری ناکریێو بەیەکجاری لەدەست باوکە دوا بڕاوەکەت دوور دەکەوێتەوە...

هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا و لەحەوشە لەنزیك فریشتە خەوتووەکانییەوە راما، هەنگاوێکی ناو بەچاوی تەڕو پرچی ئاڵۆزکاوو سیمای شێواوەوە بەسەر کوڕە بچکۆلەکەیدا چەمییەوە... هەردوو دەستی گرت و تێر تێر ماچی کردن و خستنیە سەر دڵەپڕ لەخورپەکەی..

–خواحافیزتان بێ هەناسەکانم...هەربەوتان دەسپێرم..

هەنسکی گریانی زیادی کردو کەس ئاگای لێ نەبوو.. دواجار بەرلەوەی بچێتەوە ژوورەکەی بە ڕقەوە روانییە عەبدول، لێوە وشکەکانی کەوتنە جووڵەو لەبەرخۆوە کەوتە قسە:

–رەبی ئاهونزوڵەم بگاتە ئاسمان و خێر لەخۆت نەبینی کەنەتهێشت من و ئەو منالآنە ئاسوودە بین...دەك گەردنت هەرگیز ئازاد نەبێ و قەرزاری دنیاو قیامەتم بیت...

بەدەستێك شووشە نەوتەکەی هەڵگرت و بەدەستەکەی دیکەی شقارتەیەك، هەنگاوە قورسەکانی بەرەو ژوورەوە ناو پاش ماوەیەکی کەم زریکەو هاواری روناك بەرزبووەوە...

ئاگر بەربووە جلەکانی و گەیشتە سەر جەستەی، بەوێنەی باڵندەیەکی زامدارو بەوێنەی منالێکی بێکەس بێ ئۆقرە دەیزریکان و هاتەوە تارمەکە..

دڵپاك راپەڕیو لەتارمەكە خۆی لەبەردەم ئاگرێكدا دیەوە...باوكیشی لێیان نزیك بووەوە...

–دایكە گیان.. دایە گیان بۆ وات كرد... پڕبەگەرووی هاواری كرد:

–ئەی هاوار دایكم سووتا...فریامان كەون وا دایكم مرد... ناڵەی بەرەبەیان خورپێن گەیشتە گوێی دراوسێو منداڵەكان راست بوونەوە.. دیمەنی ئاگری دایكی كەوتوو بەرچاوی رەش كردن...

دوو ژنە دراوسێو پیاوێك هاتنو لەرووناك نزیك بوونەوە، لەگەڵ دڵپاكی شپرزەدا كەوتنە كوژاندنەوەی...

یەكێكیان بەرەنگی پەڕیوەوە بەسەر عەبدولدا زریكاندی:

–خێرا ئوتومبێلێ پەیداكە، با بیگەێنینە خەستەخانە...

ئەویان بردو دوكەڵێكو بۆنی سووتاویو منداڵە حەپەساوەكان لەماڵەكەدا مانەوە...

كچم بۆ وات كرد؟

سەعات (7) ی بەیانی بوو، یەكێك لەمنداڵەكانی رووناك ئەو هەواڵە جەرگبڕەی گەیاندە ماڵی باوكی، باوكو دایكە پیرەكەی بەشپرزەییەوە گەیشتنە خەستەخانە...

رووناك دەستی لەنێو دەستە گەرمەكانی دایكی دابوو... دایكی بەواقیی وڕماوەوە دەیڕوانیە جەرگی سووتاویو هیچی بۆ نەدەوترا..

باوكیشی فرمێسك ریشە سپییەكەی تەڕ كرد، دوای خوێندنی دوعایەك چووە ژوور سەری كچەكەیو بەدەنگی نزمەوە پێی وت:

–کچم بۆ وات لەخۆت کرد، گوناهبار ئەبیت، بۆ رەحمت بەمنداڵە وردەکانت نەکرد؟

بەنوزەیەکەوە چاوە ماندووەکانی هەڵبڕی ..

–بابە،خەتای عەبدول بوو... مردنم باشترە بابە گیان...

–ئاخر چەندم وت مەچۆرەوە لای..چەندم وت لەماڵی باوکی خۆت بەو مەچۆرەوە...

–لەبەر، لەبەر مناڵەکان چوومەوە.. باوکە زۆری لێدام، دڵپاك، دڵپاك ئاگادارە بابە...

ئەو رۆژە 1997/8/20بوو... لەبەشی سووتان لەنەخۆشخانەی فریاگوزاریی سلێمانی چارەسەری روناك دەکرا، بەلاّم بەرەو خراپتر دەچوو... ئەو بەرێژەی لەسەدا سەد هەموو لەشی سووتا بوو...هەر لەو ئەنجامەوە خوێنەکەشی تووشی ژەهراوی بوون بوو.. بۆ رۆژی دووەم قسەی نەماو تەنیا بەچاوەکزەکانی دەیروانیە رەنگی زەردی دڵپاك‌و فرمێسکەکانی باوك‌و دایکە پیرەکەی‌و...بۆ رۆژی سێیەم پێڵووی چاوەکانی لێك ناو لەگەڵ حەیف بۆ خواردن‌و وشەی خوالێی خۆشبێی کچان‌و ژنانی خەستەخانەو دوعاو نزایان لەپیاوەکەی‌و هەموو پیاوە خراپەکان، لاشەی بێنازی بەرەو ماڵ بەڕێ کرا..

لەسەر ئەو بەتاوانبار دانەنرا...

پاش ئەوەی روناکی 35ساڵ بەیەکجاری گەیشتە گۆڕستانو سەفەری بێ گەڕانەوەی کرد،پۆلیس درێژەیدا بەلێکۆڵینەوەکانی خۆی، لەخەستەخانە قسەی رووناك وەرگیرابوو، پێی وتبوون لەدەست مێردەکەی لەژیان هەلاتووەو لەتاو ئازاری ئەو، جەستەی خۆی کردووە بەقەرە برووت...دواتریش قسەی کچەکەیو دایكو باوکی وەرگیرانو قسەیان برایە دادگا..

دادگا بڕیاری گرتنی عەبدولی دەرکرد.. گیراو خرایە زیندانەوە(ئەو لەلێکۆڵینەوەدا دووپاتی بێتاوانی خۆی دەکردەوەو مەرگی ژنەکەشی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردبووە سەر).

خزمێکی بووە کەفیلی تاوادەی دادگایی کردنی ئازاد کرا... بۆ بەخێوکردنو بەرێوەبردنیان، منداڵەکانی بردنە ماڵی باوکی... رۆژی1998/5/31، دوای تێپەڕبوونی (9)مانگو چەند رۆژێك بەسەر مەرگی روناکدا، گومان لێکراوو شایەتو شکات کەر برانە دادگا..

گومان لێکراو هەر عەبدول خۆی بوو...شایەت دڵپاکی دڵشکاوو و..

شکات کەر بەتەنیا پیرەژنەکەی دایکی روناك بوو...

*لەدادگا دڵپاك وتی:

باوکم پیاوێکی خراپە، تورەیە.. ساڵێ زیاتر بوو لەگەڵ دایکمدا زۆر خراپ بوو...جنێوی پێدەداو لێیدەدا.. ئێمە بەیارمەتی ماڵی باپیرم دەژیاین، باوکم کاروکاسبی نەبوو، هەر لەسەر ئەوەش دایکی خوالێخۆشبووم تووشی دەمەقاڵێ دەبوو لەگەڵی..

*دایکی رووناك وتی:

پەیوەندییان خراپ بوو، دەستم بشکیٚ مانگیٚ بەرلەوەی خۆی بسوتێنیٚ بەهۆی گرفتی زۆریانەوەماڵەکەی بۆ بەجێهێشتبوو وهاتەوە لای خۆمان، بەلاٌم بەهۆی هەڕەشەی عەبدولو بۆ ئەوەی سەرلەشەش منداڵەکەی تێك نەچیٚ گەڕایەوە... هەردووچاوم کوێربیٚ خێری لەجوانیەکەی خۆی نەدی... من داواکارم مێردە تاوانبارەکەی سزا بدرێت...

*بەلاٌم هەرلەدادگا، هەرچەند باوکی روناك دووپاتی هەمان قسەی ژنەکەی کردەوە، بەلاٌم لەداواکارییەکەی بۆ سزادانی عەولی زاوای پاشگەزبووەوە..

*عەبدولی گومان لێکراوی تەمەن 42 ساڵ ئەوانی بەدرۆ خستەوەو گوتی:

نەخێر وانییە، من پەیوەندیم لەگەڵی باش بووەو بەڵگەش ئەوەیە درێژەمان بەژیان داوەو شەش منداڵم لێی بووە...

نەخێر کەسوکاری راست ناکەن...کچەکەی خۆیشم منداڵەو لەتاو مەرگی دایکی وادەڵیٚ...

نازانم بۆچی وای کردو چۆن دەستی چووە خۆی، من لەوەوبەر هەرگیز نەهاتوومە دادگاو پۆلیسخانەو هەرگیز تاوانم نەبووە..

تکا دەکەم لەبەر ئەو شەش منداڵە...لەبەر ئەو راستیانە بڕوام پێبکەن..

*پارێزەری داکۆکی کەریش بەرگریی لەعەبدول کرد...

*بەبڕوای دادگاش، هیچ بەڵگەیەکی یاسایی و ئیقناع کەر نەبوو کەئەو تۆمەتە بەسەر عەبدولدا ساغ بکرێتەوەو تاوانەکە خرایە ئەستۆی خودی روناك کەخۆی کوشتووە...

عەبدول بەیەکجاری ئازاد کراو گەڕایەوە لای منداڵەکانی...

سووتانی بەردەوام

دڵپاك بەدڵی گەرمو ملی کەچو دەروونی بێ روناکییەوە درێژە بەخوێندنی دەداتو هەموو جارێ بەسەرهاتی پڕلەکوێرەوەریو مەرگی دڵتەزێنی دایکی بۆ هاوڕێو دەستە خوشکانی دەگێڕێتەوە...

ئەوانیش هەموو پێکەوە دڵ پڕلەکینەن بەرامبەر پیاوانی خراپودڵڕەقو، دەخوازن دنیایەکی باشتر بۆ مێینە بێتەدی...

ئێستاشو هەمووکاتێ، دوێنێو ئەمڕۆو سبەی، ژنانو کچانی ئەم وڵاتە، گڕ لەجەستەی خۆیان بەردەدەنو بەجارێ ئاگر بەردەبێتە پێستو ئێسكو خوێنو گۆشتیان، ئاگر بەردەبێتە ئامانجو خەونەکانیان.. بەردەبێتە رازو قسەی دڵیان..

بەردەوام لەم کۆمەڵگایەدا، ئازاری ئەو بونەوەرە دەدرێ کەپێی دەوترێ(دایك، ژن، خوشك، کچ، هاوڕێ، کەس)و، ئازارەکە لەویستی مرۆڤ دۆستان زیاترەو ناکامی لەهیواکان گەورەترە...

لەباوەڕی کۆنی رزیوەوەبێ، یان لەدڵی پیسو دواکەوتووەوە، یان لەپیاو سالاریو دەستەڵاتی زەبەلاحەوە، زۆر لەپیاوانو کوڕانو هەندێك لەژنان خۆشیان دژبەو مەخلوقەن کەجوانییان لەتریفەی مانگو جریوەی ئەستێرەو شەپۆلی دەریاو تاڵی تیشکی خۆرەوە وەرگرتووە.

ئەوانیش، بۆ راگرتنی ئەو رقەو بۆ کپکردنی دەنگی چەوساندنەوەو بۆ کوێربوونی چاوە بەئافرەت هەڵنەهاتووەکان، لێرەو لەوێ گڕبەردەدەنە خۆ..

پــرچو ئەگریجــەیان دەســووتێ کەبــەیانیان لەگــەڵ ئاوێنــەدا نازیــان بەســەریەکتردا دەکــرد.. دەســتەکانیان دەســووتێ کــەنانیان پــێ دروســت دەکرد...

پەنچەیان دەسوتێ کەقەڵەمیان پێ دەگرت..

چاویان دەسوتێ کە تا بۆ دواجار لێکی دەنێن" بەشەرمەوە دەڕوانن..

هەناسەیان دەسوتێ کەهەرگیز ئۆخەییان هەڵنەمژیوە..

ناویــان دەســووتێ کەلەجەنگەڵســتانی بەشــێکی(نێرینــە)داجێگــەیان نەبۆتەوە..

ژمارەیـەکی یـەکجار زۆر لـەژنانو کچانی ئـەم وڵاتـەش، بـەبێ ئـەوەی ئـاگر بەربێتـە جەسـتەیان، ئـاگر لەدەروونیانـدا نێڵـە نێڵێتـی..بـەر لـەوەی لەشـیان بسوتێ ئاگر لەمێشكو دڵو چاویاندا بڵێسەی داوەو بەئاوی هیچ(سیروان)ێ ناکوژێتەوەو ناکوژێتەوە..

خەون

شـپرزەو نائـارام، تـەنیا هەناسـەیەکی خۆشـییان هـەڵ نەدەمـژی، دوای نەمانی دەنگە دەنگ‌و ورتەو بۆڵەی زیندانییەکان رادەکشان بنوون، بـەڵام بیَ سوود بوو، خـەو لـە چاویان نەدەکـەوت. ژووری بەندیخانـەش لەناوەڕاسـتی شوباتی ساڵێکی سەختی پڕ لەبەفردا چی گەرمی دەکاتەوە...

هـەردوو تاوانبـار(بـەکرو بـەختیار) بەبەتانییـە چـڵکن‌و کۆنـەکانیان خـۆ دادەپۆشـن، چاو دەبڕنە یەکترو کەسیان ئەوی دیکەی بۆ ناخرێتە خەو... نیـوەڕۆی ئـەو رۆژە، یەکـەمجار بـەختیار بـوو کـەگوێی بـەدەنگی بڵنـدی سـەرۆکی دادگا زرنگایـەوە کـەبڕیاری حـوکمی هەمیشـەیی زینـدانی کردنـی خوێندەوە، ئینجا هەمان حوکم وەك ئاگر چزا بەگوێی‌و مێشکی بەکردا.

ژیانی تا مردن لەزینـدان دا!... جا خـۆ هـەر رۆژەی نیوە مەرگێکـەو بـەڵام رۆح چۆن دەرناچێت؟!!

جا ئیتر لەو شەوەدا ئەو دوو(هاوڕێ)یە چۆن بخـەون کەتـەنیا 28بەهاری تەمـــەنیان دیـــوەو ســـەرەتای لاوێتییـــان بەدەســـتی خۆیـــان هێنایـــە نێـــو دیوارەکانی زیندانەوە...! شەوێك‌و دووان‌و سیان... بەو شێوەیە کاس‌و بیَ ئـۆقرە بـوون، لەگـەڵ کەسـێکی تـرا نـەدەدوان، جـار جـارە خۆیـان بـەخۆیان دەووت:

–بۆ وامان کرد؟

–چۆن شەیتان ئەمەی پیَ کردین؟!

تـەنیا هیوایـەك کـە دڵخۆشـییەکی پـێ دەبەخشـین‌و تروسـکایی ژیانیـان پێوە دەبەست ناردنی(داوا)و بڕیارەکانی دادگای سلێمانی بوو بۆ دادگای (تەمین) لەهەولێر، ئومێدێکیان بەوە بوو ئەو دادگایە حوکمەکەیان بگۆڕێ، دەیان وت: کێ نالێ حوکمەکە نابێتە(10)یان (5)ساڵ‌و پارەکەشمان لەسەر لاناچێت؟! کێ نالێ؟! بەلاّم چاوەڕوانی تاڵە، بەتایبەت چاوەڕوانی کردنی مرۆڤ لەبەندیخانەدا.

ئەو رۆژە لەدادگادا چی وترا؟...

کە دادگایی گومان لێکراوان بەکرو بەختیار کرا رۆژی 1994/2/19 بوو، ئەوان (3)مانگ‌و نیو بوو بەتۆمەتی کوشتنی هاوڕێیەکی خۆیان دەسگیر کرابوون‌و بوو بوونە میوانی ئەو ژوورە تەنگەی خەوی لەچاوانیان زڕاندبوو، بەر لەوەی هەردوو لاوی لەقەفەز کراو بدوێن بابزانین هەردوو جەرگ سووتاو (باوك‌و دایك)ی (شیروان)ی 26 ساڵ تەمەن‌و خێر لەخۆ نەدیو وتیان چی؟

–باوکی شیروان وتی:

بەفەرمانبەری‌و دەست کورتی کوڕەکەم گەورە کرد، هێشتا بەبینینی منداڵی خۆی شاد نەبوو بوو کەڕەوانەی مەرگ کرا، گەورەکانم، شیروان ماڵی جیا بوو، سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی 1993، بوو بە(3) رۆژ سەری لێنەدام‌و منیش کەوتمە مەراق‌و چوومە ماڵەکەی، ئەم بووکی حازرییەم وتی(مامە گیان بەسرپێرێ شیروان لەگەڵ بەکری خزمی خۆتاندا بۆ راوەماسی چوونە شاربازێڕ، نازانم بەتەواوی کوێیان وت، بەلاّم تفەنگە(ئاڕ،بی،کەی)یەکەشی لەگەڵ خۆیدا برد... بۆ سبەینێ سۆراغی

بەکرم کردو دۆزیمەوە، وتم کوانێ شیروان؟ وتی ئاگام لێی نییەو لەگەڵ مندا نەبووە! بەجارێ دڵم کەوتە مەراقەوە، کە دووەم جار لەگەڵ کەسوکاردا چووینەوە سەری و بەزمانێکی تر قسەمان لەگەڵ کرد، بۆی باسکردین و وتی:

منو شیروان و هاوڕێیەکی ترمان کەناوی بەختیارە بەناوی راوەماسییەوە چووینە نزیك سنوور، بەڵام لەراستیدا بۆ راوو رووت چووین، لەوێ تەقەمان لێ کراو شیروان بەرکەوت و ئێمەیش لەترسدا رامان کردو جێمان هێشت، لێم پرسی: ئەی کوانێ بەختیار، بەکر وتی: من گەڕامەوە سلێمانی و ئەویش وا لەماڵی برایەکی لەگوندێکی ئەو ناوە... ئەومان لەگەڵ خۆبردو چووین بەدوای بەختیارداو لەوێوە هەر خۆیان بردیانینە گوندی(ئاشی بارام)و لەناو کۆمەڵێ دارو درەخت نزیك چەمێ کەشوێنی رووداوەکە بوو شیروانمان بەمردوویی دۆزییەوەو بۆنیشی کردبوو، تفەنگەکەی هەر لەتەنیشتییەوە بوو، لاشەکەی هێنرایەوە سلێمانی و دوای فەحسی نەخۆشخانە کفن و دفن کرا... ئەم دوو تاوانبارە لەسەرەتادا ئینکاری تاوانەکەیان کرد، بەڵام کە پۆلیس کەوتە لێکۆڵینەوە دانیان بەتاوانە چەپەڵەکەیاندا نا ،من داوا دەکەم سزا بدرێن و خوێنی شیروان بەفیڕۆ نەڕوات...

–دایکە 46ساڵەکەشی بەچاوی فرمێسکاوییەوەو بەدەنگی نزم وتی:

بەر لەوەی بڕوات بە(دوو) رۆژ هاتە لامو وتی دایکە دەچمە راوەماسی، وتی لەگەڵ بەختیارو بەکردا دەچم، وتم بەقوربانت بم ئاگات لەخۆت بێ، وتی بێ خەم بە دایکە گیان، دایکی لاڵ بێ ئیتر ئەو رۆیشتنە بوو نەمان

دییەوە، ئەم دووانە کوشتیان، نازانم بۆ...بۆ وایان کردو جەرگیان سووتانم، رۆڵە رەبی خێر لەجوانی خۆتان نەبینن...!

–ژنە 24 ساڵەکەی شیروانیش بەدادگای وت:

بەڵێ وابوو بەکر هات بەدوایدا، لەناو قاپییەکەدا چرپە چرپیان کرد، نەمزانی باسی چی دەکەن... ئیتر رۆیی و نەگەڕایەوە... من داواکارم بەسزای خۆیان بگەن و ئۆباڵی ژیانی منو...(شەرم گرتی و قسەکەی لەقوڕگدا خنکا، تومەس دەیویست باس لەو کۆرپەیەی بکات کەشیروان نەیبینی و خۆیشی جارێ نایناسێ...)

گەشتە سێ رۆژییەکەی هەر سێ هاوڕێ..!

دوای ئەوەی کەسوکارەکەی جوانەمەرگ قسەی خۆیان کرد، بەختیارو بەکر کەوتنە گێڕانەوەی بەسەرهاتی گەشتەکەیان، هۆڵەکە بێدەنگ و هەموو چاوەکان دەیانڕوانییە هەردوو قسەکەری تاوانبار.. بەڵام هەردووکیان لەبەشێکی قسەکانی لەوەوبەری لێکۆڵینەوە پاشگەزبوونەوەو ویستیان خۆ لەو تاوانە دەرباز بکەن کە نامەردانە لەگەڵ هاوڕێی خۆیاندا کردبوویان...

*سەرەتا بەختیار وتی:

–شیروان بەهۆی بەکرەوە بووە هاوڕێم کەخزمی یەکتر بوون، هەرسێکمان رێکەوتین کەبۆ رووتکردنەوەی خەڵکی بچینە ناوچەی شاربازێڕو نزیک ناوچە سنوورییەکانی ئێران، هەمووومان چەکی خۆمانمان پێ بوو، شەوی یەکەم بەخت نەیکرد و هیچمان دەستنەکەوت ! شەوی دووەم خوا ناردی و(3) کوردی ئەودیو بەچوار هێستر بارە ئاردەوە پەیدا بوون،

دەنگمان لێ کردن‌و پەلامارمان دان، شیروان یەکەم کەس بووە کەمیلی لێ هێنانەوە، ئیتر ترسان‌و خۆیان دا بەدەستەوە، دوای ئەوەی دەست‌و قاچیانمان بەستەوە هەموو گیانیان گەڕاین، بەلاَم تەنیا دوو سەعاتی دەستیان‌و هەندێ تەمەنمان لێ هەڵکڕاندن، هەروەها ئاردو هێسترەکان، لەگەڵ یەك هێستردا ئازادمان کردن‌و لەوناوە دوور کەوتنەوە، هەر لەویا ئاردەکەمان جێهێشت‌و بەهێسترەکانەوە چووینە ناوچەی (ئاشی بارام)و تاعەسری سێیەم ڕۆژ لەوێ ماینەوە، لەعەسردا هەندێ لەچەکدارەکانی عەلی ئاغا تەقەیان لێکردین‌و شیروان بەرکەوت، ئیتر من رامکردو چوومە ناوچەی (خامانە)و لەوێ هەفتەیەك لەماڵی کاکم مامەوە، دیارە بەکریش چوو بووەوە سلێمانی، ئەوە بوو باوکی شیروان‌و بەکرو هەندێکی تر لەشارەوە هاتنە لای ئێمەو هەموو کەوتینە سۆراغی شیروان، لەشوێنی ڕووداوەکە بەمردوویی دۆزیمانەوە... بەلاَم ئێمە نەمانکوشتووەو ئاگامان لێی نییە چۆن مردووە...!

*-بەکر، بەهەمان شێوەی بەختیار بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە، یان بڵێین بەسەرهاتەکەی وەك ئەو بەنیوە ناچڵی و ناتەواوی گێڕایەوە...

پارێزەری شیروان بەڵگە دەخاتە ڕوو..

پارێزەری بەڕێز، کە لەلایەن کەسوکاری شیروانەوە بۆ بەرگری کردن لەخوێنی شیروان راسپێردرابوو، بەهێمنییەوە کەوتە قسەو بەدادگای وت:

-هەرچەندە هەردوو گومان لێکراو ڕاست‌و ڕەوان لەلێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیس‌و دادوەردا دانیان بەوەدا ناوە کەخۆیان شیروانیان

کوشـتووه، وا ئـەمڕۆ پاشـگەز دەبنـەوە لەقسـەی خۆیـان‌و دیـارە هـیچ بایەخێکی یاسایی نادرێ بەو جۆرە پەشیمان بوونەوەیە، بەڵام بەڵگەیەکی دیکـەمان بەدەسـتەوەیە کـەهیچ لێکدانەوەیـەك هـەڵناگرێ‌و تاوانبـارێتی هەردوو ناوبراو دەسەلمێنێ، ئەویش راپۆرتی پزیشکە کە لەکاتی فەحسی لاشەی کوژراوەکەماندا نووسیویە:

-دوای زامـدار بـوونی دوو فیشـەك نـراوە بەسـنگییەوەو یـەکیان لەپشـتییەوە دەرچـووەو ئـەوی دووەمیـان لـەناو لەشـیدا ماوەتـەوە، ئەمـەش دەیسەلمێنێ کەبەجیاو لەمەودای جیاوازەوە تەقەیان لێکردووە، لەئەنجامی ئەو دوو فیشـەکەدا کەجگەرو سییەکانی پێکاوە تووشـی خـوێن بـەربوونی زۆر بووەو گیانی لەدەست داوە... ئەمانە هەمووی بەڵگەن‌و وێڕای ئەمانـەش لەوکاتـەدا کـەبۆ شـیروان گـەڕاون بـەکر لەخۆیـەوەو لـەدەمی دەرچـووەو وتویـەتی: شـیروان خـوا لێیخۆشـبێ... گـەر نـەزانێ کـوژراوە چـۆن وای وتووە؟!!

بڕیاری دادگا

1- بڕیـاردرا بەزینـدانی کردنـی هەمیشـەیی هـەردوو تاوانبـار بەختیاروبەکر.

2- دەسـت گـرتن بەسـەر چـەکەکانیاداو رەوانـە کردنـی بـۆ وەزارەتـی کاروباری پێشمەرگە.

3- دەبێ هەردوو تاوانبار بڕی 150هەزار دینار دوای ڕەزامەندی دادگای تەمیز لەقەرەبووی خوێنی شیرواندا بەم شێوەیە بدەن:

یەکی 15هەزار دینار بۆ دایك وباوکی کوژراوەکە، 70هەزار دینار بۆ ژنەکەی شیروان، 50هەزار دیناریش بۆ ئەو منداڵەی کەلەسکی ژنەکەی شیرواندایە،وێڕای ئەو حوکمانە، زۆربەی شەوان شیروان هەر بە کفنە سوورەکەی خۆیەوە، دێتە خەوی جووتە تاوانبارو دەست دەنێتە ملیان، هەناسەسوارو پەرێشان شەڕ لەگەڵ مەرگدا دەکەن‌و لەخەو رادەپەڕن.!

بەلاّم "خەون" مێردەزمەی ژیانیانەو هەموو شەوێ نیوە مەرگیان دەکات!!

شوانەکەی شارەزوور جەژن لەکوێ بوو..؟

ڕۆژی (4/5) یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، نزیك سەید سادق، لەو دەشت‌و قەدپالأنەی شارەزووردا، قوربانییەکی دەستی جەورو زوڵم‌و تاوانی خۆمان لەچاڵێکدا دۆزرایەوە کە بەمردوویی خۆڵ‌و بەردکرابوو بەسەریا... کاتێ غەریب‌و چەند کەسێکی گوندی(کێڵەکەوە) گەیشتنە ئاستی چاڵەکە، یەکێکیان بانگی کردە غەریب:

–ئا، ئەمە لاشەیەکە.. وەرن باسەیری کەین بزانین خاڵۆ حەمە نییە...

هەر کەبەردو خۆڵ لەسەر رووی لابرا غەریبی 35ساڵ بەهەردوو دەست کێشای بەسەریاو هاواری کرد:

–ئەی هاوار، خۆ ئەمە باوکمە...

ئەو بەگریانو هاوڕێکانی بەدڵدانەوەیو لابردنی خوڵی سەرجەستەی قوربانییەکەوە خەریك بوون... لاشەکە هێنرایەوە گوندو شادیی ئەو جەژنە بووە شین، ژنو پیاوی گوند بەجارێ خەمبار بون بۆ مەرگی لەناکاوی شوانە دەمو دڵ پاکەکە، ئەو شوانەی مێژووی ژیانی وەك رەگی درەخت بەکێڵەکەوەدا رۆچوو بوو...

خاڵۆ حەمە، خاوەنی ژنی خۆیو چەند کوڕی گەورەو ژمارەیەکی زۆر مەڕو بزن بوو، بەیانیان زوو رانەکەی دەدایە پێش خۆیو بەکەیفو دڵشادییەوە لەئاوایی دوور دەکەوتەوەو ئێواران لەگەڵ خۆرئاوابووندا دەگەڕایەوە، کەچەند سەرە مەڕو بزنەکانی خەڵکی گوند لەڕانەکەی جودا دەبوونەوەو هەریەك رووەو دەرگای ماڵو گەوڕی خۆیان ملیان دەنا ئەم بەسلاّوو زەردەخەنەوە دەیڕوانییە خاوەنەکانیان.. دەشێ ماوەیەکی زۆری ئەم سەردەمی ئازادییە بوو بێت، خەڵکی گوند مەرگی خۆشەویستی وەکو خاڵۆ حەمەیان نەدیبێ..

شوفیرێك.. بکوژەکە دەگوێزێتەوە...!

ساڵحی شوفێری خاوەن گەڵلاّبەکە لە ئۆردوگای (صمود) نیشتەجێ بوو، چەند رۆژێ دوای کارەساتی مەرگی شوانەی بێ تاوان، هەر لە صمود بەدادگا دەڵێ: بەڵێ حەمەتاڵو ژمارەیەکی زۆر لەحەیوانەکانم گواستەوە،

ئەو لەنزیك سەید سادقەوە بە (200) دینار بەكریێ گرتم تا بیانگەنمە صمود، كە گەیشتن‌و دامبەزاند دەبینم پارەی پێ نییە، وتم كاكە چۆن وادەبێ؟ ئەویش وتی: قەیدیی نییە، فەرموو سەرێ مەڕ ببە لەجیاتی كرێیەكە... دواتر كوڕەكانی ئەو خالۆ حەمەیە هاتن‌و كە زانییان من حەمەتاڵ‌و حەیوانەكانم گواستۆتەوە لەبەردەم پۆلیسدا ئاگاداریان كردم كە ئەو حەمەتاڵە بكوژی باوكیانەو بەهاوكاری برادەرێكی بۆ دزینی رانە مەڕو بزنەكە ئەو تاوانەیان كردووە... دواجار ساڵح بە دادگا دەڵێ:

– لەخوا بەزیاد بێ هێندە نابات حەمەتاڵ‌و برادەرەكەی دەگیرێت‌و پەردە لەسەر رووی تاوانەكەیان لەلایەن خۆیانەوە دادەماڵرێ...

غەریب، ئاوا لە مەرگی باوكی دوا..

غەریبی خالۆ حەمە، رۆژی 1992/11/9لەسلێمانی‌و لەكاتی دادگایی كردنی هەردوو بكوژی باوكەكەیدا بەم شێوەیە قسەی كرد:

–من بەچاوی خۆم تاوانەكەم نەدیوە، بەڵام سەرلەئێوارەی 4/4باوكم دیارنەبوو، بووە شەوو خۆی‌و رانەكەی دیارنەبوون، لەچەند سەرێكی حەیوانەكان بەو لاوە ئەوانی تر دەرنەكەوتن، شەو خەو نەچووە چاوم.. باوكم زۆر گوناه بوو، خۆشەویستی هەموو ئاوایی بوو، ئەو شەوە دایكم نەخەوت‌و هەر دەیووت: دیارە، دیارە كوژراوەو ئەمشەو لاشەكەشی دەخورێ...

بەیانی زوو كەلەگەڵ هاورێكانمدا چووینە سۆراغی، ئەوە بوو لاشەكەیمان دۆزییەوەو بینیمان كوژراوەو بێ رەحمانە بەدار سەرو گوێلاكیان هێنابووە خوارو دواتریش كە بردمانە خەستەخانەی سلێمانی

دکتۆریش هەر وای وت... لەکوێ(127)سەر مەڕو بزنەکە تەنیا چەند سەرێکیان لەو ناوە مابوو، کەکەوتینە گەڕانو پرسیار کردن لەصمود تاوانبار حەمەتاڵمان دۆزییەوەو ئەویش ناونیشانی(بەختیار)ی هاوکاری پێ وتین کەشەریکە کوشتنو شەریکە دزی بوو، ئەوە بوو هەردوو گیرانو دانیان بە تاوانە دڕندانەکەیاندانا... ئەمڕۆ دایکمو براکانم نەهاتوونە ئەم دادگایە هەرچەندە ئاگادار کراون.. ئێمە لەگەڵ هەردوو تاوانبار ڕێ کەوتووینو دژیان شکاتمان نییەو داوای قەرەبووی حەیوانە بزربووەکانیان لێ ناکەین...

(بەم چەند رستەیەی دوایی غەریب، ئامادەبووانی دادگا سەرسام بوون، چۆن لەخوێنی باوکیان خۆش دەبن، ئەی بۆ لەمەڕو بزنە دزراوەکانیان ناپرسن؟)

بەڵام هەرچەندە ژیان پڕلەسەیرو سەمەرەیە، ئەی دادگا بڕیاری چی بدات؟!

حەمە تاڵ چۆنێتی تاوانەکەی دەگێڕێتەوە...

هەر کە لەصمود دەگیرێت لای پۆلیسو پاشان لای دادوەری لێکۆڵینەوەو دواجار لەبەردەم بەرێز سەرۆكو ئەندامانی دادگادا حەمەتاڵی دزو پیاو کوژ دەڵێت:

-من خۆم خەڵکی کەلارم، بەختیار هاوڕێمەو لەسەید سادق دادەنیشێ، بینیمو داوای لێکردم پێکەوە هەندێ حەیوان بدزینو بیانفرۆشینەوە، ئەوە بوو رۆژێ بەرلەجەژن پێکەوە چووینە ئەو دەشتەو سەرو دارمان پێ بوو، ئەو چەقۆیەکیشی پێ بوو، وامان نیشان دەدا کەبۆ قارچك دۆزینەوە

دەگەڕێین، لەو ناوە شوانەکەمان بینی کە خەریکی لەوەڕاندنی ژمارەیەکی زۆر مەڕو بزن بوو.. بەقسەوە خەریکمان کردوو لەقسەکاندا شوانەکە بەبەختیاری وت:

–من دەتناسمەوە، باوکت بەر لە(5) ساڵ لەنزیك گوندەکەی ئێمە کوژرا..

بەڵام بەختیار وەڵامی دایەوە:

–نەخێر،هەڵەیت، من کوڕی ئەو نیم.

دوای کەمێ، من چەند مەترێ لێیان دوور بووم بینیم بەختیار بەدارەکەی دەستی کەوتە سەروگوێلاکی شوانەکەو ئەویش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، من لێم نەداو بەڵکو سەرزەنشتی بەختیاریشم کرد، بەڵام سوودی نەبوو، بەدارو بەرد دەیکێشا بەسەریا تا مردو ئیتر خستمانە چاڵێکەوەو دامان پۆشی، ئەوەی بۆمان برا لەحەیوانەکان بەشمان کردو جیابوینەوە..

*کەسەرۆکی دادگا لێی پرسی:(بەڵام لەکاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا وتووتە منیش لێم داوەو بەهەردووکمان کوشتوومانە).

حەمەتاڵ وەڵامی دایەوە:

–ئاخر گەورەم لەترسی ئازاردانی پۆلیس ئەوەم وت.. گەورەم کاتێ بەختیار هەر لێی دەدا پێم وت: دەبەسە کافر، دەوازی لێبێنە...بەڵام ئەو وتی:

–دەمناسێ، گەر راست بێتەوە بەگرتنم دەدات..

*بەڵام کەبەختیار دوای ئەو کەوتە قسە. وتی: درۆ دەکات، ئەویش لێی دا، منو حەمەتاڵ پێکەوە کوشتمان.

بڕیاری دادگا...

رۆژی ناوبراو، واته 1992/11/9دادگای جنایاتی سلێمانی لەدادگایی کردنی هەردوو تاوانبار بڕیاری دا:

1-زینـــــدانی کردنـــــی هـــــەردوو تاوانبـــــار حەمـــــەتاڵو بـــــەختیار بەهەمیشـــەیی(مؤبـــــــد)لەبـــەر ئـــەوەی هێشـــتا تەمـــەنیان 20ســـاڵی تـــەواو نەکردووە(واتە ئەو کاتەی تاوانەکەیان ئەنجام داوە).

2-بـۆ کەسـوکاری خاڵۆ حەمە هەیـە(ئەوانـەی دەسـتبەرداری خوێنەکـەی نـەبوون‌و لـەتاوانباران خـۆش نـەبوون، داوای قـەرەبوو لـەدادگادا لەســەر هەردوو تاوانباری ناوبراو تۆمار بکەن.

خومار لەدوا سەردانەوەیدا !

بەدرێژایی ڕێگا(ئەمین) قسەیەکی لەگەڵ خوشکەکەی نەدەکرد، ئەویش بەردەوام تەماشای دەرەوەی دەکردو تاس دەیبردەوە...(خومار) دەیویست لەکاکی بپرسێ:

–تۆ بڵێی هەروا زوو لەسنوور ڕەت بین؟

–ئاخۆ لەوێ کەمال ڕازی دەبێ منداڵەکانم بداتەوەو خۆم بەخێویان بکەم...!

دەموچاوی گرژی براکەی وشەکانی لەگەروویدا دەخنکاندو رووی بەلای پەنجەرەی ئوتۆمبیلەکەدا وەردەگێڕایەوە...

کەگەیشتنە گوندی (گلیجاڵ)ی سەر بەمەیدان دەمەدەمی نیوەڕۆ بوو، لەئوتۆمبیل دابەزین‌و بەبێ قسە ئەمین دەستی دایە جانتای خوشکەکەی‌و بەرەو دەشتاییەکە کەوتنەڕێ..

هەورێکی کەمی ناوەڕاستی پایز ئاسمانی گرتبووەوە، خومار قەستی بوو بارانێ داکات‌و سیماو دەروونی گەرمی پێی تەڕبێ... چی دی خۆی بۆنەگیراو پرسی:

–کاک ئەمین ئەم ڕێگایە بۆ کوێمان دەبات؟ چەند بڕۆین دەگەینە ئۆتۆمبیلەکان کەخەڵکی دەگەێننە ئەو دیو؟!

سەرەتا هیچی وەڵام نەدایەوە، پاش کەمێك دەنگی ئەمین(خومار)ی وریا کردەوە، ئەمین وتی:

–ئەی پێم نەگوتی برادەرەکەم شارەزایەو چاوەڕێمان دەکات‌و ئەو لەگەڵ خۆی دەمانبات!..

دەڕۆیشتن‌و خومار لەگەڵ خۆیدا گەڕایەوە بۆ دووسێ ڕۆژ لەوەوبەر، بۆ ئەو کاتەی لەماڵی دایکی بڕیاری ئەم سەفەرەی خوشکەکەی داو هەر لەبەر چاوی دایکیدا پێی وت:

–هـەرگیز ژیـانی ئێـرە دادت نـادات... تـۆ نازانیـت خـەڵکی ئێـرە چـەند زاڵمن، ترسی خوا لەدڵیاندا نییە، تۆ... ئافرەتێکی بێوەژنو گەنجو جوان .. لێرە بمێنیتەوە هەر خوا خۆی دەزانی چیت پێ دەڵێنو چیت بۆ دروست دەکەن...!

ئینجا دایکیو قسەکانی بیرکەوتەوە کەپێی وت:

–کچم، کاکت راست دەکات، بەهیوای چی لێرە دەبیت، گەر دڵت بەو مەریوانـە رەزاگرانـە خۆشـەبتهێنێ ئـەوا بەهەڵەداچـووی، کچـی خـۆم ئـەو هەتیوە بوو حاڵی لێ تێکدایتو لـەماڵو مێـردی خۆتی کردیت... ئەگەر ئەو بێ نامووس نەبووایە نەدەبووە دڕکی مەموزینوژیانی لـەتۆو کـەماڵی بـاوکی چوار منـداڵت تێك نـەدەدا.. خـۆ بـێ شـەرەفە خزمـی مێردەکـەت بـوو... خـۆ ئێـوە بـەمیوانی هاتبوونـەوە، ئـاخر چـۆن لـەخوا نەترسا..ئـاخر تـۆش چـۆن بەڵێنت پێیدا شووی پێ بکەیتو چۆن دڵت دایە هەی سەرت لەقوڕنێن!

دەنگی ئەمین بەئاگای هێنایەوە.. ئەمین وتی:

–خومـار، بـالێرە کـەمێ دانیشـین... سـەرمات نییـە، گـەر سـەرماتە هـا قەمسەڵەکەی خۆمت بدەمێ... وەعدمان ئێرەیەو باچاوەڕێی هاورێکەم بین..

خومار نزیك براکەی دانیشتو یەکسەر وتی:

–رەبـی خـوا دەسـت بەعومرتـەوە بگـرێ.. کاکـە گیـان بەعـەقڵی تـۆ کـەی دەگەمـەوە سـوید؟.. تـۆبڵێی بەمنداڵـەکانم شـادبمەوە... باشـە بڵێـی کـەماڵ رازی بـێ بمباتـەوە لای خـۆی؟... خـۆ لـەوێ بـەجۆرێکی تـرەو ژنو مێـردی لەیەکتر جیابوەوە دەتوانن پێکەوە بژینەوە.. ئەوێ وەك ئێرە نییە..

خۆت بەخۆتت کرد..!

ئەمین تەماشای خوشکەکەی دەکردو دەروونی بڵێسەی ئاگربوو تاوی دەدا... ناخی هەموو رق بوو بەرامبەری.. جگەرەیەکی داگیرساندو بیری چووەوە بۆ ئەو ساتە تاڵەی کەماڵی زاوای باسی خوماری بۆ کردو پێی وت:

–کاك ئەمین، بڕوا بکە لەچاوم خۆشترم دەویست، ئاخر کەسێ ژنەکەی خۆش نەوێت چۆن دەهێڵێ چوار منداڵی لێی ببێو چۆن دەتوانێ لەگەڵیا درێژە بەژیان بدات، کاکەمین بەسەری تۆ قەستەم ماوەی ساڵێکە تەواو گۆڕراوە، ساڵێکە بووەتە بنیادەمێکی ترو خومارە رەوشت جوانەکە نەماوە...بەڵێ... لەوێ ژیان جیاوازە، بەڵام خۆنابێ ئافرەت گوێ بەهیچ نەداتو مێردەکەی بەپەڕۆ بزانێت...

–چیت لێ دیوە؟

–بەچاوی خۆم هیچم نەدیوە، بەڵام ئاگادارم حەز بەناسینی خەڵکی دەکات، دەچینە سەیرانێ...بازاڕێ.. ئاهەنگێ... یەکسەر یەك دوو ژمارەی تەلەفۆن لەکوڕە کوردەکان وەردەگرێو دەبینم پاشتر قسەیان لەگەڵدا دەکات... جارێك پێم وت من بەمە رازی نابم، کەچی پێم دەڵێ(بێ عەقڵ، ئێرە ستۆکهۆڵمە، ستۆکهۆڵم، خۆ لای خۆمان نییە!)...

ئیتر عەیبەوچی تر بڵێم...

–باشە چیت بەدایکم وتووە... ئەو وتی کەمال لەم سەردانەوەیەدا لەخومار بەگلەییە، تۆ خوا چیت بەدایکم وتووە؟

–من هیچتان لێ ناشارمەوە، دەبێ بزانن بۆچی تەلاقی دەدەم... خۆشێت نەبووم، خۆ هار نەبووم.. هەیە دڵی بێت لەخوماری دابڕێ کەجوانیەکەی گیرۆدەی کردبێ... منێك کەچەند ساڵە نازی دەکێشم... کاکە گیان، کەهاتینەوە من دەمویست لەگەڵ ئێوە ئامۆژگاری بکەین... لەگەڵ ئێوە

بیخەینەوە سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام ئەو دەستی لەگەڵ مەریوانی ئامۆزازام تێکەڵ کرد... من خۆم بەمەریوانم وت چاودێری بکات، چاودێری ڕەوشتو هەڵسوکەوتی بکات، کەچی خومار خان بەڵێنی داوەتێ شووی پێ بکات... مەریوان خۆی بەبراکەمی وتووە ماچی کردووەو خۆشیویستووە، کەخۆشم لێم پرسیەوە وتی شێتو شەیدای یەك بووین، وتی تەڵاقی بدەو دەیهێنم...

منداڵەکان بەش دەکەین...!

ئەمین ژانە سەری لێ پەیدا بوو، چی دی دانی بەخۆیدا بۆ نەگیرا... چاوەڕوانیی هاوڕێکەشی زیاتر سەری کردبووە پورە هەنگو خەریك بوو ئۆقرەی لێ دەبڕا...

بەدەنگی بەرز لەخوشکەکەی پرسی:

–باشە ئەو هەتیوە، ئەو مەریوانە نیازی چی هەبوو؟..

خومار وەڵامی بۆ نەدرایەوە، تووڕەبوونی براکەی تەواو رایچڵەکاند... ئەمجارە بەدەنگی بەرزتر لێی پرسی:

–چەتیو بۆ قسەناکەیت.. دەزانم دەستت لەگەڵیا تێکەڵ کردبوو... خۆی باسی کردبوو... دەزانم نیازت بوو شووی پێ بکەی، هەر بۆیە مێردەکەت تۆی لەبەرچاوکەوتوسێ بەسێ تەڵاقی دایت!...

خومار بەزمانێکی پچڕ پچڕو بەدەنگێکی نیمچە نووساوەوە کەوتە قسە:

–من هیوا بڕاو بووم، کەمال لەگەڵمدا خراپ بوو... لێرەشو لەدەرەوەش هەر دڵی پیس بوو.. هەرگیز باوەڕی پێم نەبوو...

–باشە ئەو سەگبابە بەڵێنی چی پێدایت؟

–وتـی دەتهێـنمو منداڵـەکان لەگـەڵ کەمالـدا بـەش دەکـەین، دووانیـان بـۆ ئـەوو بابیانباتـەوەو دوانەکـەی تـریش بـۆ خـۆمـان، هـەروەها وتـی: بـەهۆی ئێوەوە منیش دێمە سویدو لەوێ ژیانی پڕ لەبەختەوەری بەسەردەبەین...

–ئـاخر بـێ نـامووس، کـێ هەیـە مێـردی هـەبێو حـەز لەکەسـێکی تـر بکات... چیت پێ وتـراوە راست بووە، خـەڵك تفەنگ بەتاریکییـەوە نانێن... مێردەکەت لەسەر هەقەو تۆمایەی ئابڕووچوونی بۆ ئێمە... تـۆ بوویتـە هـۆی شەرمەزاریمان... تۆ شانت ئارداوی کردین... هەرچییەکت بەسـەربێ خـۆت بەخۆتت کردووە...

خومـار بەتـەواوی ترسـا.. گـەر جـووتێ بـاڵی ببوایـە لەشـەقەی دەداو بەسەربەستی ئاسمانی تەی دەکردو هەموویانی جێ دەهێشت...دەڕۆی... دوور دوور دەڕۆی... دوور لەکەسوکارو خەڵکی.. یەکجار ...یەکجاردوور...

خومـار فرمێسـکی سـەرگۆنای سـپی دەسـڕیو ئـەمین بـەرزە پـێ راسـت بووەوە...هاوڕێکەی بەدی کرد... قەمسەڵەکەی لەشانی خوشکەکەی داماڵیو وتی:

–بەهەر حاڵ واهاتو دەڕۆین..

دوای سـڵاوکردنو هەنـدێ راوەسـتان کەوتنـەڕێ.. خومـار ورتـەی لێـوە نەدەهاتو ئەوانیش هاوشان دەڕۆیشتنو بەدەم ڕێگاوە گفتوگۆی خۆیانیان دەکرد..

خومار لەنەخۆشخانە..

خومار سێ ڕۆژ پاش ئەوەی دواهەناسە لەگەروویدا خنکاو دوای ئەوەی پۆلیسی دەربەندیخان گەیاندیانە نەخۆشخانەو لەوێوە بۆ سلێمانی، پزیشکی ئێشکگری ئەو ڕۆژە لەراپۆرتێکدا نووسیبوی:

*تەمەن 27ساڵ

*ساڵی 1989شووی کردووە

*باڵای 160سم

*پێستی سپیو قژیو چاوەکانی رەش

*دوو فیشەك سنگی بێژاوەو لەپشتیەوە دەرچوونو، بەخوێن بەربوون مردووە

*ڕۆژی کوژرانی 1997/10/16

لەدادگا وتیان چی؟

ڕۆژی 1998/6/9 دادگای بەرێز لەکێشەی کوشتنی خوماری کۆڵیەوە، سەرەتا دایکی تەمەن(60)ساڵەی بەدەم توندکردنەوەی لەچکەکەیەوەو بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە دەیڕوانیە ئەمینی نێو قەفەزی تاوانباریو وتی:

–حەوت مانگ بەر لەکوشتنی هاتنەوە بۆ سلێمانی، سەرەتا زۆر دڵم خۆش بوو بەهاتنەوەیان، چوزانم هێندە بەدبەختمو ئەوە دوا سەردانەوەی کچەکەم دەبێ، مانگێ بەر لەو ڕووداوە کەماڵی مێردی پێی وتم ژنەکەی رەوشتی خراپەو چیدی ناتوانێ لەگەڵیا بژیو تەلاقی دەدا... ئەوە بوو قسەکەی بردەسەر، بەر لەوەش لەگەڵ یەکێکدا دیبوویان، وتم کێیەو خومار وتی خۆشم دەوێو لەگەڵیام.. ئەو بوو کچی منی هەڵخەڵەتاند... ئیتر ئەوەبوو کەماڵ سەفەری کردو هەر چوار منداڵەکەی لەگەڵ خۆی برد، کوێرایم دایە نازانم ئێستا چۆن دەژینو کێ خزمەتیان دەکات، سێ کوڕو

کچێك هەر لەعومری گوڵدان، گەورەکەی حەوت ساڵو بچووکەکەی سێ ساڵە... رەبی سەبەبکاریان بەکۆی زوخاڵ بێ... ئەمینی کوڕم ئێمە بەخێو دەکات‌و لەسەر رەفتاری بەدی هەش بەسەرەکەی خۆم وایکرد...

*زاوایەکی خوماریش وتی:

-بەڵێ کەمال لای منیش باسی کردەوەی خوماری کرد، ئەمینیش هەر پێی وتم، بەڵام نەچوومە ئەو مەسەلەیەوەو بەچاوی خۆم هیچم لێ نەدیبوو، ئەو ماوەیەی لەسلێمانی بوو زۆر دەچووە دەرەوەو بەئوتومبێلی کرێ هاتوچۆی دەکرد... خەڵك زۆر باسیان دەکرد...

لەپێناوی شەرەفی خێزانەکەمدا ئەوەمکرد..!

ئەمینی 29ساڵی کاسبکار قسەی بۆ دادگا کردو وتی:

-خومار لەدەرەوە رەوشتی تێك چووبوو، کەگەڕایەوە ئێرەش شتی لێ بینراو شایەت هەیەو بەڵگە هەیە... جارێکیان پێنج رۆژی رەبەق دیار نەما... ئەو نەدەترساو گوێی بەقسەی کەسمان نەدەدا...خۆی لای منیش دانی نا بەپەیوەندیی لەگەڵ مەریوانی خزمی مێردەکەیدا...

منیش لەپێناوی شەرەف‌و ناموسماندا بڕیارم دا بیکوژم، ئەوەبوو خۆم دەستم تێی نەچوو، وام تێگەیاند کەدەینێرمە ئێران‌و لەوێ هاوڕێیەکم سەفەری بۆ رێك دەخات...

ئیتر لەو ناوچە سنوورییە رەفیقێکی خۆم لەشێوێکدا بەدوو فیشەکی دەمانچەکەی لەناوی بردو ئێمەش رزگارمان بوو لێی... بەڵام خوا ئاگادارە، تاوانبارنیم‌و لەوەوبەر ئازاری چۆلەکەیەکیشم نەداوە..خوا ئاگادارە...

*دادگا بە(دوو) ساڵ بڕیاری زیندانی کردنی ئەمینیدا، لەگەڵ ناچارکردنی بەخشینی(5)هەزار دینار بۆ هەرچوار منداڵەکەی خومار...

ئیدی بەباری غەمو حاڵی پەشێوەوە رووی کردە زیندانی تەنگو رۆژانەو شەوانە بەدەم ئازارو گینگڵەوە چارەنووسی خۆی دەبردە سەر...

خومار لەخەونی هەمووانیدا...

*هێشتا کفنەکەی زەرد نەبوو بوو... بارانی پایز گۆڕەکەی تەڕدەکردو دەشتەوەو لەگەڵ سایەقەو هەڵهاتنی خۆری رۆژانی داهاتوودا وشك دەبووەوە...

شەوێك دراوسێیەکی ماڵی دایکی خومار گوێی لەحەسرەتو غەمەکانی ئەو پیرەژنە بەدبەختە دەگرت... ئەمیش لەگەڵ فرمێسکی بەخوڕدا بۆ خوماری نێو گۆڕو بۆ ئەمینی نێو زیندان دەکروزایەوە... شەو درەنگ بوو... دایکی کلۆڵ خەو چووە چاوانی... لەخەودا خومارە چاو بەخومارەکەی بووە میوانی... چاوانی گەشتر لەجاران... تەوێڵی دەتوت بەفری سپییە... بەدەنگی پڕ لەسۆزەوە بەدایکی دەووت:

-دایە گیان... خراپ بوو لەگەڵم..مێردەکەم خراپ بوو... ئەی تۆ بۆ نەتپاراستم... بۆ..

*شەوێکی تر، خوماری باڵا بەرزو شەنگ هاتە خەونی براکەی... بەڵام ئەمجارە بێ ترسو بێ شەرم دەدوا... بەئەمینی دەوت:

-رۆژێك نەتتوانی هاوەڵم بی.. ئێوە کەی گوێ لەکچان دەگرن... کەی دەزانن غەممان لەگەڵدا دابەش بکەن...کەی...

*هێشتا هەواڵی مەرگی خومار وەك بروسکە نەیدابوو لەماڵە بێ خومارەکەی غوربەت... لەشەوێکی ئەو وڵاتە بەفرینەدا خومار بەخۆیو پرچە رەشە درێژەکەیەوە بووە میوانی کچە(5)ساڵەکەی... بەکراسێکی گوڵ سوورەوە چەمایەوە بەسەریا... گرتیە ئامێزو توند توند نووسانی بەخۆیەوە... لەسەر خۆ دەدواو پێی دەووت:

–هەناوو بەندی جگەرم... توخوا بابۆنی هەناسەت کەم.. بەباوکت بڵێ بمبورێ.. بڵێ باتورە نەبێو بمهێنێتەوە نێو جگەر گۆشەکانم... دەپێی بڵێ.. فریشتەکەم.. پێی بڵێ...پێ..

*منیش فێرم خەو بەو کۆترە باڵ کراوانە، بەو چۆلەکە زامدارانە، بەو ژنە سنگ پڕ لەخوێنانەوە ببینم.. دڵنیام ئەمشەو خومار بەبەرگی سپی ئاودامانە، بەدووباڵەوە بەسەر سەرماندا دەسوڕێتەوەو ئاسمان تەی دەکاتو هاوار دەکاتو دەڵێت:

–هەر ئێوەن، ئێوە کۆمەڵو خاوەنی کۆمەڵو تاوانی کۆمەڵن.. ئێوەن سەرچاوەی مەینەتی ئێمە ئەی پیاوانی وڵات... زۆر لەئێوە کوڕانی تاریکیو باوەڕی کۆنو رزیون... هەر ئێوەن هەرگیز نەتانویستووە غەمەکانمان لەگەڵدا دابەش بکەن... هەر ئێوەن...

داخۆ لەگەڵ چەندەمین فیشەكدا گیانیان سپارد بێ؟

هەرچەندە (كەریم) بەتەنیا ئەو تاوانە دڕندانەیەی نەكردبوو، بەڵام رۆژی1994/6/23لەدوا دادگایی كردنیدا، دەنگی بڵندی سەرۆكی دادگا بەجارێ وڕو كاسی كرد، كەریم لەگەڵ چەند تاوانبارێكی دیكەدا دەستی چووبووە خوێنی دووگەنجی كاسبكارو لەتاوانێكی بێ وێنەدا كارێكی ئەوتۆیان كردبوو لەهەموو شارەزووردا و لەهاوینی ساڵێ لەوەوبەرەوە خەڵكی باسیان دەكردو نەفرەتیان لێ دەكرد...

كەریم دڵی بەوە خۆش بوو كەرۆژی دادگایی كردن دایكو باوكو برای كوژراوەكان لێی خۆش دەبن و بۆكەسوكاری ئەوەی دیكەشیان لەخوا دەپاڕایەوە بەزەیی لێبووردن بخاتە دڵیانەوە...

بەڵێ وا رۆژی دادگایی كردنەو كەسوكاری كوژراوەكان ئامادەن، تاوانكارەكانی دیكە لێرەنین و بەتەنیا دادگایی كەریم دەكرێت، ژمارەیەك لەوانی دیكە هەڵاتوون، ئەوانی دیكەش كێشەكانیان جودا كراوەتەوەو رۆژی تر دانراوە بۆ دادگایی كردنیان.. كەریمی 27 ساڵ لەشارۆچكەی(چ) بۆ چەكداری و جەردەیی و پیاوكوشتن هاتووەتە شارەزوور، چاوە بەقوڵاچووەكانی بڕیوەتە قسەكەران و چاوەڕێی كەس وكاری یەكێك لەدوو كوژراوەكە دەكات...

وانۆرە هاتە سەركەسوكارەكەی (كاوە) و كەریم هەموو گیانی بووەتە گوێچكەو... براكەی كاوە داوای سزادانی تاوانبارانی كرد، بێجگەلە كەریم، دایكەكەشی لەهەموو مافێكی خۆی خۆش بوو هیچی لێی نەویست، باوكیشی دەستبەرداری شكاتەكەی بوو لەكەریم ، كەمێ خۆشی بەدڵ و دەروونیدا هاتەوە،

بـەڵام دایكـە پیرەژنەكـەی كوژراوەكـەی دیكـە بـەو جـۆرە قسـەی نـەكرد، نـەخێر دایكی(شێروان)بەچاوی پڕ لەفرمێسكەوە وتی:

-مـن لـەم تاوانبـارە خـۆش نـابم، كوڕەكـەی مـن كچـێكی بچـكۆلەی بەهـەتیوی بـۆ بەجێهێشتووین، داواكارم گەورەترین سزای بدەن...

دادگـای بـەڕێز بـەپێی لێكۆڵینـەوەی سـەرەتایی و قسـەكانی لەوەوبـەری كـەریم خـۆی و تاوانبارەكـانی دیكـەو بـەپێی بەڵگـەو قسـەی شـایەتەكان بڕیـاری عادیلانـەی بەسـەر گومـانلێكراودا دا، بـەڵێ دادگا بڕیـاری دا بەسـەر كەریمـدا بـە46 سـاڵ زینـدانی كردن...

كە پیلانی تاوانكاریی دارێژرا..

سـەرەتای مـانگی ئـابی1993بـوو، لەگونـدی (ب)ی نزیـك عەربـەت حەمـە تایـەری چـەكداری دەسـت ڕۆیشـتوو لەگـەڵ براكـەی خـۆی و كـەریم و چـەند كەسـێكی دیكـەدا بڕیاریانـدا بـەهێزی چەكەكانیان بەشـێوەی كـەمین دانـان دزی بكـەن و هاووڵاتیـان ڕووت بكەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە جل وبەرگی سەربازی و نیشانەیان لەسلێمانی كڕی...

زانیارییـان پـێ گەیشـت كـەوا ئۆتـۆمبیلێكی سـۆپەری شـین بـەو ڕێگایـەدا لەشـارەوە دێـت و دەچـێتە ناوچـە سـنوورییەكان بـۆ كاسـبی كـردن، ئۆتۆمبیلەكـە هـی (كـاوە) ناوێكە وكەدێت پارەیەكی باشی پێیە...

چـەكدارەكان سـواری دوو ئوتومبیـل بـوون، یـەكێكیان شـۆفرلێتی پیكـاب و ئـەوی دیكـەیان بـەرازیلی سـوور بـوو، ئـەو ڕۆژە كـەڕۆژی 1993/8/9بـوو هـەردوو ئۆتۆمبیـل بەرەو سـەید سادق كەوتنـەڕێ، لـەڕێ یەكەمیان پـەكی كـەوت، دووەمیان بـەرەو شـوێنی مەبەسـت لێـی خوڕی،چـەكدارەكانی نـاو بەرازیلییەكـە هـەموو تفـەنگی كلاشـینكۆفیان پێبــوو، لــەلای كــانی ســپیكە تووشــی ســۆپەرە شــینەكە هــاتن و(كــاوە)لێــی دەخـوڕی و(شـێروان)ی هـاوڕێی لەتەنیشـتییەوە بـوو، ئـەم دووانـە بـڕی 400 هـەزار دیناری عیراقی و 11200دۆلاری ئەمریكییان پێبوو...

ڕووبەڕووبوونەوە...

لـەو نـاوەدا، چـەكدارەكان ئۆتۆمبێلـە سـۆپەرەكە رادەگـرن، بـەهۆی چـەكەكانی دەسـتیانەوە ناچـاریان دەكـەن دابـەزنو سـواری بەرازیلییەكـەیان دەكـەن، براكـەی حەمەتایـەر كـەناوی(حەمـە قایـەر)ە، لەگـەڵ یـەكێكی دیكەیانـدا سـواری سـۆپەرەكە دەبـنو بـەپارەكانی ناویـەوە دەگەڕێنـەوە مـاڵی حەمـە تایـەرو لـەوێ پارەكـان بـەش دەكـەنو ئۆتۆمبێلەكـە دەشـارنەوە، بەرازیلییەكـەش لـەكانی سـپێكەوە دەگەڕێتـەوە دواوەو دوای ماوەیـەك بەرێگایـەكی دیكـەدا لادەداتو كـەمێ دووردەكەوێتـەوە، لـەنێو تـۆزو خـۆڵی رێگاكـەدا ئۆتۆمبیلەكـە پـەكی دەكـەوێت و دەكوژێتـەوە، چـەكدارەكان دادەبـەزن تابـەپاڵنان بیخەنـەوە گـەڕ، لەوكاتـەدا(شـیروان) فرسـەت دێنـێو تەقـە لـە چـەكدارەكان دەكـات، ئـەوانیش بەهـەمان شـێوە وەڵامـی دەدەنـەوەو لـەو رووبـەڕوو بوونەوەیـەدا حەمـە قایـەر بەسـەختی برینـدا دەبێتو لەهـەمان كاتـدا هـەردوو هـاووڵاتی (كـاوەوو شـیروان)برینـدار دەبـن، كەخـەڵكی ئـەو ناوچـەیەو چـەند پۆلیسـێك دوای بیسـتنی تەقـەكان لەشـوێنی رووداوەكـە نزیـك دەبنـەوە، چەكدارەكان هەڵـدێن... هـەر بـەدوای ئـەوەدا برایـەكو خزمێكـی كـاوە دەگەنـە ئـەو نـاوە، برینـدارەكان (كـاوەو شیروان)بەرەوعەرەبـەت دێننو براكـەی كـاوە دەچێتە ئاسایش بـۆ ئاگاداركردنیـان لـەو رووداوە، بەرازیلییەكـــەی چـــەكدارەكانیش هـــەر لەشـــوێنی رووداوەكـــەدا لەلایـــەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا دەگیرێ.

لەكاتی بردنی بریندارەكاندا بۆ شار...

ئەو ئۆتۆمبیلەی هەردوو بریندارى (پارەو ئوتومبیل دزراویـان)تیـا سـوار كردبـوو هـی عوسمـان ناوێـك بـوو، لەعەربـەت جـولاٌنو بـەرەو سـلێمانی كەوتنەڕێ، خزمەكەی كاوە دڵخۆشی كاوەو شیروانی دەدایەوە پێی وتن:

-مـاڵی دنیـا هـیچ نییـە، مـادام خۆتـان سـەلامەتنو برینـەكانتان سـووكە ئۆتۆمبیلو پارە قیمەتی نییە...

گەیشتنە بەنزیخانەكەی ئەملای عەربەتو عوسمانی شۆفێر لەبەرخۆیەوە گوتی:

-با بەنزینی تێ بکەم، نەوەك لەڕێ لێمان ببڕێت!

لەولاشەوە حەمە قایەر کەبەسەختی بریندا بوو بوو هەر دوای ماوەیەکی کەم گیانی لەدەست دابوو، کەئەو هەواڵە بەحەمە تایەری برای گەیشتبوو، بەپەلە خۆیو چەکدارەکان بەدوو ئۆتۆمبیل گوندەکەی خۆیان جێهێشتبوو، تەنانەت نەچوو بووە مزگەوت تابۆ دواجار براکەی ببینێ!

کەریم لەئۆتۆمبیلی دووەمدا بوو، کەگەیشتە ئاستی بەنزیخانەکە کەرێکەوتو لە بەدبەختی هەردوو بریندارەکەدا (شیروانو کاوە) لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا بینران، وەریانچەرخاندە سەریان، چەکدارەکان دابەزین، لەچەند لوولەیەکەوە ئاگری گوللە دەردەپەڕیو فیشەکەکان دەچوونە گۆشتو ئێسکی شیروانو کاوەوە ، کاوە بەتەنیا خۆی(37) فیشەك بەر سەریو لەشی کەوتو هەموو گیانی هەلاهەلا بوو، داخۆ لەگەڵ فیشەکی چەندەما گیانی سپاردبێ؟!!

شیروانیش بە11فیشەك دابێژرابوو، کەللەی سەری هاڕراو خوێن لەسنگو سکییەوە دەچۆڕایەوە خواری ئەویش دەستبەجێ مردبوو!

هەروەها خزمەکەی کاوەش فیشەکێك بەرسنگی کەوتبوو، بەڵام زامەکەی قورس نەبوو، کە برایە نەخۆشخانەو دوای چارەسەرو روو لەچاك بوون چووەوە ماڵی خۆی... دوایی کەلاشەی کوژراوەکان برابوونە (مەیتخانە) لەگیرفانی کاوەدا (600) دۆلارو 253دینارو دەفتەرێکی تەلەفۆن دەرهێنرابوونو درابوونەوە دەستی کەسو کاری

کەریم(3) جار بڕیاری زیندانی کردنی دەدرێ..!

وەك سەرەتا وتمان ئەم کێشەیە، تەنیا کێشەی کەریمەو دادگایی کردنەکە هەرهی ئەوەوەو جودایە لەهاوڕێکانی!

ڕۆژیی دادگایی کردن، بەباوەڕی تەواوی دادگاو بەڵگەو شایەتەکان بڕیار بەسەر کەریمدا درا، بڕیارەکە بەرامبەر تاوانی دزینی ئۆتۆمبیلو

پارەکان، پاشان بەرامبەر بەتاوانی کوشتنی دوو کەسی بێ گوناه وبریندار کردنی کەسێکی تربوون، بەرامبەر تاوانی لەم جۆرە بەتەنیا چاوەڕێی بڕیاری لەسێدارەدان دەکرا، بەلاّم دادگای بەڕێز ئەوەی لەبەرچاو گرت کەوا(کەریم) ڕۆلێکی سەرەکی هەبووە لەدەرخستنی درێژەی تاوانکارییەکانو بەباشی تاوانە دڕندانەکەی لەهەردوو لێکۆڵینەوەی سەرەتاییو قەزائیدا گێڕابووەوە، ئەمەو وێڕای ئاشکراکردنی ناوی تاوانکارە راکردووەکان.

دادگا بەم شێوەیە بڕیاری بەسەر کەریمدا دا:

1-بڕیاری زیندانی کردنی هەمیشەیی.

2-بڕیاری زیندانی کردنی هەمیشەیی.

3-بڕیاری زیندانی کردنی بۆ ماوەی 6ساڵ.

4-هەرسێ سزاکە بەدوای یەکدا جێبەجێ دەکرێ. بەلاّم بە پێی مادەی 1/143 نابێ کۆی زیندانی کردنی لە25ساڵ تێپەڕبکات، واتە لە 46 ساڵەکەی 25ساڵی دەباتە سەر.

5-دەبێ بەهاوبەشیو بەهاوکاری لەگەڵ دوو حوکمدراوی دیکەدا(دوو هاوڕێی بەشداری لەتاوانەکاندا)بڕی 3000دینار بدەنە هەریەك لەباوكو دایکی کاوەو 5000هەزار دیناریش بۆ دایکی شیروان و 6000دیناریش بۆ کچە بچکۆلەکەی شیروانو 1500دیناریش بۆ خزمە بریندارەکەی کاوە.

6-کەسوکاری کاوەو شیروان دەتوانن ئۆتۆمبیلو پارە دزراوەکان لەتاوانکارە مەحکومەکان داوابکەنەوە.

7- عوسمانی شۆفیر بۆی هەیە داوای قەرەبووی ئۆتۆمبیلە زیان پێگەیشتووەکەی لەتاوانکاران داوا بکات.

کۆرپەکەی سکی گوناهی چی بوو؟

رۆژێکی کۆتایی مانگی مارتی 2002، نزیك (زێ)ی تەقتەق، خەڵکی بەتاکو بەکۆ هەفتەی یەکەمی بەهاری دوای نەورۆزیان پیرۆز دەکرد، ئا لەو سەیران و رۆژە جوانەدا شێرزادی 46 ساڵ تەمەن بەکۆڵێ غەمەوە لەسلێمانییەوە بۆ زێدی خۆی دەگەڕایەوە..

هەرچەندە شێرزاد بەزانینی دوا بڕیاری دادگای تەمیز هەندێ ئاسوودەبوو و دەیزانی کەخوێنی بەدبەختەکەی ژنی بەفیرۆ نەچووەو دڵنیابوو کەبڕیارەکەی (تەمیز) هەندی لەسوێی دڵی منداڵەکانی، بەتایبەت کوڕە گەورەکەی دادەمرکێنێتەوەو تەمی بەرچاوو نێو دەروونیان بۆ دووریی دایکی چارەرەشیان تاڕادەیەك دەڕەوێتەوە، بەڵام ئەو پێنج ساڵ و نیو بوو بۆ فیراقی خۆشەویستەکەی عومری هەمیشە کەیل و غەمبار بوو.. هەموو جارێ کەیەکێ لەمنداڵەکانی دەهاتنە بەرچاوی، یان کەگوێی لەقسەیەکی ئەوان دەبوو، رێك مێشکی جەنجاڵی دەیبردەوە بۆ لای ئەو کۆرپەیەی لەسکی دایکیدا دواهەناسەی هەر لەگەڵ ئەودا سپارد، هەمیشە بەزەیی بەو

کۆرپەیەدا دەهاتەوە کە لەگەڵ دایکیدا کوژراو نەباوکی و نەکەسێکی تر نەیانزانی کوڕ بوو یان کچ!

شێرزاد بەرەو تەقتەق دەگەڕایەوە، دڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کەبکوژی هاوسەرە ئازیزەکەی و کۆرپە بچووکەکەی بەزیندانی هەمیشەیی حوکم دراوەو ئیدی کەسێك چاوی بەچارەی تاڵی ناکەوێتەوە..

بێئەوەی ئاگای لەخۆی بێ، جار جارە فرمێسکە تەڕەکانی هەردووچاوی رایدەچڵەکاندو بەدزییەوە دەیسڕین، شەرمی دەکرد کەسێکی ناو ئوتومبێلەکە ئەو پیاوە گەورەیە ببینن دەگری.!

پێنج ساڵ و نیو بوو، رۆژانی هەینی یان لەهەر بۆنەیەکی تردا کەدەچووە سەردانی گۆڕی (نازدار)ی ژنی لەگۆڕستانەکەی گوندی (قەرەناو)، بەدڵ و کوڵ بۆ گوڵی بابردووی عەشقە دێرینەکەی و بۆ دایکی شەش منداڵە لەماڵ دوورەکەی دەگریا.

منداڵەکانیش بەهەمان شێوە، هەمیشە کۆست کەوتووبوون بۆ ئەو ژنەی لەنێو باخەکەیاندا رەنگی هەنارو دارقەیسی و دارمێوە باڵابەرزەکانی گرتبوو..

زۆرجاریش کە لەماڵە بێنازەکەیاندا کۆدەبوونەوە، تارمایی ئەو شەوە پایزییە دەهاتەوە بەرچاوو سەر زاریان، کەتیایدا نازدار پەلی راکێشراو سەد مەتر دوور لەهەموویانەوە خەڵتانی خوێن کرا.

لەشەوێکی مانگە شەودا

سەرەتای پایزی 1996، ئەودەمەی براکان دەستیان بەخوێنی یەکتر سووربوو بوو، ئەو رۆژانەی ئاگر لەماڵی کورد بەردەبوو، چەند چەکدارێك

فرسەتیان لەئاژاوەو گۆبەندی ئەو شەڕە براکوژییە بینیو لەشەوێکی مانگە شەودا هەڵیان کوتایە سەر گوندی قەرەناوی نزیك تەقتەق، خەڵکی لەخەوی نیوەشەودا بوون، شێرزادو نازداری ژنیو هەر پێنج منداڵەکەیو ئامۆزا میوانەکەیو نزیك ماڵەکەی خۆیشیان شیروانی برای لەشیرین خەودا بوون، سێ چەکدار بەهەنگاوی گورجەوە دیاریی مەرگیان پێبوو بۆ ئەو ماڵە، ماڵەکەی شێرزاد دوو ژووری بچووكو هەیوانێکی نزیك گەوڕی بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەکەیان بوو، نزیك خۆشیان ماڵێکی بچووکی شیروانی برایو هەردوو ماڵ نزیك بەباخەکانیان بوو کە لەوەرزەکانی ساڵدا کاریان تیادا دەکردو پێی دەژیان.

لەو نیوە شەوەدا دەنگی پێو دەنگی میل هێنانەوەی کلاشینۆکۆفەکانیانو ورتە ورتی نێوانیان ماڵو منداڵیان بەخەبەرهێنا.

لەناو هەموویاندا پەلاماری (نازدار) درا.. دەتووت نێچیری خۆیان گرتووەو بەمەرامی دڵیان شادبوون.

لەو لاوە شیروان پێی زانیو دەسەڵاتی نەبوو، ئامۆزاکەی شێرزاد ویستی بپارێتەوەو سوودی نەبوو. شێرزاد بەواقی وڕماوەوە دەیڕوانییە نازدارەکەیو ئەوانیش پەلیان رادەکێشا، منداڵەکان (دایە گیان.. دایە گیان) یان بوو، دایەش بەرەنگی پەڕیوو حەپەساوەوە هەناسەبڕکێکی پێ کەوتبوو.. لەیەکێ لەچەکدارەکان دەپاڕایەوەو سوودی نەبوو، لەو شەوە ساماڵەدا گەر مانگو ئەستێرەکان بەو کارەساتەیان بزانیبا ئاسمانی بەرزیان جێدەهێشتو دادەبەزین تا ئەو نازدارە لەچنگی مەرگ رزگاربکەن..

نازدار دوورخرایەوە، ئەو دەگریاو بەبەرچاوی پیاوەکانو منداڵەکانو دارهەنجیرو قەیسیو هەنارو بەبەرچاوی رەزەکەیانەوە کەرۆژانە نازدار پیایدا دەهاتو دەچوو، برا بۆ مەرگ.

سەد مەتر لەولا هەموویانەوە یەك لەچەکدارە بێبەزەییەکان یەكو دووانو سیانو چوار.. فیشەکی نا بەجەستەی نازدارەوەو ئەویش وەك درەختێ لەرەگەوە هەڵیکەنن کەوتو درێژبوو، لاشەکەی کەمێ لەرێگا خۆڵەکەوە دووربوو کەهەموو جار بۆ پێشوازی میوانێك یان هاموشۆی رۆژانەی پیایدا دەڕۆی.

چەکدارەکان دوای (نەبەردییەکەیان) هەڵدێنو دوور دەکەونەوە، شێرزاد یەکەم کەس دەگاتە سەر لاشەی ساردەوەبووی خۆشەویستەکەی، ئەوانی تر بەدوایداو لەنێو هەمووانیدا هاواری کوڕە گەورەکە لەو شەوە مانگە شەوەدا دەنگ دەداتەوە کەپڕ بەدەنگی دەڵێ (دایکم رۆ..)

ماڵێك بۆ خۆشەویستی

13 ساڵ بەر لەو رووداوە، کاتێ شێرزاد داوای نازدار دەکات بیخوازێ نایدەنێ، ئەوان دڵیان بەیەکەوە دەبێو شێرزادی تەمەن 27 ساڵ کەفو کوڵی عەشقی لاوێتی خۆی دەکاتە گوڵێکی رەنگ سووری پەیمانو دەیخاتە سەر رێی ژیانی نازدارەکەی..

نازدار دادەمینێو نازانێ پەنا بۆچی بەرێت، لەدایکی دەپاڕێتەوەو لەباوکی دەلاڵێتەوەو هەردوو دەڵێن شووی تۆ بەدەستی براکانتە، براکان دەچن بەرقداو رازی نابن.. دەڵێن چۆن دەبێ کچی ئێمە دڵداری بکاتو نایدەین.

شێرزاد خۆی دەچێتە لایان‌و پێیان دەڵێ پیاوی چاك بن‌و خوابناسن، نازی کچەکەتان دەکێشم‌و وەك چاوانم دەیپارێزم.. ئێ من خۆشمەدەوێ‌و خۆیشی رازییە، بۆ نامدەنێ..

کارەکە دوادەکەوێ‌و گڕی عەشقی هەردوو دڵدار نێڵەنێڵی دەبێ، ئێوارەیەکی بەهاری هەردوو بڕیاری تیادەدەن بڕۆن، لەگوندی خۆیان دووردەکەنەوەو سوێند دەخۆن یان بۆ مەرگ یان بۆ یەکتر بن.

هەردوو بڕیار دەدەن ماڵێك بکەنە لانەی عەشقەکەیان‌و تاسەر پێکەوەبژین. لەشەوێکی بەهاریدا تاسەی خۆشەویستی‌و هەژانی ناخ‌و تامەزرۆیی لێوەکانیان ئاوێتەی یەکتر دەکەن‌و لەنێوان ترس‌و دڵنیاییدا، لەنێوان بیرکردنەوەو توانەوەدا، بڕیار دەدەن خۆیان بدەنە دەست یەکترو هەر لەو شەوەدا نازدار دەبێتە ژنی شێرزادەکەی.

بۆ سبەینێ دەچنە لای مەلاو لەسەر رێبازو پەیڕەوی ئاین یەکتر مارە دەکەن.

دیسانەوە کەسوکاری هەردوولا دەکەونەوە گفتوگۆ، بەڵام جووتە برا بەوە رازی نابن‌و دەڵێن (ئەوە بێبەرییە لەئێمە، ئەوە خوشکی ئێمە نییەو لەکەی عارە، نەدەیناسین‌و نەبمانناسێ.. با بمانمێنێ بۆ کاتی خۆی).

لەو گوندەدا لەنگەر دەگرن‌و ماڵی پڕ لەمیهرو خۆشەویستییان گەورەتر دەبێت.

بەدرێژایی ئەو سیانزە ساڵەی ژیانی ژن‌و مێردییان خودا سێ کوڕو دوو کچی جوانیان پێدەبەخشێ.. شەشەمیش بەرلەوەی چاو بەژیان هەڵبێنێ وای لێدێت!.

روو لەدادگا

پاش ئەوەی کوردستان ئارامتر دەبێتەوە ناوچەکان ئاسوودە دەبن شێرزادی دڵگەرم بۆ خۆشەویستە دوورەکەی لەهەقی خۆی خۆشنابێتو پەنا دەباتە بەر عەدالەت.

ساڵی 2001 تاوانبارەکان دەگیرێن، ئەوان جووتە براکەی نازدارو ئامۆزایەکیان دەبن، ئامۆزاکە هەر خۆی فیشەکەکانی ناوە بەسەرو سنگو دڵو هەناوی نازدارەوە، هەر بۆیە بەجیا لەدوو تاوانبارەکەی تر دادگایی دەکرێت.

رۆژی 2001/7/23 دادگایی (ئامۆزا) دەکرێ، بەڵام لەبەر ئامادەنەبوونی خودی شێرزادی شکاتکەرو پارێزەری دانراو بۆ داکۆکیکردن لەتاوانبار دادگایی کردنی دوادەخرێ.

رۆژی 9/10 سەرلەنوێ دادگایی کردن دەستی پێکردەوە، ئەمجارەیان شێرزادو کوڕە گەورەکەی لەوێ دەبن، دادگا بڕیاردەدات کەسێکی ناو دادگا وەك (وەسی)ی داواکاری مافی منداڵە وردەکانی نازدار بەشداریی بکات.

شێرزاد یەکەمین قسەکەر بوو کە بەدادگای وت:

–گەورەکانم، هۆی کوشتنی ژنەکەی من هەر ئەوەبوو کە شووی کردبوو پێم، ئەوان بەزەیی خوایان لەدڵدا نەبوو، هەر سەدمەتریێ لەولا خۆمانەوە دایانە بەر رێژنەی گوللە، کەچوومە سەری تەواو بووبوو.

ئەوان دەمێك بوو لەژنەکەی من داخ لەدڵ بوون، بەڵام چی بکەم، لەسەر قسەی هەموو لایەك لەبراکانی خۆشدەبمو بکوژەکەش کەئامۆزای ئەوانە هەر

لێـی خۆشـدەبم، چـی بکـەم بـەختی خـۆم وابـوو.. ئـیتر جـەنابتان خۆتـان دەزانن..

دوای ئـەو ڕەنجـی کـوڕە گـەورەی دڵگەرمانـە بەسـەرهاتەکەی بـۆ دادگـا گێڕایەوە، پێی وتن:

مامیشـم و ئامۆزاکـەی باوکیشـم ئاگـاداربوون کـە بـەزۆر پـەلی دایکمیـان ڕاکێشـاو دوای ماوەیـەکی کـەم گوێمـان لـەگریانی ئـدایکم و دەنگـی فیشـەکی ئـەوان بـوو، دەسـەڵاتمان نـەبوو، هەرچـەندە سـوڵح کـراوە، بـەڵام داوا دەکـەین بەپێی یاسا بڕیاریان بەسەردا بدەن..

ئـەو ڕۆژەش بـەهۆی ئامادەنـەبوونی شـایەتەکانەوە دادگـا دواخـرا، ڕۆژی 9/29 دادگـا بـۆ هـەمان کێشـە پێکهێنرایـەوە، دوای ئـەوەی سـەرۆکی دادگـا سوێندی براکەی شێرزادی دا، ئەویش وەك شایەت کەوتە قسەو وتی:

–هەرچـەندە کـاتی خـۆی سـوڵحی عەشـایەری لەنێوانـدا کرابـوو، بـەڵام براکـانی بـراژنم بـەوە ڕازی نـەبوون، لـەو مانگـە شـەوەدا بەبەرچـاوی هەموومانـەوە بردیـان و کوشـتیان، لـەو ڕۆژەشـدا ئامۆزاکـەی شـێرزاد ئامادەنـەبوو، دادگـا پشـتی بەقسـەکانی زووتـری بەسـت کـە لەلێکۆڵینـەوەی سەرەتاییدا وەك شایەت لێی وەرگیرابوو.

پاشان مەحزەری کەشفی ڕووداوەکە خرایە ڕوو و چۆنێتی کوشتنەکەی باسکرایەوە، ئینجا تاوانباری بکوژی نازدار وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، ئـەو نەچـووە ژێـر تاوانەکـە، ئـەو وتـی مـن نەمکوشـتووەو ئەمـەم بـۆ دروستکراوە، بەڵام دادگا دڵنیابوو لەچۆنێتی تاوانەکەو پاڵەوانەکانی!

دوای ئەوەی داواکاری گشتی داوای سزادانی تاوانباری کردو پارێزەر داکۆکی لێکردو داوای ئازادکردنی کرد، دادگا بۆ لێکۆڵینەوەی زیاترو یەکلاکردنەوەی داواکە کارەکانی دواخست بۆ رۆژی 2001/10/6.

لەو رۆژەدا دادگای بەڕێز بڕیاریدا:

-ئامۆزا تاوانبارەکە بەزیندانی کردنی هەمیشەیی حوکم بدرێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی تەمەنی کە(24)ساڵ بوو.

-بۆ منداڵە وردەکانی شێرزادو نازدار دەتوانرێ لەدادگای مەدەنیدا داوای قەرەبوو لەتاوانبار بکەن.

ئەوەبوو دواتر لە2002/3/27دا دادگای تەمیز رەزامەندی لەسەر ئەو بڕیارەی دادگای تاوانی سلێمانی نیشاندا..

چارەنووسی هەریەکەو بەجۆرێ..!

شێرزاد دوای ئەو هەموو مەینەتییەی بەهۆی عەشقەوە دیی، لەماڵە بێنازدارەکەیدا لەیەك کاتدا بووەتە باوكو دایکی منداڵەکانی، زۆرجار هەناسەی ساردو فرمێسکی گەرمی دەسپێرێ بەیادی عەشقە ناکامەکەیو بەو ساڵانەی لەگەڵ خۆشەویسترین کەسیدا دەژیا.

ئامۆزای تاوانکار لەزیندانەدا هەمیشە لەخۆی دەپرسێ (بۆ وام کرد)، زۆرجار بکوژانی دیکەش کە بەهۆی تاوانی مرۆڤ کوشتنەوە بوونەتە میوانی هەمان زیندان سەرزەنشتی دەکەنو پێی دەڵێن (چۆن دەبێ پیاو ژن بکوژێت)!.

منداڵەکانی نازدار بەملی کەچەوە رووەو چارەنووسی خۆیان دەبنەوە، بەتایبەت رەنجی کورە گەورەی، ئەو لەبەژنی هەر درەختێکی باخەکەیاندا

بالآی دایکی دەبینیٚ و زۆر دیمەنی خۆرکەوتن و زەردەپەڕو تریفەی مانگەشەو شێوەی دایکە کلۆڵەکەی بەبیردێننەوە.

وا شەش سالٚی رەبەقیشە لە(قەرەناو) جەستەی موبارەکی ئەو نازدارەو مندالٚەکەی ناوسکی لەو خاکەدا ئۆقرەیان گرتووە.

رۆحیانەتی ئەو جەستەیە جارێکی تر باکی لەهەڕەشەی ئامۆزاو براکانی نییە.. بەلاٚم ئەو رۆحیانەتە هەمیشە لەگەلٚ خەمەکانی شێرزادو رۆژو مانگ و سالٚەکانی یەك بەیەکی مندالٚەکانیدا دەژی. ئەم پایزەش دارسێوو دارهەنارو دارەکانی تری باخەکەی نازدار پێکەوە چاوەڕوانن ئەو بالاٚبەرزە دەست وپەنجە ناسکە بەناویاندا بێت و بچێت. چاوەڕوانن ئەم نازی ئەوان و ئەوانیش پێکەوە نازی نازدارەکەی خۆیان بکێشن.. بەلاٚم.. بەلاٚم نایبینن!

بۆ ئۆتۆمبیلێك دەگاتە پەتی سێدارە..!

رۆژی 2/26 موختارە تەمەن حەفتا سالٚەکەی گوندی (گەردجان) هەوالٚی بینینی لاشەی کوژراوێکی نەناسراوی گەیاندە دادگای رانیە، پێی وتن: ئەوەتا خراوەتە ناو ئەو بۆری ئاوەی بەژێر شەقامە گشتییەکەی لەنێوان گردجان و کانی ماراندا رەت دەبێت! پۆلیسی چوار قوڕنە دەنێرن بۆ بینینی و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەو بەردەستی پزیشك..

دوای لێکۆڵینەوەو پەیدابوونی کەسوکاری، ئاشکرا دەبێ کەئەو کوژراوە شۆفێرێکی خەڵکی شاری (رومادی)یەو ناوی (جاسم)ەو تەمەنی هەر سی ساڵ دەبیٚو بۆ رزقو نان پەیداکردن لەو خوارەوە دەگاتە ئێرە.

ئەو کەسەی بەچاکی جاسمی ناسیوەو لەرومادییەوە لەگەڵیا هاتووەو ئاگاداری کوژرانی بووە(برایم)ی ناوە، برایم تەمەنی 26ساڵەو خەڵکی لای چوار قورنەیەو ساڵی 1975لەگەڵ هەزاران کوردی دیکەدا رەوانەی ناوەڕاستو خوارووی عیراق کراونو ئەم لەرومادی گیرساوەتەوە، واتە ماڵی باوکی لەوێیە، ماڵە مامێکی هەر لەچوارقوڕنە ماون، برایم بەشۆفێرییەوە خەریك بووە، بۆ خۆی بەم شێوەیە بەسەرهاتی جاسمی بۆ دادگا گێڕاوەتەوە:

–چەند رۆژێ بەر لەرووداوەکە جاسمم ناسی، بەرێکەوت لەتەجنیدی رومادی بووینە هاوڕێ، من بۆ کاری (تسریح)بوون چوومە ئەوێ، جاسم ناونیشانی خۆی دامیٚو کاتی گەڕامەوە باسی ئەوم بۆ سێ هاوڕێی خۆم کرد کە عومەرو عوسمانو خەسرەو بوون، خەسرەو وتی:

–جا لەوە باشتر هەیە...مادام خاوەنی پاسی کۆستەری21نەفەرییە، بە بیانوویەك لەگەڵ خۆت بیهێنەو لێرە پاسەکەی لێ زەوت دەکەینو بۆ خۆمان دەیفرۆشین...! ئەوە بوو پیلانمان داناو کەوتمەرێ .

برایمو جاسم بەرەو سلێمانی...

برایم دەگاتەوە رومادیو بەناونیشانەکە ماڵی جاسم دەدۆزێتەوە، دەبینێ خۆیو خوشکە بچکۆلەکەی بەشتنی کۆستەرەکەوە خەریکن... کات بەرەو خۆرئاوابوون دەچوو، هەر کەجاسم میوانەکەی بینی یەکسەر

ناسیەوەو سۆندەی فڕیٚ داو بەگەرمی پێشوازی لێکرد... چوونە ژوورەوەو برایم وتی:

*کاکە گیان، دەمانەویٚ ئوتومبێلیٚ بەکریٚ بگرین و بیبەینە رانیە تالەسەر خێر بووك بۆ خزمێکمان لەوێوە بۆ رومادی بگوێزینەوە، منیش لەکۆستەرەکەی تۆ باشترم شك نەبرد، چەندیش ئەفەرموویت ئامادەین...

لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە.

-ئوتومبیلی خۆتە بەسەر چاو..

بە450دینار رێکەوتن و وەعدیان دانا سبەی سەعات (6)ی بەیانی لەبەردەم سینەما (النصر) بەیەك بگەن و سەفەربکەن.. لەوکاتەدا جاسم، برایم هەڵدەگریٚ و دەڕۆن... ئیتر بیٚ سەرو شوێن دەبیٚ و کەسوکاریشی شتێکی وانازانن...

باوکە پیرەکەی جاسم دەگێڕێتەوە دەڵێت:

شەوی 1989/2/14 جاسمی کوڕم پێی وتم، باوە بەڵێنم بەکوڕێك داوە سبەینیٚ بەتایبەتی لەگەڵیا بچم بۆ سلێمانی و بەمەبەستی بووك گواستنەوە بەکرێیان گرتووم..

ئیتر ئەو کەسەم نەدی بێتە ماڵەکەمان، بەڵام کچە بچکۆلەکەم کەناوی(ڤیان)ە ئەوکاتەی کوڕەکە هاتبوو لەگەڵیا رێکبکەویٚ دیبووی... تەنانەت جاسم ناوی ئەو کوڕەشی پیٚ نەگوتم.. ئەوە بوو زۆر دواکەوت، هەرگیز سەفەری وای نەکردبوو. بۆیە دڵم کەوتە مەراق و کەوتمە سۆراغی...!هەروەها پۆلیسم ئاگادار کرد، ئەوە بوو پاش چەند رۆژێك لە(فەوزیە)ی کچی پووریەوە هەواڵم پیٚ گەیشت کەجاسم لەگەڵ یەکێکی

تردا سەردانی کردووە بۆ ماڵەکەی لە(تاسلۆجە)و دوای چا خواردن بەرەو رانیە بەڕی کەوتوون، هەر بۆیە چووم بۆ رانیە، لەوێ زانیم جاسم کوژراوەو لەنەخۆشخانە لاشەکەیان دامەوەو دواتریش لەماڵێکی سلێمانی دا پاسەکەیمان دۆزییەوە کەژمارەکەی(انبار)ەو مۆدێلی هەشتاو سێیەو... کوڕەکەی من هێشتا ژنی نەهێنا بوو، نازانم چ گوناهێکی کردبوو، ئەو دڕندەیە دەستی چووە خوێنەکەی؟!

برایم تەواوی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە...

دوای ئەوەی بەیانی زوو جاسم هاتە بەر سینەماکەو سواری کردم، بەرەو(فلوجە)کەوتینەڕێ، چونکە لەهێڵی نێوان ئەوێو بەغدا کاری دەکرد، لەوێ نەفەری هەڵگرتو چووینە بەغدا، نەفەرەکان دابەزینو، چووینە گەراج نەفەری سلێمانیمان هەڵگرتو کەوتینەرێ، دوای ئەوەی گەیشتین نەفەرەکان دابەزین، لەرێگای بەرەو رانیەماندا لەتاسلۆجە لای دایە ماڵی کچی پووری، دوای چا خواردنەوە بەرەو رانیە دەرچووین، کە گەیشتینە کانی ماران رۆژ لەئاوابووندا بوو، لەوێ عومەرو عوسمانمان هەڵگرتو ئەوان وتیان خەسرەو لەچوارقوڕنە چاوەڕێمانەو با بچینە لای، ئەوە بوو چووینو ئەویشمان سوارکردو لەرێگای نێوان گردجانو کانی ماران لەئاستی کورە هەنگەکانی گردجان ئوتومبێلەکەمان پێ راگرتو دەستبەجێ عومەرو خەسرەو بەچەکەکانیان کەوتنە سەرو گوێلاکی جاسم، سەری خوێنی لێهاتو بێهۆش کەوت، رامان کێشایە خوارەوەو هەر ئەوان تەقەیان لێکردو کوشتیان، پاشان خستمانە نا ئوتومبێلەکەوەو بردمان لەولاترەوە خستمانە ناو بۆرییە ئاوەکەی ژێر شەقامەکەو بەجێمان هێشت...!

بۆ ڕۆژی دوایی لەگردجان پاسەکەمان جوان شتو بەتەنیا خۆم سواری بوومو بەرەو سلێمانی لێمخوڕی، کە گەیشتمە ئەوێ یەکسەر چوومە لای دووبرا کە کڕیاری ئۆتومبێل بوون، دوای مامەڵە کردن ڕێکەوتین کە بیاندەمێ بە(بیستوپێنج) هەزار دینار، پێشەکی نۆ هەزارو پێنج سەد دینارم لێوەرگرتن، بڕیاردرا کە گەڕامەوە بۆ تەواوکردنی مامەڵەی ڕەسمی سەنەوییە پاشماوەی پارەکەم بدەنێ، بەرلەوەی بڕۆم داوای ناونیشانیان کرد، منیش ناوی مامێکی خۆمم پێ وتن کە لەچوارقوڕنە نیشتەجێیە.. ئیتر گەڕامەوە بۆ لای عومەرو ئەوانو نیوەی پارەکەم دانێ، ئەوان ڕێنماییان کردم کە لای کەس باسی ئەو تاوانە نەکەم، گەر خوانەخواستە گیراشم وشەیەك نەدرکێنم، گەر ناویان بەرم ئەوا هەموو کەسوکارم لەناوچەی خۆیاندا لەناودەبن...

بەرێز سەرۆکی دادگا لەبرایمی پرسی:

*ئەی بۆچی یەکەمجار بەدرۆ ناوی دوو کڕیارەکەی سلێمانیت وەك بکوژی جاسم برد؟

بەشەرمەزارییەوە وتی:

–لەترسی هەڕەشەکانی عومەرو عوسمانو خەسرەو...

*ئەی بۆچی ناوی کابرایەکی دیکەت خستە بەردەمی دادگا؟

–بۆ شاردنەوەی ڕاستی تاوانەکەو سەرلێشێوانی ئێوە بوو..!

*باشە لەماوەی چوار مانگی نێوان تاوانەکەو دەستگیرکردنت لەوێ خۆت شاردبووەوە؟

–لەنێوان بەغداو ڕومادیو هەولێرو موسڵدا دەهاتمو دەچووم.

*ئـەی دووبـرا کڕیارەکـە بـۆ سـاغ کردنــەوەی مامەڵــەی ئوتومبێلەکـە سۆراغیان نەکردی؟

–بـەڵێ، مـاڵی باوکمیـان لـەرومادی دۆزیبـوەوە بـەڵام منیـان چـنگ نەکەوتبوو... کە دەستگیر کرام لەراستی مەسەلەکە حاڵی بوون.

سەرنجێك و ناسینەوەی لەدادگا

بـۆ گرتنـی بـرایم لـەرێگای مـامی و مـاڵی باوکییـەوە پـۆلیس زانـی کـەئوتومبێلێکی نـوێی کڕیـوەو کـاری پێـدەکات، ژمارەکـەی درایـە پـۆلیس تـاگیرا، واتـە خـۆی و ئوتومبێلـە نوێیەکـە... پاسـە کۆسـتەرەکەی جاسمیش لەگەڕاجی ماڵە خزمێکی دووبرا کڕیارەکەدا دۆزرایەوە.

لەشایەتەکاندا تەنیا دووانیان برایمیان لەگەڵ جاسمدا دیبوو، ئەوانیش ڤیانی خوشـکی جاسـم و فەوزیـەی کچـی پووری بـوون، هـەر کـە پیاوکوژیـان هێنایـە قەفەزی تاوانبارییەوە هەردووکیان پەنجـەیان بـۆ درێـژ کـرد و بـەرەو رووی خــۆی قســەکانیان بــەدادگا وت کەلــەماوەی پێــك گەیشــتنیاندا کردبوونی...

یەکەمجار بڕیاری دادگا چی بوو...؟

دادگـای جنایـاتی سلێمانی دوای ئـەوەی لای ئاشـکرا بـوو کـە بـرایم بەمەبەسـتی کوشـتنی جاسـم ئـامێرێکی نـووك تیـژی لـەدواوە تونـد کێشــاوە بەســەریدا ئێســکی ســەری شــکاوەو خــوێنی بــەربووەو بەوەگیانی لەدەست داوە، هـەر بۆیـە بەپێی مادەی (406)وبـە گوێرەی دەلالــەتی (132) بڕیــاری بەنــدکرنی هەمیشــەیی بەســەردا داوە،

دەلالـەتی نـاوبراویش بـۆ ئەوەیـە کـەتاوانبار یارمـەتی دادپـەروەریی داوەو خـۆی دانـی بەتاوانەکەیـدا نـاوەو هـەر سـێ گومـان لێکـراویش (عومـەرو عوسمـانو خەسـرەو)بەداوایـەکی جیـاواز دادگـایی بکـرێن، دواجـاریش لـەو رۆژەدا واتـە 989/12/24بڕیـار دراوە کـە تـەواوی داواکەو بڕیارەکە بنێردرێت بۆ دادگای تەمیز.

وةلأمی تةميز ضی بووة...؟

دادگـای تـەمیز لـە1990/3/27 بـەم شـێوەیە بـۆ جنایـاتی سـلێمانی دەنووسێ:

دەبیـــنین دادگـــای جنایـــات هۆکـــاری تاوانەکـــە لـــەو روانگەیـــەوە هەڵدەسەنگێنێ کەکەسێکی خراپەکار ئەو تاوانەی کردووە، بەڵام ئەوەیان نەخستۆتە روو کە تاوانی یەکەم (کوشتنی جاسم)رێ خۆشکردن بووە بۆ تـاوانێکی دیکـە کـەئوتومبێل دزینـە، هـەر واش بـووە، تاوانبـارو هاوڕێکـانی دوای کوشتنی جاسم ئوتومبێلەکەیان دزیوەو فرۆشتوویانە، بەوەش نیازی ئـەوان هاتووەتـەدی، کەواتـە ئـەو بڕیـارە پیاچوونەوەی دەوێو داوا دەکـەین سەرلەنوێ دادگایی تاوانبار بکرێتەوە، بەلای ئێمەوە بۆ ئـەم تاوانـە گەورەیـە رەوا نییە پەنا ببرێتە بەر مادەی 132، بەڵکو دەبێ سزایەکی وای تاوانبار بدرێت کەبەرامبەر بەتاوانەکەی بێ..

پارێزەریش داوای هەیە...

لەدوا رۆژی ساڵی 1990دادگا جنایاتی سلێمانی جارێکی ترو لەسەر داوای دادگای تەمیز دادگایی برایمی سەر لەنوێ کردووەو بەپێی مادەی 1/406/ج لەیاسای سزادانو بەدەلالەتی مادەکانی 49/48/47ی هەمان یاسا تۆمەتیان خستەپاڵی، بەرێز داواکاری گشتی پشتگیری لەوەکرد بەپێی مادەو دەلالەتە ناوبراوەکان سزای رەوابدرێ، بەلاّم پارێزەری بەرگریکەر لەتاوانبار وتی:

–گومان لێکراو یارمەتی دادوەری داو هیچی نەشاردەوە لێتان، گەر خۆی دانی بەتاوانەکەدا نەنایە ئەوا تاوانەکە نادیار دەمایەوە، گەر لایەنی کۆمەلاّیەتیش بگرین ئێمە جاسمی خوالێخۆشبوومان لەدەستدا، ئەی بۆ ئەمیش لەدەست بدەین کەلە هەرەتی لاوێتیدایە؟! ئایا بەندکردنی هەتا هەتایی بەس نییە؟! سزای ئەوەندەی بەسە هەموو تەمەنی خۆی لەنێو دیواری بەندیخانەو ئەودیوی شیشەکانەوە بەسەر بەرێت... ئەوەندەی بەسە تا بەیەکجاری چاولێکدەنێ ویژدانی ئازاری بداتو هەرگیز ئارام نەبێ...! گەر بەختی هەبێت، ئەوا کاتێ بەندیخانە جێدێڵی تەواو پیرو پەککەوتەیەو ژیانێکی وای بۆ نامێنێ، بۆیە داواکارم بڕیاری یەکەمجاری خۆتانی بەسەرا بدرێ...

دوا بڕیاری دادگا..

لەو شەش مانگەدا کە برایم میوانی هەمیشەیی کونجێکی بەندیخانە بوو، هێندەی ئەم ساتە ترس سەرانسەری گیانی نەگرتبووەوە... بەو لاوێتییەی خۆیەوە پشتی کوڕ بوو بوو، تەمی رەش بەری هەردوو چاوی دەگرت،

لەرووی شایەتەکاندا جاسمی بێ گوناهو بێ دیفاعی دەدی ، تەنیا یەك پرسیار رووبەری مێشکی وروژاوی داگیردبوو.

-بڵێی دادگا داوای پارێزەرەکە ببیستێ؟

دەنگی بڵندو مرۆڤ پەروەریی سەرۆکی دادگا هێنایەوە ئاگا، دادگا بڕیاری دا:

1-حوکم بەسەر تاوانباردا بدات بەلەسێدارەدان.

2- دەبێ قەرەبووی دوو هەزار دینار بداتە باوكو دایکی کوژراوەکە.

3- دەبێ 200 دینار بداتە پارێزەری هەردوو داواکار دایكو باوکی کوژراوەکە.

4- دەبێ بکوژ لەوە بگات کە ئەوراقی داواکەی جارێکی تر دەچێتەوە بەرچاوی دادگای تەمیزو بۆی هەیە لەماوەی سی رۆژدا رەخنە لەم بڕیارە بگرێت...

سەرۆکی دادگاو ئەندامان هەڵسانە سەرپێو دادگا کۆتایی هات، ئامادەبووانی هۆڵەکە کەوتنە جووڵە، پورزاو خوشکەکەی جاسمو باوكو دایکە جەرگ سووتاوەکەی لەخۆشیاندا دەستیان کردە ملی یەكو...

تەنیا کەسێ کەکەوتە سەر چۆكو لەزەویەکە جیا نەدەبووەوە هەر برایم خۆی بوو..!

گەڕانەوە

دوای مەلا بانگدانی رۆژی2/7ئەوكاتەی خاڵە حەمەی شارباژێڕ گەیشتە سەرحەوزی مزگەوت، بەرلەوەی بۆ دەست نوێژگرتن دابنیشێ، لاشەی پیاوێك تەواو سەرنجی راكێشا… لێی نزیك كەوتەوە، بینی هەردوو دەستو قاچەكانی بەستراونەتەوە، كەبەباشی سەرنجی دا، هەستی كرد تەواو بووەو مردووە..!

ئەوە لاشەی كێ بوو؟..

سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ، كاتێ لاشەی سەرحەوزەكە گەیەنرایە بەشی پزیشكی دادوەریی لەسلێمانی، لەراپۆرتی پزیشكدا ئەم زانیاریانە تۆماركران:

ناو: شەماڵ قادر

تەمەن:35ساڵ

رەنگی قژ:رەش

پێست:گەنم رەنگ

بالاّ: مام ناوەندی

چاوانی: رەش

جلو بەرگی: كوردی

هۆی راستەقینەی مردن:خنكاندن…!

دایكی كوژراوەكە قسە دەكات..

رۆژی 1994/8/2دایكە سەرسپییە70ساڵەكەی شەماڵی خنكێنراو بەدادگای بەرێزی وت:

-من خۆم هیچم نەدیوە، ئەم گومان لێكراوانەش ناناسمو لەعومرمدا چاوم پێیان نەكەوتووە، لەوەو بەریش چونكە نایانناسین هیچ جۆرە ناخۆشیو دوژمنایەتییەك لەنێوانماندا نەبووە ، من بێوەژنمو شەماڵی

جوانەمەرگ دەیژیاندین، بەڵێ ئەو بەخێوکەری منو خوشکەکانی بوو.. بەر لە رووداوەکە بەرۆژێك شەماڵ وتی ((دایکە ئەڕۆمەوە گوندی (پ)بۆ سەر زەرعاتەکەمان...))، ئەوە بوو چاوم پێی نەکەوتەوەو رۆژی دوای رووداوەکە ئەو هەواڵە جەرگ بڕەیان بۆ هێنام، دواتر بکوژانی خەڵکیان نارد تا رێك بکەوین، بەڵام ئێمە نەمانکرد، ئێستا من داوای سزا دەکەمو داواکاریشم خوێنی کوڕەکەم پێبدەن..

گومان لێکراوان کێ بوون؟..

ئەوانەی بەتۆمەتی لەناوبردنی (شەماڵ) گیرابوون، یان خۆیان بەدەستەوە دابوو، بریتی بوون لە:

–جەبار، تەمەنی 26ساڵ، پیشە، کاسبکار

–حیکمەت، تەمەنی 25ساڵ، کەمئەندام (برای جەبار)

–سەیران، تەمەنی24ساڵ (ژنی جەبار)

پارێزەری بەرگریکەر لەسەیرانی ژنی جەبار بەدادگای بەڕێزی وت:

–وا بۆ پێنج مانگ دەچێتو سەیران لە بەندیخانەدایە، ئەم کە خاوەنی منداڵە لە جەبار، قوربانیی راستەقینەی تاوانەکەیە، سەیران لەلایەکەوە شەماڵ دەستدرێژی کردووەتە سەر ناموسیو لەلایەکی تریشەوە لەلایەن خەڵکی گوندو کەسوکارەکەیو مێردەکەیەوە بەچاوی سووك تەماشای دەکرێ، ئەم هەرچەندە بێتاوانە بەڵام مێردەکەی وەك جاری جاران چارەی ناوێتو خۆیشی خەریکە باوەڕی بەخۆی نامێنێو رۆژ لەدوای رۆژ برینی قووڵتر دەبێت.. سەیران ئاگاداری کوشتنی شەماڵ نەبووە، تەنانەت کاتێ شەماڵ کوژراوە ژیانی ئەمیش لەمەترسیدا بووە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە مێردەکەی هەر ئەو شەوەو لەدوای خنکاندنی شەماڵ بەربۆتە ویزەیو لێی داوەو ددانی شکاندووەو سەروچاوی بریندار کردووە، دواتر براوەتەوە لای

چەند پزیشکێك بۆ چارەسەر.. لێرەدا من داوا لە دادگای بەڕێز دەکەم بڕیاری ئازادکردنی بدرێت، چونکە هیچ بیانویەك نییە بۆ هێشتنەوەی لەزینداندا.

سەیران بەسەرهاتی تاوانەکەی ئاوا گێڕابۆوە....

بەر لەدادگایی کردن، سەیران کە برابووە بەردەمی دادوەر، بەم شێوەیە چۆنیەتی کوشتنی شەماڵی باسکردبوو:

-10ساڵە ژنی جەبارم،3مندالْمان هەیەو حیکمەتی شووبرام کەنوقسانە لەگەڵ ئێمەدا دەژیو ژووری جیای خۆی هەیە، شەوی رووداوەکە مێردەکەم لای ئێمە نەبوو، چەند رۆژێ لەوەوبەر بۆ کەسابەت چووبووە ئەودیو، ئەوشەوە (شەماڵ)بۆ هێنانەدی نیازی خۆی درەنگانێ خۆی گەیاندە ژوورەکەی من، منالەکان خەوتبوون، دەیویست بەزۆر کاری خۆی بکات، لەوکاتەداو لەو نیوەشەوەدا مێردەکەم گەڕایەوە، لەدەرگای ژوورەکەی دا، شەماڵ نەیهێشت لێی بکەمەوە، دوای لەدەرگادانی دیکەو بانگ کردنم دەرگام کردەوە، هاتە ژووریۆو شەماڵی بینی، شەماڵ دەمانچەکەی راکێشاو هەڕەشەی کوشتنی لێ کردین، جەبار هێمنی کردەوەو دواتر فرسەتی لێ هێناو دەمانچەکەی لێ سەندو گرتیو پەلبەستی کردو لەگەڵ خۆی بردی، منو حیکمەت (کەبەهاتنەوەی جەبار بەئاگا هاتبوو)هەر ئەوەندەمان ئاگا لێ بوو، پاش ماوەیەك هاتەوەوسەعاتو دەمانچەکەو(90)دیناری نێو قەمسەڵەکەی شەماڵی دایە دەست حیکمەتو وتی(ئەمانە بدەوە بەکەسوکاری، ئەمانە هی ئەون،کوشتم...کوشتم)،ئەوانەی وتو بەربووە منو ددانەکانی شکاندمو ئازارێکی زۆریدام، ئیتر ئەوە بوو هاتینەوە شارو دوای چارەسەری من خۆمان تەسلیمی پۆلیس کرد، من هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستیم لەگەڵ(شەماڵ)دا نەبووە، بەلاْم لەوەوبەر جارێکی تر

کەمێردەکەم لەماڵ نەبوو بەچەکەوە هاتە سەرمو بەزۆر مەرامی خۆی هێنایە دی، من نەموێرا ئەو نهێنییە لای مێردەکەمو کەسوکارم ئاشکرابکەم.

جەبار دان بەتاوانەکەیدا دەنێت..

چەند رۆژێك دوای تاوانەکەی،ئەو کاتەی جەبار خۆیو ژنەکەیو براکەی دایە دەستی پۆلیس، لەیەکەم رۆژی لێکۆڵینەوەداو دواتریشو رۆژی دادگایی کردنەکەش، بێ ئەملاوئەولاو ئاشکرا تاوانەکەی گێڕابۆوە... لەدادگایی کردندا جەبار وتی:

-دەوروبەری سەعات(12)ی نیوە شەوبوو، بە لەشی شەکەتەوە گەیشتمەوە گوند، کەچوومە ماڵەوەو دوای ئەوەی حیکمەتی برام لەخەو راپەڕیو هەرکە چووینە ژوورەکەی خۆم، سەیران بەپەشۆکاویو شپرزەیی هاتە بەردەمم، منداڵە بچووکەکانمان لەشیرین خەودا بوون، شەماڵ کە لەوەوبەر بەهۆی سەردانی گوندەوە دیبوومو کەمێك یەکترمان دەناسی لەسوچێکی ژوورەکەدا راوەستا بوو، دەمانچە میکارۆفەکەی بەدەستەوەبوو، هەرزوو پێی لەپەیوەندیی خراپو نارەوای خۆیو سەیران نا، وتی: ((خۆشم دەویو جارێکی تر پێی گەیشتووم))، بەڵێ بەزۆر تەعەدای لەسەیران کردبوو، من ئاگرم گرت، لەناوەوە دەکولام، بەلام بۆ چارەسەری دەمانچەکەی دەستی دانم بەخۆدا گرتو پێم وت:

-قەیدی چییە، گەلێ جار شتی وا روویداوە، مادام دڵتان پێکەوەیە منیش تەلاقی دەدەمو تۆ بیهێنە..!

دەمانچەی خستەوە ناو کیفەکەیو فرسەتم لێهێناو لێمسەندو چینێکی باشم لێدا... بە وایەری کارەبا دەستو قاچیم بەستەوەو بەشتێك توند دەمیشیم بەستەوەو دام بەکۆڵمداو بردمە مزگەوت، لەوێ سەریم خستە ناو حەوزەکەوەو تا نەخنکا وازم لێ نەهێنا، دەمانچەو پارەکەیو سەعاتەکەی

دەستیم هێنایەوەو دامنە دەستی حیکمەت، بەڵام بۆ شوێنەونی قەمسەڵەکەیم سووتاند..!

هاتمەوە ماڵێ لەسەیرانم دا، بەڵام هەر رۆژی دوایی کەهاتینەوە شار بەزەییم پیایدا هاتەوەو بردمە چارەسەر..

من ئەو تاوانەم بۆ سڕینەوەی لەکەی عار کرد، دەنا من تاوانکار نیمو لەوەوبەر هیچ تاوانێکم نەکردووە.

جەبار رووەدەکاتە زیندان...

دوای سەرنجدان لەوکێشەیە، دادگای سلێمانی لەو باوەڕەوە کە جەبار بەبڕیاری لەوەوپێشی شەماڵی نەکوشتووەو رووداوەکە بەهۆی لەکەدار کردنی ناموسی جەبارو ژنەکەیەوە بووە، بۆیە بەپێی ماددەی(405)سزای تاوانکار(جەبار)ی دا کە بریتی بوو لە:

1-زیندانی کردنی بۆ ماوەی دووساڵ.

2-دەبێ بڕی (10)هەزار دینار بداتە دایکی شەماڵ.

3-شتەکانی شەماڵ دەنێرێتەوە بۆ دادگای کاروباری کەسێتی.

4-هەردوو گومان لێکراو(سەیران)و (حیکمەت)ئازاد دەکرێن.

پاش دەرکردنی ئەو بڕیارە، پارێزەری (دایکی شەماڵ) قایل نەبوونی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەبڕیاری یەکەم، ئەوەش لەپیاچوونەوەی دادگای تەمیزی هەرێمدا لێی کۆڵرایەوەو رای تەمیزیش هەر وابوو، لە سەرلەنوێ دادگایی کردنەوەی جەباردا، رۆژی 1994/12/27بڕیاری زیندانی کردنەکەی جەبار کرایە(6)ساڵی تەواو، بەوەش پەردە بەرووی ئەم تاوانەشدا درایەوە کەبووە هەوێنی ئەم چیرۆکە هەواڵەمان.

لەناوبردنی ئاواتی دایکێك

قەدەری ژیانی26ساڵەی (مەریوان)پیشەی پاسەوانی بوو لەو گەڕاجەی کەبوو بووە مایەی بژێوی خۆیو دایکە بێوەژنەکەی، بەپێچەوانەی زۆربەی پێشەوەرو کاسبکارانەوە دەژیانو شەوگارو رۆژگاری خۆی دەبردە سەر، بەڵێ ئەو شەوان لەسەر کارو نیوەڕوان دەچووەوە لای دایکەکەی..

سەرەتای وەرزی تشرین بوو، کات بەرەو نیوەشەو دەچوو، لەدەرەوە نمە نمە باران دەباریو شەقامو گۆرەپانی گەڕاجەکەو ئەو چەند ئوتومبێلەی تەڕ دەکرد کەبەئەمانەت بەگەراجەکە سپێردرا بوون..

بەرێکەوت نیوەڕۆی ئەو رۆژە مەریوان دەنگو باسی سلێمانیو شتی دیکەی بۆ دایکە بەسۆزەکەی باسکرد بوو، ئەویش وەك زۆرجاری دی لێی دووبارە کردبووەوە کەپێویستە کچێ دەست نیشان بکاتو بیکاتە هاوسەری ژیانی، مەریوان هەرچییەك وەڵامی بووایە دایکی پێی دەووت:

-رۆڵـە هـەر لەبـەر مـن ئـەو كـارە بكـە، بـا منـداڵی تـۆ ببیـنم، باجـەرگی جەرگەكەم بلاوێنم، رۆڵـە مـەردی خوابـە رەفیقی تـۆ چوار پێنج سـاڵە بوونـە خاوەنی ژنو منـداڵی خۆیـان، دە چـی تـر دڵـم مەشـكێنەو ئـەو كـارە بكـەو بـا لەبەری درەختی خۆم بخۆم، بهێڵە ئاواتی من بێتە دی..

ئەویش ئەملاو ئەولای دایكی بەرێزی ماچ دەكردو دەیووت:

-بەڵێ باشە، بەسەرچاو دایكە گیان... ئەمر دەكەی دایكی من..

مـەریوان سـەری كێشـایە دەرەوەو هـەموو شـتێ ئـارام بـوو، هاتـەوە ژوورەوەو لەسەر قەرەوێڵەكەی دانیشتەوەو چاوی بڕییەوە تەلەفزیۆنی نێـو ژوورەكە.

رۆژی دوایی مەریوان لەكوێ بوو؟!

بۆ سبەینێ، واتە10/6، زۆر بەبێ كەسیو دوور لـەدایكو كەسوكارو بـەو پەڕی كەساسیو بێ نازییەوە مەریوان بریتی بوولەجەستەیەكی ساردی بێ جوڵـەو بـێ هەسـت، لـە نیوەشـەوی رابـردوودا دەسـتی تـاوان گیـانی كێشـا بوو...

لاشـەی مـەریوان لەپشـتی گۆڕسـتانی شـێخ ئەحمـەدی هنـدیو لەسـەر رێگەكەی (معسكر) سارداو فڕێ درابوو، جێگـای چەند فیشـەكێ بـەدەوری لاشەكەی مەریوانەوە بوو، بەڵام هیچ فیشەكێ بەرخۆی نەكەوتبوو.

ئەی باشە چۆن مرد؟! چۆن كوژرا... كێ ئەو كارەی كرد؟ بۆچی خـەونو ئاواتی دایكە بەدبەختەكەی مەریوان لەناوبرا؟!

شایەتی یەكەم ضؤن باسی لەمەرطی ئاسەوانەكە كرد؟

-هەر ئەو شەوە (ئاسایش) تەلەفۆنیان بۆ ماڵی ئێمە کردو وتیان وەرە بۆ گەڕاجەکەتان.

کاک ئاری خاوەنی ئەو گەڕاجەی مەریوان پاسەوانی بوو رۆژی 1994/6/8بەو شێوەیە قسەی بۆ دادگا کرد، پاشان وتی:

-دەوری سەعات(1)ی شەو بوو کەتەلەفۆنەکە کرا، ئیتر یەکسەر چوومە گەڕاجەکەو لەوێ زانیم کەمەریوان فڕێنراوەو دوای ئەوەش دوو ئوتومبێل دزراوە، یەکیان سۆپەرێکی سپی مۆدێلی 82، ئەوی تریان سۆپەرێکی سووری مۆدێل 85،هەروەها تەلەفزیۆنێکی رەنگاو رەنگی ئێمەو تفەنگێکی کلاشینکۆف کەدابوومانە مەریوان.

خاوەنی دوو ئۆتومبێلەکەش قسەیان کرد

خاوەنی سۆپەرە سپییەکە وتی:

-هەر ئەو شەوە ئۆتۆمبیلەکەی من لەو گەڕاجەدا بوو، ئەوە بوو بردیان و دوایی بۆیان هێنایەنەوە، شکاتم بەرامبەر هیچ کەسێك نییە!..

خاوەنی سۆپەرەکەی دیکەش وتی:

-هاوڕێیەکم بەسەفەر هاتە سلێمانی و داوای ئۆتۆمبێلی لێکردمو منیش دامێ، من خۆم لە(بانە)پزیشکم، کەدزەکان ئوتۆمبێلەکەیان لەو گەراجەدا فڕاند بوو زۆر عەزێتیان داوەو زیانی زۆریان پێ گەیاندووە، هەرچەندە ئوتومبیلەکە گیراوەو دەدرێتەوە پێم بەڵام پێویستی بەپارەیە بۆ چاك کردنەوەی، داوا لەدادگا دەکەم پێیانی چاك بکەنەوە.

ئەی دایکی داوای چی لەدادگا کرد؟

دایکە 56ساڵەکەی مەریوان لەبەردەم دادگای بەڕێزدا وتی:

– من بەچاوی خۆم مەرگی کوڕکەم نەدی، بەڵام بۆیان باسکردووم کەچۆن چۆنی دزە تاوانبارەکان بێ ویژدانانە (مەریوان)یان کوشتووە... مەریوان ژنی نەهێنابوو، لەو کاتەوە کەباوکی تەڵاقی داوم ئەو بەخێوم دەکات، بەقوربانی بم درێخی لەگەڵدا نەدەکردم، بەڵام ئێستا بێ کوڕو بێکەس ماومەوە، داوا دەکەم هەقی من لەتاوانباران بستێنن،هەقی جەرگی سووتاوم، نازانم بۆچی وایان لێکردم، کوێراییم دایە کەچووینە سەر لاشەکەی تەنیا (5)دینار لەگیرفانیا بوو..(ئەمەی وت و دایەگریان)..

بەسەرهاتی هەردوو تاوانەکە

کەریم یەکێ بوو لەو(7)تاوانبارەی بەشداریی کردبوو لەهەردوو تاوانەکەدا، تاوانی کوشتنی مەریوان و تاوانی دزینی هەردوو ئوتومبیلەکە، کەریم لەگەڵ چوار هاوکاریدا دوای تاوانەکانیان دەستگیر کرابوون، بەڵام دووانیان بۆی دەرچوو بوون، تەنیا کێ بێ لەعەدالەت هەڵبێت و ئاسوودە بێ؟! کەریم قسەی بۆ دادگا کرد ئەوانی دیکەش هەروەك ئەو قسەیان کرد، کەریم وتی:

یەکێ لەبرادەرەکانی ئێمە لەپێش مەریواندا پاسەوانی گەڕاجەکەبوو، بەڵام دەرکرا بوو و بێ ئیش بوو، لەگەڵ ئێمەدا ڕێکەوت کەشەوێ بچینە گەراجەکەو تاچەند توانرا ئوتومبێل ببەین، ئێوارەی ئەو ڕۆژە بڕیاردرا کەئەو کارە بکەین، شەوی ڕووداوەکە لەدەوری سەعات(11)دا بەکۆستەری باوکی برادەرێکی بەشدارمان برادەرەکانی دیکەمان کۆکردەوەو لەنیوە شەو

تێپەڕی کردبوو کەگەیشتینە ئەوێ، خۆمان کرد بەگەراجەکەدا، دابەزینو چووینە ژوورەکەی مەریوانی پاسەوان، هەردوو دەستیمان توند بەستەوەو بەوایەرێکی کارەبا خنکانمان، بەڵێ وایەرەکەمان خستە ملیوتوند رامان کێشا تاچاوەکانی زەق بوونو رەنگی زەرد هەڵگەراو هەناسەی لێبڕا، مەریوانمان خستە نێو کۆستەرەکەوە، تەلەفزیۆنی ژوورەکەو کلاشینکۆفەکەشمان برد، ئینجا هەردوو سۆپەرەکەمان دەرکردو رۆیشتین، بەهەواری تازەدا بەرەو ئەو رێگایەی ساردا و لەپشتی گۆڕستانەکە کەوتینەڕێ، لەوێ (مەریوان) مان فڕێداو(شێروان)چەند فیشەکێکی پێوەنا، لەیەکتر جیابووینەوەو بەسەر ئۆتۆمبیلەکاندا دابەش بووین، بۆ بەیانی زوو بەرەو ناوچەی پشدەر کەوتینە رێ، لەرێ یەکێ لەئوتومبیلەکان پەکی کەوتو هەموومان لەو کاتەدا(5)کەس بووین، ئۆتۆمبیلەکەمان جێهێشتو هەموو سواری ئەوی تریان بووین، ویستمان ئۆتۆمبیلەکە لەوێ بفرۆشینو بکرێت بەودیودا، بەلاّم بۆ رۆژی دووەم لەلایەن حکومەتەوە گیراین.. ئێمە کەئەو کارەمان کرد تەنیا(3) کەس چووینە گەڕاجەکەو دووانی ترمان لە هەوارەبەرزە لەماڵی حەمە چاوەڕوانمان بوون..

دادگا سزای تاوانبارەکان دەدات

دادگای جنایات بۆ ئەو کێشەیە گوێی لەپارێزەرانی گومان لێکراوان گرت، هەروەها گوێبیستی قسەی داواکەرو شایەتەکان بوو، داواکاری گشتی داوای توندترین سزای کرد بەرامبەر تاوانبارەکانو فەرمووی:

–باچی دی تاوانی دڕندانەی بەم شێوەیە بەها پیرۆزەکانی ژیانو کۆمەڵمان نەشێوێنێ...

سەرۆكی دادگا، بڕیاری دادگای بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

-تاوانەكە بەوجۆرە ئەنجامدراوەو كاتێ(مەریوان) خراوەتە ناو پاسەكەوە شایەتێ لە ئوتومبیلە بەرازیلییەكەی خۆیدا بووەو ئەوەی بینیوە، كەتاوانكاران دەڕۆن هەواڵ دەداتە ئاسایش‌و دواتریش مەریوان بەمردوویی دەبینرێ، دووان لەتاوانباران لەلایەن پۆلیسی پشدەرەوە دەگیرێن، یەكیان لەعەربەت‌و یەكیان لەسلێمانی‌و ئەوەی تریشیان ویستبووی بەرەو ئێران هەڵبێت، بەڵام لەڕێگا دەگیرێ، دووانەكەی تریش كەبەشداری تاوانەكانن خۆیان شاردۆتەوەو داواكەیان جوداكراوەتەوەو دواتر دادگایی دەكرێن.

دواتریش بەرێز سەرۆكی دادگا بڕیاری حوكمەكانی بەمجۆرە ڕاگەیاند:

1- لەسێدارەدانی كەریم‌و دووانی تر لەتاوانبارەكان بە لەسێدارەدان تا مردن، (تەمەنی ئەو سیانە22،21،26ساڵ بوون).

2-حوكمدانی دووانەكەی تر بەزیندانی هەمیشەیی (تەمەنیان20ساڵ‌و 19ساڵ بوو).

3- دەبێ هەر پێنجیان بڕی(20)هەزار دینار بدەنە دایكی مەریوان.

4- دەست بەسەر تفەنگی (R.B.K)-ی تاوانبارەكان دەگیرێ‌و ڕەوانەی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە دەكرێن.

5- بۆ حوكمدراوەكان هەیە داوای پیاچوونەوەی ئەم بڕیارانە بكەن لەلایەن دادگای تەمیزەوە.

كەمكردنەوەی بڕیارەكان...

دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان رۆژی1994/8/21واتە دوو مانگو 13رۆژ دوای دادگایی کردنی تاوانبارەکان، پاش وردبوونەوەو پیاچوونەوە بەسەر بڕیارەکاندا، ئەم بڕیارە نوێیانەی راگەیاند:

1- یەکێ لەتاوانبارەکان حوکمەکەی لەسێدارەدانەو دەکرێ بەزیندانی کردنی هەمیشەیی (چونکە کاتی تاوانەکە تەمەنی لە20ساڵ کەمتر بووە).

2- دووەمیان لەسێدارەدانەوە دەکرێ بە هەمیشەیی(مؤبد)چونکە دەرکەوتووە بەشداریی فیعلی نەکردووە لەکوشتنی پاسەوانەکەدا.

3- لەبەر هەلومەرجی تاوانەکەو چونکە یەکەمجارە تاوان دەکات، سێیەم بەزەیی هەڵدەگرێو ئەویش دەکرێ بەزیندانی هەمیشەیی.

4- دووانەکەی تر کە حوکمی زیندانی کردنی هەمیشەیی دراوە بەسەریاندا پەسەندە.

چۆن دەستی چووە برازاکەی خۆی !

دوای ئەوەی (شەوکەوت)ی تەمەن (49) ساڵ لەلایەن کەسوکاری خۆیەوە شکاتی لێکرا، رۆژی 2002/3/2 بەتۆمەتی کوشتنی (توانا)ی برازای دەستگیرکراو خرایە زیندانەوە.

لەرۆژی 2002/4/27 دا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی سلێمانی لە(گرێزە) تیمێك کەپێکهاتبوو لەئەفسەری پۆلیسو پزیشکی دادوەری لەگەڵ باوکی (توانا)، سەعات 10.30ی پێش نیوەڕۆ گۆڕی ئەو جوانەمەرگە تەمەن (25) ساڵەیان

هەڵدایـەوەو دوای ئـەوەی پزیشـکەکە دابەزییـە نـاو گۆڕەکـە کفنەکـەی لەسـەر (توانـا) لابـرد، دەسـتیکرد بەپشـکنینی لاشـەکەو سـەرنجدانی.. پـاش تـەواوبوونی کارەکـەی لەگۆڕەکـە هاتـەدەرەو ئامـادەبووان خۆڵەکـەیان دایـەوە بەسـەردا، لـەو نـاوەدا بـاوکی توانـا بەچیچـکانەوە دانیشـتبوو سـەرنجی ئێسـكو پروسـکی جگـەر سـۆزەکەی دەداو هـۆن هۆن ئەسرین لەچاوەکانی دەڕژان.

دواتـر پزیشـکەکە راپـۆرتی خـۆی نووسـیو تیایـدا ئاماژەی بـەوەدا کەکوژراوەکـە فیشـەکێك بـەر بڕگـەکانی ملـی کـەوتووەو بـەوە مـردووە، ئیدی هیچ فیشەکی دی بەئەوەوە دیار نییە.

توانا بۆچی کوژرا؟

رۆژی 2002/7/8 دادگـایی تۆمـەتبارکرا لـەداوای ژمـارە (294/ج/2002) بـۆ ئـەو تاوانـە، دوای ئـەوەی نـۆرەی قسـەی (رەحمـانی سـایەق) هـات، بـەمجۆرە سـەربوردەی مـەرگی کوڕەکـەی گێڕایەوە:

-رۆژی 1995/7/5، سـەرلەبەیانی بـوو کەئوتومبێلەکـەم خسـتەکارو بـۆ کـارو کاسـبی مـاڵم جێهێشـت، ئـەو رۆژە تـائێوارە نەگەڕامەوە ماڵ، ئێوارە هـەر کەهاتمـەوە هـەواڵی کـوژرانی توانـای کـوڕم وەك بروسـکە دای لـەدڵو دەروونم، دوای ئـەوەی سـۆراخمان کـرد زانیمـان کـە لەباریکـە لەلایـەن شـەوکەتی مامیـەوە کـوژراوە، نـەمزانی بەئەنقەست کوشتویەتی یان لەئەنجامی دەمەقاڵێ بووە، یاخود قەزاو

قەدەر ئەوەی کردووە، هەر خۆم لاشەکەیم شت و دوایی لەگرێزە بەخاکمان سپارد.

براکەم و کوڕەکەم لەسەر مەسەلەی زەوی وزار هەندێ ناکۆکیی لەنێوانیاندا بوو، هەر بۆیە ئەو کارەساتە روویدا، بەڵام دوای ئەوەی خزم و خۆشەویستان کەوتنە بەینمانەوە بڕیارمدا لەخوێنی کوڕەکەم خۆشبم.. چی بکەم، ئەمیش برامەو خاوەنی خێزان و منداڵە، چی بکەم خوا وایکرد..

هەر لەدادگادا زانرا کە بەهەزاران دینار (سوڵح) لەسەر خوێنەکەی (توانا) کراوە..

دایکیشی بەدادگای بەڕێزی وت:

–ئێمە لەگرێزە دەژیاین، بەڵام توانای جوانەمەرگ بۆ کاسبی دەچووە باریکە، بیستمان فیشەکێ بەر ملی کەوتووە، لەوەوبەر هیچ شەڕو ناکۆکییەك لەنێوان خێرلەخۆنەدیوەکەی من و شەوکەتی مامیدا نەبوو، بەڵام لەسەر گرفتی زەوییەکە بووە شەڕیان و ئەو کارەساتە روویدا.

من دەستبەرداری داواکەم و هیچم لەشووبراکەم ناوێ و لێی خۆشدەبم..!

شەوکەت پاشگەز دەبێتەوە!

هەمان رۆژ لەدادگادا، شەوکەت لەقسەکانی لەوەوبەری کە لەلێکۆڵینەوەدا بەپۆلیس و دادوەری وتبوو پاشگەزبووەو بەمجۆرە کەوتە قسەکردن:

–من هیچ گوناهێکم نییەو ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵم ڕاست نییەو من توانام نەکوشتووە.. ڕۆژی ڕووداوەکە توانا هاتەماڵەکەم، پاش ماوەیەك کەوتە پاککردنەوەی تفەنگەکەی منو ڕێکەوت فیشەکێ لەتفەنگەکە دەرچوو بەر ملی کەوتو ئەوە بووە هۆی مردنی.. ئیتر نەشەڕمان بووەو نەهیچ..

دوای ئەوەی دادوەر پرسیاری دانپیانانی لەوەوپێشی لێکرد، وتی:

–ئەوەی لەزمانی منەوە نووسراوە ڕاست نییە، نازانم بۆچی وانووسراوە!

کاتێکیش دادگا لێی پرسی ئەی چۆن خۆت نەتگەیاندە نەخۆشخانە، ئەو وتی:

–ئاخر من نەمتوانی، بەڵکو ناسیاوو دراوسێ بردیان بۆ نەخۆشخانە!

پارێزەرو داواکاری گشتی وتیان چی؟

دوای قسەی ئەوان، پارێزەرەکەی شەوکەت بەدادگای وت:

–دادگا دەیەوێ بەپێی مادەی یاسایی 405 دادگایی تۆمەتبار بکات، ئەویش لەتاوانی کوشتنی برازاکەی خۆیدا، بەڵام چونکە لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا دانی بەتاوانەکەیدا ناوەو خۆیشی کەسی نزیکی کوژراوەکەیەو ئەوان خۆیان، واتە باوكو دایکی توانا لێی

خۆشـــبوون، هەربۆیـــە داواکـــارم دادگـــای بـــەڕێز هـــەموو ئەوانـــە لەبەرچاوبگرێت.

داواکاری گشتیش بەمجۆرە هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند:

–دیارە هـەر بـەو فیشـەکەی دەمانچەکەی شـەوکەت، توانا پێکـراوەو لەئـەنجامی خـوێن بەربووندا گیـانی سـپاردووە، ئـەوان لەسـەر هەنـدێ زەوی‌وزار بووەتـە ناخۆشـییان، دوای کـوژرانی ئـەو بـاوکی 23 هـەزار دینـاری لەشـەکەوت وەرگرتـووەو بـەوە لێـی خۆشـبووە، هەرچـەندە ڕووداوەکـــە بـــەبڕیاری لـــەوەوپێش ئـــەنجام نـــەدراوەو لەوســـاتەدا شـەوکەت تووڕەبووەو دەمانچەی پێوەناوە، بـەڵام داواکـارین کەبـەپێی مـادەی 405 کـەمادەی کوشـتنە دادگـایی تۆمـەتباربکرێتو سـزای بدرێت.

بڕیاری دادگا

بـەبڕوای دادگا تاوانەکـە ڕوونو ئاشـکرایەو بـێ‌پێچو پەنایـە، هـەر لـەو ساتەشـدا ڕوویـداوەو لـەوەو بـەر بڕیـاری نـەدراوە، دادگـا بـەپێی مادەی 405 بڕیاری دا کە:

(بە10 ساڵ زیندانی کردن بڕیار بەسەر شەوکەتدا بدرێ).

ئـەو ڕۆژە کەســەرەتای مـانگی هـاوین بـوو، دایـكو بـاوکی (توانـا) بـەرەو گرێـزە بـەدەرەوونی گەرمـەوە گەڕانـەوەو شـەوکەت سـەرلەنوێ برایـەوە زیندانەکـەی کـە چـوار مـانگو شـەش ڕۆژی تیـادا بردبـووە سەر.

نەیانهێشت منداڵی خۆی ببینێ.!

هەفتەیەکە لەگەڵ راژەنینی بێشکەدا فرمێسك لەچاوانی دەرژێن‌و سوێی دڵی دانامرکێتەوە..

شیرین لەخۆی دەپرسێ:

-باشە کەی من وەختی سەفەرو سەردانی ماڵە باوکم بوو؟ بەتایبەت کەهەموو رۆژێ (یونس) لێم دەپاڕایەوەو دەیگوت ئاگاداری کۆرپەکەمان بە..

-گەر من نەمبردایە بۆ (دوز) بۆ سەردانی برا قاچ شکاوەکەم ئەوە بۆ دەقەوما..

چوار مانگ‌و هەفتەیەك لەمەوبەر مێردەکەی هیوای خۆی بەستبوو بەلەدایك بوونی منداڵی نۆبەرەیان.. هەمیشە لەگەڵ شیرینەکەیدا باسی لەو رۆژە پڕشادییە دەکرد کەکۆرپەکەیانی تیادێتە دنیاوە..

بەڵام قەدەر کاری خۆی کردو رۆژگاری چەپگەرد دەستی لەیونس وەشاندو سەفەرەکەی دوز-ی گەڕانەوەی بۆ نەبوو..

سەردانی ژنبراکەی..

هەر چۆن سالآنێکی دوورودرێژە کوردانی کەرکوك پەڕەوازە دەکرێن‌و لەزۆر شوێنی ئەم کوردستانەدا خەمی ئاوارەییان لەکۆڵ ناوەو خزمەکان

لەیەکتر دوورو دابڕاوکراون.. ماڵی یونس‌و شیرینی هاوسەریشی بەهەمان شێوە..

بەتایبەت لەدوای راپەڕینەوە بەهۆی پەرتبوون‌و ئاوارەکردنیانەوە کەمتر بەدیداری کەسوکار شاددەبوون..

مەگەر پرسەیەك، لیقەومانێك، یاخود بۆنەیەك کۆیبکردنایەوە..

خزمەکانی ئەوان بەسەر چەمچەماڵ‌و سلێمانی‌و هەولێرو دوزخورماتوو و جێگای دیکەدا دابەش بووبوون..

رۆژی 2000/7/11 لەو قرچەی گەرماو گڕەیەدا بەهەندێ ئاوی ساردو بەدەرِوونی گەرمو هەڵقرچاوەوە سواری ئۆتومبێل بوون‌و بەرەو (دوز) کەوتنەڕێ..

لەڕێگا زوو زوو یونس تەماشای ژنەکەی دەکردو هێندەی مەراقی ئەوی بوو، دوو ئەوەندە دڵی لای کۆرپەکەی ناوسکی بوو.

گەیشتنە (دوز)و ئەو شەوە لەماڵی باوکی شیرین لەنێو کەسوکارو نزیك برا نەخۆشەکە کاتیان بەسەربرد.. هەموو سوپاسگوزاریان بوون کەبەو گەرمایە، دڵسۆزیی کێشی کردوون بۆ لایان..

عەسرێك لەگەڵ خزمان..

بۆ رۆژی دوایی، پاش نیوەڕۆ سیان لەخزمەکانی یونس خۆی هاتنە لایان، هەرسێ داوایان لێکرد بچنە دەرو هەوایەکی باڵی خۆیان بدەن..

یونس زۆر دڵی پێوەنەبوو، بەڵام ئەوان‌و بەتایبەت کەمال زۆری لێکرد.. لەپەناوە بەچرپە پێی وت:

–کوڕی باوکم، دەمەو ئێوارە تۆزێ سەری خۆشمان گەرم دەکەین‌و دووسێ قسەی خۆش دەکەین، ماڵت نەشێوێ لەم غەریبایەتیە وادڵمان تەقی..!

یونس رازی بوو.. نزیك عەسر چوو بۆلای خزمەکانی، هەندێ بەنێو بازاڕدا سوڕانەوە، پاشان چوونە ماڵی کەمال‌و لەژێر سێبەری درەختی حەوشەداو لەدەوری مێزێك کۆبوونەوە.

کات بەرەو تاریکی دەچوو، لەگەڵ هەڵدانی پێکەکاندا گەلێ باس‌وخواس دادەمەزرا.. پەلەی مەست بوونیان بوو.. دەنگیان بەسەر یەکتردا بەرزدەکردەوە.. هەر لەخۆوە یونس بەباسێکەوە گرتی‌و بەری نەدا.. ئاشێکی کۆنی بەبادەکرد، توانجی دەگرتە کچە خزمێکی نزیکی ئەوان..

دانیشتنەکە ناخۆش بوو.. بێخوداحافیزی یونس ماڵیانی جێهێشت.. گەڕایەوە ماڵی خەزورەکەی.. مڕومۆن‌و وەڕس.!

شیرین لێی نزیك بووەوە..

–چی دەبوو گەر ئێوارە زوو بهاتیتایەوە.. با ئەم خواردنەوە نامووبارەکە نەبوایە..

یونس وەڵامی نەدایەوە.. لەولاوە باوکی شیرین پرسی:

–یونس کوڕەکەم نان ناخۆیت بۆتی بهێنن؟

–نا مامە.. برسیم نییەو بەزیادبێ..

هاتنەوەی خــزمەکـــــــان.!

خەریك بوو بۆ خەوتن جێگاڕادەخرا، لەناکاو لێدانی دەرگای حەوشە رایچڵەکاندن.. بەرلەوەی باوکی شیرین ببزوێ، یونس راپەڕی‌و رووەو حەوشە ملی نا..

دەرگای کردەوەو بینی کەمال‌و دوو خزمەکەی تری هاتوونە سەری.. سەرنجی دا تەواو خۆیان مەستکردووەو هەرسێ سەرخۆش بوون.. هەر لەوێوە بەگژیا هاتن.. کەمال وتی:

–ئێوارە زیادەڕۆیی‌و قسەی قۆڕت زۆرکرد..

ئەوەی تریان وتی:

-چۆن باسی خزمی ئێمە بەو شێوەیە دەکەیت؟

ئـەمیش کـوردە غـیرەت گرتـیو پیایانـدا هەڵشـاخایەوە، لەناکاوێکـدا سـێهەمیان تێـی سـرەواند.. بەدوایـدا کـەمال چـەقۆی دەرهێنـاو کـردی بەسەروچـاویدا.. یـونس دەس بەدەموچـاوەوە کـەمێ دوورکەوتـەوە، یـەك لەشـەڕکەرەکان پـەلاماری خشـتێکی داو تـاهێزی تیـابوو لەپشـەوە کێشـای بەسەریدا.. یونس هاواری لێ هەڵسا..

خەزوورەکەی گەیشتە سەری، بەدوایدا شیرینی ژنی..

شیرین زریکاندی:

-هەیرۆ.. چی قەوما.. بۆ کوێ.. بۆ کوێ هەڵدێن حەرامزادینە..

ئەوان هەڵاتنو ئەمانیش بەیونس-ەوە خەریك بوون..

بەپەلە ئوتومبێل پەیـداکراو گەیەنرایـە نەخۆشـخانە.. بـەڵام هـەر لـەڕێگا بـەهۆی خـوێن بـەربوونی زۆریو بـەهۆی لێـدانی سـەریەوە نیـوەمردوو بووبوو.. لەنەخۆشخانە گیانی سپارد..

هاوارو لالانـەوەی شـیرین ئـەو نـاوەو ئەوشـەوە خامۆشـەی خرۆشـاند.. بـۆ سـبەینێ لاشـەی یـونس لەکـەرکوك بـەخاك سـپێردراو کـەمالو دووانەکـەی تریش رووەو چەمچەماڵ هەڵاتن..

لـەوێ دوای سـۆراغو گـەڕانو شـکاتی بـاوكو کەسـوکارەکەی یـونس، لەلایەن پۆلیسی هەرێمەوە دەستگیردەکرێنو رووەو عەدالەت دەکرێنەوە..

رووەو بەندیخانە..

رۆژی 2001/4/29 دادگـای جنایـاتی کـەرکوك لـەو تاوانـە دەکۆڵێتـەوەو دادگایی تاوانباری یەکەم (کەمال) دەکات، ئەوانی دیکەش بـەجیا دادگاییـان لەڕۆژی تردا دەکرێت.

دادگا بڕیار دەدات کەمال حوکمی زینـدانی کردنـی هەمیشەیی بەسـەردا بدرێ.

ئیـدی، دەمـەو نیـوەڕۆی ئـەو رۆژە کـەمال دەبـرێ بـەرەو ئـەو زیندانـەی جێگای ئەو تاوانبارانەیە کەدادگا حکومی بەسەردا داون..

هـەر نیـوەڕۆی ئـەو رۆژە، شـیرین کـوڕە چـوار مانگەکـەی بەسـنگەوە دەگرێت و دادگا جێدێڵێ، بەڵام لەگەڵ هەنگاوەکانیـدا جار جارە سەرنجێکی منداڵـە هەتیوەکـەی باوەشـی دەدات و بـیری دەچـێتەوە بـۆ ئـەو شـەوەی تاوانکارەکـان (یـونس)یـان کوشـت و نەیانهێشـت منـداڵی نۆبـەرەی خـۆی ببینێ..

کێ ئاڵتونەکانی برد..؟

کوێسـتان لەیـەکێ لەگەڕەکـەکانی سـەرووی سـلێمانی دەژیـا، لەبـەر هەژاری و نان پەیدا کردن پەنای بردە بەر کارەکەری و لەماڵی خانمێکی تا رادەیـەك دەوڵەمەنـد(3) مـانگ بـوو کـاری دەکـرد، بـەیانیان کەدەگەیشـت و عەباکەی لەخۆی دەکردەوە، قۆڵی لێ هەڵدەماڵی و کارەکانی دەکرد، ئێواران ماڵی خانمی جێ دەهێشت و دەگەڕایەوە ماڵی باوکەکەی... نێوان خانم و کوێستان باش بوو، خانم لەوەوبەر خانمی ماڵ و مێردی خۆی بووەو رۆژانە

میوان لەماڵیا بووەو هەمیشە دەرگای ماڵە مێردی لەسەرپشت بووە، ماڵەکەی جارانی ئەو جێی هامشۆی پیاوچاکانی شارو دەرەوەی شاربوو، کەچی ئێستا زۆربەی کات بەتەنێ خۆیو کوێستان لەماڵە گەورەکەیدانو ئەو زۆربەی کات لەگەڵ بیرەوەرەکانیدا دەژیا... رۆژی 1992/2/10 رووداوێك شادیی ماڵەکەی نەهێشتو خانم بەدزینی ئاڵتوونەکانی کەوتە گومان لەنزیکترینو ئاشناترین کەس بە ماڵەکەی و ژوورەکەیو کەنتۆرەکەی، ئەویش کوێستانی تەمەن (20)ساڵ بوو..

خانم وتی...

رۆژی 1992/11/15 خانم لەبەردەم دادگادا وتی:

–بەرێزینە، ئەو بەیانییە چۆن زانیم ئاڵتونەکانم دزراوە، بابۆتانی بگێڕمەوە، هەر کە چوومە ژووری خەوتنو دوای دەرهێنانو ئەم دیوو ئەو دیوو کردن بەجلەکانم دەستم برد بۆ ئەو قوتووەی هەمیشە ئاڵتوونەکانم دەخستە ناوی، چیم بینی؟ هەرکە سەری قوتووەکەم لابرد بینیم چی ئاڵتوونم هەیە دزراوە، بۆیە قوتووەکەش سووك بوو، ئاڵتوونەکانم بایی 800 هەزار دینار بوو، بەراستی ئەو کتوپڕییە سەرسامو خەمباری کردم، دەمو دەست گومانم لەکوێستان کرد،

چونکە هەر ئەو بەو پەڕی سەربەستی هەموو شوێنێکی ماڵەکە دەگەڕاو بۆی هەبوو دەست لەشتەکانی منیش بدات...

هەر کە چوونو هێنایانەوە بەردەمم دەست بەجێ دانی پیادانا‌و وتی من دزیومە، ئینجا پێی وتین: من لەگەڵ مەجیدی دڵدارمدا تەگبیرم کردبوو کە ئاڵتوونەکانی خانم بەرمو بیدەمە دەست ئەوو بیفرۆشێو خەرجی

گواستنەوەو ماڵ دروست کردنی پێ دابین بکەین، ئەو خۆی دانی پیاناو یەك لەئامادەبووەکانیش نازداری خزمی خۆم بوو.

ئەی شایەتەکە چۆنی گێڕایەوە؟

کاك ئەحمەد،کەژنەکەی خزمی خانمە، رۆژی دادگا وتی: ئەو ئاڵتوونەکانی دزیوە، بەو مەبەستەی خانم گێڕایەوە...

دوای ئەوەی خانم ئاگاداری پۆلیسی کردو کاتێ کوێستان گیرا دانی بەتاوانەکەیدا نا، تەنانەت کەهێنایانەوە ماڵەکە بۆ کەشفی (دلالە)چۆنێتی دزی کردنەکەی گێڕایەوە، چووە بەردەم کەنتۆرە چوار تاکییەکەو بەچەقۆکەی دەستی دەرگای کەنتۆرەکەی کردەوەو لەچەکمەجەکەدا قوتووەکەی دەرهێناو بردیە دەرێ لەسەر(مبردە)کەی داناو بەعەباکەی خۆی شاردییەوە، پاشان لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکان لەماڵ هاتە دەرو لەفولکەی کاوەی ئاسنگەر لەوێستگەی پاسەکاندا وەستاو وتی مەجید لێرە چاوەڕێی دەکردم، قوتووەکەم دایەو پێی وتم: گەر باسی ئەمە بکەیت ئەوا دەتکوژم... بەڵێ گەورەم، من دڵنیام کە دزی ئاڵتونەکان لەکوێستان بەولاوە کەسێکی دیکە نییە...

گومانلێکراو بەرگریی لەخۆی دەکات...

هەرچەندە کوێستان لەلێکۆڵینەوەی پۆلیسداو پێشتریش لەماڵی خانم بەپێی قسەکانی (خانمو ئەحمەد)دانی بەتاوانەکەیدا نابوو، بەلاّم رۆژی دادگایی کردنی بەجۆرێکی تر قسەی کرد، کوێستان وتی:

-من بێ گوناهم، من دزیم نەکردووە، ئەو شەوەی پۆلیس منی گرت چەند سەعاتێ لەوەوبەر کەلەماڵی باجی خانم کارم دەکرد گوێم لە دەنگە دەنگی باجیو روپاکی خزمی خۆی بوو، باجی دەیووت: با..با، تۆ بردووتن.. ئەویش دەیووت: نەخێر من چۆن کاری وادەکەم... کەمن گیرام تاهەفتەیەك داکۆکیم لەخۆم کردو پێم وتن من نەمدزیوە، بەلاّم کە زۆریان لێ کردم بۆئەوەی وازم لێ بێننو هێندە پرسیارم لێ نەکەن وتم راستە من بردوومن.. هەروەها وام نیشاندا کەمن دڵداری خۆم هەیەو داومە بەو، واتە داومە بەمەجید، بەلاّم بڕوام پێ بکەن من مەجیدم تەنیا بەهۆی خوشکەکەیەوە دەناسی کەپێشتر پێکەوە لەکارگەیەکی پسکیت کارمان دەکرد... کەبردمیانەوە ماڵی باجی خانم لەترسی ئەوانو هەڕەشە وتم من ئەو کارەم کردووەو بەدرۆوە وتم لەفولکەی کاوە داومە بەمەجید، خوا ئاگادارە ئەو چەند مانگە بەخۆڕایی کراومەتە ژوورەوە، من تاوانم نییەو هەرگیز ئەو کەسە ناپاکە نیم دزی لەخانمی خۆم بکەم،لەخوام داوایە تاوانبارەکە ئاشکرابکاتو ئەو کاتەش باجی دڵی لەمن پاك بێتەوە...

رای دادگا بەم شێوەیە بوو...

لەبڕیاری دادگای بەرێزدا بۆ ئەو کێشەیە، بەم شێوەیە کارەکەو تاوانەکە باسکرا.

-دانانی کوێستان بەدزی ئاڵتوونەکان تەنیا بەقسەی خانمو شایەتەکانێتی کەهیچیان بەچاوی خۆیان تاوانەکەیان نەدیوە، ئەوە نەبێ گوێیان لەکوێستان بووە کەتاوانەکەی خستۆتە ئەستۆی خۆی، بۆ مەسەلەی مەجیدیش ئەوا ئێمە داوای سەربەخۆمان دژی کردۆتەوەو لەگەڵیا

لێکۆڵینـــەوە کـراوە، کوێسـتان لای پـۆلیس وای وتـووە، بـەڵام لای دادوەری لێکۆڵینـــــەوە رۆژی دوای ئــــەوە لەقســــەکانی پاشـــــگەزبووەتەوەو وتویـەتی(ترسـاوەو تۆقـاوم بۆیـە خـۆم کـردووە بـەدز)، کەشـفی دەلالەکـەش بەبڕیاری دادوەر نەبووە، کەواتـە بڕیـاری دادگـا ئازادکردنی دەسـت بـەجێی کوێسـتانە گـەر گومـانی تـاوانی دیکـەی لەسـەر نـەبێ... ئێمـە بڕیارەکـەمان دەنێرینـە دادگـای تـەمیزی هـەرێم‌و چاوەڕوانی وەڵامـی ئـەوان دەبین، کەئـەو قسـانە تـەواو بـوو، رونـاکی گەڕایـەوە رووی کوێسـتان‌و وەك بیـەوێ لـەدڵی خـانمـدا خۆشەویسـت بێتــەوە سـەرنجی دەدا، ئـەویش بـەرێزەوە هەڵسـاو تەماشـایەکی کوێسـتانی کـرد... دەشـێ لـەو کاتـەدا کەسـێکی تـر بـەبیری خانمدا هاتبێ کەبەدەستی چەپەڵی ئەو هەموو ئاڵتوونەی دزی بێت!.

وەڵامی بڕیارەکەی دادگا چی بوو؟

لەنووســـــراوێکی رۆژی 1993/9/11 دا، دادگـــــای تـــــەمیزی هـــــەرێمی کوردسـتان رەزامەنـدی‌و پشـتگیری لەسـەر بڕیارەکـەی دادگـای جینایـاتی سلێمانی نیشانداوە، واتـە کوێسـتان لەبـەردەم یاسـادا بـێ تـاوان دەرچـوو.. لێرەدا لەگەڵ خوێنەری ئازیزدا دەپرسین:

-دەبێ کێ ئاڵتوونەکانی بردبێ؟ کێ بێ بایی 800هەزار دینار ئاڵتوونی جۆربە جۆری لەو خانمە بەرێزە دزیوەو نەکەوتە بەردەستی دادگا؟

بەڵام هەرچۆن عومری درۆ کورتە، نهێنی دزیش درەنگ بـێ یـان زوو هـەر ئاشکرا دەبێ ژووری بەندیخانەش دەرگای والایە بۆ پێشوازی لەتاوانکاران.

پەیمانشکێن..!

(پەیمان) لەئەنجامی بەشداری تاواندا گیراو چووە بەندیخانەوە، ساڵێك نابێ بڕیاری زیندانی کردنی پانزە ساڵی رەبەق بەسەر ئەو بێوەژنەدا دراوەو بەدبەختە سەری لەخۆیو جووتێ منداڵی بچووکی شێواندو ئێستا بۆ چارەنووسی رەشی فرمێسك دەرێژێ...پەیمان نموونەیەکی گەلێ جیاوازە لەژنانی کورد، کەهەمیشە بەگژ رۆژگارو ئاکامەکانی ژیانیانو رێکەوتە نالەبارەکاندا چوونەتەوە... پەیمان دوور لەناوەکەی، دوور لەدابو نەریتی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوتی کردو ژیانی دووردرێژی نێو زیندان ئەنجامی ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی ئەون..!

توێژەری کۆمەڵایەتی لە(پەیمان) دەکۆڵێتەوە...

راپۆرتێکی توێژەری کۆمەڵایەتی لە(بنکەی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی سلێمانی) شەرحی حاڵی پەیمان دەکا بۆ دادوەر (بەر لەدادگاییکردنو حوکمدانی بەچەند مانگێك)، لەو راپۆرتەدا هاتووە:

–ئەم ژنە تا دووەمی ناوەندی خوێندوە، زۆربەی ژیانی باوکی دوور لەخێزانەکەی بووە، کە گەڕاویشەتەوە نێویان پیروپەککەوتە بووە و نەیتوانیوە ئاڕاستەیەکی ئەوتۆی کچە جوانەکانی بکات.

پەیمان هەندێ چاو لەدەرو سەرلێشێواو بووە، تالە (22)ساڵیدا شووی کردووە بەکوڕێك کەخۆشیویستووە، ئەویش لاوێکی ژیرو فامیدە نەبووە،

هەرهێنـــدەی پـــەیمان ئـــەقڵی بـــەدنیا شـــكاوە، كـــەژن دەگوێزێتـــەوە درێـــژە بـەرەفتاری ناپەسـەندی سەرخۆشـیی بـەردەوامی و بەدمەسـتییەكەی دەدات! هەر بەدوای مانگی (هەنگوینی)ەكەیدا دەیـان شـەو بەبێهۆشـی براوەتـەوە بـۆ ماڵـەوەو تەسـلیم بەژنـە جوانەكـەی كـراوە!! ئـەو خێزانـە هـەر لەسـەرتاوە بەختـەوەر نـەبوون، تەنانـەت(3) سـاڵ ژیـانی ژن و مێـردیی و لـەدایك بـوونی كچێك و كوڕێـك تروسـكەی هیوایـان بـۆ چارەنووسـی خێزانەكـە درووسـت نـــەكردووەو گـــەلێ جـــار پـــەیمان لەدەســـتی مێردەكـــەی تـــۆراوەو داوای جیابوونـەوەی كـردووە، كـە گەڕێنراوەتـەوە بـۆ ماڵـە دۆزەخەكـەی، بـاوكی دوومنداڵی لێیداوەو گرفتەكە زیاتر تەشەنەی كردووە!

ئیـــدی لەســـەر داوای ژنـــە جودابوونەتـــەوە... پـــەیمان و منداڵـــەكانی چوونەتەوە ماڵی باوكە هەژارەكەی كەبەسكی تێرو بە(دە)برسین، ئەنجام دایكەكـەی لـەماڵ دەیانكاتـە دەرو ئـیتر پـەیمان بەتـەواوی خـۆ بەدەسـتی قەدەری چەوتەوە دەداتو بۆ (ژیـان)ی خـۆیو منـداڵی دەبێتـە (هـاوڕێ!)ی كەســانی وەك عوســمانی فیتــەر... نــەك هــەر هیــی ئــەو، بــەڵكو هیــی هاوڕێكانیشی!!

عوسمان یارمەتی دەداتو بەڵێنی هێنانیشـی دەداتـێ... سـەرەتا پـەیمان نـازانێ ئـەم عوسمانـە چ كارەیـە، دوایـی دەیناسـێ كەبـەدزی پـارە پەیـدا دەكات، بەڵێ ئەو كاتە بەباشی دەیناسێ كە داوای لێ دەكا بەشداری دزینی ئۆتومبێل بكـات لەگەڵیانـدا... پـەیمان و دوو منداڵەكـەی وەك (خێزانێـك)بـۆ ئەنجامدانی دزییەكان لەلایەن عوسمانەوە بەكار دەهێنرێن.

(پەیمان) باسی خۆی دەكات...

پـەیمانی تەمـەن(27)سالْ دوای ئەوەی لەگـەلْ چەند تاوانبارێکدا (دزی) دەکاتو دەگیرێت، بەجیا لەوانی تر لێی دەپرسرێتەوەو دادگایی دەکرێت، لەوەلاّمی پرسیارەکاندا بەچاوی پڕ لەشەرمەوە دەلْیّ:

–کەمێردەکەم تەلاّقی دام بەدوو مندالْەوە حالْم پەرێشان بوو، عوسمانی فیتەر بەلْێنی دامیّ بمهێنیّ، بەلاّم هەر مارەی نەکردمو دوایخست، دەست کورت بوومو کەداوای لێکردم شووی پیّ بکەم رازی بووم، پرسی دایكو باوکیشم کردو ئەوانیش رازی بوون، نیشانەی کردم، ئیدی سەردانی مالْەکەمانی دەکردو لەگەلْ خۆی دەیبردمو هەرجارەی جۆرە مۆدێلێکی ئوتومبێلی پێبوو!

شەوێکیان عوسمانو دوو هاوڕێی هاتنە دوام، سواری بەرازیلییەکی کرێیان کردمو لەگەڕەکی (رعایە)ئەوان دابەزینو ئوتومبێلێکی (کرۆنا)یان دزیو بەهەردوو ئوتومبێلەکەوە چووینە ئۆردوگای(باریکە)، کەلەویّ پارەی دەدامیّو لەگەلْیدا دەژیام، ئوتومبێلە دزراوەکەیان لەمالْێکدا شاردەوە بیفرۆشن، ئیتر ئەوە بوو شەوێکیان لەویّ گیراین...!

*پەیمان لەلێکۆلْینەوەدا وتویەتی:

–من چەند جاریّ لەگەلْ عوسماندا خەوتووم، هەروەها لەگەلْ دوو هاوڕیّ شەریکە دزەکەی چەند شەوێکیش پێکەوە دەمانخواردەوە!

ئەو شەوەی براکەی سەردانی کرد...!

برایەکی پەیمان کەتەمەنی 18سالْەو بە بۆیاخچێتی گوزەرانی خۆی دابین دەکات، بەدادگای وت:

– من رازی نەبووم شووی دووەمی بکات بەعوسمان، کەلەگەلْیشی چووە باریکە بەتەواوی لەخۆشکەکەم عاجز بووم، رۆژیّ دایکم زۆری لێکردمو وتی:

–کوڕی خۆم،خێرت دەگات سەریَ لەو هەش بەسەرە بدە، بزانە چی دەکات؟ ئاخر کوڕەکەم گوناحە، خۆ خوشکتە، خوا وای پێخۆشە بەقوربانت بم...

بەگوێم کرد، چووم و لەباریکە دۆزیمەوە، عەسر هەندیَ قسەمان کردو شەو عوسمان و دوو هاوڕێی(کەدەرکەوت شەریکە دزی بوون) خەوتن، بەرێکەوت ئەو شەوەی من لەویَ بووم پۆلیس دای بەسەریاندا، نیوەشەو دەنگی تەقە لەشیرین خەو رایچڵەکاندم، یەکیان کوژراو یەکیان بریندار بوو وئەوی دیکەشیان گیرا، خوشکەکەی منیش، دووبارە دەڵێم من رازی نەبووم لەگەڵ ئەو کوڕەدا بڕوا، بەلاّم عوسمان هەڕەشەی لێدەکردم و جارێکیش لێی دام...بڕوا بکەن دایك و باوکیشم رازی نەبوون بەو بڕیارەی پەیمان...

*دواتر، ئەم برایەی پەیمان ئازاد دەکریَ و دەچێتەوە ماڵی خۆی، بەلاّم هەمیشە غەمبارو دڵشکاو...

یەکێك لەدزەکان دەدویَ..

یەکێك لەشەریکە دزەکانی عوسمان، ئەو شەوە لەباریکە بەبرینداری دەگیریَ و بەوردی لەچۆنێتی ئەنجامدانی تاوانەکانی خۆیان دەدویَ کەچەند ساڵێکی رابردوو، بەهاوکاری چەند کەسێکی دیکەی(باریکە) و ناوچەی تر چەند ئوتومبێلێکیان دزیوەو لەچوارياندا(بەکرۆناکەوەی لەسەری گیران) پەیمان بەشداریان بووە...

پەیمان خۆیشی دانی بەوەدا ناوەو وتویەتی کەسیانیان بەپارەی باش داوەتەوە بەخاوەنەکانیان..

عوسمان.. چی لیَ بەسەرهات؟!

دوای ئەو ژیانە، دوای بەکارهێنانی (پەیمان) بۆ ئەو مەبەستە گڵاوەو ڕێزنەگرتنی هیچ وجودێکی ئینسانی ئەو ژنە سەرلێشێواوە.. دوای دڵئێشانی براکەیو کەسوکاری لێی، دوای دزینی بەری ڕەنجی کەسانێ کەبەئارەقی نێوچاوان ئوتومبیلیان بۆ ماڵو منداڵیان کڕیوە، ئەو شەوەی لەباریکە پۆلیس دەدەن بەسەریاندا بەچەکەکەی بەرەنگار دەبێتەوەو بەگوللەی پۆلیس دەپێکرێو دواتر دەمرێ... دەڕواتو بێ ئەوەی پارەوپولو خۆشییەکانی ژیانی دنیای لەگەڵ خۆیدا بباتە گۆڕی تەنگەوە!

هەر چۆن ژیانو ڕێکەوتەکانی، پەیمان شکێن بوون لەگەڵ کچێکی وەك پەیماندا، پەیمان خۆیشی پەیمان شکێن بوو لەگەڵ خۆیداو دواتر لەگەڵ هەردوو منداڵەکەی..

لێرەدا گەلێ پرسیار دێنە گۆڕێ، لەوانە:

–دەبێ تاوانی ئەو دوو منداڵە چی بێ؟

–باوکیان وای کرد، دەستەڵاتی ئەوان چی بوو؟

–دایکیان وای کرد، دەستەڵاتی ئەوان چی بوو؟

–عوسمان ژیانی دایکیانی بەو دەردە برد، دووبارە دەستەڵاتی ئەوان چییە؟

داخۆ، پێویست نییە، خانەیەك، دایەنگایەك، دامەزراوێك هەبێ ئەم منداڵە بێ نازانە بگرنە خۆیان؟! ڕەوایە دوو خونچە گوڵی ئاوا لەگەڵ تاوانکارێکی وەك پەیماندا ژیانی زیندان ببەنە سەر؟!!!

بەر لەگیان سپاردن
ناوی بکوژەکەی درکاند

لەدادگای سلێمانی، ئەو هەموو شایەت و شکاتکەرو سەیرکەرە ئەوەندەی تر بیری (ئەختەر)ی تەمەن (23)ساڵ و دایکی کوڕو کچێکی ئاڵۆزتر کردبوو، گیانێکی بەپارێزەرەکەی بوو کە جار جار تێی دەڕوانی، حەوت مانگ لەوەوبەر عوسمانی مێردی بەدەستی ئەو تاوانبارەی ئەوبەری کوژرا، ئەو تاوانبارەی ناوی(سەردارە)و دراوسێیانەو هەموو(بازیان)ئەوەشیان بیستووە کەئەختەری خۆشویستووە!

دەنگی سەرۆکی دادگا رایچڵەکاند.. دوا بڕیاری(حوکمی)دادگا بەم شێوەیە راگەیەنرا:

1-بەپێی مادده 1/406/ح لەیاسای سزادان و بەدەلالەتی ماددەی 79 حوکمی زیندانی کردنی هەمیشەیی بەسەر تاوانبار سەردار عەبدوڵڵادا درا.

2–ناچـار دەكـرێ بـەوەی بـڕی شـەش هـەزار دینـار بداتـە هەرسـێ منداڵەكەی عوسمانو وەك یەك بەسەریاندا دابەش بكرێت.

3–هەرسێ قاوغە فیشەكەكە لەلایەن پۆلیسی بازیانەوە لەناو دەبرێت.

4–كلاشـینكۆفەكەی سـەردار دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـتو دەنێـررێ بـۆ پۆلیسی سلێمانی.

بەرلەخوێندنـەوەی بڕیارەكـانی حـوكم ، لـەبڕیاری دادگـادا ئامـاژە بـۆ ئـەوەش كـرا كەئـەم داوایـە، كـە تایبەتـە بـە تاوانبـار سـەرداروو لێپرسـینەوەی ئەختـەر بـۆ ئـەو تۆمـەتی دەسـت تێكەڵكردنـەی لەگـەڵ سـەرداری دراوسـێیان بەداوایەكی جیاواز دەبێت.

بەرلـەوەی گـوێ لـەئیفادەی شـایەتەكان بگـرین، جـارێ بـابزانین عوسـمان تەمەن (27)ساڵ چۆن كوژرا؟!

*شـەوی 1992/2/6عوسـمـان چـوار میـوانی هـەبوو، هەرچـەندە بـاران دەبـاریو كارەبـاش نـەبوو، بـەلاّم قسـەو باسـی بەرتیشـكی فانۆسـەكە لـەدەرەوەی دابـڕی بـوون، هەرسـێ منداڵەكـەی عوسمـان خـەوتبوون، ئەوشەوە(عەلی)براشـی لـەماڵیان بـوو.. لەسـەعات نـۆی شـەودا ئەختـەری ژنـی عوسمـان ژوورەكـەی جێهێشـتودوای كـەمێ گەڕایـەوە، هێنـدەی نـەبرد جارێكی دیكەش بەرەو حەوشە هەنگاوی نا..! ئەمجارەیان عەلی سـەرنجێكی دایە براژنەكەی.. كەبۆ سێیەم جار بەلایەتەكـەی دەستییەوە رووی كـردەوە حەوشـەو هـەر لەگـەڵ دەرگاكردنـەوەو هاتنـە ژوورەوەی هەوایـەكی سـاردا گەڕایەوە، عەلیو كاكی چاویان بڕییە یەكترو هەردوو بەدڵیاندا هات..

–ئەم ژنە بۆ هێندە روو دەكاتە حەوشە؟!

ئەختەر کەمێ دواکەوت و عوسمانی مێردی زەردەخەنەیەکی ئاراستەی میوانەکانی کردو بەرەو دەرەوە ملی نا.. هێندەی نەبرد دەنگی چەند تەقەیەك و زریکەو هاواری ئەختەر، عەلی و میوانەکانی راپەڕاندو پێکەوە رووەو حەوشەکە رایان کرد، کە چوونە ئەوێ بینیان عوسمان کەوتووەو تفەنگێ لەتەنیشتییەوە جێماوەو یەکسەر پێی وتن:

*سەردار بوو..سەرداری دراوسێمان تەقەی لێکردم..

-ئەی کوا.. چی لێهات؟!

*نازانم..رایکرد.. ئاخ.. بمگەێننە نەخۆشخانە..

عوسمان بە(3) فیشەکەکەی لەشییەوە تەواو ماندوو بوو بوو. تەنیا دوو رۆژ لەنەخۆشخانەی سلێمانی مایەوەو ئیتر گیانی سپارد، لەو دوو رۆژەدا کەسوکاری چوونە سەردانی، بەڵام گرنگترین قسەی بۆ کەسە نزیکەکانی خۆی کرد، بەڵێ تەنیا قسەی بۆ دایك و باوکی کردبوو..

دایکی وتی:

-کەلە نەخۆشخانە لێم پرسی ئەو پیاوکوژە بۆ لەحەوشەکەیماڵی ئێوەدا بوو، چونکە خەڵك وەستابوون قسەی نەکردو وتی دوایی پێت دەڵێم.. بەڵام بەر لەدوو رۆژ بەقوربانی بم هاتە سلێمانی و لەبەرچاوی مندا بەباوکی وت (باوکە ئەختەر پەیوەندی خراپی لەگەڵ دراوسێکەماندا هەیەو ناوی سەردارە)..!

باوکیشی وتی:

من کەلەنەخۆشخانە لەهۆی رووداوەکەم پرسی وتی هەر ئەوەیە کەپێرێ بۆم باسکردیت، کەدوو رۆژ لەوەوبەر هاتە ماڵمان باسی ئەو

هەتیوەی کردو وتی: لەدەم خەڵکییەوە باسی پەیوەندی نێوان ئەختەرو ئەو کوڕەی دراوسێمان کراوە...

ئەی دراوسێکان لەوە ضۆن دوان؟

لەدراوسـێکانی عوسمـان، ئەوانـەی دادگـا پرسـیاری لێکـردن، رای جیاوازیـان هـەبوو سـەبارەت بـەو باسـی پەیوەندییـەی نێـوان ئەختـەرو سەردار...

یەکێکیان وتی:

–من نەبیستوومەو نەدیومە هیچ جۆرە پەیوەندییەك هەبوو بێت، بەڵام لەوە ئاگادارم کەنێوانی عوسمان و ئەختەر زۆر خۆش بوو...

یەکێکی تر وتی:

–ئێوارەیەك سەردار هاتە لامو وتی با تفەنگەکەم لای تۆبێ، عوسمان لەوێ نییەو سەرێ لەماڵیان دەدەم، ویستی بچێتە لای ئەختەر..! منیش وتم کاکە عەیبە، عوسمان هاوڕێتەو دراوسێتە، پاشان خۆی لەوێ نییە چۆن دەچیتە ماڵەکەی، بەڵام ئەو بایەخی بە قسەکەم نەداو چوو، هەر بۆ بەیانی ئەمەم بەبرایەکی عوسمان راگەیاند..

رای (عەلی) لەسەر براذنەکەی ئاوابوو..

–بەو چەند جارە چوونە دەرەوەیـەی ئەختەر گومانم لێ پەیدا کرد، بەتایبەت کەپێشتر لەخەڵکم بیستبوو پەیوەندی خراپی لەگەڵ دراوسێیەکیاندا هەیەو دواجار کەلە سەعات نۆو نیودا چووە حەوشەو زۆری پێچوو، کاکی رەحمەتیم بەهەمان شێوە گومانی لێکردو ئەوەبوو

شـوێنی کـەوت و سـەرداری ناموبـارەکی لەحەمامەکـەدا گـرت و ئـەویش ئـەو کارەساتەی لێ قەوما..!

ئەختەر ضۆن بەرطری لەخۆی دەكات..؟!

هەرچـەندە ئەختـەر پـارێزەری بەرگریکەریشـی هـەبوو، هـەر لەسـەر داوای ئەویش یەکەمجار لەتەوقیف ئازاد کرا، بەڵام خۆیشی قسـەی هـەبوو، ئەو بۆ بەرگری لەخۆی و پووچەڵکردنەوەی ئەوتۆمەتەی خراوەتە پاڵی وتی:

–من بۆ ئیشی(سەرئاو) چوومە دەرێ، لایتەکـەم پێبـوو ولەحەوشـە هیچـم نـەدی، لەگەڕانـەوەدا بـاوکی منداڵـەکانم دی و لایتەکـەی لەدەسـت وەرگـرتم و بـەرەو حەوشـەکە چـوو، ویسـتم بچـمەوە ژوورێ لـەو کاتـەدا ئـەو کارەسـاتە قەوما...! کەمن و عەلی و میوانـەکانمان گەیشـتینە سـەری وتـی سـەردار بـوو.. مێردەکـەم تفەنگەکەشـی لێ سـەندبوو، ئـەو لـەناو حەمامەکـەوە تەقـەی لـێ کرابوو، من هیچ پەیوەندییەکم نەبووە بەسـەردارەوە، ئەوەنـەبێ دراوسـێمان و هـاوڕێی عوسمـان بـوو، مـن بەدرێـژایی ئـەو(7)سـاڵەی لەگـەڵ مێـردی خۆمـدا ژیاوم زۆر بەختەوەر بووم.. داوای سزادانی بکوژی مێردەکەم دەکەم، چونکە ئەو بێ گوناه کوژراو لەگەڵ هیچ کەسێکیشدا دوژمنایەتی و ناکۆکی نەبووە.

میوانة هةميشةييةكةى بةنديخانة ضى وت؟

سـەرداری تەمـەن(18)سـاڵ، جـاران پیشـەی کاسـب و ئێسـتا زینـدانیی هەمیشـەیی لەیـەکێك لەبەندیخانەکانـدا، بەسـەرهاتی تاوانەکـەی بـەو شـێوەیە گێڕایەوە:

–سەرلەئێوارەی ئەو شەوە لەبەردەم ماڵی خۆماندا عوسمانم بینی، وتی میوانمان هەیەو شەویٚ سەرمان لیٚ بدەو بۆ خۆمان دۆمینە دەکەین، منیش دوای نان خواردن بەخۆمو تفەنگەکەمەوە چووم، بەبیٚ ئەوەی لەدەرگابدەم چوومە ژوورەوە، یەکسەر یەکێك لایتی گرتە دەمو چاوم، منیش دوای میل هێنانەوە داوام کرد لایتەکە بکوژێنێتەوە، بەلاٌم بەگوێی نەکردمو ئەوەندەم زانی هاتەپێش‌و پەلاماری لوولەی تفەنگەکەی دام، منیش دەستم بە پەلەپیتەکەکەدا ناو چەند فیشەکێکم پێوەنا، من خۆم نەشاردۆتەوەو ئەوەش راست نییە کەلەحەمامەکەدا قاوغە فیشەك‌و خوێن بەجێمابێت...! نازانم چۆن ئەوە روویدا...یەکسەر حەوشەکەم جێهێشت‌و رامکرد... هیچ پەیوەندییەکی ناشەریفانە لەنێوان من‌و ئەختەردا نەبووەو وەك خوشکی خۆم سەیرم کردووە...

رای دادگا بەم شێوەیە بوو...

دادگای جیناياتی بەرێز، بەرلەراگەیاندنی حوکمەکەی بەسەر سەرداردا، بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی بەم شێوەیە راگەیاند:

–کاتیٚ عوسمان گومانی لەچوونە دەرەوەی ژنەکەی پەیدا کرووەو شوێنی کەوتووە، دوای ئەوەی لایتەکەی دەستی لیٚ سەندووە ئاراستەی هەموو شوێنەکانی کردووەو لەناو حەمامەکەدا کەسێکی دیوە، کەبەرەو رووی چووەو لێی نزیك بووەتەوە ئەو کەسە تەقەی لیٚ کردووەو بەبرینداری کەوتۆتە سەر زەوی، ئیتر ژنەکەی کە لەو کاتەدا لەحەوشەکەدا بووە، رایکردووەو میوانەکانی بانگ کردووەو هەموو هاتوونە سەر عوسمان‌و ئەویش دوای ئەوەی ناوی بکوژەکەی پیٚ وتوون هێنراوە بۆ نەخۆشخانە..

بــەڵام تاوانبــار (ســەردار عەبــدوڵڵا)شــوێنی تاوانەکــەی جێهێشــتووەو هەڵهاتووەو پاشتریش خۆی شاردۆتەوە تا رۆژی 2/18 دەستگیرکراوەو یەکسەر دانی بەتاوانەکەیدا ناوە... وەك دەرکەوتووە تاوانبار لەکاتی تەقەکردندا لەناو حەمامەکەدا بووە، هەرسێ قاوغە فیشەکەکەو چەند دڵۆپە خوێنێ لەسەر زەوی حەمامەکە بەجێ مابوون، پاشان چوونە ژوورەوەی ماڵێك لەشەویکی باران و بێ کارەباو بەبێ ئاگاداریی خاوەن ماڵ بۆ خۆی سەرپێچییەکی دیکەیە... هەرچەندە هۆکاری تاوانەکەی سەردار بەتەواوی روون نەبۆتەوە بەڵام بەشێکی لێکۆڵینەوە ئەوە دەسەلمێنێ کەپەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان سەردارو ئەختەردا هەبووەو هاتنی تاوانبار بۆ ماڵی عوسمان بەهۆی ئەوپەیوەندییە ناڕەوایەوە بووە، هەروەها کوشتنی عوسمان لەلایەن تاوانبارەوە بۆ دەرچوون و دەستگیر نەکردنی و ئاشکرا نەبوونی بووە لەشوێنی رووداوەکە، کەواتە حوکمی بەسەردا دەدرێت بڕیاریش درا رەچاوی ئەوە بکرێت تاوانبار تەمەنی لەبیست ساڵ کەمترە.

دولبەر

نیوەڕۆی رۆژی 1990/5/14دوای بیست و پێنج رۆژ دووریی فاتیح لەژن و ماڵە خنجیلانەکەی، بەخۆی و جانتاکەی دەستیەوە لەبەر دەرگا

راوەسـتاو، دوای سـڕینی ئارەقـەی ڕووی بەدەسـتی ڕاسـتی لـەدەرگای دا، چاوەڕێ بوو(دولبەر)ی ئامۆزاو ژنی(3)ساڵەی دەرکەوێو بە وشـەی شـیرین بەخێرهاتنـەوەی لـێ بکـاتو جانتـا لەدەسـتی وەربگرێـتو بـەرەو ژوورەوە پێشـی بکـەوێ، بەوەش ماندوێتی کاروفەرمان لەجەستەی دەربچێت، بەڵام فـاتیح تووشـی سەرسـامی بـوو، دولبەرەکـەی دەنگـی نییـە، جـارێکی تـرو دووانو سیان لەدەرگای دا، بەڵام بێ سوود بوو، نییە لەماڵ!!

تـا بـانگی عەسر فـاتیح بەماڵـە بـراو خـزمو ناسـیاودا گـەڕاو دولبـەر لای کەسـیان نـەبوو، تەنانـەت کەسـیان سۆراخیشـیان نـەدەزانی... بەپەسـتیو مێشـکی جەنجاڵـەوە گەڕایـەوە گـەڕاجی چەمچـەماڵو سـواری ئوتـومبێلی کـەرکوک بـووەوە، هـەر کەگەیشـتە ئـەوێ ڕاسـتەو ڕاسـت بـەرەو مـاڵی مامی(خـەزووری) کەوتـەڕێ، پێشـوازی گـەرمی ئـەوان کـەمێ لە بێ تاقـەتی فـاتیحی کـەم کـردەوە، بەڵام هـەر کـە وەڵامیـان دایـەوە (نـەهاتووە بـۆ ئێـرەو هەواڵی نازانین) ئەوەندەی تر پەشۆکا... ئۆقرەی نەگرتو لـەوێ شـەوی ڕۆژ نـەکردەوە ، بـەدەروونی وروژاوەوە کەوتـەڕێ، لـەڕێگا تـەنیا یـەك پرسـیار ڕووبەری مێشکی داگیر کردبوو:

–خوایـە گیـان، دەبێ دولبـەر چـی لێ هـاتبێ، دەبێ لـەکوێ بـێ، لـەکوێ؟!

هەر کەگەیشتەوە چەمچەماڵ، خۆی گەیانـدە مـاڵی حەمـەی بـرای، نەیدەزانی چـی بڵـێو چـی بپرسـێو چـی وەڵام بداتـەوە، ڕەنگـە لـەماوەی پێکهێنـانی ژیانی خێزانیداو بەدرێژایی هەر (34)ساڵەکەی تەمەنی، ڕۆژی ڕەشـی ئـاوای بەخۆوە نەدیبێ...

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی، حەمەی براشی بەدیاریەوە ئێشـکی گـرت، حەمە بەدەم وەنەوزەوە لێی پرسی:

*کاکە گومانت لەکێیە.. لەمەوبەر کێ هاموشۆی کردوون؟

دەمو دەست وەڵامی دایەوە:

–تەنیا دڵشادی مامە قالە هاموشۆی کردووین، تەنیا ئەو لە هاوڕێکانمدا جارجار هاتۆتە ماڵی ئێمە، گەر مەسەلەکە گومان بێت، تەنیا گومانم لەوە...!

دڵشاد لەکوێیە؟

بەیانی زوو، بەڕووی گرژو پەشێوەوە فاتیح چووە ماڵی مامە قالە، پرسیاری دڵشادی هاوڕێی کرد، وتیان:

–لەدوێنێوە ماڵی جێهێشتووەو نازانین بۆ کوێ چووە!

گومانی زیادی کرد، یەکسەر خۆی گەیاندە بنکەی پۆلیس و لەوێ ئەرزو حاڵی نووسی و سکاڵای خۆی بەم جۆرە تۆمار کرد:

(ژنەکەی من کەناوی دولبەرە ئامۆزای خۆمەو ماوەی 3 ساڵە خێزانمە، دوێنێ بەمۆڵەت لەسەربازی گەڕاومەتەوەو نە لەماڵ و نەلەلای هیچ یەك لە کەسوکارمە، دولبەر تەمەنی 26ساڵەو باڵای مام ناوەندییەو سپی پێست و چاوو قژ ڕەشە)...ئەفسەری بنکەکە بانگی کردە ژووری و لێی پرسی:

*فاتیح، گومانی چی لەژنەکەت دەکەیت، پێت وایە لەکوێ بێ؟

بەلێوی وشك و شەی پچڕپچڕەوە وەڵامی دایەوە:

–گەورەم، نازانم، نازانم چووە بۆ کوێ، من گومانی خراپی لێ ناکەم، ئێمە هیچ گیروگرفتێك لەنێوانماندا نەبووە، نازانم بڵێم چی...

دوای ئەوەی ئەفسەرەکە ڕێگایدا دابنیشێ پێی وت:

*باشە، کێ زۆر هاموشۆی ماڵتانی کردوەو پەیوەندی بەهێز بووە لەگەڵتاندا؟

دوای کەمێ ڕامان، سەری هەڵبڕی و قوڕگی پاك کردوەو وتی:

–دڵشاد، دڵشادی مامە قالە...

ئەفسەرەکە قەڵەمەکەی گرت بەدەستەوەو وتی:

*ناوی تەواوو پیشەی و ناونیشانی؟

فاتیح وەڵامی دایەوە:

-دڵشاد قادر..ناوی باپیری نازانم..ماڵیان لەگەڕەکی خۆمانەو جەنگاوەری فەوجی سووکی ژمارە....

بەزەردەخەیەکەوە ئەفسەرەکە پرسی:

*باشە دڵشاد ژنی هەیە؟

ئەویش وتی:

-نەخێر.. نەخێر ژنی نەهێناوە...

دەستگیرکردنی دولبەرو هاوڕێکەی....

یانزە رۆژ بەسەر تۆمارکردنی سکاڵاکەی فاتیح دا تێپەڕی، لە(رانیە) پۆلیس دولبەریان دۆزییەوە کە لەگەڵ (دڵشاد)دا ئەو ماوەیە لەو ناوە بوو بوون، بەگیراوی هەردووکیان هێنرانەوە شارەکەی خۆیان، ئەفسەری بنکەکە موختاری گەڕەکەکەی فاتیحی ئاگادار کردو ئەویش ناردی بەدوای فاتیح داو هەواڵەکەی پێ وت، فاتیح ناردی بەدوای باوکی دولبەرداو پێکەوە چوونە بنکەی پۆلیس...

ئەفسەرەکەی پێی وتن:

-ئێستا دەتوانن داوا بنووسن و ئێمەش دولبەرتان بدەینەوە دەست، بەڵام ئەوراقی دڵشاد دەسپێرین بەبنکەی نەهێشتنی تاوان...

داوا نووسراو دولبەر بانگ کراو درایەوە بەباوکی و مێردەکەی، چەند مەترێك لەبنکەکە دوور کەوتنەوە، باوکی بەدڵی پڕو حاڵی پەرێشانەوە رووی کردە کچەکەی و پێی وت:

-فەرموو، ئەوە خۆت و مێردەکەت، بڕۆ، بڕۆ لەگەڵیا...

دولبـەر هـەموو جەسـتەی دەلـەرزی‌و بـەرەنگی زەرد هەڵگـەڕاوەوە بـانگی کردە باوکی:

–باوکە، باوکە گیان...

بـاوکی هـەنگاوەکانی خێـرا کـردو بـێ ئـەوەی ئـاوڕی لێ بداتـەوە لێیـان دوورکەوتـەوەو ڕۆیـی... یەکـەمجار بـوو فـاتیح نـەزانێ لەگـەڵ دولبەرەکەیـدا بدوێ، یان هەر نەتوانێ تەماشای بکات... شێوەی دولبەر لەبەرچاوی فـاتیح دا ژنە جوانەکەی جارانی نەبوو، بەڵکو بەجەستـەیەکی بـێ گیـان‌و لاشـەیەکی مردووی دەبینی...

بڕیاری فاتیح چی بوو؟.

فاتیح، هەروەك لەلێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا لـەپۆلیس‌و بـەردەم دادوەری چەمچەماڵ‌و پاشتریش بەهەمان شێوە لەرۆژی دادگایی کردنیدا، پێـی لێ نـاو بەڕوونی باسی کرد:

*هـەر کـە لەڕاسـتیی مەسـەلەکە گەیشـتم‌و لـەناپاکی دولبـەر دڵنیـابووم، بڕیارمـدا بەکوشـتن تۆڵـەی ئـەو هەڵـە گەورەیـەی لێ بسـتێنم، دڵـم بـەوە خـۆش بـوو بـاوکی‌و کەسـوکارمان لـەکارە(جوانەکـەی)ئـەو ئاگـادارن‌و شـکور بـۆ خـوا منداڵیشمان نەبوو تا بەگەورەیی، بەم کارەساتەوە بتلێتەوە...

ئەو شەوە چووینە ماڵی حەمەی برام، نازانم چۆن ڕۆژمـان لێ بـووەوە، مـن سوور بووم لەسەر بەجێهێنانی بڕیارەکەم، بـەڵام نەمـدەزانی چـۆن‌و کـەی؟ بـۆ بەیانی هەر لەخۆمەوە پەلیم گرت‌و هاتینە سلێمانی‌و شـەوێك لێـرە ماینـەوە، بەر لەوەی بگەڕێینەوە چوومە بازاڕو کێردێکـی تیـژو زەرفێکم کـڕی‌و لەگـەڵ دولبەردا هێنامنەوە...

ئەی دولبەر وتی چی؟!

هەر ئەو رۆژەی بەدەستگیرکراوی دولبەر بەبنکەی پۆلیس سپێردرا، ئا بەم شێوەیە ئیفادەی خۆی دا:

–گەورەم، وا بۆ(3)ساڵ دەچێ لەفاتیح مارەکراوم، لەدەرەوەی دادگای شەرعی لێی مارەکرام، فاتیح کوڕی مامەو هەر بەهۆی ئەوەشەوە منیان دایە، پەیوەندی ژن و مێردیمان زۆر خراپەو هەمیشە ناتەباین، ژیانم لەتەکیا ناخۆشەو لەوماڵەدا کەهەر هەردووکمانی تیا دەژین پەشێوحاڵ و غەمگینم، زۆر جا لێم دەداو ئازارم دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی رەزیلەو هەرگیز خەرجیم پێ نادات و تەنانەت پارەی چوونە لای دکتۆریشم ناداتێ، دواجار کەلێرە بوو، شەوەکەی شەرم بوو لەگەڵیا و کەرۆیشتەوە بۆ فرسەتێ گەڕام ماڵەکەی بۆ بەجێبهێڵم و لەدەستی رزگارم بێ، ئەوە بوو بەر لە دە دوانزە رۆژ هەندێ جلی خۆم پێچاوەو بڕی 200دینارم خستە باخەڵمەوەو چوومە رانیەو لەوێ لەماڵی(.....) مامەوە کەگەورەی عەشیرەتەکەمانە... هەرچەندە لەوەوبەر نەمدیبوو ونەمدەناسی!

بەڵام بۆ ئەوەی کەدڵشادم لەگەڵدا بووبێ ئەوە راست نییەو شتی وانەبووەو من تەنیا رۆیشتووم، ئەو تەنیا هاوڕێی فاتیح بووەو من هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆم نەبووە لەگەڵیا و نەخۆشمویستووەو نەهیچ و.. ناپاکیم لەگەڵ مێردی خۆمدا نەکردووە.....

سەرنج......

لەبەرتیشکی قسەکانی باوک و دایکی دولبەرو لێکۆڵینەوەدا، لەقسەکانی دولبەردا ئەم سێ خاڵە دەردەکەون:

1–گەر پەیوەندیی نێوان دولبەرو مێردەکەی هێندە خراپ و نالەباربووبێ، دەبوو لەوەوبەر دایک و باوکەکەی بەحاڵی کچەکەیان زانیبا.

2-باوکی دولبەر ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە کە ئەو پیاوە ناسراوەی رانیە کە(دولبەر دەڵێ چوومەماڵیان) گەورەو سەرۆك هۆزیان بێ.

3-دولبەر وا دەردەخات کەدڵشادی نەدیبێ، بەڵام هەردوو پێکەوە دەستگیر کراون....

فاتیح بڕیارەکەی دەباتە سەر....

ئەو رۆژەی لەسلێمانی دەگەڕێنەوە، کات ئێوارەیەکی درەنگ دەبێت، ئەوان بەمەبەستی چوونە کەرکوك سواری ئۆتومبێلی ئەوێ دەبن، بەڵام کەدەگەنە نیوەی رێ (چەمچەماڵ) ژنە دەڵێ من نایەم بۆ ئەوێ و لێرە دادەبەزم، فاتیح لەگەڵیا دادەبەزێو داوای لێ دەکات بچنەوە ماڵی خۆیان، بەڵام دولبەر رازی نابێ، ناچار فاتیح پێشنیازی چوونە سەردانی ماڵە خزمێکیان لەگەڕەکی شۆڕش دەکات، لای دولبەر پەسەند دەبێو بەوشەوە تاریکە دەکەونە رێ، رێگایان دەچێتە سەر رێی کێڵگەو باخی بەروبوومی کشتوکاڵی، هەرچەندە دولبەر، بەچەقۆی ناوزەرفەکەی دەستی مێردەکەی نازانێ، بەڵام رۆیشتنی بێ دەنگی فاتیحو دیمەنی ئەو رێگایەو شەوی تاریك خورپە بەدڵیدا دەهێنن، لەنیوەی رێگاداو بەشێوەیەکی کتوپڕ، فاتیح فرسەت لەژنەکەی دێنێو دەیخاتە سەرزەویو بەدەستێکی سەری دەگرێو بەدەستەکەی تری کێردەکەی دەردێنێو سەری دەبڕێ، لەماوەیەکی کەمدا سەری دولبەر لەلەشی جیادەکاتەوە، دەیخاتە زەرفەکەیەوەو لاشە بێ سەرەکە جێدەهێڵێ.!

بەلەشی شەکەتو سەروچاوی ئارەقاوییەوە دەگاتە بنکەی پۆلیسو بەدەم هەناسەبڕکێوە لەمفەوەزی ئێشگکر دەگەیەنێ:

-ئەمە سەری ژنەکەمە، ماوەیەکی کەم دەبێ بڕیارەکەم جێبەجێکردو سەرم بڕی، چونکە ئەو خیانەتی لەمن کرد، بەڵێ لەمنی ئامۆزاو مێردی....!

ئێشگکر کەدولبەری ناو زەرفەکەی دی هێندەی تر واقی وڕما، فاتیح بواری قسەی نەداو پێی وت:

-ئەمەم لەپێناوی شەرەفمدا کرد، لەپێناوی سڕینەوەی لەکەی عاردا...

دڵشاد چی بەسەرهات؟!

وەك پێشتر ئامارەی بۆ کرا، دڵشادی هۆکاری ناپاکی کردنی دولبەرو لەخشتەبەری، دەبوو بەجیا لێی بپرسرایەتەوە، بەلاًم بەگوێرەی بڕیاری دادگا (دوابڕیار) وا دەردەکەوێ ئەو چەکدارەی دۆستی دولبەر لەگرتن رزگاری بووبێت! هەر بۆیە دادگا داوا دەکات بەپێی مادەی 421 لەیاسای سزادان دەستگیربکرێت بۆ لێکۆڵینەوە....

کەسوکاری دولبەر ئاوا قسەدەکەن...

کاتێ دادگای جنایاتی سلێمانی دادگایی تاوانبار(فاتیح)ی کرد، لەئەنجامی پرسیاری دادگای بەرێزدا کەسوکاری ژنە کوژراوەکە بەم شێوەیە هاتنە دووان:

*باوکی دولبەر وتی:

-بەڵێ کچەکەم لەرانیە گیراو کەهێنرایەوە من دامەوە دەستی مێردەکەی، ئەو لەگەڵ دڵشاد قادردا گیرابوو، من لەوەوبەر ئەو کوڕەم نەدیبوو، نەشمبیستبوو پەیوەندی خراپ لەنێوان ئەوو دولبەردا بووبێ، چونکە من

لەکـەرکوك دەژیـمو لەمانـەوە دوور بـووم، مـن شـکاتم نییـەو داوای هـیچ لەبکوژی کچەکەم ناکەم ،چونکە فاتیحی برازام لەپێناوی شەرەفو ناوبانگی خێزانەکەماندا ئەو کارەی کردووە،هەروەها کچەکەم راستی نەوتووە کە ئەو کابرایە خزمی ئێمە بووبێ، بۆیە لەرانیە چوبێتە مالْیان!!

دایکی دولبەر وتی:

–مـن هـەرگیز رەخنـەم لەهەڵسوکەوتی کچـەکەم نـەبووە، تـا لەگـەڵ ئـەم دۆستەیدا گیرا، لەوەوبەر رەوشتی جوان بووە، هـەروەها پەیوەنـدیی لەگـەڵ مێردەکەیـدا زۆر بـاش بـووە ، بـەلاّم فـاتیح بـەهۆی ئـەو کـارەی خۆیـەوە کوشتیو من هیچ داوایەك دەرهەقی ناگرم....

*حەمەی برای فاتیح وتی:

–من تـا ئـەم کارەساتە هیچم لەبراژنەکـەم نـەدیبوو، پەیوەندیشـی لەگـەڵ کاکم زۆر باش بوو، ئەو کورە بووە هۆکاری سەربڕینی....!

*ژنەکەی حەمەش وتی:

–بـەخوا دەمێك بـوو باسـی پەیوەنـدی خراپـی دولبـەرو دڵشـادم لـەدەمی خـەڵکی بیسـتبوو... دڵنیـام کەئـەو ماڵەکـەی لـە داخـی کاکـە فـاتیح جێنەهێشتبوو، بەڵکو شوێن دۆستە دوابڕاوەکەی کەوتبوو...!

بڕیاری بەندکردنی فاتیح...

دادگای جنایـاتی سلێمانی رۆژی 1990/11/13 بڕیـاری دا بەبەنـدکردن (حبس شدید)ی تاوانبار فاتیح بۆ ماوەی (4)ساڵ، بەلاّم کەداوای ناوبراو رەوانەی دادگای تـەمیز کرا بۆ پێداچوونەوە(دیـارە دادگـای تـەمیز خـاوەنی گەورەترین دەسەلاّتو دوابڕیارە)، لەتەمیز بەرگریی زیاتر لەبکوژەکە کراوەو ئـەو چوار ساڵەی بۆ کـراوە بەتـەنیا 2سـاڵ...چونکە ئـەو کـارەی لـەپێناوی سڕینەوەی پەڵەی عاردا کردووەو لەوەوبەر تاوانی نەکردووەو ئـەو بڕیـارەش رۆژی 1990/12//18راگەیێنراوە.

چەند پرسیارێك؟

ئەم تاوانە لەرۆژگارێکی ژیانی ئەم میللەتەدا روویداوە کە بەهۆی رژێمی دژ بەمرۆڤەوە لاوان رەوانەی سەربازی دەکران‌و لەژن‌وماڵ‌و خێزان‌و ژیانی ئاسایی دوور دەخرانەوەو کەسانی وەك (دڵشاد)ی ئەم چیرۆکە هەواڵەش جاش‌و چەك لەشان بەکوچەو کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوەودەبوونە تێکدەری ژیانی دەیان (دولبەر)، هەربۆیە لەکۆمەڵگای فرەچین‌و لەجێگایەکی پڕ لەعەشیرەتی وەك شوێنی رووداوەکە ئاسایی بوو تاوانی ئاوا رووبدات، بەڵام ئاخۆ گەر(لێکۆڵەرێکی کۆمەلایەتی) روناکبیر، گوێ لەرازی ئەو دولبەرەو هەموو دولبەرەکان بگرێ کاتێ دەدرێن بەشوو، ژیانیان چاکتر نابێ؟ ئاخۆ لەم کۆمەڵگایەدا چەند دولبەری دیکەش وەك ئاژەڵ سەربڕابن؟!!!

ئەو خوازبینییەی لەسەگرمە وەڵامدرایەوە..!

لەچیای (سەگرمە)ی سەر بەناحیەی سەنگاو، لەدوا رۆژەکانی مانگی ئابی1992دا، بۆ(داربڕین) دەیان خێزانی ئەو ناوچەیەو شاری چەمچەماڵ بەقەدپاڵی چیاکەدا هەڵدەگەران، بەدەم هەڵڕشتنی ئارەقی ماندوویتییەوە(دار) دەبڕدراو چاك دەکراو کۆمەڵ دەکرا، بە نیازی بردنەوەیان چ بۆ خۆیان‌و زستانەکەیان، یان بۆ فرۆشتنەوەو دابین کردنی نان... سێ رۆژ بوو شێخ جەبار خۆی‌و هێرۆی کچی‌و حەمە رەشیدی ژن برای لەوناوەدا شەکەتی دار بڕین بوون، بەتایبەت شێخ جەبار کەتەمەنی لەپەنجا تێپەڕی بوو، هێرۆ بالأبەرزو چاو گەش‌و بەدیمەن، بەڵام هەمیشە مات‌و نیگەران بوو، تەنانەت لەکاتی پشوو ونان خواردن‌و ئاوهێنانیشدا حەواسی ئەوەی نەبوو لەگەڵ دەستە خوشکەکانیدا بدوێ...

جەزا دەگاتە ئەو ناوە

تازە خۆر بوو بووە سەروەری ئەو ناوچەیەو تیشکی زێڕینی بەسەگرمەدا پەخش کردبوو(جەزا)و یەك دوو هاوڕێی گەیشتنە ئاستی جێگای حەوانەوەی ماڵی شێخ جەبار، هێرۆ هەر کە چاوی پێی کەوت ئەو رۆژەی چەند مانگێ لەمەوبەری بیرکەوتەوە کەچۆن ئەم جەزایە ئێخەی(بەختیار)ی خوازبێنی کەری گرتبوو پێی وتبو(گەر جارێکی تر بچیتەوە خوازبێنی هێرۆ خراپت پێ دەکەم) پاشانیش پێی وتبوو!(من ساڵێکە داوام کردووەو حەزم لێی کردووەو چاوەڕوانیم، هەردەبێ بۆ خۆم بێت)... هێرۆ خۆی

خەریك كردو ئەوانیش دووركەوتنەوەو بەچیاكەدا هەڵگەڕان، شێخ جەبار چاوی بەدوایانەوە بوو، تادووركەوتنەوە هەر دەیڕوانییە جەزا... ئەم جەزایە لەچەمچەماڵ ماڵیان دراوسێی ماڵی شێخ جەبارەو پەیوەندی نێوان ئەمانو ماڵە باوكی ئەو زۆر ئاساییە، هێندە نابێ ساڵێ لەمەوبەر چەند جارێ دایكی جەزا بۆ خوازبێنی هێرۆ چووەتە لای دایكی، بەلاَم بەوە رازی نەبوون... (جەزا) لاوێكی بالاَمامناوەندی تەمەن 22ساڵ، گەنم رەنگو چاو گەشو قژ رەش...

كوژرانی جەزا..!

رۆژی 8/26، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ جەزا بە رەمەزانی هاوڕێو ئامۆزاو هاوكاری داربڕینی دەڵێ: من دەچمە سەر چیاكەو فەریكە قەزوان دێنمو پاشان دەیانكەمە تەزبیح، رەمەزان داوای لێ دەكات بەتەنیا نەڕوات، بەلاَم بەگوێی ناكاتو دەڕواو ئەو لەسەر كانییەكە جێدەهێڵێ، دوای دوو سەعات دەنگی تەقە دێو پاشتر شوانێك ئاگاداری خەڵكی ئەو ناوە دەكات كەبریندارێك لەسەرەوە كەوتووەو حاڵی خراپە...! كەرەمەزانو شێركۆی هاوڕێیان دەگەنە سەر بریندارەكە دەبینن(جەزایە)و دوو فیشەكی كلاَشینكۆف بەر سكیو قۆڵی راستی كەوتووەو ئەوەی قۆڵی ئێسكەكەی هاڕیوەو ئەوەی سكیشی لەپشتییەوە دەرچووە... دەمو دەست پێیان دەڵێ شێخ جەبار ئەو كارەی كرد، هەروەك رەمەزانو شێركۆ لەبەردەم دادگادا دواتر باسیان كردووە جەزا پێی وتوون: كەخەریكی قەزوان كردن بووم شێخ جەبار بەخۆیو تفەنگەكەی دەستیەوە بەرەو رووم هاتووەو بەبێ هیچ قسەیەك لوولەی تفەنگی تێكردوومو چەند فیشەكێكی پێوەناوم كەدوانیان پێكاومی.. لەرێگاش كەبەرەو چەمچەماڵیان بردووە هەرهەمان شتی

وتۆتـەوەو ئەوەشـی باسـکردووە: کەشـێخ جـەبار بەرلـەوەی تەقـەم لێ بکـات وتی:

چی ئەکەی لێرە؟ بۆچی هاتووی بۆ ئەم ناوە؟

ئـیتر لـەڕێگا گیـانی دەردەچـێ‌و دواتـر لەنەخۆشـخانە دەردەکـەوێ کەفیشەکەکەی سکی تووشی خوێن بەربوونی کردووە ..!

رەمـەزان بەدادگاشـی وتـووە: مـن دەمزانـی کەجـەزای ئامۆزام پەیوەنـدی لەگەڵ هێرۆدا هەبووەو بەنیازی هێنانی بووە..

باوکی جەزا داوا تۆمار دەکات..

هـەر کەلاشـەی جـەزا دەگاتـەوە مـاڵ، هـەردوو شـایەت رەمـەزان‌و شـێرکۆ ئاگـاداری بـاوکی دەکـەن کەبەسـەرهاتەکە ئـاوابووەو ئـەویش شـکات لەشـێخ جەبار دەکات...

شێخ جەبار چی بەدادگا دەڵێت...؟

–من بێ تاوانم، لەگەڵ خێزانی خۆمداو لەگەڵ حەمە رەشیدی ژن برامدا رۆژی 8/24 چووینە ئەو ناوە بۆ داربڕین، چونکە هـەژار حـاڵین‌و پێویسـتمان بەوەیە، سێ رۆژ بوو لـەوێ بووین، نیوەڕۆی سێیەم رۆژ دوای نان خواردن لــەنزیك جێگــای کارەکەمانــەوە دانیشــتبووم دەنگــی دەســتڕێژی تەقــە دایچـڵەکاندم، پاشـان تەقەکـە نـزیکتر بـووەوە لـێم، منـیش دەسـتم دایـە تفەنگەکـەی حەمـە رەشـیدو چـەند فیشـەکێکم بەهـەوادا تەقانـد... دوای سەعاتێ شوانێ ئاگاداری کردم کەبریینداریێ داوای یارمەتی دەکات، کەئاوڕم دایـەوە دەبیـنم کـەس‌و کارەکـەم هـەموو ئـەو ناوەیـان جێهێشـتووە، منـیش لەچیاکە دابـەزیم‌و سـواری ئوتومبێـل بـووم‌و چـوومە (سـلێمانی)!!، دوای رۆژێ زانـیم کوژراوەکـە جەزایـە‌و منـیش تاوانبـار کـراوم بەکوشـتنی، دەسـت بـەجێ خـۆم دایـە دەسـتی پـۆلیس.. هـیچ ناکۆکییـەك لەنێوانمانـدا نییـەو

نەبووە، نەشم بیستووە داوای هێرۆی کچمی کردبێ، بەڵام بەرلەماوەیەك بیستم هەڕەشەی لەکوڕێك کردبوو کەهاتبووە خوازبێنی هێرۆ، من نەخۆشمو چەند جار نەشتەرگەریم بۆ کراوە، تکا دەکەم بمبەخشن..

شایەتێکی گرنگ

حەمە رەشید،هەر چۆن دیبوی بەدادگای بەڕێزی وت:

-من سەرقاڵی دار بڕین بوومو گوێم لەتەقەبوو، کەئاوڕم بۆ ئەو شوێنە دایەوە کەتەقەی لێوەکراو، (هەر 100 مەترێك دەبوو) بینیم شێخ جەبار دیارەو تفەنگەکەی منی بەدەستەوەیە، کەشوانەکە هاواری کردو ویستم بگەمە سەر بریندارەکە" بەرلەوە شێخ جەباری زاوام پێی وتم کەلەناو دارەکانەوە کەسێکی نادیار تەقەی لێ کردووەو ئەمیش بۆ بەرگری لەخۆیی رووەو سەرچاوەی تەقەکە وەڵامی داوەتەوە،منیش دەست بەجێ تفەنگەکەم لێ سەندو ژنو منداڵەکانم لەگەڵ خۆمدا بردەوەو ئەو ناوەمان جێهێشت..دوای فەحسی کلاشینکۆفەکە بۆم دەرکەوت گومان لێکراو(6)فیشەکی تەقاندووە... من بەر لەتەقەکانی شێخ جەبار گوێم لەتەقەی تر نەبوو، هەروەها چەکداری دیکەشم لەو ناوەدا نەدیبوو!

بەرگری پارێزەرەکەی

بەڕێز پارێزەری بەرگریکەر لەشێخ جەبار، رۆژی 1993/5/3 داوای دواخستنی دادگایی کردنی گومانلێکراوی کرد چونکە بەباشی خۆی بۆ بەرگریکردن ئامادەنەکردبوو، ئەوە بوو رۆژی 5/18دادگایی کردن بەئەنجام گەیەنراو پارێزەر وتی: جگە لەقسە گێڕانەوەی کوژراوەکە لەزمانی شایەتەکانەوە هیچ بەڵگەیەکی دیکە نییە بۆ کوشتنی بەئەنقەستی جەزا لەلان شیخ جەبارەوە، گومانلێکراویش ئەو کارەی بۆ بەبەرگریی لەگیانی

خۆی کردووەو گەر دادگاش قەناعەتی نییە بەئازاد کردنی تکا دەکەم بەپێی مادە(42) سزا بدرێ کە ئەویش بەرگریی رەوایە لەخۆ..

بڕیاری دادگا:

دادگای جنایاتی سلێمانی بڕیاریدا:

1-حوکم دان بەسەر شێخ جەباردا بە(15)پانزە ساڵ بەپێی ئەحکامی مادەی(405) حساب کردنی ماوەی گرتنەکەی لە1992/9/1 تاوەکو 1993./5/17

2-دەست بەسەراگرتنی تفەنگی کلاشینکۆف (کە جەزای پێ کوژراوە)و رەوانەکردنی بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ بەکارهێنانی بەپێی یاسا.

هێرۆ: وەڕستر لەرابردوو، هەمیشە مات، روو لەلاوازی، بەڵام چاوەکانی هەر گەش بوون وەکو جاران..

کەی من لەڕێی ئەوەدام ؟

نیوەڕۆی یەکجار ساردی رۆژی 1994/2/10بوو، هەوری رەش بەجاریێ ئاسمانی(سلێمانی)ی گرتبوٚوە، یەکەمجار نم نمو دواتر بەخوڕ باران دایکرد،پاش کەمێکی تر ئۆتۆمبیلەکەی پۆلیسخانە لەئاستی دەرگای بەندیخانەدا وەستاو بەپەلە پۆلیسێك دابەزیو بەهەردوو دەستی یارمەتی ئەو پیرەژنەیدا کە(5)مانگو نیوی تەواو بوو میوانی ئەم بەندیخانە دڵتەنگە بوو، ئوتومبیلەکە سەرەوخوار شۆڕبووەوە، پاسەوان دەرگای بۆ کردنەوەو پۆلیس ژنەی پێش خۆی نا، ویستی خۆ دانەوێنێ تابەدەرگا بچووكو تەنگەکەدا بڕواتە ژوورەوە، لەوڕیو بێ ئاگاییدا نێوچاوانی سرەواندە سەرەوەی دەرگاکە، واپێ دەچوو هەر بەخۆشی نەزانی بێ، کەچووە ژوورەوە دەستی برد سرکەیی سەری کەمێ داگرتو عەباکەی دایەوە بەسەریداو بەدەستەکەی دیکەشی بوخچەکەی لەبن باڵی گیر کرد، بەرلەوەی پۆلیسەکە بەژووری بەندیخانەی بسپێرێتەوە لەسەرخۆ ئاوڕێکی دایەوەو بۆی وەرچەرخا، پۆلیس خۆی گەیاندە ژێر چەتری سەردەرگاو ئەمیش بەپا وپێڵاوی لاستیکی تەڕەوە یەك دوو هەنگاوی ناو، سەری

هـەڵبڕی ڕووەو ئاسمـان، هـەروەك بیـەوێ بـارانی شـوبات بەباشـی سـیمای بشواتەوەو بەخواوەندیش بڵێ:

–ئەمـە چـی بـوو خوایـەگیان، ئەمـە چـی بـوو لەچارەی منـی قوڕبەسـەر نووسرابوو!

دەنگی پۆلیسەکە بەئاگای هێنایەوە!

–فەرموو، فەرموو سەلمەخان بچۆرە ژووری.

بەچـاوەکانی بەقسـەی کـردو مـاتو مـەلوول هـەنگاوی نـا، دەنگـی داخستنی دەرگاو قفلّ دانی رایچڵەکاند... خونچەی هاودەمی چەند رۆژو شەوەی ژووری بەندیخانەی بەچاوی فرمێسکاوییەوە لەپێشوازیدا بوو.

لەژوورەوە...

کـات بـەرەو عەسـر دەڕۆیـی... خونچە بـەدەورو خـولی سـەلمەدا دەهـاتو دەچـوو، ئـەم دیـوو ئـەو دیـوی بەعـەبا هەڵخراوەکـەی سـەلمە دەکـرد، لەتەنیشتیەوە چیچکەی کردو لەسەرخۆ پێی وت:

–خـوا ئاگـای لێیـە دایکـم بمایـە هـەر بەقـەد تـۆ خۆشـم دەویسـت، دەبـا نانەکەت بۆ گـەرم بکەمـەوە، ئاخر تۆیـەکی (60)ساڵەی لاوازو نـەخۆش کـەی بەرگەی ئەوە دەگریت دوو رۆژ نان نەخۆیت!

*ناخۆم کچم پێم ناخورێو بەری دڵم گیراوە.

–بەڵام خواش ئەمەی قبوڵ نییە.

سەلمە بۆخچەکەی تەنیشتی نایە سەر رانیو فرمێسك چووە چاوانی.

*ئەوە چییە، لەدادگا دایانیتێ؟

–ئا، کوڕە گەورەکەم لەحەوشەی دادگا دایمێ، کوێربم بۆی چەند مانگە بوومـە مایـەی دەردەسـەری بـۆ خـۆیو ژنەکـەی، وتـی دایـەگیان ئەمـە جلـی پاکی خۆتی تیایەو هەندێ کولیچەشە پـەروین بۆی کردوویت، هـەر ئەوەی

وتو گریان قوڕگی گرت، بەقوربانی بم، دیارە دڵی خەبەری پێ دابوو دایکە چارە ڕەشەکەی (8)ساڵ حوکم دەدرێ.

*ئەوەندەیان حوکم دایت؟! لەخوا بەزیادبێو ماڵیان ئاوابێ، خۆ دەڵێن ڕووداوی کوشتنی واهەیە بیست ساڵ زیاتری بەناوچەوانەوەیە.

–ئاخر هەموو قسەی باشیان کردو خۆشم پەشیمان بوومەوە ،وتم من باوکی فەرەیدوونم نەکوشتووە.

*ئێ..ئێ، چی تر، دەقەرزارم بیت ئەگەر هەموویم بۆ نەگێڕیتەوە...

–ئارامت بێ کچی خۆم، ئێستا حەواسم نییەو شەوی ئێرە دووڕو درێژە، داینێ بۆ شەو... شەوێ هەموویت بۆ باس دەکەم خونچەگیان.

ئەوەی وتو پشتیکەی چاك کردو ڕاکشا، چاوە بەقوڵاچووەکانی بڕییە سەقفە ڕەش داگەڕاوەکە.

ئاوا دادگایی کرام...

بەخەمبارییەوە چایەکەی بەردەمی تێکدا، خونچە دەستی برد کولیچەیەکی تری لەزەرفی ناو بوخچەکە دەرهێنا.

*دە ئەمەش بخۆ دایەگیان، دیارە پەروینی بووکت تۆی زۆر خۆشدەوێ کولیچەی واجوانی بۆ کردوویت.

–ئەرێ وەڵلا..ئافرەتی چاکە، ئاخر چەند ساڵە ئاگاداری ژیانی پڕ لەکلۆڵی من بوو بەدەست ئەو پیرەمێردەوە...

*دادگا چۆن بوو، وتیان چی؟

–هەر کەپیاوە ڕۆب لەبەرەکان دانیشتن، کەوتنە قسەی نێوان خۆیان، منیش لەقەفەزەکەدا چاوەڕێ بووم، یەکەمجار هەردوو دشەکەمو ڕووناکی کچم قسەیان کرد، دشە گەورەکەم وتی:

-(عەسر پێم زانی کەوەستا حەسەنی کاکم مردووە، کەچوومە ماڵیان سەلمە وای باس کرد چووەتە دەرێو هەزار دینار پارەی پێبووەو لێیان داوەو پارەکەیان بردووە، بەوە وەزعی تێك چووەو شەوێ لەماڵی خۆیان لەکاتی خەودا مردووە.. بەڵام دوای پرسەکەی ئاشکرا بوو کە براژنەکەم خنکاندویەتی، ئەوە بەقسە بڵاوبۆوە، ئێ خۆ خۆیشی دانی بەوەدا ناوە، نازانم چۆن ئەم کافرە دەستی چووە گیانی ئەو پیرەمێردە ، بەڵام ئاگاداری ئەوەشم کە(3)ساڵە بەینیان تەواو نییەو زوو زوو شەڕیان دەبوو... من داوا لەدادگا دەکەم تۆڵەی لێ بستێنێ..

*ئەی خوشکەکەی تری مێردەکەت وتی چی؟

-ئەویش بەهەمان شێوە، شکاتی خۆی کرد، وتی من ماڵەکەم لەگەڕەکی ماڵی وەستای خوالێخۆشبووی کاکمەوە نزیکە، منالی دراوسێکان خەبەریان دامێ، کەچووم تەنیا سەلمەو پەروینی بووکی لەوێ بوون، کاکیشم بەمردوویی لەجامخانەکە دانرابوو وبەتانی بەسەردا درابوو، هەروەها بەپارچە جامانەیەك دەموچاوی پێچرابوو، کەجامانەکەم لێ کردەوە لالێ بم کاکم بینی خوێن لەدەمییەوە هاتبووە دەرو سەروچاوی بەنینۆك ڕنرابوو و دانێکیشی شکابوو... بەپەلە بردیانە مزگەوتو نەیانهێشت ئاگاداری پۆلیس بکەین، ئەوە بوو دوای چەند رۆژێ لەقەبر دەرهاتو فەحس کرا..

پاشان دشەکەم وتی:

گەورەم، بکوژی کاکم سەلمە زیاتر کەسی تر نییە.

*ئەی روناك خان هەڵوێستی چۆن بوو؟ ئەویش وەك دشەکانت بوو؟

-نەوەڵڵا، ئەو کچی خۆمەو دەزانێ چل ساڵە ئەو باوکەیان کەئێستا بەجێگای خۆی گەیشتووە چ زوخاوێکی بەگەروومدا کردووە، روناك پێی وتن دایکم لەزەمانی مەلیکەوە ژنی باوکمە کەچی دڵی لێی پیسبوو، ئاخر

کـەی دایکـم لـەڕێی ئەوەدایـە، بـاوکم ژیـانی لێکردبـووە دۆزەخ، هەمیشـە جنێـوی سـووکی پـێ دەداو لێشـی دەدا، جارێکیـان فـەرهادی بـرام لـەداخا خـەریك بـوو خـۆی بکـوژێ، ئێمـە لەمنداڵییـەوە دووچـاری ئـاژاوەی نـاو ماڵەکەمان بووین.

ئەوانیتر وتیان چی؟

شەو، پۆلیسێکی ئێشکگر لەودیو دەرگاکەوە بانگی کرد:

*هیچتان پێویست نییە؟

ئـەمانیش وتیـان نـەخێرو سوپاسـیان کـرد، خونچـە گـڕی عەلادینەکـەی خۆشکردو وتی:

*باتۆزێ بتشێلم، ئەمڕو سەرمات بووەو باران لێی داوی.

–ناخونچەگیان، لێم گەڕێ وەختە دڵم دەپچڕێ... کچی خـۆم خـەمی منـت نـەبێ، خـۆمن هـەموو عـومرم هـەر لەبەندیخانـەدا بردۆتـە سـەر، باوەڕبکە چل ساڵە قەت نەم وتووە ئۆخەی.

*ئێ توخوا، ئەوانی تر وتیان چی؟

–دوای قسـەکانی رونـاکی کچـم باسـی قسـەی دکتـۆر کـرا کـە دوای لـەگۆڕ دەرهێنانـەوەی لاشـەکە نـەزانراوە چـۆن مـردووە، بـەڵام قسـەی دراوسـێو فەرەیدون کرایـەوە کەدیویانە رەنگـی پێسـتی شـین هەڵگـەڕاوە، ئینجا باسـی ئـەوە کـرا کەچـۆن منیـان بردۆتـەوە مـاڵی خـۆمـانو گێڕاومەتـەوە چـۆن کوشتومە،ئاخر دەمم شکێ کە گرتیانم قسەم کرد، بەڵام ئەمڕۆ لێی پەشیمان بوومەوە، ئینجا پیاوێکی مەحکەمە قسەی کردو چاوی بڕیە منو وتی:

(ئەم ژنە رۆژی1993/8/17مێردەکـەی خـۆی کوشـتووە، هۆکەشـی ژیـانی پڕلەئاژاوەیان بووە، خۆی لای پۆلیس دانی بەتاوانەکەیدا ناوە کەچـی ئـەمڕۆ لەقسـەکانی پاشـگەز دەبێتـەوە، کـە خنکاندوویـەتی ئـەویش بـەرگری لـەخۆی

کـردووەو بەدەسـتی خـۆی سەروچـاوی زامـدار بـووە، ئەوانـەی دیویشـیانە وتویانە شین هەڵگەڕاوە، کەواتە دەبێ سزای ڕەوای خۆی وەرگرێ).

*ئەی تۆ وتت چی؟

–هیچ، نەیانهێشت جارێ قسەبکەمەوە، ئەو قسانە ئەوەنـدەی تر ئـەژنۆی شکاندم‌و نەمتوانی بەپێوە بوەستم‌و کەوتمە لـەرزین‌و بـۆی دانیشـتم... ئیتر پارێزەرەکـەم قسـەی کـرد، بـەقوربانی دەمـی بم وەك برایـەکی دڵسـۆز دیفاعی لـێم کـرد، ئـەو پێـی وتـن (دەبـێ لـەزروفی ئـەم ژنـە بکۆڵنـەوە، هـەروەها لەهەڵسوکەوتی مێردەکەی، گەر قسەی سووکی خوالێخۆشبوو نەبووایە ئەم ئەو کارەی نـەدەکرد، مێردەکـەی سـاڵانێکی دوورو درێـژ زوڵمـی لێ کـردووە، ئەم پیرەو گوناهە، تکا دەکەم بەزەییتان پیایـدا بێتـەوەو کـەم حـوکمی بـدەن، ئێ خۆ عومریشی هیچی ئەوتۆی بەبەرەوە نەماوە تا لەبەندیخانەدا بیباتـە سەر، مناڵەکانیشی تاوانیان چییە لەماڵێکی بێ باوك‌و دایکدا بژین)

ئەوانیتر چییان بۆ دادگا تۆمار کردووە؟

*حاجی شەریفی دراوسێیان بەدادگای وتووە:

–نیوەڕۆ بانگیـان کـردم کەبچمە مزگـەوت‌و وەسـتا بشـۆم، مـن گـەلێ جار لەرێی خودا کاری وادەکـەم، لاشـەکەی بـۆنێکی ناخۆشـی لێ دەهـات، دیـاربوو لەشـەوێوە زایـە بـووە، ڕەنگـی پێسـتەکەی شـینی تـۆخ هەڵگـەڕابوو! جێگـای چنگ‌و خـوێن بەڕوویـەوە دیـار بـوو، هـەروەها دانێکـی پێشەوەشـی شـکابوو! نـازانم چـۆن مـردووە، بـەلاَم ئـەوە دەزانم کەبەمـەرگی خـواو ئاسـایی گیـانی نەسپاردووە، پێم وایە جلە پاکەکانی بەری دوای مردنی لەبەری کرابێت!!

*عەبدول، دراوسێکەی دیکەیان وتبووی:

–منـیش هـەروا دیـم، بەمـەرگی ئاسـایی نـەمردووە، منـیش وتم باخـەبـەری پۆلیس بدەین بەلاَم ژنەکەی‌و کوڕەکانی ڕازی نەبوون!

*ناهیدەی دراوسێش وتوویەتی:

-بەخوا شەو گوێم لەدەنگی شەڕو هەرایان نەبووە، بەڵام نیوەڕۆ هاواریان لێ هەڵساو زانیمان وەستا حەسەن نەماوە! کە چووین وتیان دز هاتۆتە سەرمان و لێی دراوە!!

تاوانەکە بەمجۆرە ئەنجام دراوە

درەنگانی شەو، سەلمە کەمێ سەرمای بوو، خۆی بۆ گرمۆڵە کردو وتی:

-خونچە، ئێستا تۆ لەجێی کچی منی، با هەموو شتێ بزانی، کەی من لەڕێی ئەوەدا بووم وام پێ بوترێ و کاری وابکەم، کەی دەبوو چارەنووسی عومری من بەندیخانەبێ، دیارە لەنێوچاوانم نوسرابوو، رۆڵە لەهیچمان کەم نەبوو، مناڵەکان سوێندیان بەسەرم دەخوارد، بەڵام (وەستا) هەمیشە سوکایەتی بەمن دەکرد، خەریك بوو فەرهاد لەداخا خۆی بکوژێ، حەوت مناڵم لێی هەبوو بەڵام خوا چوواریانی بۆ هێشمەوە، جاروبار دەچووینە گوندەکەمان لەلای چیای بەرانان، چەندە ئامۆژگاری باوکیان دەکرد بێ سوود بوو.. رۆژێ قسەیەکی خۆشم لێ نەدەبیست، دوای ئەوەی لەچارەم نەنوسرابوو لەنامیقی مێردی یەکەمم خێر ببینم لەیەك جیابووینەوەو نسیبم بوو بەنسیبی باوکی فەرەیدوونەوە.. ئاخ لەو عومرەی من لەگەڵیا ژیام، زۆرجار دەپاڕامەوە بەمەرگی خۆم شادبم...ئێوارەی ئەو رۆژەی رووداوەکە من و فەرهادی کوڕم لەئاهەنگی ژنهێنانی ئامۆزایەکم گەڕاینەوە، وەستا لەگەڵما گرژ بوو، نانمان خواردو لەگەڵ بووکەکەم(ژنەکەی فەرەیدوون) کەمێردەکەی لەماڵ نەبوو ئەو شەوە بۆخۆمان قسەمان دەکردو سەیری تەلەفزیۆنمان دەکرد، شەو درەنگ چووینە سەربان، لەوێ مامەوە تاکوڕەکەم و بووکەکەم خەوتن ئیتر لەسەر داوای وەستا هاتمە خوارەوەو لەجامخانەکە چوومە جێگاکەیەوە.. کەچی کەدرەنگ تر کەوت بەبێ هۆ

کەوتە جنێو پێدانم، جنێوی سووك كەهی ئەوەنین باسکرێن... ڕۆڵە ئەو خەوت و من خەو نەچووە چاوم، وەك ماخۆلانم لێهات و ئۆقرەم نەدەگرت، هەموو ساڵانی رابردوو پەنگ بوونمان لەگەڕەکداو لەناو کەس وکاردا وەك فلیم دەهاتەوە بەرچاوم... بەتایبەت ئەو جنێو پێدانەی کاری لەمێشك و ئێسقانم دەکرد، ئەو پێمی دەووت:

–تۆ خراپیت، ئەزانم چەند ساڵە بەدزی منەوە لەگەڵ نامیقی کۆنە مێردت رادەبوێری!!

جاتوخوا من لەرێگای ئەوەدام، کێ بێ شەرەفی خۆی و منالی هێندە لا هەرزان بێ.. ڕۆڵە، خەڵەفاو بوو، خوا سەری لێ تێکدابوو، ئەو شەوە دنیا خەوتبوون کەچی ئاخر شەرە هەر جوێنی پێدەدام، منیش عەقڵم لەدەست داو وتم شەرت بێ حەقی سی چل ساڵ عومری سووتاومت لێ بکەمەوە، خەوت و کەوتە پرخە پرخ، منیش چووم پەرۆیەکم هێناو خستمە سەر دەم و لووتی، کەوتە خۆ راپسکان و چنگ وەشاندن، بەڵام خوایە تۆبە سوودی نەبوو، هەناسەی لێ بڕا، بڕوام پێبکە ئا لەوکاتەدا پەشیمان بوومەوە، هەرچەند رام وەشاند، لێی پاڕامەوە بمبورێ و چاوبکاتەوە بەڵام بێ سوود بوو... مردو دامپۆشی... بەیانی زوو روانیمە کراسی بیجامەکەی بینیم خوێنی پێوەیە، خێرا گۆڕیم، فەرهاد هاتە خوارەوەو بەیانی باشی کرد، نەیدەزانی دایکی کلۆلی لەچ بەیانییەکی باشدایە!! هەروەها پەروین دابەزی و دەم و چاومی خوێندەوە، بانگم کردو وتم(دن) دەستی لێ وەشاندووە! دواتر دەمەو نیوەڕۆ مردنی وەستامان ئاشکرا کردو دەرودراوسێ داباڕین، نێژراو پرسەی بۆ دانرا، ترسی خوا لەدڵما بوو، خوایە تۆبەبێ، دواتر بەکەس و کاری ئەو، من و فەرهادو پەروین بەگرتن دراین و یەکسەر لەوێ دانم بەتاوانەکەدانا... ڕۆڵە ئەمە راستی

مەسەلەکەبوو، خۆزگە ئەوەم نەکردبا، بەڵام مناڵەکان و کەس وکارو گەڕەك ئاگادارن ئەو پیاوە چی بەمن دەکرد !!

یەکەمجار بوو خونچە بەسەرهاتی وابیبستێ، ئەو بەتۆمەتی(دزی) کردن لەبەندیخانەدا توند کرابوو، لەو ماوەیەی هاتبووە ئەوێ سەلمە راستیی مەسەلەکەی لای ئەوو کەسی تر نەدرکاندبوو... ئەوەندەی لەدەست هات کەمێکی دیکە دڵخۆشی ئەو پیرێژنە بەدبەختە بداتەوەو چاوانی لێك نێ و بۆ چەند ساتێ سەلمەو ژووری بەندیخانە جێبهێڵێ و خەو بەدنیایەکی ترەوە ببینێ... کات ببووە بەرەبەیان و سەلمە هەر دانیشتبوو، منداڵەکان بەبەرچاویا دەهاتن و دەچوون، جار جارە یەکێکیانی دەگرت و تێر لاملی ماچ دەکردن، مەلا بانگی داو هەستا بۆ نوێژ خۆی ئامادەبکات، لەگەڵ کۆتایی بانگەکەدا سەری بەرزکردەوەو لەناخەوە وتی:

-خوای گەورە، بمبورە، بەر رەحمەتی خۆتم بخە خوایە گیان.

لەپێناوی هەندەراندا
25 ساڵ زیندان !

شەوی 10/9بانگی خەوتنانی فەرموو، کەریم چووە سەر بەرماڵ نوێژی دابەست، ئافتاوی خێزانی هەستی کرد کوڕە بچکۆلەکەی لەحەوشەوە بەرەو

دەرگای دەرەوە چوو، شوێنی کەوت، بینی قاپی کراوەتەوەو منداڵەکەی بەدیار کوڕێکی بێهۆشەوە واقی وڕماوە، سەرنجی کوڕەی دا بوراوەتەوە، لێی نزیك بووەوەو بۆی دانەوییەوەو تێی ڕوانی و نەیناسی، بەزەیی پیاهاتەوە، دەستی دایە باڵی و هێزی دایە خۆی و رایکێشایە نێو حەوشەکەیان.. کەریم لەنوێژ بووەو ڕووەو حەوشە هەنگاوی نا، کە ئەو دیمەنەی بینی حەپەسا، بێ ئەوەی بدوێ یارمەتی ئافتاوی داو بەهەردووکیان کوڕەیان بەرەو ژوورەکەیان کێش کرد، ئاویان پرژاندە دەموچاوی، کەمێ هۆشی هاتەوە، کوڕە هیچی نەوت، بەترسەوە سەرنجی ژن ومێردەی دەداو ڕەنگی زەرد هەڵگەرابوو...

کەریم لێی پرسی:

–بۆ وات لێ هاتووە؟ چی قەوماوە؟!

کوڕە وەڵامی نەبوو...

ئافتاو لێی پرسی:

–خەڵکی کوێیت؟..ماڵتان لەکوێیە؟

بەدەستی ئاماژەی بۆ لای چەپ کردو بەدەنگی نزم وتی لەخوار ئێوەوەین...

کەریم وتی:

–لێی گەڕێ، هەڵسە قۆرییە چایەکە بخەرەوە سەر عەلادینەکە باگەرم بێتەوەو چایی بۆ تێکە...

هاتنی پۆلیس...

پاش ماوەیەك لەدەرگا درا، کە چوون کردیانەوە دووکوڕی تر و چەند پۆلیسێك هاتنە ژوورەوەو هەواڵی لاوەکەیان پرسی و یەکێکیان وتی:

-خاڵە گیان وتیان رزگار لێرەیە...

کەریم وەڵامی دانەوە:

-کوڕێك لێرەیە نازانین ناوی چییە، لەژوورەوەیە...

پۆلیسێك وتی:

-تەواوە، ئەوە برای ئەمانەو تاوانی کردووە، تەقەی لەدووان کردووە...

کەریم شپرزە بوو، ویستی بدوێو ئافتاو بواری نەداو وتی:

-نەکەریمو نەمن نایناسین... لەبەر قاپییەکە لەهۆش خۆی چوو بوو، بەزەییم پیایدا هاتەوەو هێنامانە ژوورەوە...ئەیەڕۆ کێی کوشتووە؟!

یەك لەکوڕەکان وتی:

-باوکی و باوەژنەکەی...

بەدەم چوونە ژوورەوە ئەوەی تریان وتی:

-خاڵە گیان ئێمە کوڕی کاك عومەری بازرگانین،ماڵمان لەخوار خۆتانەوەیە...

رزگار هەموو لەشی وەك شۆڕەبی دەلەرزیو بەبێ دەنگی تێی دەڕوانین، یەك لەپۆلیسەکان باڵی گرتو پێی وت:

-فەرموو پێشمان کەوە...

ئەوان لەماڵ دەرچوونو ئافتاو هەردوو دەستی نووساند بەسنگییەوەو وتی:

-ئاخر زەمانە... ئاخر زەمان.!

رزگار کێ بوو؟

تەمەنی 19ساڵ، خوێندکاری ئامادەیی بەشی وێژەیی بوو، رزگار یەکێ بوو لەمنداڵەکانی کاك عومەر(لە ژنی یەکەمی)، دایکی 12ساڵ لەوەوبەر بەنەخۆشییەك وەفاتی کردبوو، باوکیشی ژنێکی دیکەی هێنابووەوەو(3)

منـدالّی لیّـی بـوو بـوو، رزگـار لـەماڵێکی دیکـەدا دەژیـا کـەباوکی لەپشـت ماڵەکەی خۆیەوە بۆ ئەوو خوشكو براکانی تەرخان کردبوو، بەر لـەو شـەوەو لەو رووداو خوێناوییە بەقسەی خوشكو براکانی خۆی(رزگار) ناسروشـتیو شـپرزە حـالّ بـوو، شـەوان درەنـگ دەهاتـەوە مـالّو زۆر جـار بەگلـەیی بـوو لـەباوکی، دوای رووداوەکـەش خوشـکەکەی وتبـووی (لەدۆلأبەکەیـدا حـەبی ڤـالیۆمو دەرزیـم بینـی کەپێشـتر نەمـدیبوو بـەکاریان بهێنـیّ)... هـەروەها پەیمانی خوشکی وتبووی:

–لەوەوبـەر رزگـار وانـەبوو، نـازانم بۆچـی وای لێهـات، رووی خـۆش نەمابوو، تەنانەت کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەشی وەرگرتو دەرچوو بۆ پـۆلی شەشەم وەك سالأنی رابردوو شادمانی پێوە نەدەبینرا!

تاوان..تاوانی کوشتنی باوکی خۆی..

رزگـار راسـتو رەوان لـە لێکۆڵینـەوەی سـەرەتاییداو پـاش سـالێك چـەند رۆژێك کەمیش لە دادگادا دانی بەتاوانەکەیدا ناو هەردوو جار وتبووی:

–دوای مردنی دایکمو ژن هێنانـەوەی دووەمـی، باوکم لەگەڵماندا گۆڕاو زۆر خـراپ بـوو، مامەڵـەی لەگەڵمانـدا بـاش نـەبوو وهـیچ بایـەخێکی ئـەوتۆی پـیّ نـەدەداین، ئەوانـە کـاری لەهـەمووومان کردبـوو، مـن دەمویسـت تۆڵـەی ئەوانەی لیّ بستێنم، کەنیازی خۆم بەهـەڤاڵی برادەرم وت بەدەنگمـەوە هاتو دەمانچـەیەکی بێـدەنگی پەیـدا کـرد، ئێـوارەی ئـەو رۆژە (993/10/9) هەردووکمان چووینە مالّی باوکمو لـەویّ من چوومە ژوورەکـەیو هـەڤاڵیش لەئاودەستەکەدا دەمانچەکەی هێنایە سەرپیّو چووم لـێم وەرگرتو چووینە ژوورەکـەو پێـوەم نـا، بـەلأم ئـەو نـەمردو رێکـەوت بـەر باوەژنەکەشم کـەوتو ئـەوی کوشـت، مـن نیـازی دزینـی پـارەی بـاوکمم نـەبوو، ئـەو هەرچـەندە دەوڵەمەنـدبوو بـەلأم مـن تـەماعم نـەکردبووە پارەکـانی، دەڵـێن بۆیـە ئـەوەت

کـردووه تـا پارەکـانی بـەریتو لەگـەڵ هەڤاڵـدا بچـنە هەنـدەران، بـەڵام ئـەوە بڕیـاری ئێمـە نـەبوو، مـن هـەر دەمویسـت تۆڵـەی هەڵسـوکەوتی خـۆی لێ بکەمەوە...

دواجاریش رزگار بەدادگای وتبوو:

-ئەمە یەکەم جارە دەگیرێمو لەوەوبەر نەتاوانم کردووەو نەگیراوم..

وەڵامی برا گەورەکەی

فەرەیـدونی بـرا گـەورەی رزگـار کەپیشـەی کاسـبکار بـوو لەوەڵامەکانیـدا بەدادگای وتبوو:

-ماڵمـان جیـابوو، بـەڵام بـاوکم مەسـرەفی باشـی نـەدەکرین، رزگـار خوێندکاری ئامادەیی بوو، کەچی باوکم مانگی تەنها(30)دیناری دەدایـە بۆ خـەرجی! خـوا هەقە باوەژنەکـەمان وەك دایکمـان وابـوو، هـەموومانی خـۆش دەویسـت... نـازانم رزگـار ئـەوەی بـۆ کـرد.. کـاری هـاوڕێی خـراپ بـوو یـان تەگبیری چوونە دەرەوە...نازانم!!!

باوکی زامدار کارەساتەکە دەگێڕێتەوە..

کاك عومەر ی (55)ساڵ بە حەسرەتو ماندوێتییەوە قسەی کردبوو، ئەو بەسەرهاتی تاوانەکەی بەمجۆرە گێڕابووەوە:

-پەیوەنـدیم لەگـەڵ رزگـارو منداڵـەکانی تـر زۆر بـاش بـوو، خـەرجی و ئەرکیان لەسەر خۆم بوو، جیاوازیم نەدەکردن لەگەڵ سیانەکەی لـەزەکێ خـوا دابـوونی، زەکـێ هـەموویانی وەك جگـەر گۆشـەی خـۆی دەزانـی، ئـەو ئێوارەیـەی رووداوەکـەیان قەومانـد رزگـارو هاوڕێکـەی (کـە لەلێکۆڵینـەوەی

پـۆلیس لای دادوەر زانـیم نـاوی هەڤاڵـە) هاتنــە ماڵمـانو کـەرزگار هاتــە ژوورەکەی من(100)دینار خەڵاتی دەرچوونیم پێداو پیرۆزبایم لێکرد پاشان داوام لێکـرد، کـەرۆژی دوایـی بچـیۆ بەشـە ئاردەکـەمان وەربگرێـت...چـووە دەریۆ دوای ماوەیــەك لەگــەڵ هاوڕێکەیــدا هاتــەوەو بینــیم دەمانچــەیەکی بەدەستەوەیە، سەرم سوڕما، بیۆ ئەوەی وشـەیەك بڵـێ رووی دەمانچەی تـێ کـردم، بیۆ ئـەوەی دەنگـی تەقە ببیسـتم هەسـتم بـەدوو فیشـەك کـرد چـوونە گۆشـتمەوە، شـپرزە بـوومو دانیشـتمو خـوێن فیچـقەی کـرد... زەکـیۆ هاتـە ژوورەوەو کە خوێنەکەی منی بینـی حەپەسا، بەبینینی دەمانچـەی دەسـتی رزگار یـەکجار شپرزە بـوو، هانـای بـۆ بـرد لـێم گـەڕیۆ، بـەڵام بیۆ سـوود بـوو، هێزم دایە خۆم پەلاماری بدەمو دەمانچەکەی لیٚ بستێنم بـەڵام نـەمتوانی، ئـەو دەسـتی نایــەوە بەپەلەپیتکــەداو بەرشــانی ژنەکــەم کــەوت، بینــیم کــەوتو بێهۆش بوو، وەك شێت کەوتە دەمانچە پێوە نانەوەی منو(3) فیشـەکی تـری نـا بەدەسـتو قاچـمەوەو ژوورەکـەیان جێهێشـت... بەرچـاوم لێـڵ بـوو بـەڵام هۆشـم لای خـۆم مـابوو، بینـیم کوڕەکـەمو هـەڤاڵ چـوونە دەر... وەك وتیـان کەمنداڵە بچووکەکەم دراوسێی بانگ کردبوو و لـەو کاتـەدا کەئێمـەیان بـەرەو نەخۆشخانە بردبوو هەڤاڵیش ئەوی بەرەو کۆڵان راکێشابوو... ئەوە بـوو هـەر ئـەو شــەوە ئــەوان گــیران، دڵنیــام ئــەو دوو تاوانکــارە ویســتیان بمکــوژن تــا پارەکانم ببەنو پێی دەرچن بـۆ دەرەوەی وڵات، هـەروەها پـێم وایـە هانـدەری رزگـار بـۆ ئـەو تاوانـە هـەڤاڵی هـاوڕێی بـووە چـونکە تـەگبیری بـۆ کـردووەو دەمانچــەی بــۆ پەیــدا کــردووەو لەجیۆبــەجیۆ کردنیشــدا لـــــەگەڵیا بــوو و یارمەتی دا...

رزگار.. دوای (25)ساڵ رزگاری دەبێت..!

رۆژی 1994/9/17کـە دادگـایی رزگـار کـرا دۆسـیەی (هـەڤاڵ) جـودا کرایەوە تا سەربەخۆ دادگایی بکرێت، قەناعەتی دادگای بەرێز بەو جۆرە بوو کە رزگار ئەو کارە نامرۆڤانەیەی بۆیە کردووە تا پارەکانی باوکی ببات و لەگەڵ هاورێکەیدا بەرەو ولاتان سەری خۆیانی پێهەڵبگرن... تاوانەکە دووانە، یەکیان هەوڵی بەئەنقەست کوشتنی باوکی، دووەمیشیان کوشتنی باوەژنەکەی لەو رووداوەدا... ئەو مرۆڤێکی کوشتووەو مرۆڤێکی تریش کە باوکێتی بە(5)فیشەکەوە لەمەرگ نزیك بووەتەوە، گەر دڵسۆزانی نەخۆشخانە فریای نەکەوتنایە ئەوا ئەگەری مردنی یەکجار زۆر بووە...

کەواتە تاوانەکە هەردوو ماددەی 406و405دەیانگرێتەوەو بەپێی ئەو ماددانە حوکم بەسەر رزگار درا بەم شێوەیە:

1-زیندانی کردنی رزگار بەهەمیشەیی.

2-دەبێ لەگەڵ هەڤاڵ کەدادگایی کرا بڕی 10هەزار دینار بدەنە عومەر(باوکی رزگار)وەك قەرەبووی مادیو مەعنەوی. هەروەها بڕی دوو هەزار دینار بۆ منداڵە بچووکەکانی زەکیێ.

3-دەست بەسەرداگرتنی دەمانچە(تارق) کەو ناردنی بۆ پارێزگا...

ئەی رزگارەکانی دیکە؟!!

-راستەو بەجێیەو رەوایە کە رزگار عومەر سزای ئەو تاوانە سەختو گەورەیەی خۆی وەربگرێتو لەچوار دیواری زیندانەوە بڕوانێتە ژیانو هەندەرانو چارەنووسی...

-راستە لەژیانی ئێمەو کۆمەڵی کوردەواریدا دایكو باوك مەزننو کەمجار رێکەوتووە کوڕ دەستی بچێتە خوێنی باوکی خۆی یان کەسوکاری...

–بەلاَم داخۆ رزگارێك كە بەپلەی باش بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەرچووبێت، بۆ لێرە خۆی بەنامۆ دەزانێت!!! بۆ بەحەب بخەوێتو ئامانجی هەندەران بیت؟!!

–داخۆ سەدان رزگاری دیكەش خەونی رەنگاو رەنگ بەشەقامو باخچەو كاركردن (هەركاركردنێ بێ) لەدەرەوە نابینن؟

–لە رزگاریش بترازێت، داخۆ چەند خاوەن بڕوانامەو خاوەن ماڵو(هەندێكیان سامانیش) دەخوازن بۆی دەرچنو بەرەو فیردەوسی خەونەكانیان بكەونەڕێ....

–دەبوو نیشتمانی لەدوژمن پاك كراوە، نیشتمانی خاوەن داستانی راپەڕینو بەرەو دیموكرات، بەجۆرێ بوایە نەك (رزگارەكان) راكەن لێی، بەڵكو بۆی بێنەوە...بەلاَم نەفرەت لەشەڕ... نەفرەت لەبرسێتی.. نەفرەت....

ئەو شەوەی ئاسۆ
دەرخواردی سەگ درا..!

(ئاسۆ)ی تەمەن (27) ساڵی خێر لەخۆ نەدیو، دوای ئەوەی حەوت ساڵی رەبەق بەدەگمەن نەبووبێ دەرگای ماڵی نەترازاندبوو، حەوت ساڵی دووروودرێژ لەگەڵ دەردو نەخۆشیدا دەژیا، حەوت ساڵی تەواو ئازاری (ژێری سامناک)ی دەچەشت...

لەوەوبەر، پێش ئەوەی دووچاری ئەو دەردە بێت، ئاسۆ خوێندکارێکی هێمن و لاوێکی زیرەك و ئەندامێکی بەکەڵکی خێزانەکەی بوو، بەڵام دواتر، لەگەڵ مامەڵەی خراپ و لێدان و ئازاردان و بەسەرداکێشانی لەلایەن ئەو بێ ویژدانەوە ئاسۆ گۆڕرا... لەماوەی ئەم حەوت ساڵەی نەخۆشیدا، زۆربەی کات، زۆربەی شەوو رۆژەکانی.. ئاسۆی کڵۆڵ شێرازەی بیرکردنەوەی پچرپچڕبوون... هەستی بە بەرپرسیاری نەدەکرد، هەرگیز بڕیاری بۆ نەدەدرا، نە بڕیاری گەورەو نە بچووك .! توانا و وزەی روو لەکزی بوون، (دەرمان) بۆ ئەو سەرچاوەی ژیان بوو، پێی هێور دەبووەوەو کەمێ لەئازارەکانی کەم دەبووەوە ، هەر کەدەرمانەکەشی لێ بڕایە ئەوا بەجارێ ئۆقرەی لێ دەبڕا...ئاسۆ باش دەیزانی سوودێکی بۆ کۆمەڵەکەی و تەنانەت بۆ خێزانەکەی نییە، بگرە بۆ خۆیشی، بەڵام شایانی ئەوە بوو بژی،وەك هەر یەکێك لەو خەڵکە، وەك من و تۆ، بامن و تۆ هەرگیز تووڕەش نەبین و دەستیش لەخەڵکی نەوەشێنین..

ئاسۆ هەمیشە غەمبار بوو، گەلێ جار لەکونجی ژوورەوە بەهێمنی دادەنیشت، یان دەچووە بەر دەرگا و گەر کەسێکی وای نەدیبا ئەوا چاوە ماندووەکانی دەبڕییە(گۆیژە)وئیدی بەبالآی بەرزی چیاکەدا هەڵدەگەڕاو گەر یەکێ بیدیایە نەیدەزانی دەڕوانێتە کوێ و چی بەبیری ئاڵۆزو شپرزەیدا

دێت! جاری وایش هەبوو، ئاسۆ نەخۆشی زۆری بۆ دەهێناو تووڕە دەبوو... بەجارێ دۆو دۆشاوی تێکەڵ دەکرد!!

شەوی(25)ی حوزەیران و مەرگی ئاسۆ

دوای ڕاپەڕین، شەوێکی حوزەیرانی هاوین بوو، دایکی ئاسۆ بەر لەوەی لەگەڵ منداڵەکانی دیکەیدا بچێتە سەربان و بخەوێت، گەڕایەوە هۆڵەکەو دەستی دایە چەرچەفی بەرپێی ئاسۆو جگەر گۆشە نەخۆشەکەی داپۆشی...لەناو دەرگای ژوورەکەدا بۆی وەستاو ئاوڕێکی لێ دایەوە، تێی ڕاماو لەوە دەچوو پێی بڵێ:

– بنوو... بەقوربانت بم... خەوی خێرت بێ... بنوو، سەبەبکارت بەکۆی زوخاڵ بێت...

دایکی سەرکەوتە سەربان و لەجێگای خۆیدا ڕاکشاو (کوڕە نوقسانەکەی)لەژێر پێڵووەکانیدا خەوت و... ئاسۆش لەخوارەوە بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەستی کردبووە گەردنی خەوێکی شیرین... بەرلەوەی بنوێ (کابرای هۆڵەکە)مایەی هەموو دڵنیاییەکی ئەو بەستە زمانە بوو...!

کابرا نەخەوتبوو.. شەیتانەکان لەناو سەریدا وەك پوورەی هەنگ دەهاتن و دەچوون، پاش ئەوەی دڵنیا بوو لەوەی ئاسۆ خەوی لێ کەوتووە، هەڵسا، کەمێ ڕاما، لەسەرخۆ چووە دەرەوە،ویستی بڕیارە گلاوەکەی جێبەجێ بکات، ویستی ئاسۆی نەخۆشی بێ دەسەڵات و بێ چارە بکوژێت!! هەر بەوە دڵی دانەمرکابوو کەخۆی تێکی دابوو، دەشیویست بیکوژێت!.. ئەو مرۆڤە بکوژێ کەهەموو ڕۆژێك و هەموو شەوێك دەیبینی!...

لەو سەر گەڕایەوەو بلۆکێکی کۆنکرێتی پێ بوو، نزیك ئاسۆ بۆی وەستا، بەدەستە ڕەشەکانی بلۆکەکەی بەرز کردەوەو بەهەموو هێزێکی

خۆیەوە ئاڕاستەی سەرسنگی کرد...کورە کەمێ جولا، کڕوزەیەکی (نیوەشەو خورپێن) لە لێوەکانییەوە هاتنەدەر، ئەمجارەیان پیاوە خانەنشینە تەمەن (57)ساڵەکە وەك دڕندەیەك بلۆکەکەی سەر لەنوێ بەرز کردەوەو دای بەتەوقی سەریدا.. ئاسۆ دوا هەنسكو دواهەناسەی پێکەوە مردن..

ئاسۆ دەبرێتە ژێر زەمینەوە!.

بکوژەکە، وەك ئەوەی راوچییەکی لێهاتوو بێتو نێچیرێکی قەڵەوی چنگ کەوتبێ، پەلاماری ئاسۆی داو بەراکێشانو بەرزکردنەوە گەیاندییە ژێرزەمینەکە، لەوێ کارێکی وای کرد ئەگەر ئەستێرەکانی ئاسمانی ئەو شەوە هاوینییە بیاندیبا هاواریان دەکرد:

–نەکەیت، ئەم تاوانەش نەکەیت، ئێمە لێت خۆش نابین!..

گەر تریفەی مانگە شەویش چاوی لێ بوایە، لێی دەپاڕایەوەو دەیگووت:

–چۆن دڵت دێ، بۆلێی ناگەڕێی، ئاخر چەند چرکەیەك لەمەوبەر ڕۆحیانەتی کورە کلۆڵەکەت بەرەو ئاسمان هەڵکشا...

گەر باڵندەی نێو قەفەزیش ئاگادار بوونایە، دەگریانو دەیانووت:

–دەستی لێ مەدە، ئاخر دەمێکە ئەویش بەندی نێوقەفەزە، توخوا ئازاری جەستەی بێ گیانی مەدە..

ئەگەر، دایکە حەسرەت دیدەکەشی ئەو دیمەنەی بەچاوی خۆی بدیایە، دەیزریکاندو دەیووت:

–وای لێ مەکە دڕندە، وای لێ مەکە.. ئەمڕۆ بێ یاسبەی هەر خۆم شکاتت لێ دەکەمو دەڵێم ئەم تاوانبارە بوو یەکەمجاریش لەکوڕەکەی منی داو شێتی کرد، هەر خۆی بوو حەوت ساڵ لەمەوبەر کوڕی خوێندکاری منی شپرزە کردو مێشکی تێکدا...

ئەستێرەو تریفەی مانگو باڵندەکانو دایکی ئاسۆ ئەو تاوانبارەیان نەدی، ئەویش لەهیچیان نەسڵەمیەوەو مەرامی خۆی ئەنجامدا..

نهێنییەکانی شەوی تاوان ..

هەر کەلاشەکەی لەژێر زەمینەکە دانا، بەپەلەو بەدەروونێکی ئاڵۆزەوە سەرکەوتەوە سەرێ، لەو ساتەدا برا بچووکەکەی ئاسۆ بۆ دەست بە ئاوگەیاندن لەسەربان هاتبووە خوار، چاوی بەبکوژی براکەی کەوت، بەڵام ئەوەی بەبیردا نەهات نزیکترین کەس تاوانی وای کردبێت، ئەم خۆی خلافاندو ئەویش دوای کارەکەی چووەوە سەربان، لەموبەق دەستی دایە کێردێکی گەورەو گەڕایەوە لای جوانەمەرگی ژێرزەمینەکەو، سێ گونیەی بەتاڵیشی پێ بوو، وەك دڕندەترین بوونەوەر کەوتە لاشەی ساردەوەبووی ئاسۆ، دەستەکانی..قاچەکانی..سەری.. هەرهەموویانی لێ کردەوە، بەدەستی رەشو سوورەوە، بەورەی لەرزیوو تۆقیوەوە کوڕە بێ گوناهەکەی دابەشکرد بەسەر گونیەکاندا..!

ماڵەکەیان نزیك جادە شەستییەکە بوو، بەچەند جارێك گونیەکانی بردە دەرو بەرەو چۆڵاییەکەی بردن، لەدوورەوە سەگە هارەکان بەوەڕین پێشوازییان لێ دەکرد، ئەمیش کەلێیان نزیك دەبوەوە دیاریی دەستی پێشکەش دەکردنو دەیخستە بەردەمیان، نەیویست لەهەموو زەوی خوادا ئەو مرۆڤە قەبرێکی پێ ببرێت! هەر بۆیە دەرخواردی سەگی هاری دا !!

مەبەستی بوو بەم کارەی زامێکی هەمیشەیی بەدڵی دایكو براکانیدا بچزێ، کەلە تێکچوونو مردنەکەی کاریگەرتر بێ.. ویستی نیشانەیەکی دیکە بنێ بەتەوێڵی تاوانەکانی (سلێمانی)یەوە کەهەرگیز سڕینەوەی بۆ نەبێت...!!

گومانلێکراو کێ بوو ؟

کەسێك کەگومانی کوشتنی ئاسۆو پارچە پارچەکردنی خرابووە پاڵ، تەنیا (باوك)ی خۆی بوو.. ئەو پیاوەی بەناوی چاودێری کردنیەوە لەنزیکییەوە دەخەوت! ئەو پیاوەی ساڵی (88)ئاسۆی خوێندکاری ژێری بەلێدانێکی خراپ تێکدابوو!کاتێ دایکی ئاسۆ شکاتی لێ کرد گرتیان، رۆژی1995/2/25لەلێکۆڵینەوەدا دایکی ئاسۆ بەپۆلیسی وت:

–مێردەکەم کوڕی ناوەنجیمی شێت کرد، دوای ئەوە بەدرێژایی سێ ساڵ بەهۆی هەر شتێکەوە بووایە بەبێ هۆ جنێوی پێ دەداو لێی دەدا، کوڕەکەی من تەنیا پێنج رۆژ ماڵەکەمانی جێهێشت، کەپارەی لێ بڕابوو گەڕایەوە نێومان، ئەو شەوەی تاوانەکەی دەرهەق کرابوو من ئاگادار نەبووم، بەڵام کوڕە بچووکەکەم باوکی بەشپرزەیی دیبوو..

دواتر غەفووری زاواشم گێڕایەوەو وتی(جارێکیان مێردەکەت داوای چەکی لێ کردووم بۆ کوشتنی ئاسۆو نەمداوەتێ) ..

هەر دایکی ئاسۆ رۆژی دادگایی کردن(1995/6/24)وتی:

–ئەو بەیانییە لەخەو هەڵساین، ئاسۆ لەجێگاکەیدا نەمابوو، باوکی وتی سەعاتێ لەمەوبەر هەڵساو خۆی گۆڕیو داوای پارەی کردو وتی دەڕۆم بۆ ئێران..

دوای ماوەیەك چاوەڕوانیو گومانی خۆمان، باوکی ئاسۆ لەلای من دانی بەتاوانەکەیدا ناو وتی:

–خۆم کوشتمو کردم بەژێر گڵەوە.. ئەم نهێنییە نەدرکێنی، ئەگینا تۆش وا لێ دەکەم.. ژنەکە رزگارمان بوو لێی..

لەترسی ئەو نەمدەوێرا بەسەرهاتی ژیانو مەرگی کوڕەکەم باس بکەم، بەڵام ئێستا، دوای چوار ساڵ غەمو گریان ئەوە ئاشکرا دەکەمو داوا لەدادگا دەکەم سزای تاوانبار بدات..

هەر رۆژی دادگایی کردن، غەفووری ئاوەڵزاوای تاوانبار وتی:

–لە کۆتایی 1994دا جارێکیان لەگەڵ ژنەکەی کەدەکاتە خوشکی ژنەکەی من شەڕی بوو بوو، پێم وت هۆی ناخۆشی ئێوە دیارە نەمانو بێ سەروشوێنیی ئاسۆیە، ئەویش دانی پێداناو وتی خۆم کوشتوومەو شوێنەونم کردووە !

باوکە تاوانکارەکەش وتی:

–کوڕەکەی من مێشکی تەواو نەبوو، زۆر جار دەمبردە بەغداو پارەی زۆرم تیا خەرج دەکرد، دەرزی (مودی کیت) باشترین چارەسەر بوو بۆی، بەڵام لەشەڕی کوەیتدا ئەو دەرزیەش نەماو حاڵی بەجارێ پەرێشان بوو، ئاسۆ بەرامبەر بەخۆمانو خەڵکی گەڕەكو رێبواران رەفتاری خراپی دەنواند.. هەموو جارێ هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکردین، تەنانەت رۆژێکیان قاچی منداڵێکی شکاندو ئابڕووی بردین، ترسام یەکێکیش بکوژێت، ئەوە بوو شەوی 1991/6/10لە سەعات دوانزەو بیست دەقیقەدا لەناوم برد.. من هەرگیز تاوانم نەکردووە، بەڵام باری شێواوی ئاسۆ ئەو تاوانەی پێ کردم..

هەرچەندە لەباسی چارەسەری کوڕەدا باوکی وای وت، بەڵام پزیشکی دەروونناس روونیکردەوە کەلەو کاتەشدا ئەودەرزیە لەبازاڕدا هەبووە.

لەکونجی زیندانەوە..

باوكی ئاسۆ.. یان بكوژی كوڕی خۆی بڕیاری زیندانی كردنی بۆ ماوەی (15)ساڵ بەسەردا درا، دەشێ لەگەڵ تەواو بوونی حوكمەكەیدا كۆتایی بەژیانیشی بێت، مەرگەساتی ئەم پیاوە لەوەدایە بە زۆر دیمەن، بەزۆر قسە، بەزۆر دەنگ، بەزۆر تارمایی، بەزۆر پرسیار ،بەزۆر لەگەڵ خۆدا دوان، یان بیركردنەوەی تەنیایی..بەزۆر سەردانی خزمان.. یەك شت رووبەری مێشك و بیركردنەوەی داگیر دەكەن..

ئەویش:

بەتەنیا ئاسۆو..

مەرگی ئاسۆو..

ئەو شەوە نەگریسەی كەئاسۆ دەر خواردی سەگە هارەكان درا...

ئەودەمەی هەوری
خۆشەویستی بارانی رق دەبارێنێ

ئـەو ژوورەی تـەرخان کرابـوو بـۆ زینـدانی کردنـی ژنـان تـەنیا دوو تاوانکاری تیا بوو.. یەکیان ژنێکی تەمەن مام ناوەندیو ئەوی دیکەیان جوانێکی27 ساڵ، بەلأم بەدبەختو شپرزەو چارەڕەش..

گەرمای دوا رۆژەکانی مانگی ئاب هەردوو ژنەی سەغڵەت کردبوو، (نازە) دەروونیشی ئاگر بوو وجۆشی دەدا..

سـبەی (1998/8/31)ەو نـازە دەبرێتـە دادگـاو دەخرێتـە قەفـەزی تاوانبارییەوە...

شـەو درەنـگ بـوو... ژنـەی زینـدانی دڵنـەوایی نـازەی دەکـردو.. بـەلأم سوودی نەبوو..

ژنە پێی وت:

–کچەکەم، گوێی مەدەرێو کاری خوایە، ئەوە لەناوچەوانت نووسراوە، بەس نییە نەبوویتە هۆی کوشتنی، یان برینداركردنی ...ئەوسا وەکو منی کڵۆڵ حـوکم دەدرایـتو ئـەم ژوورە تـەنگو تـارە دەبـووە مـاڵی چـەندین ساڵت...بەس نییـە ئەوە نەقەوماو کەسوکاری ئەو وخۆتو هەموو خەڵکی هەزارو یەك قسەت پێ بڵێن..!

نـازە ویسـتی گلۆڵـەی خەمـەکانی بـۆ هـاوڕێی زینـدانی بکاتـەوەو حـەزی دەکرد تۆماری دەروونی بخاتە روو ودەرگای رازو نهێنییەکانی والأبکات...

هەڵسـاو پارچـەیەك سـەهۆڵی خسـتە ناوسـوراحیەکە... راکشـانی ژنـە ئیستێکی پێکردو خەریك بوو لەمەبەستەکەی پاشگەز بکاتەوە، ژنە هەستی پێکرد..

لەسەرخۆ وتی:

–نـازە گیـان، نـانووم پشـتم دێشـێ و تـەنیا رادەکشـێم... دەوەرە ئاوەکـە بهێنـەو بـۆمی بـاس کـە... وەرە بـزانم چـی لـەو تـەختی ناوچـەوانە رەشـەت نووسراوە... وەرەو بۆمی بگێڕەوە، بابزانم کلۆڵ نەبێت ئەو تەمەنەی تۆ هـی ئەوەیە سێ شوو ببینێ..!

–سێ بەڵێ سێ شوو، بەڵام لەسایەی هیچیاندا نەحەسامەوە..!

ژنە پەرداخەکەی لێ وەرگرت و بەدڵدانەوەوە پێی وت:

–بـەقوربانت بم، بـەختت وایکـرد، گـوێی مـەدەرێ، خـوا یەکـەو قـاپی هەزار... دەی کچەکەم خۆت قسەم بۆ بکە... دەی کچە جوانەکەم... دەی...

سۆران سەرچاوەی گرفتەکانی ژیانم بوو..!

نازە لەتەنیشتییەوە ئۆقرەی گرت و کەمێ دەستی بەسـەروقژە خاوەکەیدا هێنـا... لەگـەڵ دەربڕینـی یەکـەم رسـتەدا فرمێسـك رژایـە چاوەکانی و بەسـەر گۆنایدا جۆگەیان بەست..

–ناوم نازەیەو هەرگیز کەسـێ نـازی نەکێشاوم.. نەباوك، نـەمێرد، نـەهیچ کەسێك..

ئەوەی وت و دایە قوڵپی گریان...

ژنە راست بووەوەو دەستی گرت، بەسەرزەنشتەوە پێی وت:

بـەو خوایـەی نسـیبی هـەردووکمانی هێناوەتـە ئێـرە، گـەروا بکـەیت لێـت عاجز دەبم... چی قەوماوە، هـەتیوێك تـەڵاقی داویـت و ویسـتوتە رقـی خـۆتی پێ برێژێت... چی قەوماوە، خـۆ تنـۆکێ خـوێن لـەلووتی نـەهاتووە..کچـم بـۆ وادەکـەیت، خـوا بـەو سـەرەوە ئاگـادارە دڵـم پـێم دەڵـێ تووشـی هـیچ نابێـت و دەگەڕێیتەوە نێو کەسوکارت...

–باجی گیان، ناهەقم نییەو لێم مەگرە...زۆر منداڵ بووم، هێشـتا راسـت و چەپی خۆمم نەدەزانی، ئەوەی بەبیرمدا نـەدەهات شـووکردن بـوو، دەمویسـت بخـوێنم، بـەبینینی مامۆسـتا دڵ و دەروونم دەگەشـایەوە، بـەڵام بەختەکـەم

نەیکردو زوو دایکم مرد... حەزم دەکرد بەنازی دایکی خۆم پەروەردەبم و وەك کچانی هاوڕێم لەسێبەری دایکمدا گەورەبم، ئەو چووە جێی خۆی و باوکم هەر زوو ژنی هێنایەوەو باوەژن هاتە نێوماڵمان...

-باشە چۆن بوو لەگەڵ تۆدا، باوەجووکەی باوەژن بەزەیی لەدڵدا بووە...

لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە:

-ئەوەندە لەگەڵیا نەژیام.. باوکم لەگەڵ خۆی بردی و چوونە ئێران و نەگەڕانەوە، ئیتر بەینێ تەنیا و بەینێ لەسەر ماڵە پوورو کەسوکار بووم.. بەڵام بەر لەڕۆیشتنی باوکم بڕیاری دا بمدا بەشوو... وتی باتەنیا نەبیت...

وەك دڵی باتەوە، ژنە پێی وت:

-ئێ باشی کرد، ئەوە کەی بوو؟

-ساڵی (86) بوو، تەمەنم تەنیا پانزە ساڵ بوو...

-بەکێت کرد؟ باشە دڵت پێوە بوو...ئەی دەتناسی؟

-نەوەڵلا نەدڵم پێوەی بوو نەلەوەوبەر چارەیم دیبوو، بڕوا بکە کەباوکم وتی دەتدەمە ئەو کوڕە وەك لەسەربانێکەوە فڕێم بدەنە خوارەوە وەهابوو... جابالێتی نەشارمەوە... بادرۆت لەگەڵ نەکەم، ئێمە ماڵەکەمان لەکەنار شاربوو، ئەو ساڵە بەهارێکی خۆش بوو، کوڕانی گەڕەك بۆ سەعی کردن دەهاتنە دەشتەکەی بەرامبەر بەماڵی خۆمان، یەك لەوان سۆران بوو، سۆران دراوسێمان بوو، بەڵام هەرگیز قسەم لەگەڵ نەکردبوو... هاوڕێ کچەکانم هەموو جار دەیانووت چەند کوڕێکی جوانە... هەروەها دەیانووت زیرەکیشە، ئەها هەموو ڕۆژ سەعی دەکات...

-دیارە شەیتان تۆش سەرنجت داوەتیّ و دڵت پیایدا چووە...

-نەبەو خوا گەورەیە، منی دایك مردووی کۆستکەوتوو ئەوانەم نەدەزانی... بەڵام ڕۆژێکیان خۆی گرتمی و قسەی لەگەڵ کردم... جارێکی تریش لەپاسەکەدا هاتە لامەوەو دوای ئەوەی بەگەرمی چاك و چۆنی لەگەڵ کردم نامەیەکی پێچراوەی دامێ... لەشەرمدا نەمدەزانی چی بڵێم و...

نامەکەم شاردەوە، دواتر خوێندمەوە، چەند جارێك خوێندمەوە، سۆران نامەی خۆشەویستیو دڵداری بۆ نووسیبووم... ئیدی منیش رازی بووم... نەمزانی، نەمزانی سۆران دەبێتە سەرچاوەی هەموو گرفتێكو ژیانم لێ تێكدەدات!

شووی یەکەمم چوار ساڵ تەمەنی بوو..!

نازە روانییە سەعاتەکەی دەستی... دەیویست سەربوردەی ژیانی بەدرێژی بگێڕێتەوە، بەتایبەت لەوەوبەر کەسێکی وای شك نەبردبوو بەوردی گوێ بۆ رازەکانی شل بکات...

–باجی گیان، وەك وتم تەمەنم 15 ساڵ بوو درام بەشوو، مێردەکەم کەسێك بوو کەتا ئەو رۆژەی لێی جیابوومەوە روویەکی خۆشی پێ نەدام، ژیانی ژنو مێردیمان تەنیا چوار ساڵی بڕکرد، کوڕێکم لێی بوو بوو، ئەو کوڕە بۆ من هەموو شتێك و هەموو کەسێکم بوو، دەمویست گەورەی کەمو وەك خۆم دەمەوێ پێی بگەیەنم... بەڵام ژیانی ماڵە مێرد تەنیا چوار ساڵی خایاندو لە 89 دا تەڵاق درام، ئەو بێ ویژدانە هەرگیز گوێی لێ نەگرتمو تەڵاقی دامو سوێی گەورەی چزاند بەدڵو دەروونمدا..

–بۆ چی تەڵاقی دایت؟

–بیستبووی کەدڵم بەسۆرانەوە بووە... ئیتر دڵی لێم پیس بوو، قەت نەمدی قسەیەکی خۆشم لەگەڵ بکات... هەموو جارێ دەیووت تۆ بێکەس بوویت... تۆ حەزت لەخەڵکی کردووەو بەژنی من نابیت...

ئەوە بوو قسەی خۆیشی بردەسەر...!

–ئەی کوڕەکە، کوڕەکە چی بەسەرهات؟

–هەموو خۆشییەکم هەر ئەو منداڵە بوو، نەمدایەو لای خۆم هێشتمەوە، ئیتر بەنەبوونیو هەزار دەردەسەریی دەمگوزەراند... جا وەرە لەشارێکی واداو کچێك بەگەنجیو بەمنداڵێکەوە لێی بقەومێ...نسیب

ڕێکی خستو دوای دووساڵ کوڕێکی تر هاته داخوازیمو شووم پێ کرد، لەویش کچێکم بوو، دووبارە سۆرانی دوابڕاو هاتەوە ژیانمانەوەو لێم نەگەڕا، تەنانەت خۆی بەمێردەکەمی وتبوو کەدڵمان بەیەکەوە بووە، پێشی وتبوو کەهەرگیزاو هەرگیز دەستم لێ هەڵناگرێو بۆ من دەژێ!

–ئەی دواتر؟

–دواتر ئاژاوە کەوتە نێوانمانەوە، باوکی کچەکەم پیاوێکی پولەکیو پارەپەرست بوو، سۆران ئەوەشی دەزانی، چوو بووە لایو وتبووی تەڵاقی بدەو من دەیهێنم... هەروەها وتبووی عەیبە ژنێکت هەبێت پەیوەندی دڵداری لەگەڵ کەسێکی تردا هەبووبێت... ئیتر بە(5) هەزار دینار ڕازی کردبوو و بەتەڵاقدانی دام... تەڵاقی دامو کچەکەی بردە لای خۆی ..

–باشە سۆران نەهاتە داخوازیت؟

–بەڵێ هات... من ئەو کاتە دڵم بڵێسەی ئاگر بوو بۆ کچە سێ ساڵەکەم... دڵشکاوو دووجار بەخت سووتاو...هەرچەندە دەمزانی هۆکاری مەینەتی من سۆران بوو، دەمزانی هەر ئەو ئاگری لەخەرمانی ماڵم بەرداوە... بەڵام کەسێکی بێکەسو بێ دڵسۆز چی بکات... ناچاربووم شووی پێ بکەم... بەڵێ ساڵی (95) هێنامیو گواستمیەوە...!

ئەو شەوە شەوێکی بێ کۆتایی بوو، درێژ بوو وەك بەسەرهاتی ژیانی نازە...درێژ بوو وەك خەمەکانی نازە...

ئەو شەوە هەردوو میوانی زیندان خەو لەچاویان نەکەوت، تابەرەبەیان نازە سەربوردەی ژیانی تاڵی خۆی گێڕایەوەو ژنەش دڵنەوایی دەکرد... ئەو شەوە نازە پاشماوەی ژیانی ڕەشی خۆی بۆ ژنە گێڕایەوە... بەیانی، کاتێ دەوام دەستی پێ کرد، پۆلیس بانگی نازەی کردو پێی وت:

–خۆت ئامادەکە... تۆزێکی تر دەتبەینە دادگا...

بەزەیی دادگا...

نازە کە هێنرایەوە هۆڵی دادگا هەموو گیانی وەك شۆڕەبی بەر (با)یەکی توند دەلەرزی... نەیدەزانی تەماشای کێ بکات و لەکێ بڕوانێ..دوای دەست پێکردنی دادگایی کردن و ڕێگەدان بەپارێزەر، زۆر لەسەرخۆ پارێزەری داکۆکیەکەر لە(نازە) بەدادگای بەرێزی وت:

–لەبەر ئەوەی ئەم ئافرەتە بەستەزمانە لەژیانیدا نەبووەتە خاوەنی مێردێکی ئەوتۆ لەسایەی سێبەریدا بحەسێتەوە، هەروەها بەهۆی ئەو بارە نالەبارەوە کەنازە دوای تەلاق دان دووچاری بووەو دوای ئەوەی بەجارێ هەژاری و بێکەسی پێکەوە شالاویان بۆ هێناوە...تووشی بارێکی دەروونیی گرژو ئالۆزو وروژاو بووە، تووشی سەخت ترین ژیان بووە...

هەر بۆیە داوا لەبەرێزتان دەکەم بەرامبەر ئەو هەوڵی تاوانکردنە بیبەخشن، تکا لەبەرێزتان دەکەم بەچاوی بەزەیییەوە بڕواننە ئەم مرۆڤەو کێشەکەی، هەرچۆن هەمیشە کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵ،بەژن و پیاوەوە مەبەستی دادگا و دادوەرییە...

داوای سزادانی نازە دەکەم...

سۆران بەگرژی دەیڕوانییە نازە... بەڵام ئەو هەر سەرنجی پارێزەرەکەی دەدا کەوەك برایەکی دڵسۆزی قسەی بۆ کرد... کەدادگا ڕێگای دا بەسۆرانی شکاتکەر بدوێت و هەر کەهاتە پێشەوە، دەنگی سۆران وەك زەنگێك لەگوێی نازەدا زرنگایەوە...سۆرانی تەمەن 30 ساڵی کاسبکار وتی:

–تەنیا ساڵێك و چەند مانگێك ژنم بوو، کوڕێکمان بوو، لەکۆتایی (96)دا گرفت کەوتە نێوانمانەوە، ئەوە بوو ئیتر تەلاقم داو لەیەکتر جیابووینە... دیارە دەزانن بەرلەوەی من بیهێنم لەدوو شووی دیکەدا ناکام بووەو کەس لەگەڵیا گوزەرانی نەکردووە... ماوەیەك دوای جیابوونەوەمان هاتە دوکانەکەم... بەڕاستی سەیرم لێهات، بۆ چی هاتووەو چی لەمن دەوێ؟.. وتی بۆ نەخۆشی دەچمە بەغداو پێویستم بەیارمەتی تۆیە، منیش هەر

لەوێدا دوو هەزار دینارم دایە، چی بکەم، من بەزەییم پیایدا هاتەوە، چوزانم ئەو دەیەوێ بمکوژێ!!

ئەوە بوو چوو بوو پارەکەی دابوو بەدەمانچەیەکی کەنەدی بچووکی جۆری 7ملم، بەخۆیو دەمانچەکەیەوە چوو بووە لای فەرهادی کۆنە دراوسێیان، تکای لێکردبوو کەمنی بۆ بکوژێ، من نەفەرهادم دیوەو نەدەیناسم، بەلاّم مالّی ئاوا بێ ئەو تاوانەی نەکردو خەبەری دابوو... ئیتر ئەوە بوونازە گیراو منیش ئەمڕۆ داواکارم بەسزای توندی خۆی بگات...

*دوای قسەکانی سۆران، دادگا وەك شایەت پرسیاری لەفەرهاد کردو ئەویش راستو دروستی مەسەلەکەی بۆ گێڕانەوەو وتی:

-بەڵێ من چوومە لای بەرێوەبەری پۆلیسو هەوالّمدایەو دەمانچەکەشم دایە دەستی... بەلاّم نازە داوای کوشتنی سۆرانی نەکرد، بەڵکو وتی قاچیم بۆ بشکێنەو حەزدەکەم بەزەلیلی ببینم...

*دادگاش سوپاسی فەرهادی کرد...

نەمزانی هەوری خۆشەویستیمان بارانی رقی لێ دەبارێ...

بەشەرمەوە نازە قسەی بۆ دادگا کرد... جار جارەش تەماشای پارێزەرەکەی دەکرد، وەك ئەوەی پێی بڵێ(ئەی وانییە...تو خوا دەتۆ قسەبکە...)

نازە وتی:

- سۆران سەرچاوەی مەینەتی ژیانی من بوو، سۆران هۆکاری ئەم چارەنووسە رەشەی من بوو، نەیهێشت لەسایەی دوو مێردا بحەسێمەوەو دووجار مالّو خێزانی لێ تێك دام...

ئەو بەبێ رەزامەندی کەسوکاری خۆی منی هێنا، تەنانەت نەیهێنامە دادگاو لەدەرەوە لای مەلایەك مارەی بڕیم... ئەوە بوو تەلاّقیشی دامو کوڕەکەشی لێ سەندم...

لەئەنجامی ئەو هەموو کوێرەوەرییەدا، شەیتان هاتە مێشکمەوەو ویستم تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوەو بریندارى بکەم، ئەوە بوو تەلەفزیۆنەکەم فرۆشت‌و دەمانچەکەم کڕی...

بەڵام بڕوام پێ بکەن ئێستا بەختەوەرم کەئەو کارە سەری نەگرت‌و ناخۆشی ئەوم ناوێ...با هەر خوا هەقی منی لێ بکاتەوە...من تاوانبارنیم...بەڵام سەرم لێشێواوە...کەسێکیش سەری لێ بشێوێ نازانێ چی بکات...نازانێ....نا..

نازە ناچێتەوە زیندان...

دوای هەموو ئەو قسانە، بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵە گەورەکەدا کێشا، نازە دەیڕوانییە پارێزەرەکەو جارجارە سەیرێکی دادوەرەکانیشی دەکرد...

بینی ئەوەی ناوەراستیان جارێك بەهێواشی قسەی لەگەڵ ئەوی لای راست‌و جارێك لەگەڵ ئەوی لای چەپدا کرد...

هەموو گیانی بووە هەست‌و هەستی بووە گوێ گرتن...

مێشکی بەجارێ وروژابوو... ئۆقرەی لێ بڕابوو... زەردەخەنەی پارێزەری بەرامبەر ئاهێکی بەگیانی دا هێنایەوە...

دەنگی سەرۆکی دادگا کۆتایی بەو بێ دەنگییە هێناو.. ئەو وتی:

–بڕیارماندا بەزیندانی کردنی نازە بۆ ماوەی یەك ساڵ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی تەمەنی منداڵی و چۆنێتی کێشەکەی و لەبەرئەوەی لەوەوبەر هیچ جۆرە شکاتێکی لێنەکراوەو تاوانی لەئەستۆدانییە، بەو بڕوایەوە کەجارێکی تر ئەم ژنە بیر لەهەوڵدانی هیچ تاوانێك ناکاتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی دایکەو ژیان تائێستا یارمەتی نەداوەو رێکەوتی ئاسودەیی بۆ نەرەخساوە، ئەم بڕیارە جێبەجێ ناکرێ‌و ناخرێتە زیندانەوە...

بەمەرجێ پەیمان بدات جارێکی تر هیچ ئاژاوەیەك بۆ خۆی‌و کەسانی تر نەنێتەوە...

گەڕانەوەی زەردەخەنە..

دەروونــــی خامۆشـــی نـــازە خرۆشـــاو زەردەخەنـــە چـــووە ســـەرلێوە وشـــــکەکانی...هێشـــــتا دادوەران نەچـــــووبوونە دەرەوە خـــــۆی گەیانـــــدە پارێزەرەکەو بەگەرمی سوپاسی کرد... وتی:

–تـۆ لـەبراو بـاوکم فـەرزتری خـوا دەسـت بەباڵتـەوە بگـریٚو ناخۆشـی نەبینی...نازانم چۆن سوپاست بکەم...

ئەویش بەپێکەنینەوە پێی وت:

–دادەگیـان، گوێمـەدەریٚ، کۆمـەڵی ئێمـە هـەموو شـتێکی تیـا روودەدات، هیوادارم لەمەودوا بەختەوەربیت...

هۆڵەکە چۆڵ بوو، ئـەوەی لـەو سـاتەدا بـەبیری نازەدا هـات بڕیارێـك بـوو، بڕیـاری کڕینـی هەنـدیٚ میـوە تابچـێتەوە سـەردانی هاورێکـەی زینـدانیو بەسەرهاتی دادگایی کردنەکەی خۆی بۆ بگێڕێتەوە...

سەبەبکارم بەکۆی زوخاڵ بێت

لەگەرمـــەی زەماوەنـــدی بەیەکگەیشـــتنیاندا، کـــەدەنگی دەهـــۆڵو زوڕنـــا تێکـەڵ بـەدەنگی کچـانو کـوڕانی نێـو هەڵپـەڕکیٚ ببـوو، ئـازادی زاوا مـەلی خـەیاڵی بـۆ چـوار سـاڵ لەمەوبـەر هـەڵفڕیبوو، ئـەو ڕۆژەی هاتـەوە یـاد، کەلەیەکـەم ژوانـی بەیەکگەیشـتنداا بـەڵێنی بەشـاگوڵی خۆشەویسـتی دا، کەبەهـەر نرخێـك بێـت، دەیکـات بەهاوسـەری ژیـانی خـۆی، ئەگـەرنا ئـەو

خۆشەویستییە لەگەڵ خۆیدا دەباتە ژێر گڵەوە، ئەو کەوتبووە دەریای بیرکردنەوە، ئەو کەچوار ساڵە بۆتە هاوڕێو هاودەمی ئەو عەشقە، بەڵام دوابیرکردنەوەی، کەدواویستگەی خەمەکانی ئەو چوار ساڵەی بوو، فرمێسکی گەرمی بەختەوەری دەڕژاندە سەر رووەمەتەکانی، کاتێك ئاوڕی دایەوە لە(شاگوڵ)ی خۆشەویستی کە تارای بوکێنی پۆشیوەو لەتەکیدا دانیشتووە، وایدەزانی ئیتر تەواو هەموو ئاواتو هیواکانی هاتۆتەدی.

وێستگەکانی خۆشەویستیو بەختەوەری

ئەم پێگەیشتنە دەرگایەکی خۆشیو بەختەوەریی بەڕووی هەردووکیاندا کردەوە، بەجۆرێك ئاوێتەی خۆشەویستی یەکتربون، کەهەرگیز بیریان لەڕۆژانی رابردووش نەدەکردەوە، پێیانوابوو بەمجۆرە خۆشەویستییە، درێژە بەو ژیانە بەختەوەرییە دەدەنو تالەژیانیشدا بن دڵشاد دەبنو بەدڵنیاییەوە دەیانڕوانیە ئایندەو بەجۆرێك وەك ژنو مێردێکی گونجاو هەڵسوکەوتیان دەکرد، کەببوە جێگای سەرنجی هەموو ژنو مێردێکی گوندەکەیان، تائەو رادەیەی ئیرەییان بەم دوو هاوسەرە دەبردو حەزیان دەکرد لاسایی ئەوان بکەنەوە، بەمجۆرە شەش مانگی سەرەتای بەهاوسەرێبوونیان لەژێر چەتری بەختەوەریدا بەسەربرد، بەڵام رووداوێکی لەناکاو خۆی بۆئەم ژنو مێردە لەبۆسە نابوو، کەبەکۆتایی هاتنی ژیانیانو هەڵوەڕینی هیواو ئاواتەکانیان تەواوبوو.

ئاهەنگێكو مەرگی شاگوڵ

لەڕۆژێکی ناوەڕاستی وەرزی بەهاردابوو، ئازادو شاگوڵ بۆ زەماوەندی خزمێکی نزیکیان بانگهێشت کرابوون، دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە هەردووکیان بەدڵخۆشییەوە گەڕانەوە ماڵەوە، بێئاگابوون لەوەی ئەهریمەنی شەڕو ئاشووب رایەڵی تێکهەڵچوونی نێوان خێزانەکەیانی کێشاوە، لەگەڵ

گەیشتنیان بۆ ماڵەوە، ئازاد لەگەڵ باوكیدا بەگژیەكتردا چوونەوە، بەجۆرێك كەئارامی و دان بەخۆداگرتن كەوتە بەرتەوژمی رق و كینەو سەرەنجام ئازاد دەستی بۆ چەك بردو هەموو تورەیی و رێزو وەفاداریی خۆی بەرامبەر بەباوكی بەدەستڕێژێك هەڵڕشت، بەڵام باوكی لەم دەستڕێژە رزگاری بوو، لەجیاتی ئەو، چوار گوللەی وێڵ بەرجەستەی شاگوڵەكەی كەوت و بەدەمدا كەوتە سەرزەوییەكەو زامداری كرد، ئازاد لەترسی مەرگی خۆی و تۆڵەسەندنەوەی كەسوكاری خێزانەكەی راییكردو گوندەكەی بەجێهێشت.

هەواڵی مەرگی شاگوڵ و گەڕانەوەی ئازاد

ئازاد ناچاربوو پشت لەگوندەكەی خۆیان بكات و لەگوندێكی سەرسنووری توركیا بگیرسێتەوە، ئەم رووداوە بەجارێك ئۆقرەو ئارامی لەبەربڕیبوو، پەنجەی پەشیمانی خۆی دەگەست و داوای لێبوردنی لەشاگوڵی بەدبەختی هاوسەری دەكرد، رۆژانە لەو سەرە رێگایانەوە رێگای بەرێبواران دەگرت، بۆئەوەی هەواڵێكی ئەو بزانێت، تادواجار پاش (15 رۆژ بەسەر رووداوەكەدا هەواڵی مەرگی شاگوڵی خێزانی پێگەیشت، لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی مەرگی هاوسەرەكەی هەموو شتێك لەژیانیدا بوو بەپارچەیەك ئاگرو سەراپای جەستەی تێدا دەسووتا، سووتانێك كەدەبێت بەباڵای خۆیدا ببڕێت، لەبەر خۆیەوە بەو هەورازو نشێوەدا وەك شێت و سەرگەردانێك هاواری دەكردو دەیووت (گوڵەگیان دڵنیابە دەگەمەلات و منیش وەك تۆ سەفەری ئەو رێگایە دەگرمەبەر).. هەرچۆنێك بوو خۆی گەیاندە گۆڕستانی گوندەكەیان و دوای ئەوەی باوەشی بەگۆڕەكەی هاوسەری جوانەمەرگیدا كرد، فرمێسكەكانی بریتی بوون لەپەشیمانی و داوای لێبوردن، بەڵام تازە دوای چی، كێ گوێ لەئازادێك دەگرێت، كەرق و تورەیی و بێبەزەیی جڵەوی هۆش و بیری لێسەندو لانەیەكی پڕلەبەختەوەریی دایە بەر گڕی گوللەو هەموو واتا جوانەكانی ژیانی بەدەستی خۆی هەڵوەراندو خۆی خستە بەرنەفرەتی داب ونەریتی

کوردەواریو بەلاوێکی سەرکێشو هەڵگەڕاوە لەقودسیەتی خێزان، ناوی بووە وێردی سەرزمانی خەڵکی شارو گوندەکانی ئەم دەڤەرە، ئەو بیری کردەوە، کەتاکە ڕێگا بۆ دەربازبوون لەژیانی داهاتووی هەڵبژاردنی مەرگە، پێیوابوو مەرگ تەنیا چارەسەرێکە دەتوانێت بەیەکجاری لەم ژیانەدا ڕزگاری بکات، بەرلەوەی خۆی بکوژێت نامەیەکی لەدوای خۆیدا بۆ کەسوکاری بەجێهێشتو نووسیبوی (ئەوا منیش خۆم کوشتو جارێکی تر چاوم بەکەستان ناکەوێتەوە، داوای لێبوردن لەهەمووتان دەکەم، بەتایبەتی باوکم)، دوای نووسینی ئەم چەند دێڕە لەتەك گۆڕەکەی هاوڕێی خۆشەویستو هاوسەریدا چەند گوللەیەکی بەجەستەی خۆیەوە ناو خۆی کوشت، خەڵکی گوندەکەش بەدەنگی فیشەکەکان بەئاگاهاتن، کاتێك گەیشتن جگەلەلاشەیەکی ساردوسڕو نامەیەکی خوێناوی هیچی تریان نەبینی، هەرئەو ڕۆژە لاشەکەی ئازادیان لەتەنیشت گۆڕەکەی شاگوڵ بەخاك سپارد. ئێستا حەوت ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێت، خەڵکی ئەو ناوچەیە لەهەرکارو ڕاسپاردەیەکی ڕۆژنەیاندا ئەم وشەیەیان کردۆتە وێردی سەرزمانو دەڵێن ئاگاداربە جڵەوی بیرو هۆشت لەدەست نەدەیت.

لە کارێزە ئاو کرا بە ئاگردا !

دەشێ نزیکی تەمەنیان هێندە هۆگری یەکتری کردبن، یاخود خوێندنو خوێندنەوە کە بێجگە لە پەیوەندی خۆشكو برایەتی، رەگی قوڵی ئەو هاوڕێیەتیەی بەساتەکانی ژیانی(سامانو چرۆ)دا داکوتابێت.

سامان لەبیری روناکەوە دەیڕوانیە مەسەلەکانو چرۆش هەمیشە ئەو برا ژیرەی بە مامۆستای خۆی دەزانی..

پاش نیوەڕۆی رۆژێکی دوا دوای پاییزی گەڵا رێزان بوو،(با)یەکی سارد لەڕووی جووتە خوشكو برای دەداو وردە وردە لەگۆڕستانی گوندەکەیان نزیك دەبونەوە..چرۆ بەپرسیارێك براکەی راگرت..

–باشە گوناه نییە تاوانێکی ئاوا گەورە تەنیا بەچوار ساڵ زیندانی کردن کۆتایی پێبێت؟

سامان دەیڕوانیە گۆڕستانەکەی(کارێزە)و بەدڵیش لای قسەکانی خوشکەکەی بوو..

–دەڵێن دوێنێ جەمالی میرزاو پشتیوان مەحکەمە کراون، بەرامبەر کوشتنی(سەرگوڵ)و(قارەمان) هەریەکە چوار ساڵ دەچنە زیندانەوە..

–باشە سامان ئا ئەوە ڕەوایە؟! ئەوە کاری دادگایە..باشە لەم وڵاتەدا ئەم جۆرە کێشانە بەمەسەلەی ناموسو شەرەفو سڕینەوەی پەڵەی عارو ئالەو بابەتانە حساب دەکرێن.!

سامان ئیستێکی بۆکرد..چرۆش نزیکی راوەستا..بینی براکەی نوقمی بیرکردنەوە بووە..لێی گەڕا..پاش تاوێك بەپرسیارێك رایچڵەکاند..

– ئەوە لەکوێی؟ بیر لەچی ئەکەیتەوە؟!

– ئا لێرەدا بوو، رێك لەم شوێنەدابوو، ئێمە دە دوانزە كەسێك بووین لە خەڵكانی گوند..ئا بەو تەپۆڵكەیەدا هاتینە سەر لاشەكان..كە دەستمان دانێ هێشتا هەر گەرم بوون، هێشتا هەر خوێنیان لێدەهات..چرۆ گیان، تەواو رۆژەكەشم لەبیرە، پار رۆژی 8/5بوو، رۆژێكی یەكجار گەرم، دەوروبەری سەعات 9ی سەر لەبەیانی هەر دوای تەقەكان بەماوەیەكی كورت گەیشتینە ئێرە، بینیمان سەرگوڵ و قارەمان رۆحیان تیا نەماوە..لاشەكانیان نزیك یەكبوون، هەر دوو مەتریان نێوانبوو..

لەمزگەوتەوە تاوانەكە راگەیەنرا.!

رۆژی 2000/12/5 چرۆ دەیویست چۆنیەتی تاوانەكەو هێنانەوەی لاشەی كوژراوەكان بزانێ، دەیویست براكەی هەموو شتێكی بۆ بگێڕێتەوە..ئەویش بەنیگەرانیەوە قسەی بۆ خوشكەكەی دەكرد..

–هێشتا لەماڵەوە بووم، گوێم لەدەنگی تەقەی كلاشینكۆف بوو، دەنگەكەی كەمێك دووربوو، دیاربوو لەدەرەوەی گوندەوەبوو، پاش ماوەی نیو سەعاتێك، لەماڵ هاتمەدەر، گوێم لەبڵندگۆی مزگەوت بوو كەوتەكارو بانگەوازی دووپات دەكردەوەو دەیووت(موسوڵمانان، رەحمەتی خواتان لێبێ دوو كوژراو لەخوار گوند كەوتون و بچنە سەریان، رەحمەتتان لێبێ وان لەسەر رێی گۆڕستان، بیانگەنێ و خوای گەورە پاداشتی چاكەتان دەداتەوە)..

ئەوەی بەو بانگەوازەی زانی كەوتینە رێ، بەدەم رۆیشتنەوە لەیەكتریمان دەپرسی ئاخۆ كێبن..لەسەر چی كوژرابن...كە گەیشتینە سەریان بینیمان قارەمانی حاجی محەمەدو سەرگوڵی میرزا بوون. ئیتر هێنامانەوەو دەمەو

نیوەڕۆ برانە نەخۆشخانەی سلێمانیو هەر ئەو ڕۆژە، بەرلەوەی بانگی شێوان بدات کفنو دفن کرانو نزیك یەکتر لەگۆڕستانەکدا نێژران.

چرۆ فرمێسك لەچاوی دەهاتو لەبراکەی پرسی:

– سامان گیان، باشە تەمەنیان چەند بوو؟

– تەمەنی قارەمان بیستو سێ ساڵو هی سەرگوڵ بیستو هەشت ساڵ.

ئەو ڕۆژەی دڵیان بەیەکدا!

ڕۆژێکی بەهاری ئەو ساڵە لەزەرعاتەکەی خۆیان نزیك (خاڵخالان) سەرگوڵ خەریکی ئاودان بوو.. لەناکاوێکدا قارەمان پەیدابوو، زەویەکەی ماڵی حاجی محەمەدی باوکی قارەمان بەتەنیشت ئەوەی ئەمانەوە بوو.. گەلێك جار لەسەر زەرعات چاویان بەیەکتر کەوتبوو، بەلام یەکەمجاربوو بەتەنیا دوور لەچاوی کەسوکار پێکەوە بدوێن..

– ماندوونەبیت جوانترین کەنیشکی ئاوایی..

– ماندوو نەبیت کاك قارەمان، چۆنیت باشیت..

– کاك، کاکی چی دڵەکەم، من شەیدای جوانی تۆمو بەم نزیکانە دێمە خوازبێنیت..

وشە لەگەرووی سەرگوڵدا خنکان، هیچی بۆ نەوترا، پڕی کرد بەهەندێ کەرەسەی خۆیداو گورج ئەو ناوەی بەجێهێشت.!

ئەو شەوە خەو لەچاوی نەکەوت، هەزارو یەك پرسیار بەخەیاڵیدا هات..

– تۆبڵێی بەڕاستی بێت؟

– باشە من پێنج ساڵ لەو گەورەترم.!

– خۆ جەماڵی برام بەوە بزانێت شلکوتی عومرم دەکات!

– خوایەگیان چیبکەم؟!

چەند جارێکیتر (قارەمان) ڕێی پێدەگرت، لەناو گوندو لەسەر زەرعات خۆی نیشان دەدا.. کارێکی کرد سەرگوڵی پاکتر لەپەڕەی گوڵ، سەرگوڵی خۆشەویستی نێو کەسوکارو دەروردراوسێ دڵی باتیێو خۆشیبوێت..

بەڵام، بەر لەوادەی خوازبێنی، ڕۆژێك چووەوە ماڵیانو بەژوانی سەرگوڵەکەی شاد بوو.. بەڵام چۆن ژوانێك!

دایکە.. خەتای ئەو بوو !

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زەردو لاوازتر، بەڕەنگی پەڕیووەوە دەکەوتە بەرچاوی کەسوکارەکەی، سەرەتا دەترساو شەرمی دەکرد مەسەلەکە بەدایکی بڵێ، بەڵام لەترسی نهێنییەکەو لەترسی ئەوەی ناوسکی دیواری شەرمی ڕوخاندو پەتی ترسی قرتاندو بەدایکە دڵسۆزەکەی وت:

– دایکە گیان خەتای ئەو بوو، خوا بەو سەرەوە ئاگادارە ئەو هەڵیخەڵەتاندمو ئیشی خۆی کرد؟!

دایکی شپرزەی لێی پرسی:

– باشە سەرت لەقوڕنێیت چۆن هێناتە ماڵ؟، باشە باوانت شێوێ چۆن خۆت تەسلیم کرد!

– دایە خەتای من نەبوو، هەر دەیووت دەتهێنم، دەیووت شاییەك دەکەین ئەم کارێزەیە بەخۆیەوە نەیبینیبێ.. چوزانم، تووشی غەفڵەتی کردمو کاری خۆی کرد..

– باشە ئاگرت تێبەربێ چی لەوەی ناو سکت بکەم..

– نازانم، دایە گیان نازانم..

– بەو خوایە باوکت‌و جەماڵی برات بەمە بزانن دەتکوژن، نایەڵن رۆژێك لەژیاندا بمێنیت.. چی بکەم، سەربەگۆبەند نازانم چی بکەم.. نازانم..

بەیارمەتی‌و تەگبیری دایکی، کۆرپەکەی سەرگوڵ لەباربرا، بەڵام کێشەکە هەرمایەوە، دایکی بەناچاری مەسەلەکەی لای باوکی درکاند.. ئەویش جەماڵی لێ ئاگادارکرد.. جەمال بووە ئاگر.. دەیانویست هێوری بکەنەوەو سوودی نەبوو، ئەو هەر کڵپەی دەسەند!

پەیوەندی کرا بەکەسوکاری قارەمانەوە، بەتایبەت بەمامی‌و پشتیوانی برایەوە، بەڵام بێ سوود بوو، قارەمان نەچووە ژێری سەرگوڵ بخوازێ‌و ئاو بکرێ بەئاگردا..

رۆژی 1999/8/5، خزمانی هەردوولا کۆدەبنەوە، دەیانەوێ چارەسەری ئەو گرفتە بکەن‌و بەوەش دایك‌و باوکی کلۆڵی سەرگوڵ‌و قارەمان رزگاریان بێ..

پەلی کچەو قارەمانەکەی دەگرن‌و دەچنە دەرەوەی گوند.. لەخوار گوندەوە لەنزیك گۆڕستانەکە لەمەسەلەکە دەدوێن، سەرگوڵ بەڕەنگی زەردەوە دەڕوانێتە قارەمان، ئەویش دوای پرسیارێکی پشتیوانی برای زۆر بەبێباکی دەدوێ‌و قارەمان پێیان دەڵێت:

– درۆدەکات، من هیچ پەیوەندیم نییە لەگەڵیدا، راست ناکات‌و من نەچوومەتە جێ ژوانی‌و سکیم پڕنەکردووە، لەبەرئەوە نەدەچمە داوای‌و نەدەیهێنم..

– لەو ساتەدا سەرگوڵ دەیخواست پڕ بەدەنگی بەسەریا هاوار بکات "دەك رووت رەش بێ هەی درۆزنی بەدڕەفتار".. بەڵام ئەوی واق وڕما و هیچی بۆ نەدەوترا..

جەمالی میرزا کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو لەناکاودا تفەنگەکەی لەشانی داگرتو میلی هێنایەوەو یەكو دووانو سیان.. فیشەکی نا بەسەرو سنگو باڵی چەپی خوشکەکەیەوە، مێشکی هاڕیو خوێن جۆگەلەی بەستو دەستبەجێ گیانی سپارد..

هەموو بێدەنگو حەپەساو، هەموو بێ رەنگو بێ جووڵە، تەنیا پشتیوان نەبێ، لوولەی تفەنگەکەی دەکاتە قارەمانو چەند فیشەکێ دەنێ بەناو سکییەوەو هەناوی هەنجن هەنجن دەکات.. ئەویش لەنزیك لاشەی سەرگوڵ دەکەوێو پاش جووڵەیەکی کەم بە بێگیانی سەری لار دەکاتەوە!

سامانو چرۆ بەدەم قسەگێڕانەوەوە دەگەنە ئاستی گۆڕەکان، چرۆ گۆنا تەڕەکانی دەسڕێو چاو دەبڕێتە قەبرەکەی (سەرگوڵ)و بەبراکەی دەڵێت:

– ئەم بەستەزمانە دووجار کوژرا، دووجار روحیانەتی بێگەردی بەبەهەشت شادبووە.. هەردووجارەکە پیاو کوشتی، جاری یەکەم قارەمانو جاری دووەمیش جەمالی برای..

سامان کەدەیڕوانییە خۆری ئاوابوو، لەسەرخۆ وتی:

– نەك هەر پیاوان، بەجارێ هەموو کۆمەڵ، جەهالەتی کۆمەڵ بکوژو تاوانبارە...

بەرلەوەی وەرچەرخێنو بەرەو گوند بگەڕێنەوە چرۆ وتی:

– ئەوان بەو جۆرە چارەسەری گرفتەکەیان کردو بەوشێوەیە ئاویان کرد بەئاگردا، ئەوە بڕیاری پیاوانی کارێزە بوو.. دە ئێمەش بڕیارمانداوە هەموو رۆژانی هەینیو هەموو جەژنێ بێینو چەپکەگوڵی خۆمان بخەینە سەرگۆڕی ئەم بەدبەختە..

– ئێوە.. ئێوە کێن؟

– کچانو ژنانی هاوسۆز لەگەڵ ژیانو مەرگی سەرگوڵی خێر لەخۆنەدیو، بەڵێ.. ئێمەی ژنانی بەشمەینەت..

شەش چیرۆکی وەرگێڕراو

لەو دەمەوەی مرۆڤ خۆی ناسیوە، تاوان بچووک بێت یان گەورە، ڕوویداوە، لەهەر کۆمەڵگایەدا داب و نەریتی کۆمەڵایەتی فاکتەرن بۆ ڕوودانی تاوانەکان، ئەوەتا دەبینین و دەبیستین لەو پەڕی گۆی زەوییەوە تا ئەمپەڕی، لەوڵاتە پێشکەوتووەکانەوە تا دەگات بەوڵاتە هەژارو گەرم و دواکەوتووەکانی خۆرهەڵات، بەشێوەیەکی بەردەوام مرۆڤ تاوان بەرامبەر بەڕەگەزەکەی خۆی دەکات و دەست دەنێتە بینی ئایندەی کەسانێك کە مافی ژیانیان هەیە.

بەچاکمزانی شەش بەسەرهاتی تاوان کەلەوڵاتی (میسر)دا ڕوویانداوە بکەمە چیرۆك و لەم چاپەی (مەرگی وەنەوشە)دا جێگایان بکەمەوە، سەرچاوەی ڕووداوەکانیش ڕۆژنامەی (عالم الحوادث)ن.

ی.ن.بەرزنجی

لەپێناوی باوکی عەلی دا

ئەوسـاتە سـوتێنەرانەی(دایکـی عـەلی)لەبـەردەم بەندیخانـەی (ئـەبو غرێـب)دا دەیبردنـە سـەر، دەبوونـە ڕۆژگـاری پـڕ لـەئازارو هـەزارو یـەك شت بەمێشکە شپرزەکەیدا دەهاتن !

هەموو جارێ بەهەناسەی ساردەوە، دامێنی پاسەوان وئەوانەی دەگرت کـە لـەو زیندانـە زەبەلاحـەدا دەهاتنـەدەر، بـەڵکو ئەمـە خوایـە هـەواڵێکی مێردەکـەی بزانێـت کـە دوومانگـە بێسـەروو شـوێنە، خێـرەو مەنـدێك هـەواڵێکی پێبـدات.. لەیـەکێك لەهۆڵـەکانی (ئـەبوغرێب)دا بـاوکی عـەلی تالأودەچێ بەدەروونی وروژاویدا.. دایکی عەلی، بێجگە لە غایلەی مێردە کلۆڵەکـەی، هـەموجارێ بیرکردنـەوەی شـپرزەی دەیـبردەوە بـۆ 10سـاڵ لەوەوبەر، ئەودەمانەی لەگەڵ کەسوکارەکەیدا وەك درەختی بێ ئاو لەبەردەم هـەمان ئـەو بەندیخانەیـەدا دەچەقین وچـاوەڕێ بـوون بەعسیەکان ڕێگایـان بدەن بچنە ژوورەوە وچاوێکیان بە (مەهدی)ی برای عەلی بکەوێ .. ئەو براخۆشەویستەی کە چەندمانگێك هەر لەئەبوغرێب بەتۆمەتی سۆزداری بۆ حزبی شیوعیی لەسێدارە دراو مەرگی ئەو بووە بڵێسەی ئاگرو لەدڵی کەسو کارەکەیدا هەمیشە نێڵە نێڵیەتی ..!

بۆچی گیرا..؟

(ئـەبو عـەلی)، کـە لـە ماڵـە دڵتەنگەکەیـدا خـودا (مریـەم)و (عـەلی)ی پێدابوون، هەرکە بەجەستەی ماندووەوە دەگەڕایەوە، دەستو پەرداخی کچە گەورەکەی و ماچەکانی (عەلی) ساڵەوەختی و سینی دەستی میهرەبانەکەی ژنی دەیحەساندەوە بەگوفتاری شیرین باسوخواسی دادەمەزراند..

ئەو رۆژە، لـەڕێی فرۆکەخانـەی بەغدای نێودەوڵـەتی، ئاماژە بۆ ڕاگـرتنی تاکسییەکەی کرا، رێك لەبەردەم سەربازە ئەمریکاییەکاندا ڕاوەستا، هـەر کە سەگە پۆلیسیەکان دەور وخولی تاکسیەکەی داو کەوتنە وەڕین، سندوق و بۆنیتی پێ هەڵدرایەوە، دوای ئەوەی هەردوو دەستی پێ بەرزکرایەوە دڵنیا بوون کە بۆنی باروت لە ئوتۆمبێلەکە دێت..

ئەمانـە، ئـەو بەسـەرهاتە بـوون کـە دوای حـەفتا ڕۆژ لـە دووریـی بـاوکی عەلی، لەڕێی پارێزەرێکەوە کە بەشتێ پارەو هەزارویەك پاڕانەوەو لاڵانـەوەی دایکی عەلی، لە ئەبوغرێب لە بەدبەختی زیندانی بیستران و پاشان گەیشتن بە ژنەکەی...

باوکی عەلی گوتویـەتی (مـن هـەر بە yes،no) وەڵـام دەدانـەوەو هـەر بەزمانی خۆم داکۆکیم دەکرد و سوودی نەبوو.. خـۆم و ئوتۆمبێلەکـەم بـراین و دواتر وەرگێڕەکەیان دەیـووت تـۆ لەگـەڵ تیرۆریسـتەکانی، منـیش دەمـووت خودا بناسن، تیرۆریستی چی، بـەم ئۆتۆمبێلـە مـاڵ و منـداڵ بـەخێو دەکـەم.. ئیمامی عەلی ئاگادارە لە ئێوە زیاتر رقم لە تیرۆریسـتانە.. ئـەوان دەڵێن ئـەی بۆچـی بـۆنی بـاروت لـە ئۆتۆمبێلەکـەت هـاتووە، منـیش دەڵـێم ئـاخر ڕۆژێ لەوەو بـەر لـە (دۆرە) نزیـك تەقینـەوەیك بـووم هـەر خـوا خـۆی فریـای خـۆم و

ئۆتۆمبێلەکەم کەوت.. بەڵام هەرچییەك دەڵێم هەر بێسوودە و وا ڕۆحم دەردەچێ..!).

پارێزەرەکەی زۆر هەوڵدەدا قایلیان بکات کە باوکی عەلی بێ تاوانە و بێ سوود دەبێ... ئیدی ئەویش تاقەتی نامێنێ و دەست لەو کێشەیە هەڵدەگرێت.. دەبێ بەسێ مانگی ڕەبەق و گەرمای هاوین و زیندانی پڕ لە گۆبەنگ بە جارێ باوکی عەلی بێزار دەکات، بێزارییەك کە مەرگی خۆی بە ئاوات دەخوازێ..

تەگبیری دراوسێکەی.!

کات بە قورسی گوزەر دەکات و ڕۆژ لە هەفتەو مانگەکان لە عومری باوکی عەلی و ژنەکەی دەکەنەوەو زیندان هەر لەجێی خۆی و قاقی پێکەنینی ئەفسەر و سەربازەکانی ڕوو لە زیاد بوون دەبن... لە ساڵ نزیك دەبنەوە و هەرچیەك لە ماڵەکەیدا پارە بکات بۆ بژێوی خۆی و کوڕ و کچەکەی بۆ هامشۆی زیندان دەفرۆشرێن و تەنانەت خزم و دراوسێیەك نا مێنێ قەرز و یارمەتی نەداتە دایکی عەلی...

هەفتەی دوو سێ جار، ژنەو دوو منداڵەکەی لەسەر پارچە حەسیرێك لەبەر زینداندا ئەوق دەمێنن.. بەڵکو ئەمە خوایە و خێرەومەندێك ڕەحمی بجوڵێ و بتوانێ ئەمان بباتە دیداری ئەو بێگوناهەی ژوورەوە...

ڕۆژێك یەك لە وەرگێرە عێراقیەکان لە ئاستیاندا دەوەستێت، رادەمێنێ و پاشان سۆراخ دەکات... کە بەحاڵیان دەزانێت، ناوی تەواوی پیاوەکەیان وەردەگرێ و دەڵێ برۆن و دوو ڕۆژی تر وەرنەوە ئێرە، بۆ دووسبەی، پاش سێ سەعات چاوەڕوانی، کابرا پەیدا دەبێ و یەکسەر دەڵێ مێردەکەت

خراپ توش بووه.. خوا خۆشی دەوێن کە ئەوراقی لای ئەفسەرێکی دۆستی منە، هەرچەند زۆرم داکۆکی لێکرد، بەڵام بە دەفتەرێك دۆلار بەریدەدەن..!

ژنە زیاتر لە فریادرەسی بەرگی سەربازی لەبەر نزیك دەبێتەوەو دەڵێ (برای بەڕێزم.. دەفتەرێك چەندە..؟)

ئەویش دەڵێ (دیارە دەهەزار دۆلارە).. ئیدی دایکی عەلی بەقورگی پڕ لە گریانەوە دەڵێ قوڕی دنیا بەسەرم خۆ عەشرەتەکەم هەمووی ئەو پارەیەی پێ پەیدا ناکرێت، کابراش دەڵێت کەیفی خۆتانە، دەنا پێنج ڕۆژی تر دەگوێزرێتە بۆ بەسرەو دیتنەوەی ستەم دەبێت..!

دایکی عەلی توند ژمارە تەلەفۆنی کابرا لە چنگیدا گیردەکات و بە فرمێسکەوە ئەو ناوە بەجێدەهێڵێ.. دێتەوە لای دراوسێ هەژارەکانی و دەردی دڵی هەڵدەرێژێ .. زەینەبی دەستە خوشکی لە پەناوە پێیدەڵێت عەزیزەکەم، من تەگبیرێکت بۆ دەکەم هەرچەندە حەزناکەم ئەوەش بڵێم، بەڵام چی دەکەیت.. ڕۆحەکەم، میوانە کوێتییەکانی ماڵی (ئەبو ئەحمەد) سبەی زوو دەڕۆنەوە، دەزانی منداڵیان دەست نەکەوت بۆچی عەلی نافرۆشی پێیان، بەخوا دایکم مێردەکەت خوا یار بێ چواری ترت بۆ دروست دەکات..

یەکەم جار قسەکە وەك چەخماخە لێیدا... بەرچاوی تاریك بوو، بەڵام شەو هەر بیری لێدەکردەوەو دواجار خۆی گەیاندە ماڵی زەینەبو وتی (بڕۆ پێیان بڵێ عەلی یان دەدەمێ بەڵام لە دەهەزار یەك دۆلار کەمتر بێت نایدەم..!)

بەیانی زوو عەلی پێچایەوە.. عەلی برا.. دایکی عەلی خۆی گەیاندە نزیکترین تەلەفون .. بۆ ڕۆژی دوایی لەبەردەم زینداندا پێشوازیی لە مێردی ڕەنگ پەڕیوی کرد.. چوونەوە ماڵ، خزم و گەڕەك دابارین.. هەلهەلەی ژنە عەرەب هێندەی تر باوك و دایکەی کاس دەکرد.. باوکە دوای ساتێ بە مریەمی کچی وت کوا عەلی؟ وتی (نازانم.. لە دایکم بپرسە..)

خورپە کەوتە دڵی .. بەژنەکەی وت (کوا کولەکەی ڕۆحەکەم)؟ بە گریان وەڵامی دایەوە، ئینجا لەڕاستی مەسەلەکەی ئاگادار کرد.. وتی (ڕۆیشتن.. بردیان بۆ خەلیج..!) باوکی عەلی وەك شێت و هار ڕاپەڕی .. وەك بروسکە دەرپەڕیو وەك شێت چووە ماڵی ئەبو ئەحمەد پڕ بەوناوە هاواری کرد (ئێوەو خودا.. من خۆم دەکوژم و عەلی بهێننەوە بۆ دایکی.. خێرتان دەگات عەلی بهێننەوە..).

ونبوونی دەستەخوشکەکان

سالانێکی زۆربوو لەکۆڵانێکی چەپەکی ئەو شارەدا دەژیان، دەرگا بەدەرگاوە بوون، وەك دەڵێن لە دوو کونە گورگدا ژیانی پڕ لە کوێرەوەرییان دەبردە سەر، دراوسێی دێرینن و منداڵیان بوونەتە هاوڕێ و خوشك وبراو دایکیان بوونە دەستە خوشك و دڵ دەنێن بە دڵی یەکترەوە، گەورەی ماڵیش بوونەتە پشتوپەنای یەکتر..

رووداوێك جەرگ و دڵی سەرجەم تاکەکانی ئەو دوو خێزانە هەژارەی هێنایە ژان، بەتایبەت دایك و باوکیان، لەشەوی یەکی ئایارەوە تائێستا، وەك شێت سوراغ دەکەن و دەگەڕێن وسەر لە بنکەکانی پۆلیس دەدەن و بەرەنگی زەردەوە وەڵامی ناسیاوو نەناسیاوی شارەکەیان دەدەنەوە، ئەوانەی سۆراغی هەردوو کچە بێ سەروو شوێنەکەیان لێ دەکەن!

لەماڵی سۆزان

دایکی وتی:

کلۆڵەکەی من تەمەنی(15)بەهارە، بێجگە لە دەوامی مەکتەبەکەی یارمەتیدەرم بووە بۆ کاری رۆژانەی ئەم وێرانەیە، نزیکترین هاوڕێی ئەو(شیرین) بوو، لەگەڵ کچەکەی من لەسێی ناوەندی بوو، پێکەوە دەچوونە دەوام و هەر پێکەوەش دەهاتنەوە.. بۆ هەر کارێکی بازاڕ و چوونە دەرەوەش هەرپێکەوە بوون .. ڕەبی کوێراییم دایە، ئەو عەسرە خێرلەخۆنەدیوەکانی ئێمە هەر بەجلی مەکتەبەوە چوونە بازاڕ.. ئیتر ئەوەبوو دیارنەمان و نەماندینەوە.. لەدەوری گەڕێم، نازانم چی بەسەرهات.! ئەو کچە ڕێکوپێکەی من و شیرین بۆ نەگەڕانەوە .. دوو مانگ و نیوە ئۆقرەم لە بەربڕاوە، من و باوکە کلۆڵەکەی خەو ناچێتە چاومان و هەر بەهیوای هەواڵێکی ئەوانین .. لاڵ بم، کوا .. هەواڵ نییەو ..خەبەرێ خۆی ناکات بەم کاولبووەدا.

لەماڵی شیرین

باوکی بەچاوی تەڕەوە وتی:

. من و باوکی سۆزان، هەرپێکەوە بەیانیان زوو دەچینە سەرکار، ئێوارە بە جەستەی ماندوو وبڕێ پارەی ناو گیرفان ویەك دوو عەلاگە سەوزەومیوەوە دەگەڕێینەوە..

وەك ژنەكـەم بـۆی باسـكردم، عەسـرێكی درەنـگ، شـیرن و سـۆزان دەچـنە بـازاڕ .. ئـیتر نەهاتوونـەوە، ئـەو ڕۆژە كـە گەڕاینـەوە مـاڵ، ڕەنگـی پـەڕیوی هـەردوو دایكـی لەبـەر دەرگـا وەسـتاو خورپـەی خسـتە دڵمانـەوە.. هـەر كـە وتیـان (قـەت ئەوەنـدەیان پێنەچـووە، وا شـەوە و دیـارنین) پێكـەوە مـن و باوكی سۆزان ڕامانكرد بۆ بازاڕ.. ئەو شـەوە تا درەنگ گـەڕاین و سـۆراغیان نەبوو، نیوەشەو چووینە بنكەی پـۆلیس.. بـۆ بەیانی بەهەمان شێوە.. بەڵام دیـارنین و نـین. نـازانم چـی بكـەم، مـەرگی خـۆم بـەئاوات دەخـوازم ، ئـاخر كچەكەی من منداڵە.. ئاخر كچەكەی من لەگوڵ پاكترە.. ئاخر كچەكەم..

زوو دەگەڕێینەوە!..

كەسـۆزان دێتـە ئەمدیو و هەركـە بەشـیرین دەڵـێ(چییە ..ئامادەنـەبووی) دەمودەس خوشكە بچكۆلەكەی شیرین دەڵێ (بۆكوێ دەچی، دادە بەوخوایـە بـاوكم دەتكـوژێ.. چـۆن بـەوت نـەوتووە و دەچـیتە بـازاڕ؟!) ئـەویش دەڵێ(تۆچەنەبازی مەكە.. ئەوە دایكمە و بەوم وتووە، فەرقیان چییە)..لـەنێو دەرگـاوە ئـاوڕ لـەدایكی دەداتـەوە و دەڵـێ (زوو دەگەڕێینـەوە).. لـەدەرگا ئاوادەبن، دەستی لە نێودەستی هاوڕێكەی و ڕووەو بازاڕ..

ئەوان ون دەبن وباوكیان و پۆلیس عەوداڵی دۆزینەوەیان دەبن..

هـەر لەهەفتـەی یەكـەمی دوای دیارنـەمانیان، هـەواڵێك خـۆی دەكـات بـە ماڵـە تاریكەكانیانـدا، پێیـان دەڵـێن (هەرئـەو ئێوارەیـە كچـەكانتان چوونەتە دوكـانی عـادل).. بۆیـان دەردەكـەوێ عـادل كـوڕێكی بیسـت سـاڵە، بـەهۆی پیشـەكەیەوە كچـان ڕوو لـە دوكانەكـەی دەكـەن.. ئـەو جل وبـەرگی كچـانە دەفرۆشێ، لە گوزەرەكەیدا بەوە ناسـراوە بـەفێڵ و تەڵەكەبازی دەژی و (ڕاوە كچ) دەكات.. ئەو یەك دوو ساڵ بووە، بەشاگردیی ئەو دوكانە پڕلە ئاڵ و واڵیە گوزەراندویەتی.. باوكەكان دەچنە شوێنی (عادل)، بەڵام نییە، دەڵێن

هـەر لەسـەرەتای مانگـەوە، ئـەو کـوڕەی دراوسـێکانی بەچـاوی رقـەوە تەماشایان کردووە، دیار نەماوە!..

کەواتـە کچـەکانی ئـەمان لەگـەڵ ئـەودا ڕۆیشـتوون..! بـەڵام بـۆ کـوێ.. دیارنییە!..

لەوەو بەر ئەو دوو خێزانە هەژارە لە (پۆرسەعید)دا ناسراو نەبوون، بەڵام ئێستا گەورە و بچووکی شارەکە دەیانناسێ..

باوکی سۆزان جگەرە هـەناوی ڕەش کردۆتـەوە، هـەر کە دەگەڕێتـەوە مـاڵ ژنەکـەی بەفرمێسـکەوە پێشـوازیی لـێ دەکـات و پرسـیاری بـێوەڵام لـە سیمایاندا دەنەخشێ..

باوکی شیرین، پێنج فەرزە لەخودا دەپاڕێتەوەو سکاڵای خۆی دەگەێنێتـە پەروەردگار.. دوای هەموو نوێژێك سەرهەڵدەبڕێ و دەڵێ:

بۆکوێ چوویت هەناوبەندی جگەرم.. .لەچی ترسایت.. لـەوەی بێیتـەوە ولێتبدەم.. لە سەرچوونە دەرەوە لێتـدەم.. نـا کچـی خـۆم.. پەنجـەم هـەڵوەرێ گەر لێتدەم.. دە وەرەوە.. بۆ کوێیان بردن .. ئاخر وا دڵـم پچڕا کچەکەم.. نـا کچە عاقڵەکەم.. لێتان نادەین.. هەرگیز لێتان نادەین

سێ کچ لەسەر خوانی شەیتان !

قـەدەریان وابـوو شـەیتان لـە خشـتـەیان بـەرێت و لەسـەر خـوانی ئـەو یەکبگرنــەوە.. شــێوەیان لــە یــەکترجودا و بــەختیان وەك یــەك، شــیرازە تێکچـوونی خێـزان و هـەژاری و نەخوێنـدەواری رووەو یـەك چارەنووسـی بردن، چارەنووسی فرۆشتنی جەستەی خۆیان!

نەسرینی 19 ساڵ..

ئـەو کچـەی نەگـەیبووە بیسـت بـەهار، هەمیشـە خـەمبار و چـاوبەگریان، بەمەراقەوە بیری لەو رۆژگارە دەکردەوە کە لەگەڵ خوشکە بچووکەکەیدا لە ئامێزی پـڕ لـە سـۆزی دایك و باوکی خۆیانـدا دەژیـان، ئـەوان دەیانخوێنـد، بـاوك و دایکیـان کاریـان دەکـرد و بـۆ بەختـەوەریی جووتـە نازدارەکـەیان دەڕەنجان، بـەڵام دەسـتی قەدەری نەعلـەتی گەیشـتە ئـەو خێزانـەو رۆژێـك کـە جووتە خوشك لە خوێندن بوون، ئاگر بەربووە ماڵیـان و جەسـتەی موبارەکی دوو میهرەبانەکـەی مـاڵیش بوونـە قـەرەبرووت..! لـە بێکەسـی و ناچـاریدا چوونە ماڵی تەنیا پوورەکەیان، ئەو ماڵەش کە دووچاری هـەژاری و نەگبـەتی بوو بوو، بەتەنیا پیاوی ماڵیان سەرچاوەی بژێوی حـەوت سـەر خێزان بـوو، هەربۆیە مێردی پوورەکەیان دوای چەند رۆژێ کەوتە دەربڕینی ڕق و نـاڕازی بـوونی لـە ژیـانی ئـەو جووتـە هـەتیوە لـە ماڵەکەیانـدا..! نەسـرین نـەیتوانیی ئاواتی خوێنـدنی بهێنێتـەدی و بگـات بـە بڕوانامەیـەك کـە خـەونی سـووتاوی دایك و باوکەکەشـی بـوون، ناچار لەخوێنـدن دابـڕاو کەوتـە گـەڕان بەشـوێن کارێکـدا بـۆ پەیـداکردنی نـانی خـۆی و خوشـکەکەی، بـەڵکو ئەمـە خوایـە مێـردی پووریشــی ڕوویــەکی خۆشـیان پێبـدات و بتـوانێ ببێتـە هۆکـاری خوێندنی تاقە خوشکەکەی...

له دوكانی فرۆشتنی جلوبەرگدا كاری دەستكەوت، لە هەفتەیەك زیاتر هەڵی نەكرد، كابرای خاوەن دوكان وەك گورگی برسی دەوروخولی دەداو دەیویست نامەردانە ئەو گوڵە بژاكێنێ، وازی لەوێ هێناو كاری لەساڵۆنێكی ئارایشتگا چنگ كەوت، لەوێ (مەی)بووە هاوڕێ و هاوغەمی، ئەویش پەردەی لەڕووی ژیانی بۆ لاداو كوێرەوەریی خۆی بۆ دەگێڕایەوە...

غەریبی نێو ماڵەكەی خۆی

(مەی) تەنیا ساڵێك لە نەسرین گەورەتربوو، هەر كە دەرفەت بووایە سكاڵا یان بۆنی هەناسەی سووتاوی لێدەهات و بەزمان و چاو یەكتریان دەدوان، مەی بە هاوڕێكەی وتبوو: من نازداری ماڵ بووم، لەبەدبەختی مندا باوكی بەڕێزم تووشی شێرپەنجەبوو و ئاسمانی ماڵمان رووخاو بەمەرگی ئەو باشترین بنیادەمی ئەم سەرزەمینە لە ماڵمان برایەدەر، ماڵ تاریكبوو، ماڵ باوەپیارەی تێهات، ماڵبووە كاولبوو، دایكیشی دوای یەك دووساڵ، بەتەنێ عیبادەتی مێردە چارەتاڵەكەی دەكردو سۆزی دەدایە كوڕە ساواكەی..! ئیدی ژیانم بووە دۆزەخ، پیاوە قسەی پێ دەگوتم و ئەو بێدەنگبوو، پیاوە زوخاوی دەدامێ و ئەو بێدەنگبوو، پیاوە وەك شێت پەلاماری دەدام و لێیدەدام و ئەو هەر بێدەنگبوو.!

لەوێ ئاوابوو و لە چواردیواری ماڵەمامدا گیرسایەوە، جیاوازییەكی ئەوتۆ نەبوو لە نێوان باوەپیارەو ئامۆژندا، بۆ خۆی ژن و ئازاری ژنی دەدا، لەویش زۆری بینی، ئیدی باڵشكاو گەڕایەوە ماڵە دایك، بەڵام بڕیاریدا دەستی لە كارێ گیربێ و ببێتە (مەی) ی خاوەن كیسەو گیرفانی خۆی، بەڵكو ئەمە خوایە ئەو جووتەی رەحمێ لە دڵیاندا نەبوو كەمێ بەزەیی و سۆزی بدەنێ..

مەی ئاوا چووبووە ئارایشتگاکە، ئاواش بووە هاوڕێی نەسرینی بەخت سووتاو..

شەیتانیٚ لێیان نەگەڕا و هاتە ژیانیانەوە، ئەوشەیتانە کە ژنێکی لە خۆیان گەورەتربوو هاتە بنکلێشەیان و ڕازیی کردن واز لەو داهاتە کەمە بهێنن و بیانباتە (مەلها)یەکی شەوانەو لەویٚ بە (شادیە) یان بسپێرێت..!

شادیە.. چیرۆکێکی ون بوو...!

بەسەرسامییەوە چوونە سەر خوانی شەیتان، لەویٚ (شادیە)ش بووە دەستەخوشکیان، چیرۆکی ئەو دەیووت:

- کچی ماڵێکی ئارام، باوکی بە بازرگانی دەژیا لەئەسکەندەرییەو ئەمیش چرای ماڵ و ڕووناکیی دەروونی دایك بوو، هەموو ئاواتی دایکەکەی ئەوەبوو (شادیە) لەماڵە مێردێکی بەڕێزدا شاد بێت و ئایندە بۆی پێبکەنێت.. هەر واشبوو، چووە کەژاوەوە، بووە بووکی گۆنا ئاڵ، مێردەکەی خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبیلی قەشەنگ بوو، بەلاٚم سیٚ سەعاتیٚ دوور لە شارەکەیان دەژیان.. شادیە تەنیا مەراقیٚ هەیبوو تەواونەکردنی خوێندنەکەی بوو بەهۆی شووەوە...

سەرەتا ژیانێکی هێمن و دوای چەند مانگی تالاٚوی دەستی ماڵە خەزوور و مێردەکەشی.. ڕێزی ئەو کچە جوانە نەگیراو ئەویش ناچار بەماڵە باوکی گوت (خودا بناسن، دامتانە ماڵیٚ پڕ جوێن دەکرێم و وەك کارەکەر تەماشا دەکرێم..)..

باوکی دژی وەستاو گوتی (نامەویٚ کچی گەورەم بەتەلاٚقدراوی بێتەوە سەرم.. خۆشیت بیٚ و ترشیت بیٚ دەبیٚ هەر لەماڵە مێرددا بیت..!).

بەقسەی باوکی خۆی کرد، گەڕایەوە لای مێردەو بەشی لێدان و ئازار چەشتن بوو، سکی لێ پڕبوو، بەدووگیانیش هەرلێیدەدرا و کۆرپەی لە باربرا.. جارێکی تر چووەوە لای باوان و گوێی لێ نەگیرا، پێی گوترا (درۆ دەکەی، جانانە خۆت لە بارت بردووە.. تۆ تاوانت کردوە..)..

داوای لێکرا ماڵ بەجێبهێڵێت و رووکاتەوە مێردی بەڕێزی.. وەك سەرگەردانێ روویکردە ویستگەی شەمەندەفەر، بەڵام بۆ شارەکەی خۆی نا، بەڵکو بۆ پایتەخت، شەو بوو گەیشت، گلۆپە ئاڵ واڵاکان کوێراییان بە چاوەکانی دەهانی.. ماڵە خزمێکی دۆزییەوە، دووسێ رۆژێ داڵدەدرا، ئیدی پێی گوترا چی دی ناتوانن خانمێك بەو حاڵ و وەزعەوە بگرنە خۆ...

قەدەر بردبوویە ئەو مەلهای شەوانەیەی دوو کلۆڵەکەی تربوونە میوانی...

تا دوای نیوە شەو، هەرسێ دەبوونە هاوڕێی چارەتاڵە مەست و بێ هۆشەکان، شەوی سووریان زۆر و غەمی دڵیان زۆرترو بەردەوام.. کارەکەیان گەشەی کردو هەر بەهۆی (شەیتان)ەوە بوونە خاوەنی (شوققە)ی خۆیان، ئیدی میوانە دەست بەپارەو دیارییەکان، بەڕۆژ و شەو بەری جوانیو ئافرەتیی ئەوانیان دەچنییەوە، ناوبانگیان پەیدا کردو پۆلیس پێی زانیو کەوتنە چاودێریی خۆیان و شەیتانو میوانەکانیان..

کاتێ دەستگیرکران و برانە لێکۆڵینەوە، قسەیان هەبوو:

نەسرین گوتی:

. بەتەنیا ئاگر بەرنەبووە دایك و بابم و ماڵمان، بەڵکو بەریشبووە ژیان و یەك بەیەکی رازەکانم... بۆیە وامکرد..!

مەی گوتی:

. دایکە هەشبەسەرەکەی خۆم سەبەبکارم بوو... لەودنیاش لێی خۆشنابم و هەرخودا خۆی هەقمی لێ دەستێنێ..

شادیە گوتی:

ـ لە گوڵ پاکتربووم، مێردەکەم خێر لەخۆی نەبینێ ناردمیە سەر ئەم ڕێگایەو...

کە هەرسێکشیان زیاتر دوان... ئاهونزوڵەکانیان دەگەیاندە پەروەردگار و دەیانووت (ئەویش ژن نەبوو، شەیتان بوو شەیتان.. رەبی هەروا سووك و ریسوابێت...)

درەختی گوندەکەشمان باسی تۆ دەکەن!

ڕۆژنامەنووسەکە، بەخۆی و ریکۆرد و کامێراو پەڕە کاغەزەکانی دەستییەوە لەژووری بەرپرسی بنکەی پۆلیسەکە چاوەڕێی دوو دەستی سوورهەڵگەڕاو بەتاوان بوو... ژنێك چنگی ڕەشی نابووە گەردنی منداڵێك و جەرگی دایك و باوکی سووتاندبوو.!

"فاتن"بەڕەنگی شپرزەو جووتێ چاوی پڕ لەفرمێسکەوە بەژوورکەوت، نیشانەکانی غەم و پەشیمانی سیمایان داپۆشی بوو...

بەترس و لەرزەوە لەبەردەمی مێزی ئەفسەرەکەدا وەستا...

بەر لەقسەی ئەفسەر، ڕۆژنامەنووسەکە داوای لێکرد دابنیشێ، فاتن کەمێ نزیکبۆوە، بەڵام رووی وەرگێڕاو بە ئەفسەرەکەی گوت:

– دەتوانم کەمێ تەماشای دەرەوە بکەم؟

– بۆ نا، تەماشاکە...

لەشی دەلەرزی‌و چووە بەردەم پەنجەرەکە، بەوردی چاوەکانی بڕییە دەرەوەی بنکەکە... وەك ئەوەی بۆ دواجار ژیان و شارەکەی ببینێتەوە!

پاش تاوێ لایەوە دانیشت .. دەیویست تەماشای بکات، بەڵام ئەو چاوی دەبڕییە زەوی...

هەر کە ڕۆژنامەنووسەکە خۆی پێ ناساند، ژنە چاوەڕێی پرسیاری نەکرد و گوتی:

– من زۆرباش چارەنووسی خۆم دەزانم... دەبێ جگە لەپەتی سێدارە چ شتێك چاوەڕێی من بکات...

دوای چەند رستەیەکی ئەوو کەمێ دڵدانەوە، فاتن کەوتە هەڵڕشتنی ژیانی و ئەو تاوانەی بەر لە هەموو کەس خۆی تۆقاندبوو...

فاتن گێڕایەوەو گوتی:

– بەسەرهاتی من دووردرێژە و کۆتایی بۆ نییە، لاوێکی گوندەکەمان کە بەفەلاحەتەوە خەریکە هاتە داوام، دایانمێ، ئیدی نیشانەکرام و گەلێ بەختەوەربووم، چونکە دەمزانی دەبمە ژنی ئەو کەسەی خۆشیدەوێم، دەمزانی وەك چاوەکانی دەمپارێزێ...

من چاوەڕوانبووم تەدارەکی گواستنەوە ئامادەکەین و خەونەکانم بێنەدی، بەڵام رۆژێکیان پێی گوتم :

– دەمەویٚ لە شوێنێکی گشتیدا چاومان بەیەکتر بکەوێت... کارێکی گرنگم پێتە...

کە یەکترمان دیی، ڕووی گرژومۆنی خورپەی خستە دڵمەوە، گوتی :

– فاتن، من و تۆ بۆ یەکتر دەستنادەین و هەرگیز مارەت ناکەم و نابیتە ژنی من، فەرموو ئەمە ئەڵقەکەت و بێنە ئەوەی خۆم...

قسەکانی وەك بروسکە وابوون، لەجێی خۆم ئەوق دامام... بەچاو لێمدەپرسی(بۆ...بۆچی وادەکەی؟) هەروەك ئەوەی لە پرسیارەکەم گەیشتبیٚ، لەسەرخۆ پێی گوتم :

– هەڵسوکەوتی تۆم بەدڵ نییەو تۆ ئافرەتێکی بێناموسی!!

هەروەك ئەوەی ئاگرێك لەپووشوپەڵاش بەربیٚ، ئەو هەواڵە بەربووە یەك بەیەکی خەڵکی گوندە بچووکەکەمان، منیش دڵ پڕ لەترس و شەرمەزاری، کونجی ژوورەوەم گرت...

کەیەکێك بیویستایە لێم نزیککەوێتەوە و بمخوازیٚ هەر کە ئەو دەنگوباسەی دەبیست لێم دەتەکایەوە، ئیدی ژیانم دۆزەخ بوو ..

دەسگیرانی دووەم .!

بە پەرداخەکەی بەردەمی، کەمیٚ قورگی تەڕکردو بەسەر دەستی دیزداشەکەی بەری چاوە تەڕەکانی سڕی و کەوتەوە ئاخاوتن...

– ڕێکەوت کوڕێکی گوندێکی نزیك بە خۆمان منی بینی و شەیدام بوو، هاتە لامان و داوای کردم... دەترسام بەو قسەوباسە بزانیٚ و لێم ئاوابیٚ ... ڕازی بووم، نیشانەکرام، براژنەکەی وەك شمڵی شەڕ لێم پەیدابوو،

پەرستیاری مەڵبەندە تەندروستییەکەی گوندەکەیان بوو، خەڵکی لای ئێمەش دەچوونە لای .. دەمی هەراشی لیٚ کردمەوە و دەیووت :

– نایەڵم، بەو خودایە نایەڵم بۆ یەك شەو ببێتە ژنی ئەو شووبرا بەدبەختەم... بۆ سەری ئاسمان بەپووش گیراوە، بۆ ژن قاتی بووە... بهێڵم ئەو بیٚ ئاگایە، کۆنە بەردەستی خەڵکی بکاتە خانمی ماڵ!

کوڕە شەیدام بووبوو، تاماوەیەکی زۆر بەرگەی گرتو دەیووت باوەڕم پێتەو بەگوێی هیچ کەسی ئەم دنیایە ناکەم...

بەڵام بۆ بەدبەختی ناوچەوانە رەشەکەی من، کوڕە لەگێژنە برا، کوڕە لەخشتەبراو بڕوایان پیٚ هانی کە من کچێکی سووکم و بەکەڵکی ئەو نایەم..

رۆژێك... ئاخ لەو رۆژە شوومە، هات و گوتی: فاتن، هەرچەندە بەقەد ڕۆحم خۆشمدەویٚی، بەڵام ناهێڵن، نەك هەر بەشەر، بەڵکو درەختەکانی گوندەکەشمان باسی تۆ دەکەن... ناتوانم... فاتن ناتوانم...بمبوورە...

ئەویش رۆیی‌ولێم دوورکەوتەوە.. دەمویست ببینم، نەیدەهێشت، دەمویست بیدوێنم، تەلەفونی بەڕوومدا دادەخستەوە...

رۆژنامەنووسەکە لیٚی پرسی:

– دیارە تۆش حەزی تۆڵە سەندنەوە لەناختدا چەکەرەی کردبوو ؟

– هەڵبەت هەروا بوو، لە هەموو کەس زیاتر رقم لەبراژنەکەی بوو، ئەو دەم هەراشە، چوومە سەری و بووە شەڕو پەلاماردان، لەبنکەی پۆلیس ئاشتکراینەوە..

بەڵام تۆڵە لام بووە گەورەترین ویست، ویستم ئەمجارە جەرگی بسوتێنم، وەك جەرگی سوتاندم و نەیهێشت بەمورادی دڵم بگەم...

منداڵێکی سێ ساڵ..!

لەگەڵ خۆمدا تەگبیرم کرد بۆ هەمیشە کوڕە سێ ساڵەکە لەو پەرستیارە دووربخەمەوە و بەوەش ئاگر لەماڵ و ژیانی بەربدەم، هەروایشم کرد... گوندەکەیان سەعاتێ لێمانەوە دوور بوو، سەرلەبەیانی، ئەوکاتە دایکی لەدەوام بوو، چوومە ماڵیان و بەپاکەتێ پسکیت بێ دەنگم کردو بردمە ژوورێکی خۆیان و هەردوو دەستم نایە گەردنی و نەمهێشت هەناسە بدات و خنکاندم... دوای ئەوە منداڵەکەم کردە باوەشم و بردمە سەربانی ماڵەکەیان و لەوێوە هەڵمدایە خوارەوە، بۆ حەوشەی ماڵەکەی هاوسێیان.

– بۆ واتکرد؟

– بۆئەوەی تاوانەکەی من بشاردرێتەوە، بۆ شوێنەونی وامکرد... وامزانی بەوە کۆتایی بەتاوانەکەی من دێت.. گەڕامەوە گوندی خۆمان، دڵم ئاوی خواردەوە ، تۆڵەی خۆمم سەند...

فاتن چۆن ئاشکرابوو؟

دوو ڕۆژ دوای تاوانەکە، پۆلیس دێنە ماڵیان و فاتن دەستگیر دەکەن، چونکە:

1– کە منداڵە مردووەکە براوەتە نەخۆشخانە، زانراوە بەر لەکەوتنەخوارەوەی خنکێنراوە.

2– منداڵێکی ئەو ناوە، فاتنی دیوە کە بەشپرزەیی لەماڵەکە هاتووەتەدەرو دوورکەوتوەتەوە.

ئەمانە جگە لەگومانی دایکی منداڵە خنکاوەکەو کەسوکاری بەرامبەر بەفاتن..

پولیس هەر کە فاتن دەبەن و لەگەڵیدا دەدوێن، بەترسولەرزەکەیدا دەستبەجێ دەزانن کە بێجگە لەو کەسێکی تر تاوانکاری ئەو تاوانە نییە کە لەئاستیدا ئاوی خوڕ رادەوەستێت و گیاندار و بێ گیان بەرامبەری دێنە زمان.

شاسواری خەونەکانی ئەمیرە

ئەمیرەی شۆخو جوان، کە کچی خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، لە لەندەن لەنازو نیعمەتدا دەژیا، هاوینان بەسەردان دەهاتنەوە بۆ میسرو بۆ بەسەربردنی چەند مانگێکی پڕ لەشادی لەڤێلا رازاوەکەیاندا..ئینتەرنێت کردییە ناسیاوی کوڕەلاوێکی ولاتەکەی خۆی..یەکەمین پێکگەیشتن، بە(Chat) بەیەکتریان وت:

– من محەمەدم، تەمەنم(26)ساڵەو لە قاهیرە دەژیم، ئەندازیاری تەلارسازیم، حەز دەکەم هاوڕێت بم..

– منیش ئەمیرەم، هەر خەڵکی ولاتو شارەکەی ئێوەم، بەلام لە لەندەن دەژیم، تەمەنم(20) ساڵەو، زۆر حەز دەکەم ببمە هاوڕێی کچانو کوڕانی ولاتەکەم..خۆشحالم بەناسینت..

جاری دیکە چوونەوە سەر هێڵ، بوونە هاوڕێ، رێکەوتبوون لە چ سەعاتێکی رۆژدا، یان شەودا پەیوەندی بکەن..(چات) جوانترین ئامڕازبوو بۆ گۆڕینەوەی رازەکانیان..

ناسینی زیاتر ..!

محەمەد باسی ژیانی خۆی بۆ ئەمیرە دەکرد، ئەو بەم جۆرە خۆی پێناساند..

– من کۆلیجی ئەندازیاریی تەلارسازیم تەواو کردوە، ئێستا لە کۆمپانیایەکی خالم کار دەکەم، خێزانەکەمان سوپاس بۆ خوا دەوڵەمەندەو خاوەنی خانویەکی باشم لە گەڕەکێکی یەکجار خۆشی قاهیرە..

کچەکەش باسی خۆی بۆ دەکرد..

دەیووت:

– ڤێلاکەی ئێمەش لە(قەناتر)ە، بەهیوام هاوینێ لەوێ پێشوازیت لێ بکەم..

نیوەی شەوێ، لەکامێرای سەر کۆمپیوتەرەوە، روانینە یەکتر، محەمەد چی بینی، ئەمیرەیەکی ئەوروپی..هەر لەکچی ناو فیلم دەچوو..سەرسامیی خۆی نیشاندا بە جوانیەکەی..

– وتی:

– بەر لەدیتنت شەیدات بووم، خۆزگە شاعیر بوومایە، ئەوسا دەمزانی چ هۆنراوەیەکی وشەم وەك ملوانکە بۆ گەردنت دەهۆنییەوە..

– ئەویش وتی:

– بەخوا شەرمت لێ دەکەم، بەڵام چەند رۆژێکە منیش بەشێوازی تۆ گرفتاری ئەندێشەو سەرسوڕمان بووم، باشە ئەسمەر گیان..

– بوونە خۆشەویستی یەکتر، شەوو رۆژیان دەبژارد تا وادەی دەستخستنە نێو دەستی یەکترەوە بێت..

ئەمیرەی نازدار، خۆیدایە دەستی ئەو خۆشەویستەو قسە هەنگوینیەکانی محەمەد رازییان کرد..بەتایبەتیش کە پەروەردەی ئەو بەجۆرێ بوو ژیانی ئەوروپا نەیدابووە بەر شەپۆلی غەریزەی کوڕە سوورو سپییەکانی ئەوێ..

هەربۆیە لەخودای داوابوو زوو بگات بە محەمەدو لە نزیکەوە کلیلی دڵی خۆی بداتێ و ئەوسا بیری زیاتر لەیەکتر بکەنەوە..

محەمەد، بەر لەسەفەری ئەمیرە بەچەند رۆژێك پێی وت:

– ئەمیرە، من هەر کەهاتمەوە دێمە داوات..زەماوەندێ رێك دەخەین، کەس نەیکردبێ..دەبێتە جوانترین بووکی شارەکەم..

چی رویدا؟!

نیوەڕۆبوو گەیشتە فرۆکەخانە، بەخۆیو چەپکە گوڵی دەستیەوە، محەمەد چرکە بەچرکە ساتی چاوەڕوانی دەبژارد.. فڕۆکە گەیشتو هەموو هەستی بەپێوە بوو..ئەمیرە لەپلیکانەی فڕۆکەوە چاوی بۆ محەمەدەکەی خۆی دەگێڕا..لەدوورەوە بالآی بەرزی رایچڵەکاند..بەخوشکە بچووکەکەی وت (ئەوەتا، ئەو گوڵ بەدەستە خۆیەتی..تەماشا چەند بالآ بەرزو جوانە)..

کە بەدیدەنییان شادبوو، ئەمیرە بەباوکیو دایکیو تاقە خوشکەکەی ناساند، ئەمیش زۆر بەڕێزو ئەتەکێتەوە پێشوازی لێکردن..هەموو دڵخۆش بوون بەو هاوڕێ خانەدانەی کچە ئازیزەکەیان..

دوای دوو رۆژ چووە سەردانیان، دووبارە چەپکە گوڵو پاکەتە شیرینی نایابی بەدەستەوەبوو بۆیان..ئاخافتن دامەزرا، باس لەپرۆژە زۆرەکانی خۆی کرد..ئامارەیەکیشی بۆ ئەوە کرد کە لەسەر رێی ژنهێنانەو..دایکی ئەمیرە بەتیلەیەکی چاوو زەردەخەنەی سەر لێوەوە تەماشای مێردەکەی کرد..ئەمیرەش بەشەرمەوە سەری داخست..

چەند جارێك دەعوەتی کرد بۆ دەرەوەو لە ریستۆرانتەکاندا سوچێکیان هەڵبژارد..دەست لەناو دەستدا بوون، بەزار دەدوانو بەچاو تەواویان دەکرد، رێکەوتن لەسەر داخوازیو مارەبڕین، هەموو جارێك ئەمیرە دەیووت:

– محەمەد گیان..نابێ بەم جۆرە پارە خەرج بکەیت..دەستی پێوە بگرە، کەبووین بەماڵ پارەی زۆری منو تۆمان پێویست دەبێ..

ئەویش دەیووت:

– گوێ مەدەرێ، هەرچیم هەیە قوربانی چاوە جوانەکانی ئەمیرەخانی دەکەم..

ئێوارەیەك، دوای گەڕانەوە لە ئاهەنگی جەژنی لەدایك بوونی هاوڕێیەكی ئەمیرەدا، ئەمیرە داوای لێكرد:

– بۆ نایەیتە ماڵمان پشوویەك بدەیتو تەماشای ئەلبوومەكانم بكەیت..

ئەویش لەخوای دەویست..سەركەوتن..دانیشتن..دوای شەربەت، قوتوویەك هات كە ئەلبوومە بچووكەكانی تێدابوو، قوتوو كرایەوەو دەركەوت بەهەڵە هێنراوە، چونكە پڕیبوو لە ئاڵتوونو موتوو مورووی دایكی ئەمیرە..

هەر كە محەمەد قوتووەی بینی چاوی ئاوی كردو رەنگی گۆڕدرا، دڵی كەوتە پەلەپەل..تەنانەت عارەق بە دەموچاویدا هاتە خوارەوە..بێ ئەوەی ئەمیرە هەستی پێ بكات..ئەمیرە داوای لێبوردنی كردو چوو بیگۆڕێ بەقوتووی ئەلبوومەكان..لەگەڵ چوونە دەرەوەیدا، ئەندازیار بەرنامەی دانا، نیو پەرداخ شەربەتەكەی بەردەمی كرد بە پانتۆڵەكەیدا..خۆی شپرزەكرد، ئەمیرەو وێنەكان گەڕانەوە، بینی پەشۆكاوە، وتی(گوێ مەدەرێ خۆم رشتم..خەتای خۆم بوو)..ئەمیرە وتی(با پەڕۆیەكی تەڕ بێنمو بۆتی خاوێن بكەمەوە)..

محەمەد وتی(نا خۆشەویستەكەم، پێوەی دیار دەبێو لێرەشەوە مەوعیدی گرنگم هەیە. گەر ئەرك نەبێ هانێ سویچەكەم پانتۆڵێكی نوێ لە ئۆتۆمبیلەكەمدایەو دابەزەو بۆم بێنە..!)..

ئەو ئاوابوو..ئەمیش رایكرد بۆ ژوورەكەی دیو لەگەڕانێكی خێرادا قوتووی ئاڵتوونەكەی دۆزییەوە، زۆربەی زۆری كردە ناو جانتاكەی دەستیەوە..ئیدی بەر لەگەڕانەوەی ئەمیرە چووە نێو دەرگای سەرەكی ماڵەكەیان، ئەمیرە هاتو ئەمیش پێی وت:

ئەمیرە گیان بمبەخشە بیرمكەوتەوە پانتۆڵەكەم داگرتووە، ئەرك بوو بۆ تۆ هەردوو چاوم..قەیناكە لەبەر مەوعیدەكەم من دەڕۆم..

بەوپەڕی رێزەوە شوێنی محەمەد كەوت تا لای ئوتومبیلەكەو بە(بای بای)ی هەردووكیان، كۆتاییان بەو سەردانە هات..

محەمەد كابوو؟!

ئەميرە دواى سەعاتێ ويستى هەواڵى خۆشەويستەكەى بزانێ، تەلەفۆن داخرابوو، جارێكى ترو دووانو سيان. شەو درەنگى كردو هەر بێ وەڵام بوو، خورپەيەك هات بەدڵى بێگەرديدا، بەپەلە رايكرد بۆ ژوورى نوستنى دايكو باوكى، بينى ئاڵتونەكان براون..زمانى شكاو لەپەلوپۆ كەوت..بەپەشێو حاڵى بيرى لەشاسوارەكەى دەكردەوە، ئەمەبوو ئەو كوڕەى دڵم دايە، بيركردنەوەم دايە، ئەمەبوو پياوى وڵاتى من!!

ئەو شەوە دەگرياو خەو نەچووە چاوى..سبەى دواى وەڵام نەدانەوەى محەمەد، راستى مەسەلەكەى لەباوكى گەياند..ئەويش چووە سەنتەرى پۆليسو رووداوەكەى گێڕايەوە، پێى وتن:

– ئەو كوڕە ناسراوەمان نەبوونى ئێمەى لەماڵەوە بەهەل زانيوەو بايى دەيان هەزار دۆلار ئاڵتوونى دزيوين..

پۆليس كەوتنە سۆراغ، بۆيان دەركەوت دزەكە ناوى(خاليد)ە دەرچووى پەيمانگاى تەكنيكييەو لەوەوبەر ئيشى كارەباى كردووە لاى خزمێكى، بەڵام لەبەر دزى كردن دەركراوە، ئيدى چووەتە(شرم ئەلشيخ) لە كۆمپانيايەكى گەشتو گوزاريدا كارى كردووە، لەوێ وێڕاى خڕكردنەوەى بڕە پارەيەك فێرى هەڵسوكەوتى زياتر بووە بەهۆى تێكەڵ بوونى لەگەڵ گەشتيارەكاندا شوقەيەكى بەكرێ گرتووە لەگەڵ ئوتومبيلێكى مۆديل بەرزدا..بەڵام هەر كەچوونەتە شوقەكەى بۆ دەستگيركردنى، دراوسێكەى بەپۆليسى وتوە مانگێك زياترە ديار نەماوەو نەگەڕاوەتەوە!

شاسوارى خەونەكانى ئەميرە دز دەرچوو، بەو كارەشى زامێكى خستە دڵو دەروونى ئەو كچەوە كە هەرگيز ساڕێژبوونى بۆ نەبێ!

چاوە مەستەکانت
بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە

هێندە شپرزەو پەشێوحاڵ بوو, نەیدەزانی ئەو شەوە چۆن ڕۆژ بکاتەوە, ستەمە بە دیار جەستەی شینهەڵگەڕاوی نزیکترین کەسەوە ساتی کوشندە ببەیتە سەر!

ئەو شەوە (لەیلا) هەرچەندە تەماشای سنگی خوێناویی دایکە بەدبەختەکەی دەکرد، بەکوڵ دەگریاو خۆیشی نەیدەزانی ئەو ڕۆحەی چۆن دەرنەدەچوو!

لە ترسەی دایکی کوذراودا!

تەنیا دوو ڕۆژ بوو ژمارەیەك لەخزمان و دراوسێکان, دوای بەخاکسپاردنی ئەو ژنەی زۆربەی ژیانی بەمەینەت و کوێرەوەریی بەسەربرد, لەپرسەکەیدا دانیشتبوون, لەیلا فرمیسکی بەخوڕ لەچاوانی دەهات و نەیدەزانی چاوە پڕ لە ترسەکانی ببڕێتە کام کەس لە بەشدارانی پرسەکەی دایکی..

پورەمونیرەی دراوسێی دڵسۆز, کە زۆرجار دەبووە هاوەڵی غەمەکانی دایکی لەیلاو جارجارەش کەداوای قەرزی لێ بکردبا, بەپێکەنینەوە وەڵامی داوای دەدایەوە, بەسەرسامییەوە کەوتە ئاخافتن "ڕۆڵە سەبەبکاری دایکت بەکۆی زوخاڵ بێ .. خودا خۆی گەورەیەو پەردە لەڕووی ئەو تاوانە هەڵدەماڵی".

ڕۆژی سێیەم تاك و تەرایەك لەماڵە تۆقیوەکەدا مابوون, هاتنی پۆلیس خورپەی خستە دڵی هەموویانەوە, بەتایبەتی لەیلای دایك مردوو..

ئەفسەرەکە زۆر بەهێمنی سەرەخۆشی لە لەیلا کرد, پاشان وتی "خوشکم, دەبێ بۆ کارێکی پێویست بێیتە بنکەی ئیمەو لەوێ لە تاوانی مەرگی دایکت دەدوێین"..

ضوَن لاشةى دايكى خوَي جيَهيَشت.؟

هەر كە پرسيار بوونە كليلى باسەكە..لەيلا چەندى كرد نەيتوانى خۆى بۆ رابگيرێت‌و ئەژنۆى كەوتە لەرزين و رەنگى زەرد هەڵگەڕا، ئەفسەرى لێكۆڵینەوە دەرفەتى لێهێناو ئاشكرا پێيووت "ئێمە سێ ڕۆژە لاى خۆمانەوە لێكۆڵينەوەمان دەستپێكردووەو گەيشتووينەتە ئەنجامى خۆمان.. تكايە بێ پێچ‌و پەنا بۆمان باس بكە, چۆن دايكت كوشت؟"

لەيلا بەدەم سڕينى رووومەتەكانيەوە, بەدەنگى نزم‌و وشەى پچڕ پچڕ كەوتە گێڕانەوەى تاوانەكە.. تاوانى كوشتنى دايكى.. ئەو وتى" من خوێندكارى پەيمانگاى كۆمپيتەرم, هەر بەتەنيا دايكمم شك دەبرد, پێكەوە لە ماڵە بچووكەكەى خۆماندا دەژيايين, سەرچاوەى داهاتمان تەنيا مووچەى خانەنشينى باوكم بوو.. من لەوەوبەر گرفتێكى ئەوتۆم لەگەڵ دايكمدا نەبوو, بەلآم لەم دواييەدا نێوانمان بەو جۆرە نەما.."

ئەفسەرەكە پەرداخێ ئاوى خستە بەردەمى‌و پێى وت "دراوسێكانتان دەڵێن لەم چەند مانگەى دواييدا دەنگى ئاژاوەو شەڕتان گەيشتۆتە ئەوان.. لەسەر چى شەڕتان دەبوو؟"

قومە ئاوێ گەرووى وشكى پێ تەڕكردو بەشەرمەوە سەرى داخست، پاشان لەيلا وتى "من تاقانەى دايك‌و باوكى خۆم بووم, لە گوڵ كاڵترم پێ نەدەوترا, بڕواناكەم كەسێ وەك من نازى درابێتێ، ئەو كاتەى باوكم مابوو ژيانمان باشتربوو, چونكە لەپاڵ فرمانەكەيدا هەندێ كارى سەر پێيشى دەكرد, هەموو جارێ باوكم دەيووت (چاوە مەستەكانت بەهەموو دنيا ناگۆڕمەوە..)، دايكيشم بەرامبەرم هەميشە هەنگوين لەزارى دەبارى.. گەورەم, ئەو هەموو نازدارييە كردميان بەمرۆڤێكى تووڕەو بێ حەوسەڵە.."

هاوريَى خراث ..!

وەك ئەوەی بیەوێت بەجارێ سەربوردەی ژیانی خۆی بگێڕێتەوەو ئۆباڵی زۆر شتیش بخاتە ئەستۆی هاوڕێکەی, لەیلا وتی "لەپەیمانگای کۆمپیتەر (سەمیرە)بووە ئاشنام, هەر زوو بووینە هاوڕێ‌و خۆشەویستی یەکتر, تەنانەت هەمیشە لە پەیمانگاو دەرەوەی پەیمانگا پێکەوە بووین، بێ یەکتر هەڵمان نەدەکرد.. ئەوەی لە سەمیرەدا سەرنجی ڕاکێشام, جوانییەکەی‌و جلوبەرگ‌و خشڵ‌و خۆڕازاندنەوەی‌و ماکیاژە هەمیشەییەکەی بوو.. هەر چییەکی بەکاردەهێنا گران بەهابوون, هەر چەندە کچی خێزانێکی مام ناوەندیش بوو! ڕۆژێك خۆم بۆنەگیراو لێم پرسی (ئەو هەموو زێڕو جلوبەرگە لە کوێ دێنیت؟)، بەوەڵامەکەی تووشی رامانێکی زۆر بووم, ئیدی قوڕگم گیراو قسەم بۆ نەکرا.."

ئەفسەرەکە بەدەم نەفەسێکی جگەرەکەیەوە پرسی "ئێ.. وتی چی، وەڵامی سەمیرە چی بوو؟"

"قوربان وتی (پەیداکردنی ئەمانە زۆر سووك‌و ئاسانە.. تەنیا دوو سەعاتی دەوێ, دوو سەعات لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەندی شێت شەیدای جوانی!ئیتر لە ئوتومبیلەکەیدا بێت یاخود لە نێو خانووە رازاوەکەیدا، دوای ئەو دوو سەعاتە بەبڕەپارەیەکی زۆرەوە دەبرێیتەوە بەرماڵی خۆت)"..

ئەفسەرەکە پرسی " ئەی تۆ، ئەی تۆ وەڵامت چی بوو؟"

"بڵێم چی، ئەوەبوو بەو دەردەی بردمو ئاگری لەخەرمانی ژیانم بەردا، زوو زوو پێی دەووتم (تۆ کچێکی جوان‌و خانومانی، ئەگەر شۆخ‌و شەنگییەکەت بخەیتە گەڕ دەتوانی پارەیەکی زۆرت دەستکەوێت.. زۆر بەئاسانی دەتوانیت..)، خوا ئاگادارە هەموو جارێ لەجێی خۆمدا سڕ دەبووم، پەروەردەی من‌و ئامۆژگارییەکانی دایکم لەکوێ‌و ئەم قسانە لەکوێ!! ئیتر دەمویست پەیوەندیی لەگەڵ بپچڕم، بەڵام جار جار شەیتان لێم نەدەگەڕاو قسەکانی دەهێنایەوە بیرمو پارەی زۆرو زێڕی گرانبەها دەهاتنە

بەرچاوم.. بەخۆمم دەووت دایکە نەگبەتەکەم قەرزاری خزمو دراوسێیەو بەیەك دووجار قەرزی ئەویش دەدەمەوە"..

پاشان لەیلا سەری داخستو بەملی کەچەوە بەئەفسەرەکەی وت "سەمیرە لەخشتەی بردم، فێری پیشە قێزەونەکەی خۆی کردم، پەیوەندیم لەگەڵ ئەو دایکە بەسۆزەمدا ئاڵۆز بوو، چاکەی ئەوو قوربانی ئەوم لەبیر نەمابوو، زوو زوو شەڕم لەگەڵ دەکرد.. لەگەڵ سەمیرەدا دەردەچووم و بەخەڵکی دەناساندم.. لەشی خۆم بەرامبەر پارچەی زێڕ، یان برە پارەیەك دەفرۆشت.. خوا لەناوم بەرێت.. خۆم بەخۆمم کرد.. خوا بمکوژێ، هەر چییەك روویدا خۆم بەخۆمو دایکە چارە رەشەکەمم کرد..!، دایکم بەهەڵسوکەوتی زانیم، لەجلوبەرگی گران و زێڕی دەست و مەچەك و گەردنی دەپرسیم، چاودێریی تەلەفون و دەرچوونەکانی دەکردم، کە زانی هەڵسوکەوتم گۆڕاوە قسەی پێ دەووتم و لێی دەدام و چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە دەکردم. منیش چەندە بۆم دەلواو چەندە دەمتوانی وەڵامی ئارەزووە سەرشێتەکانی خۆمم دەدایەوەو دەردەچووم و تەنانەت شەوی واهەبوو هەر نەشدەگەڕامەوە بۆ ماڵێ!"

تاوان.. تاوانی بآ وینة!

بەپێی دانپیانانی لەیلا، دوای ئەوەی هەڵکردنی دایکی لەگەڵیدا دەبێتە مەحاڵ، شەوانەو رۆژانە دایکی سنگی لێ دەکوتی و دەپاڕایەوەو دەلالایەوە خوا ئەو کچە بەدڕەفتارەی لێبسێنێ، شەوێك دوای رەشکردنی چاوە گەشەکانی و دوای خۆڕازاندنەوەی، لەیلا جلوبەرگ و کەلوپەلی پێویستی خۆی خستەناو جانتایەکەوەو بەنیازبوو دوای خەوتنی دایکی ماڵەکە جێبهێڵێت و جارێکی دی سەری پیانەکاتەوە..

ئـەو کاتــەی دەگاتــە دەرگــای دەرەوە، دەبینــێ بــەکلیل داخــراوە، زۆر دەگەڕێ بۆ کلیلەکەو نایدۆزێتەوە، وەك شێتو وێت دەچێتە سەر جێگاکەی دایکی‌و پڕ بەو ژوورە دەزریکێنێ (کوانێ کلیلەکانم بەرێ)!

دایکـی لەخـەو رادەپـەڕێو بـەدیتنی کچـە شـوومەکەی چـاوی دەپەڕێتـە پشـتی سـەری.. دەبێتـە شـەڕو زریكو هوریـان.. پـەلاماری کچەکەی دەداتو قەستی دەبێت قژ بەسەرییەوە نەهێڵێت.. ئەویش بەهەمان شێوە پـەلاماری ئـەو دایکـە دەدات کـەخودا بەهەشـتی لەبـەر پێـی ئـەوو دایکـانی دیکـەدا دروستکردووە، تا تەواو شەکتو ماندوو دەبن بەیەکتردا دەکێشن، کچـە وەك شـێت پـەلاماری کێردێـك دەداتو دەیکـات بەسـنگی دایکیـدا، بەهــەمان پـەلامارەوە دیکاتــەوە بەچـەند جێگایـەکی تـری ئـەو فریشـتە سـنگو بـاڵ خوێناوییەدا.. دوای ساتێ لەبێدەنگی دایکەکەی، کچە ئاگرکەوتووەکەی کە دەزانێت دوا هەناسەی لە سینەیدا خنکاندووە، بەترسو لـەرزەوە کـەمێ ئـەو نــاوە پــاك دەکاتــەوەو جلوبــەرگی خوێنــاوی خــۆیو هــەردوو دەســتە تاوانکارەکەی دەشواتو ئەو شەوە بۆ دایکی‌و تاوانی گەورەی دەگری..

هەرچـۆنێك بـێ بـۆ بـەیانی، لـەوادەی خۆیـدا مـاڵ جێـدێڵێو دەچـێتە پــەیمانگا، نیــوەڕۆ دەگەڕێتــەوەو وەك ئەکتــەرێکی ســەرنەکەوتوو دەیکاتــە زریکەو هاتو هاوارو واینشاندەدات دز هاتۆتە ماڵو دایکیان کوشتووە.. پاش کفنو دفنـی دایکـی، بەبەرگی رەشەوە لەپرسەکەیدا دادەنیشێت، هـەر زوو دراوسـێو خزمـی نزیك گومـانی دەخەنـە سـەر، بەتایبـەت ئەوانـەی بـە رەفتاریـان زانیـوەو لـەدایکی شـتیان بیسـتووە.. بـەو دوو سـێ رۆژە پـەتی درۆی دەقرتـێو دەسـتەکەی ئاشـکرا دەبـێ، ئـەوەبوو هـەر زوو لەبنکـەی پۆلیســی شــاری (15ی مــایۆ) لەمیســر ئــەو تاوانبــارە دانــی بەتاوانــە نەگریسەکەیدا نا..

بـەر لــەوەی رەوانــەی لای دادەوەرو ژووری زینــدان بکرێــت، ئەفســەرە گەنجەکە پێی وت "باشە خەجاڵەتی دنیاو قیامەت بیت، چۆن مرۆڤ دەستی دەچێتە دایکی خۆی، خۆ ئاژەڵو باڵندەش شتی وا ناکەن! باشە ئەو شەوە چۆن چۆنی توانیت بەدیار دایکی لەش پڕ لەزامتەوە رۆژ بکەیتەوە، چۆنت توانی، چۆن؟".

چەند بیروڕایەك سەبارەت
"مەرگی وەنەوشە"

* ئەو چیرۆکە هەواڵانەت، ... ە لە ئەمریکاو کەنەدا بابەتی
سەرەکیی هەموو رۆژنامەکانن ... ەکان داگیر دەکەن، بۆیە هەر

جارێ کە لێرە دەیانخوێنمەوە ئەگەرچی بەزمانی ئینگلیزییە، بەڵام وا دەزانم بەقەڵەمی (یاسین قادر بەرزنجی) نووسراون، بەتایبەتی لە (National past) ڕۆژنامەنووسێك هەیە بەشێوازی تۆو بەهەمان تامو چێژی قەڵەمی تۆ دەنووسێ.

فریاد ڕەواندزی

لەنامەیەکیدا لە (کەنەدا)وە ڕۆژی 2000/2/15

* بەڕای من، خوێندنەوەی ئەم کتێبە لەزۆربەی کتێبەکانی تر جیاوازە، چونکە چیرۆکە هەواڵەکان خۆیان یەخەت دەگرنو ڕاتدەکێشنە ناو تۆڕی تاوانو زوڵمەکان.

ئیدریس شەیداهۆ

ئاڵای ئازادی، 2000/4/10

* چیرۆکەکان جیاوزان لەهەرچ چیرۆکێکی تر، چونکە تەنها خەیاڵی نووسەر نین، بەڵکو چەند ڕووداوێکی واقیعین، هەر چیرۆکێك خوێنەر ئەباتە جیهانێکی جیا لەوی تر، بەڵام یەکسانن لەواقیعییەتیاندا..

پارێزەر ئامینە مەحمود

کوردستانی نوێ، 2000/5/14

* یاسین قادر بەرزنجی بەم کارە رۆژنامەنووسییە بەنرخەی لەدەرگای ئەزموونێکی نوێی بەرۆژنامەگەریی کوردی داوەو تا رادەیەکی باشیش سەرکەوتووبووە تێیدا.. بە (مەرگی وەنەوشە) خزمەتێکی باشی بەوروژاندنی رای گشتیو بەکتێبخانەی کوردی کردووە.

ئەکرەم عەلی

رۆژنامەی (پەیام)ی لەندەنی

ژمارە 25–26ی ساڵی 2000

* کاک یاسین قادر بەرزنجی توانی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە هەواڵانەوە کەتاوانەکانی کۆمەڵگایان لەئامێز گرتبوو، هەنگاوێکی گەورە بهاوێژێ لەشکاندنی دیواری نێوان خوێنەرو رۆژنامە.. (مەرگی وەنەوشە) ئەزموونێکی پێشەنگە لەرۆژنامەگەریی کوردیدا.

ئەردەڵان بورهان

هەرێمی کوردستان، 2000/9/7

* خوێندنەوەی چیرۆکە هەواڵەکان، خوێنەر بەکێش دەکات کەلەدەروونەوە لەگەڵ کارەسات و بەسەرهاتە تراژیدییایەکاندا بژی و بچێتە بنج و بناوانیان و بێ پچڕان بەنەفسێکی درێژ شوێن پێی نووسەر بکەوێ و بگاتە ئەنجامی رووداوە دڵتەزێنەکان کەلەزۆربەیاندا (ئافرەت) قوربانییە.

کەمال غەمبار

ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ

2001/2/22

* پڕ بەدڵ پیرۆزبایییم ئاراستەی هەوڵ و ماندووبوونی نووسەر دەکەم و لەهەمان کاتدا پێویستە سوپاسێکی بێپایانی ئاڕاستە بکرێت، کەوەك پیاوێکی خەمخۆری هەست بەرزو خاوەن هەڵوێست زۆر جوامێرانە لەبری دەنگی ژنان دەنگی بڵندی راماندەچڵەکێنێ و زۆر بوێرانە داوای ژیانێکی ئاسوودە بۆ ژنان دەکات.

گەزیزە عومەر

کوردستان نوێ، 2001/4/28

* ئەم کتێبە بەهای خۆی هەیە بۆ شارەزایانی دەروونناس و توێژەرەکان تا ئاستی عەقڵی سەردەم و میراتگری و دەمارگیریی باوو نەریت زیاتر لایان ئاشکرا بێت.

محەمەد جەزا بەرزنجی

رۆژنامەی (بێوار)ی هۆڵەندی
ژمارە 53، 2000

* ئەم کتێبەو پاڵەوانی ئەم رووداوانە، ئەوەتان لەناوماندا دەژین و هەموو رۆژێ، لەهەموو شوێنێ، دەیانبینین و دەمانبینین، چ مردوو بن و چ زیندوو، چ لەبەندیخانە بن و چ لەزیندانی ماڵەکان، چ کوژراو و چ بکوژەکان، غەریب نین بە ئێمە..
تێکەڵییەکە لەچیرۆك و هەواڵ و فەنتازیاو غەم، لەباوکسالاری و دڕندەیی و ناڕێکی.. هیوادارم ئەم کتێبە بتوانێ کارێکی گەورە ئەنجام بدات، بەتایبەتی لەگۆڕینی زۆر لەیاساکانی ناو دادگاو تێڕوانینی مرۆڤی ئێمەو بەتایبەت سیاسییەکانمان بەرامبەر بە ئافرەت و مافی ناڕەوای کوشتن.. ئەم چیرۆکە هەواڵانە موچڕکێکی گەورەیەو پێویستە تێڕوانینمان بۆ دونیا بگۆڕێت و جوانترو پاکترو ئینسانی تر سەیری یەکترو شتەکان و پەیوەندییەکان بکەین.

ئارام کاکەی فەللاح

گۆڤاری رەهەند

ژ/ 15،14، ساڵی 2003

* سیحری ئەم چیرۆکانە لە خەیاڵدا نییە، بەڵکو لەواقیعێکدا کە خەریکە لەترسناکی چیرۆکەکان و رووداوەکان لە خەیاڵ تێپەڕی بکات، بەزمانێك نووسراوە کە هەموومان بەئاسانی تێی بگەین، لەزۆربەی چیرۆکەکاندا هەست دەکەین نووسەر و رۆژاوەو خەمی زۆری پێ خواردووە، بۆیە لە

هەڵچوون و داچوون بەدەرنین، لە هەمووشی جوانتر ئەوەیە کە وامان لێ دەکەن لەسەرەتاوە تا کۆتایی بکەوینە نێو رووداوەکان، بکەوینە نێو داووتان و پۆی ریێك چنراوی چیرۆکەکان.

بۆ من خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە جەرگبڕانە تاسەر پەڕەی رۆح ئازاری دام، بەتایبەتی کە زانیم زۆربەی قوربانیەکان ئافرەتن، ئەو بوونەوەرەی کە لەبەردەم هەموو هێرشەکاندا بێ چەك وەستاوەتەوە، ئەم چیرۆکانە چەندین ئەشکەوتی ناو رۆحی ئادەمیزادیان بۆ روناك کردمەوە، لەم چیرۆکانەوە زانیم کە چ بکوژێك لەناو هەریەکەماندا دەژی، دەکرێ نووستبێ، بەڵام ئەو دڕندەیە زۆر ئاسان وەئاگادێ و هەموو شتێکی جوان بەناوی شەرەفەوە وێران دەکات.

شێرزاد حەسەن
وتەیەك لەسەر دوا بەرگی چاپەکانی پێشووی
مەرگی وەنەوشە

چاپکراوەکانی نووسەر

1- شۆرشی مردووەکان، شانۆنامەی وەرگێڕراو:
چاپی یەکەم، بەغدا، 1980.
چاپی دووەم بەناوی (مردووەکان بنێژن)، سلێمانی، 1998.
2- پێنج وتاری شانۆیی، وەرگێڕان بەهاوکاریی چوار نووسەر، بەغدا، 1980.

3- کۆچ بۆ دارستان، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، بەغدا، 1988.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2008.

4- قەفەزی زێڕین، چیرۆکی منداڵانی وەرگێڕراو:

چاپی یەکەم، سوید، 1994.

چاپی دووەم، سلێمانی، 2000.

5- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بەهاوکاریی نەوزاد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، 1988.

6- کێشەی کەمینە نەتەوەییەکان لەوڵاتانی عەرەبدا، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

7- دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، وەرگێڕان، سلێمانی، 1998.

8- مەرگی وەنەوشە، چیرۆکە هەواڵ:

چاپی یەکەم، سلێمانی، 2000

چاپی دووەم، سلێمانی، 2002

9- لەئەرشیفی شانۆی کوردییەوە، سلێمانی، 2001.

10- کە ئاگر دەریای خامۆشکرد، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، 2001.

11- چەند بابەتێکی شانۆیی، وەرگێڕان، سلێمانی، 2001.

12- ئەکتەرە کوردەکان، سلێمانی، 2001.

13- دوای بیست ساڵ، چوار شانۆنامەی ئامادەکراو وەرگێڕراو، سلێمانی، 2001.

14- بیبلیۆگرافیای 24 ژمارەی گۆڤاری سەردەم، سلێمانی، 2002.

15- چاوەکانی تابان، چیرۆکی رۆژنامەنووسیی:
چاپی یەکەم، سلێمانی، 2002.
چاپی دووەم، سلێمانی، 2007.
16- چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی، سلێمانی، 2005.
17- چەند باسێکی شانۆیی، وەرگێڕان، هەولێر 2008.
18- فەرهەنگی شانۆ، بەرگی یەکەم، سلێمانی، 2008.
19- لەئێوارەیەکدا، پێنج شانۆنامەی یەك پەردەیی وەرگێڕراو، هەولێر، 2008.
20- بەرەو ئەستێرەیەکی تر، شانۆنامەی بەکوردی کراو، سلێمانی، 2008.
21- هونەری دراما، سلێمانی 2009.
22- ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ، وەرگێڕان، سلێمانی، 2010.
23- گەورەبوونی رۆح، بەرهەمی رۆژنامەنووسیی، سلێمانی، 2010.
24- ئیتیکی کاری راگەیاندنو حەتمیەتی تەکنولوجیا، وەرگێڕان، سلێمانی، 2010.
25- ژین..یەکەمین رۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیی، سلێمانی، 2010.

پێڕست

* پێشەکی، د. رەفیق سابیر....................................5
*پێشەکیی چاپی یەکەم، ئازاد جوندیانی.......................7
* مەپرسن چۆن کوژرام...................................11
*گولاڵە.. یاخود ئاگر سووتانی 19

* مـەرگی وەنەوشـە.......................................25
* دایە بگـەڕێوە.. دەنا 33
* بـــــــەهرە.. 39
* تەنیا مانگەشـەو ئاگاداری بوو.............................. 47
*ڕۆڵــە.. ئــاوا چـاکەت دامــەوە ....
53
*زینــدانی هەمیشـــەیی 59
* دایکی زاراو شـەوێکی کانوون 67
* شـەوی سـوور .. ڕۆژی ڕەش 75
* تاوانێـــك لـــەنیوە شــــەودا 83
* پیاوێك لەحەوشەدا خرایـە گۆڕەوە 93
* بەپێخاوســـی مـــاڵی جێهێشـــت ....
101
* ترســی خوایـان لەدڵدا نـەبوو............................. 109

* لـــەودیو ســـنوور دەگیرێـــن.......................................
115
* پەنجـــەکان هەڵـــدەوەرێن.................................. 125
* جیابوونـــــەوە 133
* کــەی فرمێســکەکانی لیمــۆ وشــك دەکــەن......................
139
* ڕاوە سوێسـکە بـوو.. یـان 145
* ئەو شەوەی ئەحلام خۆی ڕازانـدەوە....................... 151

* دەمـــــــــه قاڵــــــێ 157
* خـــــــەرامان دەڕوا 163
* لـەپڵنگان چ قـەوماوە 173
* لەچلەی هاویندا ئاگری بەردایە جەستەی 183
* خـــــــــــەون 193
* شوانەکەی شارەزوور جەژن لەکوێ بوو 201
* خومار لـە دوا سـەردانەوەیدا 207
* داخۆ لەگەڵ چەندەمین فیشەکدا گیانیان سپاردبێ 217
* کۆرپەکەی سکی گوناهی چی بوو 223
* بـۆ ئوتومبیلێـك ئەگاتـە پـەتی سـێدارە ....
233
* گەڕانـــــــــــەوە 243
* لـەناوبردنی ئـاواتی دایکێـك 249
* چـۆن دەسـتی چـووە برازاکـەی خـۆی ....
257
*نەیانهێشت منداڵی خۆی ببینـێ 263
* کـێ ئاڵتوونـەکانی بـرد 269
* پەیمانشــــــــکێن 275
* بەر لەگیان سپاردن ناوی بکوژەکەی درکاند 281
* دولبـــــــــەر 289
* ئەو خوازبێنییەی لەسەرگرمە وەڵامدرایەوە 299

* کەی من لە ڕێی ئەوەدام 305
* لەپێناوی هەندەراندا 25 ساڵ زیندان 315
* ئەو شەوەی ئاسۆ دەرخواردی سەگ درا 323
* ئەو دەمەی هەوری خۆشەویستی بارانی رق دەبارێنێ ... 331
* سەبەبکارم بەکۆی زوخاڵ بێ 341
*لەکارێزە ئاو کرا بەئاگردا 345
* لەپێناوی باوکی عەلی دا................................. 355
* ونبوونی دەستەخوشکەکان 361
* سێ کچ لەسەر خوانی شەیتان 365
* درەختی گوندەشمان باسی تۆ دەکەن 371
* شاسواری خەونەکانی ئەمیرە 377
* چاوە مەستەکانت بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە............... 383
* چەند بیروڕایەك سەبارەت "مەرگی وەنەوشە" 391
* چاپکراوەکانی نووسەر 398